عەشق و شەیتانەکانی دی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

گابریل گارسیا مارکیز
و: مستەفا مەعرووفی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

عەشق و شەیتانەکانی دی

گابریل گارسیا مارکیز

و: مستەفا مەعرووفی

وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان بەریوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوە بەریوەبەرایەتی بلاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی

● عەشق و شەیتانەکانی دی

● نووسینی: گابریل گارسیا مارکیز

● وەرگێرانی بۆ فارسی: ئەحمەد گولشیری

● وەرگێرانی لە فارسییەوە: مستەفا مەعرووفی

● نەخشەسازی ناوەوە: رەسوولْ سوڵتانی

● بەرگ: جێگر عەبدولجەبار

● چاپی یەکەم: ٢٠١١

● تیراژ: ١٠٠٠ دانە

● نرخ: ٣٠٠٠ دینار

● چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان (هەولێر)

● لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی٦١٧ ی ساڵی ٢٠١١ پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (٦١٨)

ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر ئەم ماڵپەڕە هەیە:

www .Kurdchap.com

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبری ١٩٤٩ ڕۆژێك نەبوو کە هەواڵی گرنگی تێدا بێ. مامۆستا کەلمینتێ مانۆئێل زابالا سەرنووسەری ڕۆژنامە، کە یەکەم هەوڵەکانی نووسینم وەك هەواڵنێر لەلای وی ئەنجام دەدا، بە دوو یان سێ پێشنیاری سادە کۆتایی بە کۆنفرانسی بەیانیی خۆی هێنا. ئەو کارێکی وای بە هیچ یەك لە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامە نەسپارد. چەند دەقە دواتر پێیان ڕاگەیاند کە هەر ئێستا گۆڕستانی پەرستگەی پێشووی سانتا کلارا هەڵدەکۆڵن.سەرنووسەر بەبێ هیچ چاوەڕوانییەك منی ڕاسپارد:

" برۆ سەری ئەوێ بدەو بزانە ڕات چیە."

پەرستگەی مێژوویی کلاریسییەنەکان لە سەد ساڵ پێشترەوە لە جیاتی نەخۆشخانە کەڵکی لێوەردەگیرا. ئەم پەرستگەیە دەبووا بفرۆشرابووایە تاکوو هوتێلێکی پێنج ئەستێرەی لە جێ دابنێن. ژووری تەنیشتو بە نرخی پەرستگە بەهۆی هەڵوەرینی بانی خشت لە ناکامی تێپەڕینی کاتدا تا ڕادەیەك بەبێ لەمپەر کەس خۆی تێ نەدەگەیاند. بەڵام هێشتا سێ نەسل لە ئۆسقۆفەکان، ڕاهیبەکانو بژاردەکانی دیکە لە ژێرزەمینە مەڕمووزەکانی دا لە بن عەرزی دا بوون. یەکەم هەنگاو ئەوە بوو کە گۆڕەکان بەتاڵ بکەن، ئێسكوپروسکی مردووەکان جیا بکەنەوەو لەلایەکیان دابنێنو ئینجا ئەوانی دیکە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا بنێژن.

سەرم لە هەڵسوکەوتی ڕەمەکیوگەللاییی لەگەڵ گۆڕەکان سوڕ ما. کرێکارەکان گۆڕەکانیان بە پاچو کولینگ هەڵدەکەند، تابووتە بۆگەنیوەکانیان دەردەکێشانو هەرکە دەیان جووڵاندن لەبەریەك هەڵدەتەکانو ئێسکەکانیان لە جلوبەرگە تۆزاویو پرچە

ناڵۆزکاوەکانیان جیا دەبۆوە. مردووەکان هەرچەندە پلەوپایەیان بەرزتر بووایە، بەو رادەیەش کارلەسەرکردنیان بەزەحمەت بوو، چونکە دەبووا تەرمەکان بێنەدەرێ پاش پشکنین بەردە بەنرخەکان، زێڕو خشڵەکانیان بدۆزنەوە.

مامۆستا بینا بە مەودای دیاریکراو مێژووی بەردەنووسەکانی لە دەفتەرچەیەکی قوتابخانەاندا دەنووسیو ئێسکەکانی کۆمەڵکۆمەڵو بە ڕێکوپێکی لە پەنا یەکتری دادەناو کاغەزێکی بە ناوی مردووەکەوە لەسەر هەرکامیان دادەنا تاکوو هەڵەیەك روو نەدا. یەکەم شت کە پاش چوونم بۆ پەرستگە سەرنجی رادەکێشا، ریزی دووروودرێژی ئەو ئێسکانە بوو کە بەهۆی هەتاوی گەرمی ئۆکتۆبرەوە کە لە درزی بانەوە دەهاتە ژوورەوە، گەرمتر داهاتبوون. ناسنامەی هەرکام لەوان بە هۆی یادداشتێکەوە دەناسرایەوە کە بە قەڵەم رەساس لەسەر کوتە کاغەزێك نووسرابوو. باش تێپەڕینی نیوسەدە هەستم بە شۆکێك کرد کە بەڵگەیەکی راچڵەکێنەر لە رەهەندی وێرانی مێژووەوە لە منی دا پێك هێناوە.

لەوێ لەپەنا ژمارەیەکی زۆر مردووی دیکە، جێگری پاشای پێرۆ و دڵبەرە نهێنییەکەی، دۆن توریبیۆ دیکازەرەس یی ڤیرتودوس ئۆسقۆفی ئیدارەی ناوچەی ئۆسقۆف، گەلێك راهیبەی دیکە لە نێویاندا، دایکە ژۆزێفا میرانداو دۆن کریستۆبال دی ئاسڤارا خاوەنی پلەی زانستیی بەشە هونەرییەکان کە نیوەی ژیانی خۆی بۆ مونەببەتکاریی بن میچەکان تەرخان کردبوو لە خەوی هەمیشەیی دابوون. گۆڕێکی لێ بوو کە بە بەردی گۆڕی مارکیزی دووەم دۆن ئیگنا چیۆ ئالفارۆ دونەناس لە کاسیلدێرئۆ داپۆشرابوو. بەڵام کاتێك کردیانەوە، بەتاڵ بوو و هیچ کات بەکار نەهێنرابوو، بە پێچەوانە پاشماوەی لەقەبی خانەدانیی دونا ئولالا دی میندۆزا لەگەڵ بەردی گۆڕەکەی لە قولکەی تەنیشتیی دا بوو. مامۆستا بینا بۆچوونێکی تایبەتیی نەبوو: دەکرا وای بۆ بچی کە یەکێك لە لە کەسانی خانەدانە کۆچکردووەکانی ئەمریکای لاتین بێ کە بەرەچەڵەك رۆمی بووە ، گۆڕی خۆی دیاری کردەوە، پاشان لە گۆڕێکی دیکە دا نێژراوە.

له سێیەمین قولکەی مێحرابی سەرەکیدا، لە پەنا کتێبی پیرۆز گۆڕێك هەبوو. بەردی گۆڕ بە یەکەم کولێنگ لەتوپەت بوو و بسکێکی کاڵو ڕەنگ مزی بە کەلێنەکەیدا دەرکەوت. مامۆستا بینا هەوڵی دا بە یارمەتیی کرێکارەکانو بێ ئەوەی زیانی پێ بگا، بێنێتە دەرێ، بەڵام هەرچی پرچیان زیاتر رادەکێشا، جوانیو گەشیەکەی زیاتر درێژەی دەکێشا، سەرەنجام کۆتایی مووەکان بە کەللە سەری منداڵێکەوە بوو کە لە نێو قولکەدا کۆمەڵێکی بچووك لە ئێسكو پروسکی لەبەر یەك هەڵتەکاو بەجێ ما. لەسەر کێلێك کە لە دیواری درابوو و بە هۆی ئەسیدی نیتریك خورابوو، تەنیا ناوێکی بێ لەقەب بەجێ مابوو: سییەرڤا ماریا دی تودوس لۆس ئانجەلێس. پێچی زولفی درێژی ئەم منداڵەیان پێوا کە لەسەر عەرزی راخرابوو، بیستو دوو مەترو یازدە سانتیم بوو.

مامۆستا بینا بە لەسەرخۆیی تەواوەوەو بەبێ کەمترین پەژارەوە بۆی باس کردم کە مووی مرۆڤ تەنانەت پاش مردنیش مانگێ یەك سانتی مەتر هەڵدەداو بیستو دوو مەتر پاش تێپەڕینی دووسەد ساڵ بە بۆچوونی وی هەڵدانێکی باشە. بە پێچەوانەوە بە رای من ئەم مەسەلەیە زۆر ئاسایی نەبوو، چونکە لەسەردەمی منداڵیمدا دایەگەورەم باسی ئەفسانەی کچۆڵەیەکی دوازدە ساڵەی خانەدانێکی کردبوو کە ئاڵقەی بسکیی وەك داوێنی بووکێ بە دوای خۆی دا کێشاوە، کچۆڵە بە هاری مردبوو. لە گوندەکانی کارائیب بە هۆی ئەوەی گەلێك موعجیزەی هەبوون بە باشی باسیان دەکرد. ئەم بۆچوونە کە ئەم گۆڕە دەکرا گۆڕی ئەو کچە بێ، ئەو رۆژە بۆ من وەك هەواڵێكو سەرەتایەکی ئەم کتێبە وابوو.

گاربریەل گارسیا مارکیز ــ کارتاگەنا دی ئیندیاس ١٩٩٤

١

لە بارەی عەشق و شەیتانەکانی دیکەوە

سەگێکی رەنگ دووکەڵ کە هێڵێکی راستو چەپی بە نێوچاوانیەوە بوو لە یەکەم یەکشەممەی مانگی دیسامبردا لە کوێرەرێیەکەوە بەرەو بازاڕ وەڕێ کەوت. دوکانی کەبابفرۆشییەکانی تێك داو زیانی بە هیندییەسوورەکان گەیاندو شوێنی بیتاقەی شانسوبەختەکانی شێواندو وێڕای ئەمانەش قەپی لە چوار کەسی سەر رێگای خۆی دا. سێ کەسیان کۆیلەی رەشپێست بوونو ئەوی دیکەشیان سییەرڤا ماریا دوتودوس لۆسئانجلێس تاقانە کچی مارکیز لە کاسلدۆئیرۆ بوو کە لەگەڵ کارەکەرێکی چووبووە بازاڕ بۆ ئەوەی ملوانکەیەکی بە مووررو بۆ دوازدیەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی بکڕێ.

فەرمانیان پێ کردبوون کە نابێ لە دەروازەی سەرەکیی دێلس مێرکادە بەولاتر برۆن، بەڵام کارەکەرەکە هەتا دەروبەری لۆتکە لە گەرەکی گیتسە مانی رۆیشتو لە نێو قەرەباڵغیی بەندەری کۆیلەکاندا ، ئەو جێیەی بارێك لە رەشپێستەکانی گینەیان لێ هەرزان فرۆش دەکرد، ون بوو. خەڵك لە حەوتووی رابردووەوە بە نیگەرانیەوە چاوەڕوانی کەشتیی کۆمپانیای گادیتانا دینگرۆس بوون کە لەبەر هۆیەکی نادیار ژمارەیەك لە کۆیلەکان لە سەر کەشتییەکە گیانیان لەدەست دابوو. بۆ ئەوەی رووداوەکە بشارنەوە بێ ئەوەی کەشتییەکە رابگرن تەرمەکانیان فڕێ دابوونە نێو ئاوێ. شەپۆلی دەریا وەقەراغ ئاوێی دابوونو بەیانیی یەکێك لە رۆژەکان تەرمەکان زۆر سەیر هەڵمسابوونو داڵاشەکان لە لێواری پەیدابوون. لەبەر ئەوەی رەنگ بوو تاعوونی ئەفریقایی بڵاو ببێتەوە، کەشتییەکە لەوبەری کەنداوی بچووك لەنگەری گرتبوو. تاخیرەکەشی دەرکەوت هۆی سەرەکی مەسموم بوون بە گۆشتی رزیو بووە.

کاتێك سەگەکە وەنێو بازاڕێ کەوت، پاشماوەی باری ئەو مرۆڤانەی لە وەزعێکی ناخۆش دابوون و لە حالێکدا نەخۆش بوون بە نرخێکی کەم هەڕاج کران. تەنیا یەکێك لەوان کە لەوانی دیکە بەنرختر بوو و خاوەنەکان هەولیان دەدا بە فرۆشتنی وی زیانەکانیان قەرەبوو بکەنەوە، دیلێکی حەبەشی بوو. کچێکی کورتەبالا، بە لووتێکی باریك و سەرێکی درێژ و ددانی ساغەوە کە لە جیاتی ئەو رۆنانەی باون، شیلەی چەوەندەری دەخۆی هەلسووبوو. زۆر جوان و خاوێن بوو. بە رەفتاری نارام و لەسەرەخۆی لە کاتی هاتنە ژووردا، وەك گلادیاتۆرەکانی رۆمی دەچوو. تۆمەتی کرێژی سەری پێوە نەدەنووسا یان بە ئاشکرا باسی نەخۆشی و پیریی هەلنەدەگرت. ئەوەندە جوان بوو کە شارەدار بەبێ موناقشە مەبلەغێکی بارتەقای زێڕی هاوکێشی وی دا بە خاوەنەکەی.

هەموو رۆژێ سەگە بەرەللایەکان لە شەقامەکان پشیلەکانیان راودەنا یان لەگەل دالەکان لەسەر کەلاکان لێیان دەبوو بە شەڕ، ئەویش راست لەو کاتەدا کە دەرزیت هەلاویشتبا لەبەر خەشیمەت وەعەرزی نەدەکەوت و کەشتیی شەڕی لە سەر ڕێگای خۆی بەرەو وێستگەی پۆرتۆبلوو رادەوەستا. لەو رۆژەدا چوار پێنج کەس یەك لەوان سییەرڤا ماریا کەوتنە بەر هێرشی سەگان، کچۆلە، سووکە برینێکی هەلگرت. کارەکەر لەسەرخۆو بێ ئەوەی بشلەژێ شوێنی برینەکەی پشکنی و پەلەیەکی خوێنی کە بە لاقی رووشاویەوە بوو شوردەوە. ئێستا جگە لە کۆڕی جێژنی دوازدەیەمین سالرۆژی لەدایکبوونی سییەرڤا ماریا کەس بیری لە شتێکی دیکە نەدەکردەوە.

بێرناردا کابێرەڕا دایکی کچۆلە و هاوسەری بێ لەقەبی مارکیز لە کاسلدۆئێرۆ، سەرلەبەیانییەك دەرمانی زگچوونی خورادبوو: حەوت دانە توتیای کانزایی لەگەل شەکر لە پەرداغێکیدا. ئەو دووڕەگەیەکی لەخۆبایی و بەقەول لە ریزی خانەدانە دوکاندارەکان بوو. دلڕفێن و لەبارو بەدەماغ بوو و شامێزە برسییەکەی دەرەقەتی سەربازخانەیەکی دەهات. لەماوەی تەنیا چەند سالێکدا بەهۆی زیادەڕۆیی لە خواردنی هەنگوینی قالبۆوەو لەتکە کاکاو گیانی لەدەست دا. لەم دواییانەدا چاوەگەشەکانی لێل ببوون، هۆشی لەدەست دابوو، خوێنی لەگەل پیسایی دادەناو زەرداوی دەهێنایەوە. لەش و لارە دلڕفێنەکەی پێشووی هەلمسابوو و وەك مردووان رەنگی مزی لێ نیشتبوو. شەقە تڕی وای لێ بەردەبوو کە سەگی حەرەسانی دەترساند. کەم وابوو ژووری بەجێ بێلێ، لە کاتی هاتوچۆدا بەتەوای رووت بوو یان رووپۆشێکی دەستچنی بەخۆی دا دەدا. لەوکاتەدا رووتتر دیار دەبوو.

لەوکاتەدا کە سییەرڤا ماریا و کارەکەرەکە دەهاتنەوە مالێ، بێرناردا حەوت جاران چووەبووە ئاودەستێ و کارەکەر لە بارەی هێرشی سەگەکان بۆسەر سییەرڤا ماریا هیچی پێ

نەگوت. لە جیاتی ئەوە باسی ئالۆزیی بەندەرو فرۆشتنی ژنە کۆیلەکەی بۆ کرد. بێرناردا گوتی: " ئەگەر ئەوەندە جوانە وەکی ئێوە دەڵێن، رەنگە حەبەشی بێ، بەڵام ئەگەر کچی کافرۆشیش بێ ئەقڵ نایگرێ بەزێڕی هەڵکێشرابێ." ئینجا گوتی:" رەنگە مەبەستتان پێزۆی زێڕ بێ."

پێیان گوت " نا، زێڕ بەقەد قورسایی کچە رەشپێستەکە."

بێرناردا گوتی:" کۆیلەیەکی قوڵەبنە کێشی لە شێست کیلۆ کەمتر نابێ. چ ڕەش بێ و چ سپی، هیچ کۆیلەیەك نیە کە شێست کیلۆ زێڕی بێنێ، ئەگەر وابێ حەتمەن ئەڵماس دەڕێ!."

لە کاتی کڕین و فرۆشتنی کۆیلەکاندا کەس بەقەد کارەکەرەکە بێ ئۆقرە نەبوو. بیری بەوڕاستییەوە خەریك بوو کە شارەدار کچە حەبەشییەکەی بۆ کارێکی دیکەی جگە لە خزمەت لە مەتبەخدا دەوێ. کاتێك یەکەم ئاوازی فلووت و یاریی ئاگرو چەق‌ولووری سەگە بەستراوەکان بیسترا، بەرەو باغی پرتەقاڵ وەڕێ کەوت تاکو بزانێ لەوێ چ باسە.

دۆن ئیگناچیۆ دیئالفارۆی دوئێناس مارکیزی دووەم خەڵکی کاسێلدۆئێرۆ خاوەنی داریین لە باغێ لە نێوان دوو داری پرتەقاڵ دا و لە نێو جۆلانەی خۆیدا راکشا بوو خەریکی حەسانەوەی پاشنیوەڕۆیە بوو. هەر لەم کاتە دا گوێی بۆ مۆسیقا راگرتبوو. ئەو پیاوێکی غەمگین و رواڵەتێکی گۆشەگیرانەی هەبوو. بە هۆی کەمخوێنی رەنگی بە وێنەی هەڵاڵە بزرکابوو، چونکە شەوانە شەمشەمە کوێرەکان خوێنیان دەمژی. لە ماڵێ عەبایەکی بەکڵاوی گوندنشینانی لەبەر دەکردو لەسەر کڵاوە نوکدارەکەی (تولەدویی) دادەنا کە لەرادەبەدەر بێ کەسی نیشان دەدا. کاتێك هاوسەرەکەی بەو جۆرەی کە خوا خوڵقاندبووی، دیت لێی نزیك بۆوە پرسی:

" ئەوە چ جۆرە مۆسیقایەکە؟"

" نازانم! ئەرێ ئەمڕۆ چ رۆژێکە؟"

مارکیز نەیدەزانی. لە پرسیارەکەی ڕا دیار بوو نائارامە. بە پێچەوانە هاوسەرەکەی کە رەنگە بەهۆی هێنانەوەی زەرداو هاتبۆوە سەرخۆی، بەبێ لاتاو وەڵامی دایەوە. کاتێك لەگەڵ هەڵچوونە یەك بەدوای یەکەکانی هاوسەرەکەی بەرەوڕوو بوو، بە سەر سوڕماوییەوە لەسەر جۆلانەی خۆی راست بۆوە هاواری کرد:

" خوایە گیان، ئەمڕۆ چ باسە!"

ماڵیان دیواربەدیواری لادیڤینا پاستۆرا شێتخانەی ژنانەوە بوو. ژنانی شێتخانە کە بەهۆی زرم‌وکوتی مۆسیقاو یاریی ئاگر ئاڵۆز ببوون، لەسەر بالکۆنی زاڵ بەسەر باغی پرتەقاڵ دەرکەوتن و بە چەپڵەلێدان پێشوازییان لە هەر تریقەیەك دەکرد. حەوتی دیسامبر رۆژی پیرۆزی

ئۆسقۆف ئامبێرۆزیۆس بوو و مۆسیقاو تەقوتۆق سەبارەت بە سییەرڤا ماریا لە نێو حەوشی کۆیلەکان بەڕێوە دەچوو. مارکیز بە دەستی بە نێوچاوانی خۆیدا داو گوتی:

" ئاساییە. سییەرڤا ماریا دەبێتە چەند ساڵ؟"

بێرناردا وەڵامی دایەوە:" دوازدە ساڵە."

مارکیز کە دیسان دەچۆوە دە جۆلانەی خۆی گوتی:" ئێستا دوازدە ساڵە؟ ژیانێکی چەندە لەسەرەخۆ!"

ئەو خانووە کە تا سەرەتاکانی سەدە بۆ شاری نیشانەی فەخرو ڕێز بوو، ئێستا تێکڕماو و غەمگین بوو. وا دەهاتە بەرچاو کە کەلوپەلی ماڵێ بە مەبەستی گواستنەوە لێرەولەوێ بڵاو بوون. عەرزی مەرمەڕیی هۆڵەکان کە بە شێوەی شەترەنج چنرابوون کەس خۆی تێ نەدەگەیاندنو تانو پۆی جاڵجاڵۆکە هێندێك لە گیرەو چلچرایەکانیان داپۆشیبوو. ئەو ژوورانەی کە دیواری ئەستووریان هەبوونو ساڵانێکی زۆر کەسیان تێدا نەژیابوو، هێشتا بۆیە دەبوون ژیانیان تێدا بکرێ. هەوا بە تایبەتی لە مانگی دیسامبردا سارد ببوو و تەزووی زستانێ بە ویزەویز بە درزو کەلەبەران دا دەخزیە ژوورێ. کۆنی، ڕزیوی، خۆتێنەگەیاندن بە هەموو شتێکەوە دیار بوو. تەنیا شتێك کە هێشتا شوێنەواری دەسەڵاتو کۆنترۆڵی مارکیزی یەکەمی پێوە مابوو بریتی بوو لە پێنج سەگی ڕاوێ کە شەوانە کێشکیان دەگرت.

حەوشی ژوورەوەو پڕ لە هەراهوریای کۆیلەکان، ئەو جێیەی کەجێژنی لەدایکبوونی سییەرڤا ماریای لێ بوو، لە سەردەمی مارکیزی یەکەمدا وەکوو شارێك لە نێو شارێکی دیکەدا بوو. ئەم حەوشەیە تا ئەوکاتەی ئالوویێری ئالۆزی کۆیلەو ئارد لە گۆڕێ دابوو، لە قەباڵەی مارکیز دابوو و بێرناردا لە کارگەی شەکری ماهاتێسەوە کاروباری ماڵێشی بە لێزانییەوە هەڵ دەسووڕاند. ئێستا ئیدی ئەو هەمووە مەزنیو شکۆیە تەنیا بەشێکن لە ڕابردوو. بێرناردا پشتی لە ژێر باری تاقەتپڕووکێنی ژیان دا چەمی بوو و حەوشی ژوورەوە بریتی بوو لە دوو کۆختی بەدارانو داپۆشراو بە دارخورماو بڕایەوە. ئەو شوێنە دوایین پاشماوەی گەورەی ئەو ماڵە بوو کە خەریك بوو دەفەوتا.

دومینگا دو ئادڤینتۆ ڕەشپێستێکی پیاوچاك کە بە مستە ئاسنینەکانی هەتا شەوگاری مەرگی ئەم ماڵە دەسەڵاتی بەسەردا هەبوو، پێوەندیی نێوان ئەم دوو جیهانە بوو. بەژنێکی بەرزو ڕەقەڵەی هەبوو، خاوەنی شعوورو زیرەکییەکی باش بووو سییەرڤا ماریای گەورە کردبوو. دومینگا دو ئادڤینتۆ بێ ئەوەی دەستی لە باوەڕی یورووبایی خۆی هەڵگرتبێ، ڕووی

کردبووە مەزهەبی کاسولیك و بە یەك رادە کەلکی لە دوو فەرهەنگ ، و لەهەرکامیان بە رادەی زیرو بەمی هەستەکانی خۆی وەردەگرت. ئەو دەیگوت دەبێ رووحی ئێوە سلامەتو پڕ بێ لە ئاشتیو، فەرهەنگێك دەبێ کەموکوڕییەکانی لە فەرهەنگێکی دیکەدا بدۆزێتەوە. تاقە کەس بوو دەیتوانی لە نێوان مارکیزو ژنەکەیدا بەرپوانێ بکا. هەردووکیان قبوولیان بوو. ئەگەر دیتبای کۆیلەکان کاری دزێو و سەربەسەرەی دەکەن، یان عەیب نەبێ لە ژووریدا بەخۆیانەوە خەریك دەبن بە گەسکان مشووری دەخواردن. لەو وەختەیرا کە ئادڤێنتۆ مرد، کۆیلەکان لە کاتی نیوەڕۆیەدا لە کۆختە دارینەکانیان دەردەپەڕینو لە گۆشەیەك لەسەر عەرزی رۆدەنیشتن. ئەوانی دیکەش بنی مەنجەڵە برینجەکانیان دەکراند یان لە فێنکایی دالانەکاندا یاریی ماکووکوو و ترابیلایان دەکرد. لەو دنیا خەمۆکەدا کەس ئازاد نەبوو، سییەرڤا ماریا ئازاد بوو، هەر بەتەنێ ئەو و هەر لەو شوێنەش. هەر بۆیەش لەو شوێنە، لە خانووی ئەسڵیی خۆیانو لە بنەماڵەی خۆی ئەم جێژنەیان بۆ گرت.

لە گرمەو زرمەی مۆسیقادا قەت بیری سەمایەکی ئارمت بە مێشکدا نەدەهات وەکی ئەوەی لە بێدەنگیدا تامی هەیە. لەوێ لە ماڵەکانی دیکەرا ژنو مێردی دیکە هاتبوونو هەموو توانای خۆیان بەکار دێنا بۆ ئەوەی جێژنەکەی گەرمتر بکەن. کچۆڵە، راست بەو جۆرەی کە بوو، خۆی نیشان دەدا. ئەو بە شێوەیەکی زۆر جوان زیاتر لە ئەفریقاییەکی زگماك لەشو لاری با دەدا، بەدەنگێکی جیا لە دەنگی خۆیو بە زمانی جۆراوجۆری ئەفریقایی گۆرانیی دەگوت، دەنگی تێکەڵ بە ئاوازی باڵندەکانو پەلەوەرەکانی دیکە دەکرد، بەجۆرێك کە گوێگری زیاتر ئامەزرۆ دەکرد. بە فەرمانی دومینیگا دو ئادڤێنتۆ ئەو کۆیلانەی گەنجتر بوون سووتماکیان لە دەموچاوی سییەرڤا ماریا هەڵسوو، ملوانکەی سانتەریایان لەسەر میدالیای غوسلی تەعمیدەکەی هەڵاوەسیو ئەو پرچەیان بۆشورد کە قەت بۆیان کورت نەکردبۆوەو لە کاتی رۆیشتندا بەر چاوی دەگرت، بێ ئەوەی رۆژانە بۆی بهۆننەوە.

کچۆڵە لە نوختەی پێگەیشتنی هێزە جۆراوجۆرەکاندا هەڵی دا. لە دایکیەوە هیچی پێ نەگەیشتبوو، بەڵام لە باوکیەوە لەشێکی داهێزراو، شەرمێونییەکی چارەسەر نەبوو، پێستێکی زەرد، چاوی شینی دە تۆخو بریسکانەوەی چەشنی مسێکی دەگمەنی پێچی زولفی بە میرات بۆ مابۆوە. چون بە پارێزەوە رەفتاری دەکرد، وا دەهاتە بەرچاو کە مرۆڤێکی نەبینراو (نا مرئی) ە. دایکی لە ترسی ئەو تایبەتمەندییە سەیروسەمەرەیەی کچەکەی، زەنگوڵەیەکی بە جمگەی دەستیەوە بەست تاکوو لە بەرهەیوانی ماڵێ لێی ون نەبێ.

دوو رۆژ دوای جێژنەکە، کارەکەر بە هەڵە بۆ بێرناردای باس کرد کە سەگ سییەرڤا ماریای گەستوە.

بێرناردا لە کاتێکدا کە خەریك بوو کۆتایی بە شەشەمین جار حەمام بە سابوونی بۆندار دێنا، ئەو مەسەلەیەی وەبیر هاتەوە. کاتێك پاش حەمامێ چۆوە ژووری خەوتنی خۆی مەسەلەکەی لەبیر چووبۆوە. هەر ئەو شەوە دیسان بە وەڕینی لەخۆڕاو پەیتاپەیتای سەگی کێشکچیان وەبیری هاتەوە، چونکە دەترسا سەگەکان هار بووبن. بە چرای دەستییەوە بەرەوژوورەکەی ئەوبەری حەوشەی وەڕێ کەوت‌و سییەرڤا ماریای لەوێ دیتەوە کە لەسەر نوێنی هیندییە سوورەکان کە لە دومینیگا دو ئادڤینتۆ بە میرات بۆی مابۆ، خەوتبوو. لەبەر ئەوەی کارەکەرەکە لە بارەی شوێنی برینەکەوە هیچی بە بێرناردا نەگوتبوو، بەرگی سییەرڤا ماریای هەڵکێشاو تەواوی ئازای لەشیی پشکنی. بە تیشکی چرایەکەی زولفە جوانەکەی کە وەك ئالقەیەك دەلەشیەوە پێچرابوو پشکنی. سەرەنجام جێ برینەکەی دۆزیەوە.

رووشاڵێك لەسەر گوێزینگی لاقی چەپی بوو، لەگەڵ خەتێك لە خوێنی وشك چەند رووشاڵێکی سەرتوێژی دیکە لەسەر پانییەی کە بە زەحمەت دەدیتران.

نیشانەکانی هاری لەم شارەدا نە دەگمەن بوون‌و نە بێ مەترسییش. پێش هەموو کەس باڵندە فرۆشێك بوو، سەرنجی هەموانی بەلای خۆی راکێشابوو. ئەو لەگەڵ مەیموونێکی دەستەمۆکراو کە لە رووی ئەدەبەوە هیچی لە خەڵکی دیکە کەمتر نەبوو، رووی دە گوندەکان کرد. مەیموون لە کاتی ئابلۆقەی دەریایی ئینگلیسدا هار بوو. دەم‌وچاوی خاوەنەکەی گەست وەکێوەکانی دەروبەر کەوت. فرۆشیاری چارەڕەشی بازاڕ بەهۆی هەڵەیەکی ترسناك بە کوتەکان زۆری تێ هەڵدرا. چەندین ساڵیش دواتر دایکەکان بۆ ترساندنی منداڵەکانیان لەم بارییەوە شێعریان دانابوو. هێشتا دوو حەوتووی نەبرد مەیموونی گۆرین بە رۆژی رووناك لە جەنگەڵەوە پەیدا بۆوە. خەڵك لە کۆخی بەرازو مریشکاندا دەستیان کرد بە پێشگیری، بە چاوی پڕ لە فرمێسك‌و لە کاتێکدا نزای ئایینییان بۆ فەوتانی فەرماندەی عەسکەریی ئینگلیس دەگوت‌و خوێنیان لە دەمی دەهات‌و پشوویان سوار ببوو، بۆ بەشداری لە رێورەسم، چوونە کلێسای گەورە. بەڵام ترسناکترین چیرۆکی تراژیدی لە مێژوودا تۆمار نەکرا، بەڵکوو لە نێو رەشپێستەکاندا دەفن کرا، لەو جێیەی کە خەڵکەکەی قوربانییەکی هارییان شاردەوە تاکوو لە شوێنی نیشتەجێی کۆیلەڕاکردووەکان بە سێحرو جادووی ئەفریقایی دەرمانی بکەن.

سەرەڕای نموونەی ترسناك، نە سپی پێستەكان، نە ڕەشپێستەكان‌و نە هیندییە سوورەكان نیگەرانی بڵاوبوونەوەو پەرەگرتنی نەخۆشیی هاری‌و نەخۆشییەكانی دیكە لە قۆناغی شاردنەوە دا نەبوون، هەتاكوو بە ڕێكەوت یەكەم شوێنەواری قەرەبوونەكراوی دەركەوت. بێرناردداش هەر بەم شێوەیە دەستی پێ‌كرد، ئەو پێی وابوو چیرۆكی سەیرو سەمەرەی ڕەشەكان خێراترو بەربڵاوتر لە نێو مەسیحییەكان بڵاو دەبێتەوە، تەنانەت گەستنێكی سووكیش نەیدەتوانی زەبر لە حورمەتی بنەماڵەی كەسێك بدا، ئەوەندەی متمانە بە ئەقڵی خۆی هەبوو كە تەنانەت بە باشی نەزانی مەسەلەكەی لەگەڵ مێردەكەشی باس بكا، ئیدی بۆخۆشی فكری لێ نەكردەوە، تاكوو ڕۆژی یەك شەممە بە تاقی تەنێ چووە بازاڕی و لەوێ كەلاكی سەگێكی دیت كە خەڵكی بە داری بادامێیان هەڵاوەسیوە تاكوو نیشانی بدەن كە بە نەخۆشیی هاری تۆپیوە. سووكە ئاوڕێك بەس بۆ ئەوەی ئەو هێڵە ڕاست‌و چەپە سپیەی بە نێوچاوان‌و پێستی ڕەنگ دروكەڵیی ئاژەڵەكەوە بووكە سییەرڤا ماریای گەستبوو، بناسێتەوە. وەختێك ڕووداوەكەیان بۆ گێڕایەوە، بێرناردا خەفەتی بە دڵیدا نەهات. بۆ بێڵێ غەمێ بخوا : برینەو چاك بۆتەوەو ڕووشانەكەشی خۆ هەر شوێنی نەمابۆوە.

مانگی دیسامبر خراپی دەست پێ كرد، زۆری نەبرد ئێواران ئاسمان تارماییە ئەرغەوانییەكەی بەخۆیەوە گرتەوەو شەوانە با گەمە شێتانەو بەردەوامەكەی خۆی دەست پێ كردەوە. كریسمەس سەبارەت‌و بەو هەواڵە خۆشانەی لە ئیسپانیاوە دەگەیشتن، خۆشتر لە ساڵانی پێشێ بوو. خاوەن كانگاو مڵكدارەكانی ئەو وڵاتە وایان پێ باش بوو كە هێزی كار وەك كاڵایەكی قاچاغی هەرزان لە هیندی ڕۆژئاوای ئینگلیس بكڕن. كەوابوو دوو شار هەبوون، شارێك بۆ ماوەی شەش مانگان شادو زیندوو بوور گەشتییە چارۆكەدارەكان لە لێوارەكانی رادەگیران، و شارێكیش كە پاشماوەی ساڵی بە خەواڵوویییەوە لە چاوەڕوانیی كەشتییەكاندا بەسەر دەبرد.

هەتا سەرەتاكانی ژانویە لە بارەی مەرگ بە هۆی هارییەوە هیچ نەبیسرا. لەو سەروبەندە دا ژنێكی سوورپێست بە ناوی ساگونتا كە هەر لە دەوروبەری وێ دەخولایەوە لە سەعاتی پیرۆزی حەسانەوەی پاشنیوەڕۆیەدا لە زەنگی دەرگای ماڵە ماركیزی دا. ساگونتا ئەو ژنە بە ساڵداچووە لە ژێر هەتاوی گەرمدا و بە پێخواسی‌و بە گۆچانی دەسیەوە بە ڕێیەدا دەڕۆیشت، مەلافەیەكی سپی سەرتاپێ بەخواری داپۆشیبوو. لەنێو خەڵكیدا بەدناو بوو، خەڵك بەوەیان دەناسی كە پەردەی كچێنیی كچان دەدروێتەوەو منداڵی لەبەر دەبردن، لەلایەكی دیكەشەوە

سەبارەت بەو کارە باشانەی کە دەیکردن، وەك بەکارهێنانی جادووی سوورپێستان بۆ چاککردنەوی نەخۆشە تەمابڕواەکان، کارە خراپەکانی خۆی قەرەبوو دەکردنەوە.

مارکیز بە نابەدڵی بەرەوپیلی چوو، لەپێش دەرگای هاتنە ژوورێدا راوەستا. ئەو ژنێکی زۆر لەسەر هەست، بێ سەرەوبەرەو زۆربڵێ بوو ئەوەندەی باسی لێهاتوویەکانی خۆی کرد کە مارکیز زانی چی دەوێ‌و ئاخیری تاقەتی نەما‌و گوتی:

" بێ پێچ‌و پەنا چت دەوێ، چ دەبێ با ببێ."

ساگونتا گوتی، هاری هەرەشە لە گیانی هەمووان دەکا، هەر ئەمن کلیلی هۆبرتووسی پیرۆزم پێیە کە پشتیوانی راوچی‌و رزگاریدەری نەخۆشانی هارییە.

مارکیز گوتی:" ئەمن هۆیەکم بۆ هەبوونی ئەو نەخۆشییە لێگرەوەیە پێ شك نایە، ئەوەی ئەمن بیزانم، نە باسی مانگ گیرانیان کردوە، نە راخوشینی ئەستێرە، تاوانی ئێمەش ئەوەندە گەورە نیە کە خوا بیەوەێ تووشی ئەو بەڵایانەمان بکا."

ساگونتا سەری قسانی کردەوە کە لە مانگی مارسدا مانگ گیرانێکی تەواو روو دەداو راپۆرتێکی درێژی لە بارەی ئەو کەسانەدا کە لە یەکەم یەکشەممەی مانگی دیسامبردا گەستراون، دا بە مارکیز. دوو کەس لەوانە ونن، رەنگە کەس‌وکاریان بەرێیان کردبن بۆ چارەسەری جادوویی، سێیەم کەس لە حەوتووی دووەمدا بە هۆی نەخۆشیی هاری مرد. چوارەم کەسیش هەبوو کە ئاژەڵێك نەی گەستبوو، بەڵام لیکی زاری سەگیی وێکەوت‌و هەر ئێستا لە نەخۆشخانەی ئاموردی دیووس لەسەرەمەرگ دایە. مەئموورەکانی حکوومەت لەم مانگەدا سەدان سەگی بەرەڵایان دەرمانداو کردوە: هەتا حەوتوویەکی دیکە یەك سەگی زیندووش لە شەقامەکان نامێنێ.

مارکیز گوتی:" دیسان سەری لێ دەرناکەم، ئەوانە بە من چی‌و ئەویش لە کاتێکی ئەوا نالەباردا."

ساگونتا گوتی:" سەگ پێش هەموو کەس کچی تۆی گەستوە."

مارکیز بە دڵنیاییەکی تەواوەوە گوتی:" ئەگەر شتێکی وا رووی دابایە ئەمن پێش هەموو کەسم دەزانی."

ماکیز پێی وابوو کچۆلەکەی باشەو رێی تێ ناچێ شتێکی جیدی لە سییەرڤا ماریا رووی دابێ‌و ئەو لێی بێ خەبەر بێ. مارکیز وتووێژەکەی بە نیوە چڵی بەجێ هێشت تاکوو حەسانەوەی نیوەڕۆیەی تەواو بکا.

پاشنیوەڕۆیە لە حەوشەی ژوورەوە، کارەکەرەکان بە دوای سییەرڤا ماریادا گەڕان. سییەرڤا ماریا خەریك بوو یارمەتیی بەوە دەکرد کە کەروێشکێکی چووکە کەوڵ بکەن. دەموچاوی رەش کردبوو، لێچکەی سووری کۆیلەکانی لە سەری نابوو و پێخواس بوو. مارکیز لێی پرسی ، ئەوە راستە کە سەگ گەستوویەتی؟ کچە حاشای لێ کرد بەلاّم هەر ئێوارەی ئەو رۆژە بێرناردا لە کن مارکیز رووداوەکە چۆن بوو، بۆ گێرابۆوە.

مارکیز بە سەر لێشێوای پرسی:

" ئەدی بۆ سییەرڤا، حاشای لێ دەکا؟"

"چونکە ئەو قەت راستییەکەی نالێ، تەنانەت بەهەڵەش."

پاشان گوتی:" کەوابێ دەبێ چارەسەر بکرێ، چونکە سەگەکە نەخۆشیی هاریی هەبووە."

بێرناردا گوتی :" بە پێچەوانە، مەسەلەکە ئەوەیە کە دەبێ سەگەکە بتۆپێ، چونکە سییەرڤای گەستوە، راست مانگی دیسامبرێ بوو، و ئەم گیانلەبەرە بی شەرمە هەڵ دەداو پێ دەگا."

هەردووکیان پێچەوانەی حەزی دەروونیی خۆیان، جارێکی دیکە راست وەك ئەو کاتانەی کە رقیان کەمتر لە یەکتری بوو، بە وشیاریو پێکەوە باسیان لە پەرەگرتنی دەنگۆ لە بارەی خێرایی بلاّوبوونەی هاری کرد. مەسەلەکە بۆ مارکیز روون بوو. ئەو هەمیشە دەیگوت کچۆڵەکەی خۆش دەوێ، بەلاّم ترس لە هارێ ناچاری کرد دان بەوە دابنێ کەبۆ خۆدزینەوە لە گێروگرفت کلاّوی لەسەری خۆی ناوە. لە بەرامبەردا، لە سەرەتادا ئەو پرسیارانە بۆ بێرناردا نەهاتبوونە پێش، چونکە بە تەواوی ئاگای لە مەوزووعەکە هەبوو و دەیزانی کچۆڵەکەی خۆش ناوێو کچۆڵەش نەدەبووایە ئەویی خۆش ویستبا، و هەردوو حاڵەتیش بۆ بێرناردا مەنتیقی بوون. بەشی زۆری ئەو رقەی ئەو دووانە لە کچۆڵەکەیان بوو بۆ ئەو هەستەی وان دەگەڕایەوە کە کچۆڵە چ شتێکی لەوەو چ شتێکی لەوی دیکەیانەوەیە. بەو حاڵەش بێرناردا ئامادە بوو تەنیا دەست بکا بە گریانێو رواڵەتێکی داکێکی غەمناك بە خۆیەوە بگرێ، تاکوو پارێزەری حەیای کچۆڵە بێولە هەلومەرجی حەساس دا بتوانێ بڵێ مەرگی کچەکەی هۆیەکی بەجێی هەبووە.

بێرناردا بە ئاشکرا گوتی:" هەر نەخۆشییەکی هەیبێ جگە لە نەخۆشیی هاری گرنگ نیە."

لەم کاتەدا هەر وەك بڵێی بروسکەیك لە ئاسمانەوە وەمارکیزی کەوتبێ و زانی کە مانای ژیانی بەستراوەتەوە بە چی، بە پێداگرییەوە گوتی:" منداڵەکە نامرێ، ئەگەر بشمرێ، بە ویستی خوایە."

رۆژی سێ شەممە مارکیز بەرەو نەخۆشخانەی ئاموردی دیویس لەسەر بەرزایی کێـوی لازارۆ وەڕێ کەوت تاکوو ئەوەی نەخۆشیی هاریی تووش ببوو و ساگونتا بۆی باس کردبـوو، ببینـێ. ئەو نەیدەزانی کالیسکەکەی کە بە قوماشی رەش داپۆشراوە وەك نیشانەیەکی دیکە لە نەبوونی چارەسەری سەیری دەکرێ. لەمێژ سـاڵ بـوو مـارکیز تـەنیا لەبـەرهۆی گـرنگ مـاڵی بـەجێ دەهێشت، و لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا پەیتا پەیتا رووداوی ناخۆشی بۆ دەهاتنـە پـێش. شار لە کاڵبوونەوەیەکی سەدان ساڵ لەوە پێشەوەدا نـوقم ببـوو، بـەڵام خـەڵك، لێـرەو لـەوێ، روخساری تێك چـرژاوو چـاوە زەقـەکانی پیـاوێکی بـەگومانیان لـە بـەرگی تازیـە لـە سـەر کالیسکەیەك دەدیت کە لە دیواری شار رەت دەبووو بە باریکە رێیەکدا بەرەو کێوی سان لازارۆ دەچێ. لە نەخۆشخانە ئەو گولانەی لەسەر عەرزی خشتچن راکشابوون، کاتێ بە هاتنـە ژووری ئەویان زانی بە ملکەچی هاتنە سەر رێی‌و سواڵیان لێ کرد. لە بەشی نەخۆشانی سـەرەمەرگ، بە زنجیرێك نەخۆشێکی هارییان لە نەردەی بەستبۆوە.

ئەو دوورەگەیەکی بەتەمەن‌و سەرورپیشێکی رەنگ لۆکـەیی هـەبوو. نیـوەی لەشـی لـەکار کەوتبوو بەڵام هاری نیوەکەی دیکەی وەها لە وزە پڕ کردبوو کە دەبـووا بیبەسـتبایەوە تـاکوو نەوەك خۆی بە دارو بەرد دا بدابایەو گیانی لەدەست بدا. بەوەی بۆ مارکیزیان باس کرد شـك‌و گومانی نەما کە ئەویش هەر ئەو سەگە رەنـگ دووکەڵییـە کـە هێلێکـی راسـت‌و پـەپ بـە نێوچاوانیەوەیە وەکی سییەرڤا ماریای گەستوە‌و لیکە کەفاوییەکەی لمبۆزی لە لەشی هەڵسووە، دیارە نەك لە پێستی ساغ بەڵکوو لەسەر رووشاڵێکی برین کە لەسەر گوێزینگی بووە.

ئەم روانینە وردە لە وەزعی نەخۆشەکە نۆقرەی لە مارکیز هەڵگرت. ئـەو کـە بـە دیتنـی دیمەنی نەخۆشی سەرەمەرگ زەندەقی چووبوو، بێ ئەوەی تۆزقاڵێـك هیـوای بـە چـاکبوونەوەی سییەرڤا ماریا هەبێ نەخۆشخانەی بەجێ هێشت.

لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ شار لە سەرەولێژیی کێو تووشی پیاوێکی کەتـە بـوو کـە لەسـەر بەردێکی لە پەنا ئەسپە تۆپیوەکەی دانیشتبوو مارکیز کالیسکەکەی راگرت. کاتێـك پیاوەکـە قیت بۆوە، ئابرێ نۆنچیکۆ دێسێ پەریرا کائۆ، بـەکالۆریۆس‌و بـەناوبانگترین‌و بـێ هاوتـاترین پزیشکی شاری ناسیەوە.

پیاوێکی چەشنی شای خاچ، کڵاوێکی گەڕگـەڕیی پـانی هـەتاویی لەسـە بـوو، چـەکمەی ئەسپسواریی لە پێ دا بوو، باڵتۆیەکی رەشی کاری ئازادی بە کۆڵێ وەبوو. ئەو بە تەشـریفاتی

باو هێندێك خورمەتی بۆ مارکیز نیشان دا. گوتی:" گەورەیی شایانی ئەو کەسەیە کە بە ناوی حەقیقەتەوە بجوولێتەوە."

ئەسپەکەی لە کاتی گەڕانەوەدا نەیتوانی سەربەرەوژێر وێرغەی بکا، بۆیە دڵی تۆقی. نیپتۆنۆ کالیسکەوانی مارکیز هەوڵیدا زینی ئەسپەکەی هەڵگرێ. خاوەنی ئەسپەکە نەیهێشتو گوتی:

" کاتێك ئەسپێکم نەبێ زینم بۆ چیە. با هەردووکیان پێکەوە برزن."

کالیسکەوان دەبووا لە کاتی سواربوونی ئابرێ نۆنچیکۆی چوارشانەدا یارمەتیی بداو مارکیز بەڕێزەوە لەلای راستی خۆی دابنێ. ئابرێ نۆنچیکۆ لە فکری ئەسپەکەی دا بوو.

هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:" دەڵێی لەتێك لە گیانم مردوە!"

مارکیز گوتی:" هیچ شتێکی ناتوانی وەك مەرگی ئەسپێك بە ئاسانی چارەسەر بکەی."

ئابرێ نۆنچیکۆ هاتەوە سەرخۆی‌و گوتی:" بەڵام ئەم ئەسپە شتێکی دیکە بوو. ئەگەر بۆم کرابایە لە زەوییەکی سەرسەوزو بژوێندا دەم ناشت."

سەیرێکی مارکیزی کرد تاکوو بزانێ چ کاردانەوەیەکی دەبێ. ئینجا گوتی:

" لە مانگی ئۆکتۆبر دا ببووە سەد ساڵ."

مارکیز گوتی:" هیچ ئەسپێك ئەوندە ناژێ."

پزیشکەکە گوتی:" ئامادەم بیسەلمێنم."

ئابرێ نۆنچیکۆ سێشەممانە لە نەخۆشخانەی ئاموردی دیوس خەریکی کارێ دەبوو سەری لەو گولانە دەدا کە نەخۆشیی دیکەشیان هەبوو. ئەو خوێندکاری یەکەم‌و یەکێك لە دەرچووانی خوان موندێس نیەتۆی بە نەسڵ جوولەکەی پورتوگالی بوو بۆ ئەوەی خۆی لەدەست ئیسپانییەکان وەشێرێ کۆچی کردبوو بۆ کارائیب. ئابرێ نۆنچیکۆ ناوی خراپی پێشگۆو مورتەدی لەوی ڕا بە میرات بۆ مابۆوە، بەڵام کەس شك‌و گومانی لە شارەزایی ویدا نەبوو. جیاوازیی بۆچوونەکانی لەگەڵ پزیشکەکانی دیکە کە نە باوەڕیان بە توانا سەرسوڕهێنەرەکانی دەکردو نە لە شێوە نائاساییەکانی دەبووردن، لەبڕان نەهاتوو خوێناوی بوو. ئەو حەبێکی داهێنابوو کە بە خواردنی ساڵێ دەنکێکی، ساغیی ماسولکەکانی دەستەبەر دەکرد و ژیان درێژتر دەبۆوە. بەڵام لە سێ ڕۆژی یەکەمی پاش خواردنەکەی دا وەها هەست‌و هۆشی دەشێواند کە جگە لە خۆی کەسی دیکە نەیدەوێرا بیخوا.

لەچەندین ساڵ پێشترەوە بۆ ئارامیی نەخۆشەکان، مۆسیقایەکی لەکن نەخۆشەکان بە چەنگ لێ دەدا کە هەر بۆ ئەم مەبەستەشی ساز کردبوو. ئەو هەمیشە ئەشتەرگەریی بە کارێکی نزم دەزانی کە بۆ ماموستایانو ئارایشگەرە پیاوەکانی بە گونجاو دەزانیو بۆخۆی دەستی بۆ نەدەبرد.

شارەزاییەکی ترسهێنەری هەبوو کە بریتی بوو لەوەی کە رۆژی مردنی نەخۆشەکانی پێشتر دەزانی. ناوی چاکو خراپی ئەو هەر لەمەوە سەرچاوەی گرتبوو: خەڵك پێیان وابوو کە ئەو مردوویەکی زیندوو کردۆتەوەو کەسیش ئەو قسەیەی ردت نەدەکردەوە.

سەرەڕای ئەو هەمووە ئەزموونە، ئابرێ نۆنچیکۆ لەبەرامبەر ئەوانەدا کەنەخۆشیی هارییان تووش دەبوو تێك دەچوو، ئەو دەیگوت:" لەشی مرۆڤ بۆ ئەوەی چەندین ساڵ بتوانێ بژی، دروست نەکراوە." مارکیز تەنانەت وشەیەکی لە وتە ردنگینو وردو قورسەکانی نەچووە دەگۆێیو کاتێك دەستی بە قسان کرد کە ئیدی پزیشك قسەیەکی بۆگوتن نە:ابوو.

مارکیز پرسی:" ئەو پیاوە چارەڕەشە چی لەگەڵ دەکرێ؟"

ئابرێ نۆنچیکۆ وەلامی دایەوە:" دەبێ بیکوژن؟"

مارکیز زۆر بە ترسەوە سەیرێکی کرد.

" ئەگەر مەسیحییەکی باش دەبووین، هەرچۆنێك بووایە کارێکی وامان دەکرد." پزیشك بەبێ هەڵە درێژەی دا:" پێت سەیر نەبێ کاکی بەڕێز، زۆر لەوی زیاتر کە مرۆڤ بیری لیدەکاتەوە مەسیحیی باش هەڵدەکەون."

مەبەستی وی راست ئەو مەسیحییە هەژارە رەنگ جیاوازانە بوو کە لە قەراغ شارو گوندەکان ئەم ئازایەتییەیان هەبوو کە ژەهریان دە خواردنی ئەو نەخۆشانە دەکرد کە تووشی هاری هاتوونو لە دەست داهاتووی ترسناکیان نەجاتیان دەدان. لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا ئەندامانی بنەماڵەیەك هەموویان سوپی ژەهراوییان خواردەوە چونکە هیچ کامیان دڵیان نەدەهات منداڵێکی پێنج ساڵانە بە تەنیا دەرمانخوارد بکەن.

ئابرێ نۆنچیکۆ بەم ڕستەیە قسەکەی تەواو کرد" خەڵك پێیان وایە ئێمە پزیشکان نازانین ئەم شتانە روویان داوە. بەڵام وا نیە، ئێمە تەنیا بۆ پاراستنیان پێویستیمان بە پرەنسیپی ئەخلاقی هەیە، جگە لەمە لەگەڵ ئەو کەسانەی لەسەرەمەرگ دان ئەوکارەی دەکەین کە ئێستا دیتت. ئێمە ئەوانە بە هویێرتووسی پیرۆز دەناسێنین. ئەوانە لە تەختەی دەبەستین کە لەسەر تەختەی ململانییەکی ترسناکترو درێژتر لەگەل مەرگدا بکەن."

مارکیز پرسی:" رێگەیەکی دیکە نیە؟"

پزیشك وەلامی دایەوە:" پاش یەکەم بلاوبوونەوەی هاری وەسیلەکی دیکە نیە."
پاشان باسی نامە زانستییەکانی پزیشکی کرد کە هاری بە پێی نوسخە جۆراوجۆرەکان:"گیایەکی باغچەی، سنەوبەرێك، گیایەکی بۆنخۆش، جیوە، غونچەی ئاناگالیس وەك نەخۆشی لەچارەهاتوو پلە بەندی دەکەن. کەس سەری لێ دەرناکا. کێشەکە ئەوەیە کە هێندێك هارییان تووش دەبێ‌و هێندێك نابن، بەلام زۆر ئاسانە بلێی ئەم دەرمانانە پێشی پێ دەگرن." ئەو چاوی دە چاوەکانی مارکیز بڕی تاکوو لە وەخەبەر هاتنی دلنیا بێ‌و پاشان پرسی:
" بۆچی ئەو بابەتەت ئاوا بۆ گرنگە؟"
مارکیز بە درۆ گوتی :" سەبارەت بە هاودلی."
ئەو نزیکەی سەعات چواری پاشنیوەڕۆیە بە شەکەتی لە پەنجەرەوە سەیرێکی دەریای نارامی کردو بەدلێکی توندەوە قبوولی کرد کە پەڕەسێلکەکان هاتوونەوە. هێشتا شنەی نەدەهات. تاقمێك لە منداڵان هەولیان دەدا کەڵکێك کە لە زۆنگاوی قەراغێ ڕێی لێ ون ببوو بە بەردان بکوژن‌ومارکیز چاوی لە هەڵفرین‌و راکردنی بوو کە چۆن لەنێوان قوتکە ڕووناکەکانی بورجەکانی شاردا ون بوو.
کالیسکەکە لە دەروازەی شاری مەدیۆلوونا لە گەرەکێکی ئابلۆقەدراو تێپەڕی‌و ئابرێ نۆنچیکۆ کالیسکەوانەکەی لە گەرەکی قەرەبالغی پیشەسازان هەتا ماڵەکەی ڕێنوێنی کرد کە دیارە کارێکی ئاسان نەبوو. نیپتۆنۆ حەفتا ساڵ بەرەو ژوور بووو بە پارێزو نزیك بین بوو. هەمیشە پێی وابوو کە ئەسپ بە تەنیا باشتر لە خاوەنەکەی جادەکان شارەزایە. سەرەنجام کاتێك ماڵەکەیان دیتەوە ئابرێ نۆنچیکۆ لە پێش دەرگایە بە قسەیەکی حەکیمانەی هۆراتس مالاوایی کرد.
مارکیز داوای لێبووردنی کردو گوتی:"ئەمن لاتینی نازام."
ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" پێویستیش نیە بزانی!" دیارە ئەم قسەیەشی هەر بە لاتینی کرد. مارکیز وەهای کار تێکرابوو کە نەی دەویست بچێتەوە ماڵێ، چونکە ئەمە یەکەمین‌و سەیرترین وتووێژی ژیانی بوو. فەرمانی بە نوپتینۆ کرد کە ئەسپە منداربووەکەی بەرێتە سان لازارو لە زەمینێکی سەرسەوزدا بە خاکی بسپێرێ‌و بەیانیی ڕۆژی دواتر باشترین ئەسپی تەویلەی بۆ ئابرێ نۆنچیکۆ بنێرێ.
بێرناردا پاش ئەو نارامییە کاتیەی کە بەهۆی خواردنی دەرمانی زگچوون دەستی کەوتبووو پاش سێ چوار جار چوونە ئاودەستی ڕۆژانەی کە بۆ دامرکاندنی ئاگری نێو ریخۆلەکانی

دەیکردمالاوایی کرد تاکوو بۆ شەشەمین جار بە حەمامی ناوی گەرمو سابوونی بۆنخۆش میشکی ماندووی خۆی وەحەسێنێ.

لە قۆناغی سەرەتایی ژیانی هاوبەشیدا کە بە گەنجی چووە کن مێردیو لەو کاتەوە کە کەلکەلەی کاری وەك بازرگانانی کەوتبووە مێشکیەوەو بە سەداقەتێکی رووناکبینانەوە دەچووە پێش، زۆر تێ نەپەڕیبوو. دەکرێ بلێین کەسێکی سەرکەوتوو بوو هەتا ئەو کاتەی لەو شەوە شوومەدا لەگەڵ یەهوودای ئەسخەر یوتی یەکتریان ناسیو ئەگبەتی رووی تێکرد.

بێرناردا لە بازاڕی سالانەی سیرکدا هەروا بە رێکەوت تووشی بوو، پیاوێك بە رو بە نیوەڕووتی، بەبێ هیچ ئامرازێکی یفاعی ململانێی لەگەڵ گایەکی شەڕانی دەرکرد. ئەو جوانچاکێك بوو لێزانیو ئازایەتییەکی هەبوو کە بێرناردا نەیدەتوانی چاوپۆشیی لێ بکا. رۆژی دواتر بێرناردا دیسان لە کەرنەڤالی کووم بیامبا دیتیەوە، لەو رۆژەشدا بێرناردا بە بەرگی سوالکەران خۆی گۆڕیو لە کەرنەڤالدا بەشدار بوو دەمامکی لە دەمو چاوی دا. ئەو لەلایەن ژنانی کۆیلەوە دەوری گیرابوو و ئەوانیش بە ملوانکەو بازنەو گوارەی زێڕو بەردی دە قیمەتی خۆیان وەك هاوسەری مارکیز رازاندبۆوە. لە نێو ئالقەی وشیارەکاندا، یەهوودا لەگەڵ کەسانێك سەمای دەکرد کە بۆ سەما پارەیان دەدا. دەبووا ریز لە نۆرە بگیرێ تاکوو تووڕەیی خوازیارانی سەما هەڵنەچێ. بێرناردا لێی پرسی:" بایی چەندە؟" یەهوودا بەدەم سەماوە وەلامی دایەوە:" نیو ریئاڵ."

بێرناردا دەمامکەکەی لا داو پێی گوت" دەمەوێ بزانم نرخ بۆ تەمەنێك چەندە؟" یەهوودا روخساری بێدەماکی ئەوی هەڵسەنگاندو دیتی زۆریش وەك ژنە سوالکەر ناچێ بەو جۆرەی کە خۆی نیشان دەدا. ژنە هاوڕێیەکەی بەجێ هێشتو بە هەنگاوی بەرز خۆی گەیاندە بێرناردا تاکوو بزانێ نرخەکەی بقەبلێنێ.

یەهوودا گوتی:" پێنجسەد پێزۆی زێڕ."

بێرناردا بە چاوی هەلسەنگێنەرێکی پسپۆڕ سەیری کرد. چوارشانە بوو. پێستی لە چەشنی سەگاوی دەریایی بوو، سینگ پانو سمت پانو لاق درێژ بوو، دەستەکانی ناسك بوون، دیار بوو قەت زەحمەتیان نەدیتبوو. بێرناردا لیکی دایەوە:

" ئەتۆ بەژنت هەشت بستە."

" سێ قامکیش."

بێرناردا سەری ئەوی بۆلای خۆی هێنا تاکوو ددانەکانی ببینێ. بۆنی ئامونیاکی بن هەنگلی بێرناردای گێژ کرد. ددانەکانی ساغو تەواوو ریکوپێك بوون.

بێرناردا گوتی:" خاوەنەکەت دەبێ شێت بێ ئەگەر بلێ کەسێك هەڵدەکەوێ ئەتۆ بە نرخی ئەسپێك بکرێ." ئەویش وەڵامی دایەوە :" ئەمن ئازادمو بۆخۆم خۆم دەفرۆشم." بەدەنگی تێکەڵ بە زایەڵەیەکی تایبەتەوە زیادی کرد:

" سینیۆرا."

بێرناردا گوتی :" مارکیزا."

پیاوە بە رێزەوە لە بەرامبەریدا کڕنۆشی برد. بەم کارەی خورپەی خستە دڵی بێرناردا و بە نیوەی نرخی داواکراو کڕی. بێرناردا گوتی:" پیاوێکی پەسندە."

بێرناردا لە پلەوپایەی پیاوێکی ئازاددا قبوولی کردو ئیزنی پێدا تا لەگەڵ گیانلەبەرەکانی سیرك بچێتە سەر شانۆ. ژوورێکی لە پەنا ژووری خۆی بۆ دیاری کرد کە بۆ گەنجانی خزمەتکار لە تەویلە دانرابوو، و لەیەکەم شەودا رووتو قوتو بێ ئەوەی دەرگای داخا لە چاوەڕوانیی وی دا مایەوە، چونکە گومانی نەبوو بەبێ بانگکردن بۆخۆی دێ. بەوحاڵەش ناچار بوو دوو حەوتووی تەواو چاوەڕوان بێ و بەهۆی ئاگری دەروونی نەیدەتوانی بە ئاسوودەیی بخەوێ.

لەڕاستی دا کاتێك پیاوە پێی زانی بێرناردا کێیەو کاتێك هاتە ژووریو چاوی پێی کەوت مەودای نێوان کۆیلەو خاوەنەکەی دیسان پاراست. بەڵام ئەوکات ئیدی بێرناردا دەستی لە چاوەڕوانی هەڵگرتبوو و ئالقەی پشت دەرگای داخست.

پیاوە لە پەنجەرەوە هاتە ژوور. بێرناردا بە هەڵمژینی هەوای پڕ لە بۆنی ئامونیاك وەخەبەر هاتو دەنگی هەناسەی دێوێکی بیست کە لە تاریکیدا بەدوایدا دەگەڕا. پیاوە بە هەناسە بڕکێوە لە گوێی چپاند :" گاندەر، گاندەر."دوای ئەو شەوە بێرناردا ئیدی دەیزانی لە ماوەی ژیانی دا نابێ کارێکی دیکە بکا.

بێرناردا بۆی شێت ببوو. هەردووکیان شەوانە لە قەراغ شاری دەچوونە سەیری سەمای مۆمەکان. پیاوە لە بەرگی فراکداو بە کڵاوی لوولەیی کە بێرناردا بە سەلیقەی خۆی هەڵی بژاردبوو و وەك هاوسەر خۆی دەنواند. بێرناردا لەسەرەتادا لە بەرگی دیکەدا دەردەکەوتو پاشان بە روخساری واقعیی خۆی. بێرناردا وەك بارێزە دەسبێنو زنجیرو ئەنگوستیلەو گوارەی زێڕی بەسەردا باراندو ئەڵماسی بۆ ددانەکانی دانا. کاتێك بێرناردا زانی ئەو تووشی هەرکەسێك بێ هاوجێی لەگەڵ دەکا، بیری کردەوە کە مەرگ تاقە رێگایە بەڵام سەرەنجام بەوەندەی رازی بوو کە بۆی مابۆوە. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو وەختەی دومینیگا دی ئادڤینتۆ لە کاتی پشووی پاشنیوەڕۆیەدا لەنەکاو و لە حاڵێکدا پێی وابوو ئەو لە کارگەی

پالاوتنی شەکرە، هاتە ژووری بێرناردا، بەلام بە رووتو قووتی بەسەر هەردووکیان دا هات کە خەریکی ئەو بەزمەی بوون. ژنە کۆیلە زیاتر سەری سوڕما تا ئەوەی کە بترسێ. لە حالێکدا دەستی بە دەزگیرەی دەرگاوە بوو لەجێی خۆی راوەستا.

بێرناردا بەسەری دا قیژاند:" وەك مردووان لێر رامەوەستە، یان دەخۆت هەلدە یان ورە تێکەل بە."

دومینیگا دی ئادڤینتۆ رۆیشتو دەرگای لە پشتەوەڕا پێوە دا، دەنگی پێوەدرانی دەرگا بۆ بێرناردا وەك شەپەلاغە وا بوو. شەوێ کچی کۆیلەکەی بانگ کردە لای خۆیو هەڕەشەی لێ کرد کە ئەگەر ئەوەی دیتوویەتی بیدرکێنێ بە توندترین شێوە تەمبێی دەکا. کچە کۆیلە وەلامی دایەو :" نیگەران مەبە، دەزانم. ئەتۆ هەرکات هەرچی بتەوێ دەتوانی لە منی مەنع بکەیو ئەمنیش لەسەر چاوی دادەنێم ."و بەم جۆرە کۆتایی بە قسەکەی هێنا:" تەنیا شتێك ئەوەیە کە ئیدی ناتوانی لە بیرکردنەوەم بێ بەش بکەی."

تەنانەت ئەگەر مارکیزیش شتێکی لەم بارەیەوە دەزانی، وای نیشان دەدا کە ئاگای لە چ نیە. لە نیهایەتدا سییەرڤا ماریا تەنیا کەسێك بوو کە بێرناردا و هاوسەرەکەی بە هاوبەشی خاوەنی بوون، و مارکیز کچەکەی لە خۆی نا، بەلکوو لە ژنەکەی دەزانی. بێرناردا تەنانەت تاقە جارێکیش فکرێکی وای بە مێشکیدا نەهاتبوو. ئەو مندالە لە کن دایکی وا لەبیر کرابوو کە پاش مانەوەیەکی زۆر لە کارگەی پالاوتنی شەکر، لەگەل کچۆلەیەکی دیکەی لێ گۆڕا، چونکە ئەو کچەش بەژنو بالای بەقەد وی بوو، بەلام وەك وی نەدەچوو. بێرناردا کچۆلەی بانگ کردو پشکنیو لە بارەی ژیانیدا پرسیاری لێ کرد بەلام وەلامی نەبیستەوە.

بێرناردا گوتی:" ئەتۆش وەك بابت بە سەقەتی خولقاوی."

ئەوێ رۆژێ ئەو دووانە لە حالو وەزعێکی ناوادا بوون.کاتێك مارکیز لە نەخۆشخانەی ئامور دی دیوس هاتەوەو بێرناردا بڕیاری خۆی راگەیاند کە لە مالێدا بە مستی ئاسنین هەوسار لە ملی هەمووان دەکا، دژکردەوەی مارکیز ئەوەندە شێتانە بوو کە بێرناردا قسەکانی خۆی خواردنەوە.

وەك یەکەم هەنگاو، مارکیز ژووری خەوی دایەگەورەی خانەدانەکەی دایەوە بە کچەکەی. ئەوە ژوورێك بوو کە بێرناردا کچەی لەوێ دەرکردبوو بۆ ئەوەی لەلای کۆیلەکان بخەوێ. شکۆی ئەو سەردەمە لەژێر تەپوتۆزی رۆژگاردا وەك خۆی مابۆوە. بریسکانەوەیەکی کەم ڕەنگی

تەختی خەوی ئەشرافیی رەنگ برنجی دەبـووە هـۆی ئـەوی کارەکـەرەکان پێیـان وابـێ لـە زێڕییـە. پەردەیەك لە تۆڕی بووکانو سەرچەفێکی دەستچن کە دوگمـەی پێـوە دوورابـوو و رێـشۆڵەی بـەنو کەرەسەی دیکەی جوانی، کاسەی چینیی دەسشۆری، کەلوپەلێکی زۆری ئارایش و جێگە عـەتر کـە بە نەزمێکی دایك سالارانەوە لە پەنا مێزی ئارایشدا دانرابـوون. تـەوالێتی سـەیار، بەڵغەمـدانو تەشتی ڕشانەوەی چینی، جیهانێکی خەیاڵیی لە خەونی پیرەژنی تووشبوو بە باداری بۆ ئـەو کـچەی کە قەت لە دایك نەبوو و بۆ ئەو نەوەی کچەی کە قەت نەی دیت، پێك هێنابوو.

کاتێك ژنانی کۆیلە ژووری خەویان وەك پێشوو ئـاوەدان دەکـردەوە، مـارکیز خـەریك بـوو ڕێوشوێنەکانی خۆی بەسەر ماڵێدا دەسەپاند، ئەو کۆیلانەی لـە ژێـر سـێبەری لای بـاکووری ماڵێ وێژینگیان دەدا، ڕەپێ دەنانو ئەوانەش کە خەریکی کاری تایبەتیی خۆیـان لـە گۆشـەو کەناری ماڵێ بوون یان لـە ژووره داخراوەکـان خـەریك بـوو خۆیـان بـۆ یـاری ئامـادە دەکـرد هەڕەشەی لێدانو زیندانیکرانی لێ دەکردن. هیچ کامیان هەڕەشەی نوێ نـەبوون. ئـەم شـتانە کاتێك بێرناردا سەرۆکایەتیی ماڵێی بە ئەستۆوە بوو زۆر توندتر بەڕیوە دەچـوون. دومینیگـا دی ئادڤینتۆ بۆ ئەوەی بەباشی بەڕێوە بچن هەوڵی دەداو مارکیز لەبەرچاوی هەمووان بەو قسە مێژوویەیی کە هەمیشە لەسەر زاری بوو، خۆی دەردەخست:" لە ماڵە من دا ئەو کـارە دەبـێ بکرێ کە ئەمن فەرمانی دەدەم." بەڵام کاتێك بێرناردا خۆی دە زەلکاوی لێوان لێو لە قەوزەی کاکاو هاویشت و دومینیگا دی ئادڤینتۆ مرد کۆیلەکان دیسان بە پارێزێکی تەواوو بە دزیەوە خۆیان دەژووری خزاند. لە پێشدا ژنان بە منداڵەکانیانەوە، تاکوو لـە وردەکارانـدا یارمـەتیان بدەنو پاشان بەدوای فێنکایی داڵانەکاندا دەگـەڕان، پیـاوە بێکارەکـانیش هـەر بـەم شـێوەیە دەجووڵانەوە. بێرناردا کە لە جندووکەکانی خانووە وێرانبووەکە دەترسـا، کۆیلـەکانی ڕەوانـەی شەقام کرد تاکوو خواردنی خۆیان بە سواڵ دابین بکەن. ئەو جارێك لەو جارانەی تووشی قەیرانی رووحی دەهات بڕیاری دا جگە لە سێ چوار کۆیلە کە بۆ کاری ماڵێ کاری پـێ بـوون، ئـەوانی دیکە ئازاد بکا بەڵام مارکیز دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەم بڕیارە دەربـڕی:" ئەگـەر قـەرارە ئـەم کۆیلانە لەبرسان بمرن، باشترە لێرە بمرن تاکوو جێگایەکی دیکەی جگە لێرە."

کاتێك سەگ سییەرڤا ماریای گەست، چونکە مارکیز باوەڕی بە ڕێوشوێنی رواڵەتی نەبوو، ئەو کۆیلانەی کە دیار بوو رێکوپێکترنو شایانی باوەڕپێکردن بـوون هـەڵ دەبـژاردو ئیمتیـازی خۆی پێ دەدانو بەجۆرێك رای دەهێنان کە ڕەفتاری تونـد لـە گـەڵیان، تەنانـەت بێرنارداشـی توورە دەکرد.

کاتێك ماڵێ بۆ یەکەم جار پاش مەرگی دومینیگا دی ئـادڤینتۆ دیـسان رێـك خرایـەوە، سـەرەتای شەوێ مارکیز سییەرڤا ماریای لە ژووری ژنانی کۆیلە، لە نێو ژمارەیەك رەشپێـستی گەنجدا کە بە شێوەیەکی نارێك لێرەولـەوێ لـە جۆلانـەی کـەوانی دا راکـشابوون، دۆزیـەوە. هەمووی وەخەبەر هێنان تاکوو رێوشوێنی نوێی ماڵێیان پێ رابگەیەنێ و پێی لەسـە ر ئـەوە داگرت کە:

" لەمڕۆوە ئەم کچۆڵەیە لە ژوورێدا دەژی. بۆ ئێوەو بۆ سەرانسەری ئیمپراتۆری دەبێ روون بێ کە ئەو بنەماڵەیەکی هەیە، بنەماڵەیەك کە هەموویان سپیپێستن."

کاتێك مارکیز دەیەویست لە باوەشی بکاو بیباتە ژوورێکی دیکـە، کـچۆڵە بەربـەرەکانێی دەکرد. کەوابوو دەبوا تێی گەیاندبا کە سیستمێکی پیاوانە بەسەر جیهانـدا زاڵـە. لـە ژووری خەوی دایەگەرەیدا کاتێك مارکیز دامێنی کەتانیی کـچەکەی دادەکەنـدو بـۆ ئـەوەی بـەرگی خەوێی لەبەربکا وشەیەکی لێ نەبیست. مارکیز لە پەنا تەختەکە دانیشتو خەریکی دوگمـەی بەرگی خەوێ کچۆڵەکەی بوو تاکوو لە کونە تازەکانی جێ دوگمـەکانیان رۆبکـا. کـچۆڵە لـە بەرامبەری راوەستابووو بەبێ جووڵە سەیری دەکرد. بێرناردا کە لە دەرەوە ڕا سەیری دەکردن بە گاڵتە گوتی:" ئێوە بۆچی پێکـەوە ژیـانی هاوبـەش پێـك نایـەنن؟"و چـونکە مـارکیز هـیچ وەلامێکی نەدایەوە، دیسان درێـژەی دا:" موعامەلەیـەکی خـراپ نیـە، ئەگـەر سـەر بگـرێ لەوانەیە خاتوونێکی خانەدانی کرتوولی پەنجە باڵندەییتان ببێ کە لە سیرك بێفرۆشی."

گۆڕانێکی کەمیش لە خودی بێرنارادادا بـەدی دەکـرا. سـەرەڕای پێکەنینـە شـێتانەکەی، دەموچاوی هێندێك تێکچرژابوو و لە نزمیەکەی دا نیـشانەیەك لـە نیـازی بـاش هەسـتی پـێ دەکرا، بەلام مارکیز گرنگیی پێ نەدا. هەرکە زانی بێرناردا رۆیشتوە بـە کـچۆڵەکەی گـوت:" ئەو بەرازێکی وەحشییە."

مارکیز پێی وابوو تروسکاییەکی لە نۆگری لە کچەکەدا بەدی کردوە.، لێی پرسی:" دەزانی بەرازی وەحشی چیە؟" بـە تامەزرۆییـەوە چـاوەڕوانی وەلام مایـەوە. سـییەرڤا ماریـا وەدوای قسەکەی نەکەوت. لە سەر تەختی خەوەکەی راکشاو سەری لەسەر باڵنجی پـەڕ دانـا. کـچۆڵە دەرفەتی پێ دا تاکوو مارکیز مەلافـەی کـەتانی کـە بـۆنی داری سـدری گرتبـوو چـۆکەکانی داپۆشێ. بێ ئەوەی لە رووی بەزەییەوە تەنانەت چاوێك لە روخـساری مـارکیز بکـا، مـارکیز هەستی بە نازاری ویژدان کرد و گوتی:

" پێش نووستنێ نزایە ناکەی؟"

کچۆڵە تەنانەت چاوێکیشی لێ نەکرد. چونکە خووی بە نوێنەوە گرتبوو چووە نێو جێ و بێ ئەوەی مالاوایی بکا خەوی لێ کەوت. مارکیز پەردەکەی داخست ئەوەکوو شەمشەمەکوێرەکان لە خەویدا بەسەری وەربن. تاوێك پێش سەعات دەی بوو کە لوورەی بە کۆمەڵی شێتان لە خانوویەکی بەتاڵدا کە کۆیلەکانی لێ نەبوو، تەحەمول نەدەکرا.

مارکیز سەگەکانی بەرەڵلا کرد. بەرەو ژووری خەوی دایەگەورە هورووژمیان برد و هەولیان دا کەلەبەری دەرگای بکەنەوە. مارکیز تۆقی سەریا سەگەکانی بە قامکی لاواندەوەو بەو هەواڵە خۆشە نارامی کردنەوە:

" ئەمە سییەرڤایە لەمڕۆ نێورایێوە لێرە دەژیە." ئەو شەوە مارکیز لە بەر قوولەقوولی شێتان کە هەتا دووی سەرلەبەیانی درێژەی کێشا هەم کەم نوست و هەم خراپ. لەگەڵ یەکەم بانگی کەڵەبابێ قیت بۆوە. هەوەڵ کەس بوو چووە ژووری سییەرڤای. کچۆڵە لە جیاتی ئەوەی لە ژوورەکەی بێ لە نێو ژنانی سەر بەکرێژی کۆیلەکان بوو. کۆیلەیەك کە لە پەنا دەرگای چوونە ژوور خەوتبوو، لە ترسان وەخەبەر هات. بەر لەوەی مارکیز پرسیارێکی بکا،گوتی:" ئەو بۆخۆی هات، سینیۆر. تەنانەت نەمزانی کەنگێش هاتوە. مارکیز دەیزانی کۆیلەکە راست دەکا. پرسیاری کرد:" کاتێك سەگ سییەرڤا ماریای گەست کامەتان لە وێ بوون؟" تەنیا رەشێکی دوورەگە کە ناوی کاریداد دیل کوبرێ بوو لە حاڵێکدا کە ئەوەندە ترسابوو دەلەرزی، خۆی ناساند. مارکیز ئارام بۆوە. پێی گوت:" وابزانە ئەتۆ دومینیگا دی ئادڤینتۆی، ئاگات لێی بێ." مارکیز ئەرکەکانی بۆ دەستنیشان کرد. تێی گەیاند کە تەنانەت یەك چرکەش سییەرڤا ماریای لەبەر چاوان ون نابێ، بە نرمی و لەسەرخۆ، نەك بە خۆشخزمەتی رەفتاری لەگەڵ بکا. لە هەمووی گرنگتر ئەوەکە سییەرڤا ماریا نابێ لەو تەلدرووبەی لە نێوان حەوشی کۆیلەکان و ماڵێدا دەکێشرێ، تێ پەڕێ. بەیانیان پاش هەستان و ئێواران پێش چوونە نێو جێ کاریداد دیل کوبرێ دەبێ بێ ئەوەی کچۆڵە پێ بزانێ راپۆرتێکی تەواو بداتەوە بە مارکیز.

لە کۆتاییدا گوتی:" باش سەیرکە، چ دەکەی و چۆنی دەکەی. چونکە تاقە بەرپرسی کە وەدوای فەرمانەکانم دەکەوی."

نزیکەی سەعات حەوتی بەیانی، مارکیز پاش ئەوەی سەگەکانی بەستنەوە چووە ماڵی نابرێ ئۆنچیکۆ. پزیشك بۆخۆی دەرگای کردەوە، چونکە کۆیلە و خزمەتکارێکی نەبوو. مارکیز چونکە پێی وابوو مستەهەقی سەرکۆنەیە لە پێشدا دەستی بە سەرکۆنە کرد.

پزیشکەکە گوتی:" ئێستا کاتی چاوپێکەوتن نیە." پزیشکەکە بە ڕێزلێنانێکی زۆر سەبارەت بە ئەسپێك کە وەری گرتبوو دڵی چاك کردەوە. مارکیزی لە نێو حەوشەی ڕا تا کن وردە ئاسنی ئاسنگەرانی پێشوو برد کە ئێستا تەنیا کەلاوەیەك لە کوورەی ئاگردانەکەی لێ مابۆوە. لەسەر ڕێگا بە زمانی لاتینی دە گوێی ڕێویەکی دوو ساڵەی جوانی چپاند کە دوور لە شوێنی لەدایکبوونی ئارام دیار بوو و زللەیەکی بەحاستەمی لە روومەتی دا.

مارکیز بۆ پزیشکی باس کرد کە ئەسپە مردووەکەی لە باغی سەرسەوزی پێشووی نەخۆشخانەی ئامورر دی دیوس بە خاك سپاردوە. ئەوێ لە کاتی بڵاوبوونەوەی کۆلێرادا گۆڕستانی دەوڵەمەندان بووە. ئابرێ نۆنچیکۆ سەبارەت بە گرنگیدانی لە رادەبەدەری وی بەو بابەتە سوپاسی کرد.

کاتێك خەریکی قسان بوون، پزیشك هەستی بەوە کرد مارکیز لێی دوور دەکەوێتەوە. ئەو دانی بەوە دا هێنا کە قەت نەیوێراوە سواری ئەسپ بێ.

ئەو گوتی:" ئەمن ئەوەندەی لە باڵندان دەترسم ئەوەندەش لە ئەسپان دەترسم."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی " ناخۆشە لە ئەسپان نەگەی، مرۆڤایەتیی وەپاش خستوە. ئەگەر ئێمە جارێك بەم شێوەیە سەرکەوتباین، دەمان توانی بوونەوەرێکی نیوە ئەسپ ـــ نیوە مرۆڤ بخولقێنین."

رووناکایی نێو ماڵێ لە دوو پەنجەرەی روو بە دەریایەکی دوورەوە دابین دەکرا. ماڵەکە شاگردێکی عەرەبی لاو بە شێوەی خۆی وەك بەشێك لە لەشی خۆی رێكوپێکی کردبوو. بۆنێکی خۆش هەموو هەوای داگرتبوو کە بە رواڵەت بەهۆی کاری پزیشکیەوە بوو. مێزێکی رێکوپێکی نووسینو شووشەبەندێك لە دەفری چینی کە پڕ بوون لە رەگی گیاو دەستنووسە لاتینییەکان. لە گۆشەیەکی دوورو بەلاوە، چەنگێکی سێحراویی زێڕکفت دانرابوو. ئەوە هەر کتێب بوونو سەرنجیان رادەکێشا، زۆربەیان بە زمانی لاتینی بوونو بەرگی گرانیان پێوە بوو. لە چەکمەجەی شووشەییو جێکتێباندا دانرابوون یان بە جوانی لەسەر عەرزی هەڵچنرابوون. رۆیشتنی پزیشك بە هەنگاوی لەسەرخۆ بە نێو کاغەزاندا جیاوازییەکی زۆریشی لەگەڵ رۆیشتنی کەرگەدەن لەسەر تەختی خەوی پەڕی قووی نەبوو. مارکیز لەو هەمووە کتێبە تاقەتی بەسەر چوو و گوتی:" هەموو زانستی دنیایە دەبێ لەم ژوورە دا خڕ کرابێتەوە."

ئابرێ نۆنچیکۆ بە وشیاریەوە وەڵامی دایەوە:" ئەم کتێبانە بەکەڵکی چ دێن، ژیانم لەسەر ئەمانە دانا تاکوو نەخۆشییەکان چارەسەر بکەمو پزیشکەکانی دیکە ناچار بکەم دەست لە دەرمانەکانیان هەڵگرن."

پیشیلەیەکی خەوتووی لەسەر قەنەفە گەورەکە هەڵگرت تاکوو مارکیز بتوانێ دابنیشێ. پێشنیاری سەوزیی کولاّوی سەر چرای ئەلکۆلی بە مارکیز کردکە بۆخۆی دروستی کردبوو لەگەڵ ئەمەشدا دەستی کرد بە باسی ئەزموونە پزیشکییەکانی خۆی، تاکوو هەستی بەوە کرد تاقەتی مارکیز بەسەر چووە. مارکیز لە نەکاو قیت بۆوەو پشتی لە پزیشك کردو سەیری دەریای ئارامی کرد. سەرەنجام بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە غیرەتی وەبەرخۆی ناو بە بۆڵەبۆڵ گوتی:" بەکالۆریۆسی ئیلاهیات."

ئابرێ ئۆنچیکۆ چاوەڕوانی وشەیەکی ئەوتۆ نەبوو:" ها؟"

مارکیز بە خۆشحاڵیەوە گوتی:" ئەوەی لەبارەی رازەکانی پزیشکیدا گوتت، تەنیا بە کەلکی خۆت دێن، قبووڵمە کە راستن. سەگی هار کچی منیشی گەستوە."

مارکیز چاوی دەوی بڕی‌و لەگەڵ رووحێکی ئاگا بەرەوڕوو بوو.

پزیشك وەڵامی دایەوە:" دەزانم، پێم وایە هەر لەبەر ئەوەش بەم بەیانییە زوویە هاتوویە ئێرە."

مارکیز گوتی:" راستە." ئەو پرسیارەی لە نەخۆشخانە لەکن نەخۆشەکە کردبووی دووپات کردەوە:" دەبێ چ بکەم؟"

ئابرێ ئۆنچیکۆ لە جیاتی وەڵامی توندی رۆژی پێشتر داوای چاوپێکەوتنی سییەرڤا ماریای کرد. مارکیزیش کە بۆخۆی داوایەکی ئەوتۆی هەبوو رازی بوو. کالیسکە لە بەر دەرگای ماڵێ لە چاوەڕوانیی ئەوان دابوو.

کاتێك گەیشتنە ماڵە مارکیزی بێرناردا لەبەرامبەر مێزی ئارایشێ دانیشتبوو پرچی شانە دەکرد، دیارە نە لەبەر کەس، بەڵکوو بە یادی نازو عیشوەی ساڵانی رابردوو کە بۆ دوایین جار یەکتریان خۆش ویستو مارکیز لە بیری خۆی سڕیبۆوە. ژوورەکە لە بۆنی خۆشی بەهاریی سابوونەکانی بێرنارادای داوەستابوو. بێرناردا هاوسەرەکەی لە ئاوێنەدا دیتو بەبێ تووڕە بوون گوتی:" پێت وایە ئێمە کێین ئەسپی بدەینە کەسێك؟" مارکیز خۆی لە وەڵامدانەوە بوارد. بەرگی ماڵێی لەسەر تەختی ئاڵۆزی خەوێ هەڵگرتو بە بێ کەمترین رووخۆشی بۆ بێرناردای توڕ داو ئەمری پێ کردو گوتی:" خۆت لەبەرکە، پزیشکەکە هاتوە."

بێرناردا گوتی:" پەنا بەخوا."

مارکیز:" بۆ تۆ نەهاتوە. هەرچەند ئەتۆ زاتر پێویستت بە پزیشك هەیە. ئەو لەبەر کچۆڵەکە هاتوە."

بێرناردا:" بی سوودە، ئەو یان دەمرێ یان نامرێ. خۆ شتێکی دیکە نیە." پاشان تێ فکری:" کام پزیشك؟"

مارکیز:" ئابرێ نۆنچیکۆ."

بێرناردا لە عەزاب دابوو. پێی خۆش بوو تەنیاو بەرووتی بمرێو شەرەفی خۆی بە دەستی جوولەکەیەکی بێ نامووس نەسپێرێ.

ئابرێ نۆنچیکۆ پزیشکی بنەماڵەیی دایكوبابی مارکیز بوو. سەبارەت بەوەی پزیشکێکی قسەلەڕوو بووو ئەوەی بۆی دەردەکەوت، بە زمانیش دەیگوت، لەخۆیان دوور خستبۆوە. مارکیز لەبەرامبەر بێرناردایدا راوەستاو گوتی:" تەنانەت ئەگەر ئەتۆش بە دڵت نەبێ هەر بەو جۆرەی کە بەدڵی منیش نیە، بەڵام ئەتۆ دایکیو لەبەر خاتری قانوونەکانی خوا داوات لێ دەکەم هێندەی لێ مەڵێو دەست لەو مەحکەمەیەی هەڵگرە."

بێرناردا گوتی:" ئەمن کارم پێی نیە، ئەتۆ هەرچی بیکەی دەسەڵاتت هەیە. ئەمن کارم تەواوە."

دوور لە چاوەڕوانی، کچۆڵە بەبێ کەمترین شەرم ئیزنی بە پزیشك دا تاکوو تەواوی ئازای بەدەنی بپشکنێو ئەوەندە بە وریاییەوە لە کارەکەی دەڕوانی کە دەتگوت خەریکی سەیرکردنی سەعاتێکی یارییە."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" ئێمە پزیشکەکان بە دستان دەبینین." کچۆڵەکە بۆ یەکەم جار بە خۆشحاڵیەوە پێکەنی.

سەلماندنی سلامەتیی وی وەك رۆژی روون دیار بوو. سییەرڤا هەرچەند لەشێکی لاوازی هەبوو بەڵام بەژنێکی رێکوپێکی هەبوو، پەیکەری دەتگوت بە تەمێك لە زێڕی نامەرئی داپۆشرابوو. ئەو ئەندامە یەکەم خونچەی هەڵدانو بەختەوەریی ئەوی بەدیار دەخست. ددانەکانی سییەرڤا تەواو بوون، چاوەکانی تیژو لاقەکانی ئارام، دەستەکانی سپیو سۆڵو هەر تاڵە موویەکی زولفی ئالقەئالقەی، زایەڵەی ئاهەنگێکی دووروودرێژی ژیان بوو. سییەرڤا چاونەترسانەو بە لەسەرخۆییەکی تەواوو بە لێزانیەوە وەڵامدەری پرسیارەکان بوو. دەبوا زۆر چاکت ئاسیبا تاکوو بزانی وەڵامەکانی دەقاودەق راستن. کاتێك پزیشکەکە برینێکی بچووکی لەسەر گوێزینگی لاقی دۆزیەوە، کچۆڵە وریاتر بۆوە. ئابرێ نۆنچیکۆ بە زیرەکیەوە پرسی:" لە جێیەك کەوتووی؟"

کچۆڵە بێ ئەوەی چاو بترووکێنێ، تەنییدی کرد:

" لەسەر تەپڵەك"

پزیشکەکە بە زمانی لاتینی قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد کە مارکیز هاتە نێو قسانەوە: " بە ئیسپانیای بیڵێ تا تێبگەم."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" لەگەڵ تۆم نەبوو، بیر لە زمانی سەقەتی لاتین دەکەمەوە."

سییەرڤا ماریا کەیفی بە رەفتاری هونەرمەندانەی ئابرێ نۆنچیکۆ دەهات. ئەو گوێی لەسەر سینگی سیەرڤا ماریا دانا تاکوو ترپەی دڵی ببیسێ. دڵی لەبەر تەوژمی لێدان خەریك بوو بتەقێ. شەونمێکی بێ رەنگی سارد لە سەر پێستی نیشتبوو کە بە فەرقێکی کەمەوە وەك بۆنی پیوازێ دەچوو. کاتێك پشکنین تەواو بوو دوکتور زللەیەکی چووکەی لە رووومەتی سییەرڤا داو گوتی:" ئەتۆ زۆر ئازاو بەجەرگی."

کاتێك لەگەڵ مارکیز تەنیا مانەوە، پێی گوت کە کچە دەزانێ سەگەکە هاریی پێوە بووە. مارکیز تێنەگەیشتو گوتی:" ئەم کچە درۆیەکی زۆری بۆ تۆ کردن بەلاّم ئەوەی دەبوو بیلێ، نەیگوت."

پزیشکەکە گوتی:" کاکی بەرێز، ئەو هیچی بۆ من باس نەکرد بەڵکوو دڵی بوو قسەی لەگەڵ دەکردم. دڵی وەك بۆقێکی نێو قەفەز خۆی هەڵ داویشت."

مارکیز بە غوروورێکی باوکانەوە خۆی لە ژماردنی درۆ سەیروسەمەرەکانی دیکەی کچەکەی پاراست و گوتی:" رەنگە ببێتە شاعیر." ئابرێ نۆنچیکۆ نەیدەویست قبووڵ بکا کە درۆ لە تایبەتمەندییەکانی هونەرەو گوتی:" بەرهەم هەرچەندە روونتر بێ، شێعریش بەو رادەیە واتادار دەبێ."

تەنیا شتێك کە پزیشك نەیدەویست باسی بکا، بۆنی پیوازی ئارەقەی لەشی کچەی بوو. چونکە پێوەندیی نێوان بۆنو هاری بۆوی ناروون بوو، ئەو خاڵەی بە گرێکوێرە دانا. پاشان کاریداد دیل کوبرێ بۆ مارکیزی ئاشکرا کرد کە سییەرڤا ماریا بە دزی فێری فێڵو تەڵەکەی کۆیلەکان بووە. ئەوان هەتوانی بنێشتی مانایووایی یان داوەتێ بیخوا لە عەمباری پیوازێدا رایان گرتوە تاکوو سێحرو جادووی سەگەکە بەتاڵ بێ."

ئابرێ نۆنچیکۆ چاوپۆشیی لە چووکەترین نیشانەکانی هاری نەکردو گوتی:" هەرچی جێ کەڵپەکە قووڵتر بێ‌و لە ئێسك نزیکتر بێ ، بەو رادەیەش یەکەم هێرشەکان دەوامیان دەبێ." پاشان باسی نەخۆشێکی کرد دوای پێنج ساڵان مرد. هەرچەند ئەو گومانە لەجێی خۆی مایەوە کە رەنگە ئەو دواتر نەخۆشیی دیکەی تووش بووبێ. ساڕێژبوونەوەی برین هیچ مانایەکی نیە. پاش ماوەیەکی نادیار رەنگە

برینەکە سەرلە نوێ تەشەنە بکاتەوە، ئەستوور بێ چلکێ بکاو قۆناغی دوایی نەخۆشییەکە بە ئێش و ئازار بێ و مردنێکی خێرای بەدواوە بێ. قانوون ڕێگە دەدا تەنیا پەنا بۆ نەخۆشخانەی ئاموردی دیوس بەرن. لەوێ سێنیێگالیی دە پسپۆڕی لێ بوون کە دەیان زانی لەگەڵ مورتەدو شێتان چۆن ڕەفتار بکەن. لە غەیری ئەوەدا مارکیز دەبووا گوناحەکەی وەئەستۆ گرتباو کچۆڵەی لە تەختەی بەستباو لێی گەڕابایە هەتا دەمرێ.

لە کۆتایی دا گوتی:" ئەوەندەی ئێمە بزانین کەس گیانی لە نەخۆشیی هاری بە سلامەت دەرنەچووە."

مارکیز بە پێداگرتنەوە پێی وابوو هیچ خاچێك ئەوندە قورس نیە کە ئامادەە نەبێ هەڵیگرێ. منداڵەکە دەبێ لە ماڵێ بمرێ. پزیشکەکە بە هاودەردی، بۆ تەئیدکردن سەری بە نیشانەی نا لەقاند.

ئینجا گوتی:" کاکی بەڕێز، چاوەڕوانیی کەمترین چاوپۆشیم لێ نەدەکردی. گومانم نیە رووحی تۆ ئەوەندە خۆڕاگرە کە بتوانێ دەرەقەتی ناخۆشییەکان بێی."

ئەو جارێکی دیکە پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە پێشبینییەکان جێی نیگەرانی نین. برینەکە لە ناوەندی سەرەکیی مەترسی دوورەو کەس وەبیری نایە کە برینی کچەی خوێنی لێ هاتبێ. بەگوێرەی پێشبینیی وی سییەرڤا ماریا نەخۆشیی هاریی تووش نابێ.

مارکیز پرسی:" لەم ماوەیەدا؟"

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" لەم ماوەیەدا مۆسیقای لێ بدەن، ماڵی پڕکەن لە گوڵ، با باڵندەکان بخوێنن. کچۆڵەی لە کاتی ڕۆژئاوابووندا ببەنە قەراغ دەریایە. هەموو ئامرازەکانی خۆشیی بۆ دابین بکەن:" ئینجا قسەکانی دەحەوای کردن و بە ڕستەی لاتینیی هەمیشەی خۆی ماڵاوایی کرد. بەڵام ئەمجار لەبەر حورمەتی مارکیز وەریگێڕایەوە:" کاتێك بەخت شیفا نەدا، هیچ هەتوانێك چارەسەر نابێ:"

٢

قەت ئەوە روون نەبۆوە کە مارکیز چۆن لە دۆخێکی وادا ئەوندە بێ مشوور بێ‌و هەر لەجێ‌دا بۆچی سەرەڕای ئەوەی ڕێگای رەبەن بوونی بۆ ئاسان بوو ژیانێکی هاوبەشی ئاوا خراپی تەحەممول دەکرد. هەردەم هەرچی ویستبای لە سایەی دەسەڵاتی لەڕادەبەدەری باوکی وەدەستی دەکەوت، چونکە باوکی خاوەنی پلەی وەك سوارەی سەربازانی سانتیاگۆ، کۆیلەفرۆش، قازیی مەرگو ژیان، فەرماندەی دلڕەقی سوپای شا بوو کە نە سوپاسی سەربازەکانی دەکردو نە داهاتە کلێسایییەکەیانی لێ دەبڕین‌و نە ئەو کەسانەی دەسەڵاتیان لە پاوانی خۆیان دەنا، سزا دەدا.

ئیگناچیۆ تاقە میراتگر بوو کە هیچی پێ خۆش نەبوو. ئەو لەگەڵ نیشانەکانی ئاشکرای دواکەوتووییەکانی مێشك گەورە بوو. هەتا تەمەنی پیاوەتی نەخوێندەوار بوو و کەسی خۆش نەدەویست. یەکەم نیشانەکانی ژیان لەویدا سەرەتا لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەرکەوتن. کاتێك کە ئاشق بوو و بە مەبەستی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ یەکێك لە دانیشتوانی شێتخانەی لادڤینا پاستۆرا کە گۆرانی‌و قیژو قاوەکانیان هەستی منداڵانەی ئەوەیان دەلاواندەوە، ئۆگریی خۆی نیشان دا. تەنیا کچی سەراجی بنەماڵە کە دەبووا هونەری سەراجیە فێر بێ تاکوو ئەوەك دابی دووسەد ساڵەی بنەماڵەکەیان لە لاپەڕی رۆژگار بسڕێتەوە، کاتێك ئەقڵی لە دەست دا، دەستی لەو کارە سەیروسەمەرەیەی پیاوان هەڵگرت. رۆژڕەشییەکەی زۆر بە ژان بوو، بە هەوڵێکی زۆر فێریان کرد کە پیسایی خۆی نەخوات. بەڵام ئەگەر وا نەبا نەیدەتوانی هاوڕێیەکی زۆر باش بۆ مارکیزی کەم شعوور بێ.

دولچە ئۆلیڤیا تەبیعەتێکی شادی هەبووو کەسێکی دڵساف بوو. بێ سێ‌ودوو دەتزانی شێتە. تەنانەت کاتێك ئیگناچیۆی لاو بۆ یەکەم جار لەنێو قیژوقاوی سەر باڵکۆنێی دیت وەبەر دڵی کەوت، نامەیەکی لە شێوەی باڵندەیەکی کاغەزیدا بۆ نارد. ئیگناچیۆ بۆئەوەی بتوانێ وەڵامی بداتەوە، خوێندن‌و نووسینێ فێر بوو. ئەمە سەرەتای ئەوینێکی بەڕاستی قووڵ بوو کە

کەس نەیدەتوانی هەست بە وتایەکەی بکا. مارکیزی یەکەم کوڕەکەی لەو ئەوینە مەنع کردو داوای لێکرد بە ئاشکرا حاشای لیبکا.

ئیگناچیۆ وەڵامی دایەوە:" ئەمە نەك هەر راستە، بەڵکوو ڕێگەی پێ‌دام دەستی لەنێو دەستی نێم." بەو دەلیلە کە دولچە شێتە دژایەتیی کرد:" ئەگەر مرۆڤ هۆی بەقوەتی هەبێ هیچ شێتێك شێت نیە."

باوکی، بە دەسەڵاتی تەواوی ئاغایەك‌و ملکدارێك، دووری خستەوە بۆ سەر ملکی خۆی. ئیگناچیۆ ملی بۆ کاریش رانەکێشا.

ئەو مردوویەك بوو لە قالبێکی زیندوودا. ئیگناچیۆ مریشکی لێ دەرچێ زەندەقی لە هەموو ئاژەڵان چووبوو. کاتێك لە گوندی مریشکێکی زیندووی لە نزیکەوە دیت، هەیکەلی گایەکی هێنایە بەر چاوی خۆی‌و زلتری کردەوەو تێ گەیشت بێ ئازارتر لە گیانلەبەرە ترسناکەکانی دیکەی وشکایی‌و ئاوییە. ئارەقەیەکی ساردی لە تاریکیدا کردو بێدەنگیی ترسناکی راوگە بوو بەهۆی ئەوەی لە بەرەبەیانیدا لە حاڵێکدا کە بەزەحمەت هەناسەی هەڵدەکێشا لە خەو هەستێ. سەگی راوێ کە بەبێ چاو تروکاندن لەبەرامبەر ژووری خەوی ئیگناچیۆ کێشکی دەدا، زیاتر لە هەر مەترسییەکی دیکە ئۆقرەی لێ هەڵگرتبوو. ئیگناچیۆ گوتی:" ژیان دەبێتە هۆی ئەوەی تاکوو لە ترس‌و دڵەراوکێدا بژین:" هاتنی بە لەسەرخۆی بوونەوەرێکی بیرمەند، ئاماژەگەلی ناخۆش، شێوەی قسەکردنی دوورو درێژو حەزبە ئوستورلاب ئەویان لە تاراوگەدا تووشی خەمۆکی کرد. وادەهاتە بەرچاو کە مەحکوومە بە مانەوەی یەکجاری لە ژووری تاکەکەسیی تاراوگەدا.

پاش ساڵێك دوورخرانەوە، دەنگێکی وەك هەستانی ئاوی رووبار وەخەبەری هێنا. ڕووداوەکە بەم جۆرە بوو کە ئاژەڵێك بە کوێرەڕێیەکدا بە ئەسپایی لە مانگەشەودا لانەکەی بەجێ هێشتبوو و چونکە بوونی وی کۆسپی سەر ڕێی ئاژەڵەکانی دیکە بەرەو لەوەڕگەو قامیشەڵان لە نێو شیوو زەمەنداندا بوو، بەبێ دەنگی لەسەر عەرزی تخێڵیان کردبوو. ڕەوەی گەورەی ئاژەڵان‌و ئەسپی دەسواری‌و باری لە پێشەوە دەڕۆیشتن، لە پشتەوەی وان بەرازەکان، مەڕو پەلەوەرەکان‌و تاقمە تەماشاچیتەکان کە لە ناخی شەودا بزر بوون. تەنانەت باڵندەکان‌و کۆترەکانی ئامادەی فڕین ڕەگەڵیان کەوتن‌و بە لۆژەلۆژ لە شوێنەکە دوور کەوتنەوە. بەیانیی ڕۆژی دواتر، بە تەنیا، سەگی راوێ وەك کێشکگر لە بەرامبەر ژووری خەوی خاوەنەکەیدا مابۆوە. ئەمە تەقریبەن سەرەتای دۆستایەتیی مرۆڤە کە مارکیزی لەگەڵ ئەم سەگەی راوێ‌و هەموو جێنشینەکانی ئەم ماڵە پێوەند دەدا.

ئیگناچیۆی گەنج بۆ زاڵبوون بەسەر ترسی ماڵە چۆلە بە بۆ میرات ماوەکەی، پشتی لە خۆشەویستییەکەی کردو ملی بۆ داوایەکەی باوکی راکێشا. بۆ باوکی بەس نەبوو کە کورەکەی نەوینەکەی فوربانی بکا. لە وەسییەتنامە قانوونییەکەی خۆیدا وەك ئەرك بۆی دانا کە دەبێ لەگەڵ میراتگری یەکێك لە بنەماڵە ئیسپانیاییەکان ژیانی هاوبەش پێك بێنێ. هەر واشی لێهات. کورە لە زەماوەندێکی گەورەدا دونا ئولالا دی مێندۆزای بە هاوسەر هەڵبژارد. ژنێکی جوانو تا بلێی لێهاتوو بوو، بەلام هاوسەرەکەی هەر بە کچی هێشتییەوە بۆ ئەوەی زەحمەتی هەبوونی منداڵی نەکەوێتە سەر شان. لە بوارەکانی دیکەشدا هەر لە سەرەتای ژیانیەوە دوایەش وەك گەنجێکی بێ خێروبێر دەژیاو بەم جۆرە درێژەی بە ژیانی خۆی دا.

ئولالا دی مێندۆزا جیهانی بە هاوسەرەکەی ناساند. ئەو زیاتر دەیەویست حۆی دەربخا تا بە ئەرکەکانی رازی بێ. پێکەوە دەچوونە کلێسای گەورە. مێندۆزا بە هەڵسوکەوتێکی وەك هاوولاتییەکی باسکو بە شنێلێکی بەشکۆو باڵتۆیەکی سپیو قورسی شازادە کاستیلەوە لەلایەن ژمارەیەك ژنی کۆیلەوە کە بەرگی ئاوریشمیان لەبەر بووو زێرو زەمبەریان لەخۆ دابوو هاورێیەتی دەکرا. لە جیاتی نەعلەی ماڵێ کە رازاوەترین ژنانی کلێسا لە پێیان دەکرد، ئەو نیو چەکمەیەکی کۆردوپایی بە مرواری دوراوەوە وەژوور دەکەوت.

بە پێچەوانەی هەموو ئاغا گەورەکان کە کلاوپرچی کۆنیان بە دوگمەی پیرۆزەییەوە لەسەر دەنا، مارکیز کۆتو جاکەتێکی تەنکی کەتانیی لەبەر دەکردو کلاوێکی ئیداریی تەنکی بێ گەری لەسەر دەنا. ئەو هەمیشە لە رووی ناچارییەوە دەچووە نێو خەڵکی، چونکە قەت نەی توانیبوو بەسەر ترسی خۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زاڵ بێ.

دونا ئولالا لە شاری سگوڤیا شاگردی دومەنیکو ئوسکارلاتی بوو و شەهادەی دەرسگوتنەوەی ئاوازو مۆسیقای لە قوتابخانەکاندا لە پەرستنگەکان وەرگرتبوو. ئەو لە سگوڤیاوە پارچە جیاجیاکانی پیانۆیەکی کۆنی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە بۆخۆی خستنیەوە سەریەك،و زۆر ئامرازی ژێداری بە لێزانیی تەواوەوە لێ دەداو فێر دەکرد. ئۆرکێسترای مەجلیسیی لەگەڵ راهیبەکان دامەزراندو لێدانی پارچە «مۆسیقا»ی نوێی ئیتالیا، فەرانسەو ئیسپانیا لە شەوێدا ماڵێی پڕ لە خەڵك دەکردو دەیان گوت ئەم ئاوازانە لە باوکی پیرۆزەوە سەرچاوەیان گرتوە.

وادیار بوو مارکیز مۆسیقای بە کەیفێ نیە. خەڵکی پەندێکی فەرانسەییان بۆ هەڵبەستبوو و دەیان گوت مارکیز دەستی هونەرمەندێكو هەستی بیستنی تۆپچییەکی هەیە. بەلام ئەو رۆژەی کە بوخچەی کەلوپەلی مۆسیقایان کردنەوە مارکیز سووکە ئاورێکی لە چەنگی ئیتالیایی

سەیرو سەمەرە بە دوو ریز کووکەوە، جەعبەی سووران، تەختەی پانی ژێر تەلەکان، تەلی جۆراوجۆر بە مەبەستی دەنگی ساف کرد. دونا ئولالا هەموو هەولێی خۆی وەگەڕ خست تاکوو بتوانێ دەنگی بۆلّ بە باشیی خۆی لێ بدا. ئەوان کاتی پێش نیوەڕۆی خۆیان لە ژێر دارەکانی باغی بە تەمرینێکی دژوار دەبردە سەر، دونا بە سەبرو خۆشەویستیو مارکیزیش بە کەللەڕەقیی بەردتاشێك. تاکوو ئاوازی شوانەکان بەبێ کەمترین گیروگرفت لەلایەن ئەوانەوە لێ درا.

مۆسیقا ژیانی هاوبەشی ئەو دووانەی وەها رێك خست کە دونا ئولالا غیرەتی وەبەر هات تاکوو هەنگاو بۆ پڕکردنەی بۆشایی هەڵبگرێ. لە شەوێکی تۆفانیدا، بەهۆی ترسێکی لەرادەبەدەر کە قەت هەستی پێ نەکرد، لە خەوێکی ئارامدا خۆی تەسلیمی هاوسەرە دەست وێنەکەوتووەکەی کرد.

دونا پێی گوت:" ئەمن خاوەنی نیوەی ئەم تەختە خەوەم هاتووم وەری بگرمەوە:" مارکیز خۆی راگرت. لێبڕاوانە هەولێدا بە پەنابردنو عەقڵو توندی قانعی بکا. بەڵام دونا هەروا بە دوای مەبەستی خۆیەوە بوو. ژیان دەرفەتێکی زۆری بەودووانە نەدا. لە ٩ی نۆڤەمبردا کاتێك کە لە ژێر دار پرتەقاڵەکان، لە هەوای پاكو ئاسمانی ساوو بەرزدا کە ئاسەوارێك لە هەورت تێدا بەدی نەدەکرد پارچە مۆسیقایەکیان بە دوو ئامراز لێ دەدا، لەپڕ بەر چاویان رەش هەڵگەڕا بەهۆی بوومەلەرزەو بروسکە بوورانەوە، بروسکە لە هەردووکیانی داو کەوتنە سەر عەرزی.

شار ئالۆز ببوو وا دەزانرا چونکە گوناهێك دانی پێدا نەهێنراوە تووڕەیی خوا بلێسەی سەندوە. مارکیز رێورەسمێکی شاهانەی بە خاکسپاردنی رێك خستو بۆ یەکەم جار لە بەرگی تازیەو بە روخسارێکی وەك ئەخۆشان دەردەکەوت، کە دەبووا بۆ هەمیشە ئەوی لە وانی دیکە جیا بکردبایەوە. لە کاتی گەڕانەوەی لەکۆڕستانەوە بە دیتنی باڵندە کاغەزییەکان کە لەسەر دار پرتەقاڵەکانە دادەبارینە خوارێ، غافلگیر بوو. بێ ئەوەی بیر بکاتەوە یەکێك لەوانی گرتو کردیەوەو خوێندیەوە:" ئەم بروسکەیە لەلایەن منەوە هات:"

پاش کۆتایی سەرەخۆشیی نۆ رۆژە ماڵی دنیای کە بەشێکی زۆری میراتەکەی دەگرتەوە دا بە کلێسا: لەوەرگەیەکی لە مومپێکس، لەوەرگەیەکی دیکەی لە ئایاپێلو هەشت هەزار دۆنم زەوی لە دوو مایلیی شوێنی نیشتەجێ بوونی لە ماهاتیس لەگەڵ رەوەیەکی گەورەی ئەسپانی باریو سواریو مەزرایەکی کشتوکاڵیو هەروەها باشترین کارگەی پاڵاوتنی شەکری کارائیب. ئەفسانەی سەروەتو سامانی وی هەرچۆنێك بێ بە شانو پیلو کاری لەرادەبەدەری کۆیلەکان

دەست کەوتبوو کە ڕەنگە سنوورەکەی خۆی لە زۆنگاوەکانی لاگوارییا و زەوییە گۆڕەکانی لایۆرتسا لە نزیك جەنگەڵەکانی مانگرۆڤی یرووبا داباو بە خەیاڵی کەس دا نەدەهات.

تەنیا شوێنێکی کە بۆخۆی هێشتەوە، خانووە دەوڵەمەندانەکەی بوو بە حەوشەی کۆیلانەوە کە ژمارەکەیانی گەیاندبووە لانی کەمی خۆیو ئاشێکیشس لە ماهاتس. ئیدارەی کاروباری ماڵیی بە دومینگا دی ئادڤینتۆ سپارد. نیپتۆنۆی پیر لە پلەی کالیسکەچیدا مایەوە کە مارکیزی یەکەم پێی دابوو چاوەدێریی ئەو بڕە کەرەستە پێویستانەی ماڵیی پێ ئەسپێرا کە لە عەمباری ئەسپان دا بوون.

بۆ یەکەم جار تەنیا بە هاتنەوەی، ئەو ماخولیایەی نەمابوو، نەیتوانی ساتێك لە تاریکیدا بحاوێتەوە. چونکە ترسی خانەدانیی کرئوولیی بەسەردا زاڵ ببوو کە نەوەك بەدەستی کۆیلان بکوژرێ. لەپڕ لە خەوێ ڕاپەڕیو نەیدەزانی داخوا ئەو چاوانەی لەگەڵ هەڵئەنگوتنی تیشکی ڕۆژ سەیری ژوورێیان دەکرد ئی ئەم جیهانە بوون یان جیهانێکی دیکە. لەسەر نووکی پەنجەی پێی بەرەو دەرگا ڕۆیشت، لەنەکاو دەرگای کردەوەو ڕەشێکی غافڵگیر کرد کە لە کونی کلیلەوە دەیڕوانیە ژوورێو ئەو دەیبیست کە ئەو ژنە چۆن وەك بەور لەبەرهەیوانێ بە لەشی رووتو چەورکراو بە ڕۆنی نارگیل دەخزێ تاکوو کەس نەتوانێ بیگرێ. دەستەوەستان لەبەرامبەر ئەو هەمووە ترسەدا، خێرا فەرمانیدا هەتا بەرەبەیانی چرایەکان بایسێنن. ئەو کۆیلانەی بەرەبەرە ژوورە بەتاڵەکانیان داگیر کردبوو، دەرکردن. یەکەم سەگە دەستەمۆکراوەکانی هێنانە ماڵێ.

دەرگای سەرەکیی هاتنە ژوور داخرا. ئەو سەرچەفە مەخمەریانەی کە بەسەر موبڵە فەرانسەوییەکاندا درابوونو بۆگەنیان لێ دەهات، لادران. تابلۆ چنراوەکان، شووشەواتی چینیو سەعاتە دەستسازەکانی وەستاکانیان فرۆشتن. تەنیا بە نوێنە چنراوەکان ڕازی بوون تا بتوانن لە ژوورە بەتاڵەکاندا خۆ لە گەرمایە بپارێزن. مارکیز ئیدی نەچۆوە تەمرینی بە کۆمەڵو ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی کلێسا. ئیدی شنێلی فەرمیی پیاوماقوولانی کلێسایی لەبەر نەکردەوە. نەچۆوە جێژنەکانو گوێی بە ڕۆژووان نەدەدا، بەڵام هەرچۆنێك بێ باجی ڕاستەوخۆی کلێسای لە کاتی خۆیدا دەدا. بۆ حەسانەوەی پاشنیوەڕۆیان تەقریبەن هەمیشە دەچووە باغی بۆ بن دار برتەقاڵەکان. شێتەکان پاشماوەی خواردنەکانیان داویشتێ، بە ڕووخۆشیو ڕووهەڵماڵاوی بانگیان دەکرد. کاتێك حکوومەت پێشنیاری کرد بۆ گۆڕینی شوێنی شێتخانەی کاردروستایی بکا، ئەو بە نیشانەی ڕێزدانان بۆ شێتەکان ئەم پێشنیارەی قبووڵ نەکرد.

دولچە ئولیڤیا سەرکەوتوو بەسەر مەینەتیی ئەوشتانەی لەدەست چووبون، بەو بیرەوەرییە ناخۆشانەی کە قەت نەیبوون دڵی خۆی دەدایەوە، هەتا بۆی دەکرا لە باغی شێتخانەی لادڤینا پاستۆرا رای دەکرد. سەگی دەڕاوێی بە پاروان دەستەمۆ دەکردبە سەریان دا زاڵ دەبوو. وەختی خوێ کە قەت نەیبوو، بۆ ئیدارەی ماڵێی تەرخان دەکرد. ژوورەکانی بە گەسکی شاسپێریم کە بەختەوەری بە دیاری دێنێ دەماڵی‌و بەنکە سیری لە ژووری خەوێ هەڵداوەسین تاکوو تەپۆیان دەربکا.

دومینگا دی ئاڤینتۆ کە هیچ شتێکی بە قەزاو قەدەر نەدەسپارد، مرد، بێ ئەوەی سەری لەوە دەرچێ کە بۆچی بەرهەیوان لە رۆژدا خاوێنترە لە ئێواران‌و بۆچی ئەو شتانەی کە ئەو لە جێیەکی دیاریکراودا رێکی خستوون، بۆ بەیانیی رۆژی دواتر لە جێیەکی دیکەن. هێشتا ساڵێك لە مەرگی هاوسەری مارکیز تێ نەپەڕیبوو کە ئەو بۆ یەکەم جار دولچە ئولیڤیای لە کاتی سڕینەوەی کەلوپەلی مەتبەخدا غافڵگیر کرد کە بۆچی بە رادەی پێویست خەریکی پاك‌و خاوێنیی کۆیلەکان نابێ.

مارکیز گوتی:" بە بیرم دا نەدەهات ئەتۆ پێت لە بەرەی خۆت زیاتر راکێشی."

وەڵامی دایەوە:" چونکە ئەتۆ هێشتا هەر ئەو چارەڕەشەی."

بەم جۆرە دۆستایەتییەکی قەدەغەکراو، کە هەمیشە وێکچوونێکی لەگەڵ خۆشەویستی هەبوو، سەرلەنوێ دەستی پێ‌کردەوە. ئەوان تاکوو کەڵەشێر بانگی دەدا، بە دوور لە گاڵتەو رق‌وقین، وەك ژن‌ومێردێکی پیر، کە مەحکومن بە هاوڕەنگی، پێکەوە خەریکی گفت‌وگۆ دەبوون. ئەو دووانە پێیان وابوو، بەختەوەرن، رەنگە واش بووبن، هەرکە یەکێکیان وشەیەکی زیادیی بە زمانی داهات یان هەنگاوێکی کەمتر هەڵدێنایەوە، شەوەکانیان بە شەڕو هات‌و هاوار تێك دەچوو، بەوجۆرەی کە سەگی ئێشکچیان زنجیری دەپساند. دواتر هەموو شتێك لە هەوەڵەوە دەستی پێ دەکردەوە تا ئەوەی کە دولچە ئولیڤیا بۆ ماوەیەکی زۆر ماڵێی بەجێ هێشت.

مارکیز لەلای وی دانی بەوەدا هێنا کە تەقوا هۆی سەرەکیی پشت تێکردنی لە ماڵی دنیایەو ئاڵوگۆڕی دەروونیی ئەو نەبووە، بەڵکوو رزگاریی وی زیاتر بەهۆی تێکرووخانی ئیمانی وی لە کاتێك دابووە کە بەهۆی بروسکە لەشی خێزانی وەك خەڵووزێ ڕەش هەڵگەڕاوە. دولچە ئولیڤیا هەوڵی دا نارامی بکاتەوە. بەڵێنی پێ دا لە ماڵێ‌و لە سەر جێی خۆی تەسلیمی وی بکا. بەڵام مارکیز قبووڵی نەکرد.

ئەو سوێندی خوارد:" ئەمن تازە قەت ژیانی هاوبەش پێك نایەنمەوە."

بەڵام هێشتا ساڵێك تێوەرنەسووڕابوو بە دزی لەگەڵ بێرناردا کابێریڕا ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ئەو کچی پیاوێك بوو کە لە سەردەمی باوکی مارکیزدا کێشکچی بوو و لە بواری کڕین و فرۆشتنی مەوادی خۆراکی دا جێگەیەکی باشی بۆخۆی گرت. ئەوان کاتێك یەکتریان ناسی کە باوکی بێرناردا ڕای سپارد تاکوو ماسیی باقۆی خوێلێدراو وێڕای زەیتوون بباتە ماڵە دونا ئولالا کە تووشی لاوازی ببوو. کاتێك هاوسەری مارکیز مرد دیسان ماسیی باقۆی بۆ دێنا. ڕۆژێك دوای نیوەڕۆیە، کاتێك بێرناردا لە نوێنی نێو باغێ دا لەگەڵی بەرەوڕوو بوو، چارەنووسی دیاریکراوی مارکیزی لە رووی بەری دەستی چەپیەوە خوێندەوە. مارکیز کەوتە ژێر کاریگەریی بۆچوونە ڕاستەکانی، بەجۆرێك کە تەنانەت ئەگەر نەشیویستبا شتێك بکرێ، بەڵام ئێزنی دا لە کاتی خەسانەوەی پاشنیوەڕۆیاندا هەروا بێتە لای. دوو مانگ تێ پەڕی بێ ئەوەی مارکیز هیچ شتێك ئامادە بکا. کەوابوو بێرناردا بەرنامەی ئامادەکاریی ئەوی بە ئەستۆوە گرت. بە حاڵەتێکی هێرشبەرانە وەسەر نوێنان کەوت. بە پەڕۆی بەرگی گوندنشینان تێکیوەپێچا، بە جۆرێك کە ئیدی هیچی بۆ نەدەکرا. پاشان دیسان بەزیرەکیو بەگەرمای لەش تەزووی خۆشیی پێ داهێنا، بەجۆرێك کە لە ئارەزووی غەمگینی خۆیدا، نەیدەتوانی بزانێ لەززەتی تەنیایی خۆی چەندەو بەبێ هیچ شانازییەك پاکیەکەی بە تالان برد. ئەو پەنجاو دوو ساڵ بووو بێرناردا بیستو سێ ساڵ، بەڵام جیاوازیی تەمەن ئاکامێکی دژواری نەبوو.

ئەم دووانە وەك کاتی حەسانەوەی پاشنیوەڕۆیان هەروا یەکتریان خۆش دەویست، بزۆزو بێ هەست لەژێر سێبەری فریشتەئاسای دار پرتەقاڵاندا.

شێتەکان بە گوتنی گۆرانیی بێ شەرمانە لەسەر بالکۆنێ، دەبوونە هۆی خۆشحاڵیی ئەوانو ئەو سەرکەوتنەیان بە چەپڵەلێدان وەك هاندانی تەماشاچیانی یانەی وەرزشی جێژن دەگرت. بەر لەوەی مارکیز بەو مەترسیانە بزانێ کە هەڕەشەیان لێ دەکرد، بێرناردا بە ڕاگەیاندنی هەواڵی دووگیان بوونی خۆی بە مارکیز لە مانگی دووەمدا، ئەوی لە دنیای بێ خەبەری دەرهێنا. پێیگوت کە قەت ڕەشپێست نەبووە، بەڵکوو هیندییە سوورێکی نیمچەدوورگەی پیرنەو دایکی سپیپێستێکی خەڵکی کاستیل بووە، کەوابوو شەڕەفو ناموسیان بە ڕواڵەت تەنیا دەکرا بە دەرزیی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بدروێتەوە. مارکیز کچەی خافڵاند تاکوو باوکی چەکی گەرمی ئارکاییەکەی داپۆشێو لەکاتی پشووی پاشنیوەڕۆیەدا لە دەرگای دا. ئەو لەسەرخۆو بە ئیماو ئیشارە قسەی دەکردن، بێ ئەوی سەیری دەموچاوی مارکیز بکا چەکەکەی دایە.

لێی پرسی:" بەڕێز مارکیز، دەزانی ئەوە چیە؟"

مارکیز نەیدەزانی بەو چەکەی بەدەستیەوەیە چ بکا.

ئەو گوتی:" ئەوەندەی ئەمن بیناسم پێم وایە ئەوە دەبێ چەکی نارکایی بێ." ئەو زۆر بە سەرسوڕماوییەوە گوتی:" بۆ چ مەبەستێك کەڵك لەوە وەردەگری؟"

وەڵامی دایەوە: ((بۆ ئەوەی کە لە بەرامبەر دزە دەریاییەکاندا بەرگری لە خۆ بکەم قوربان.)) دیسان هەر چاویشی لە روخساری مارکیز نەکرد. " ئێستا ئەو چەکەم بۆیە لەگەڵ خۆم هێناوە ریزی خۆت بە من بسەلمێنیو پێش ئەوەی بتکوژم، بمکوژە."

مارکیز سەیرێکی دەموچاوی کرد، چاوی غەمگینو نامۆو چووکە بوون. بەڵام مارکیز زانی چی لە دڵی دایە. چەکە گەرمەکەی دایەوەو بانگهێشتنی کرد بۆ ماڵێ تاکوو رێگە چارەیەك بدۆزنەوە. دوو رۆژ دواتر قەشەی نزیکترین کلێسا، بە ئامادەبوونی دایكو باوكو شاهیدەکان، مارەیان کرد. دوای ئەوە ساگونتا لە گۆشەیەکەوە پەیدا بوو تاجە گولێکی لەسەر بووكو زاوا بەختەوەرەکە نا.

رۆژێکی بەیانی لە کاتی بارانەدا سییەرڤا ماریا دی تودوس لۆس ئانجەلێس وەك پشتو پەنای مەعقوولی وان ساغو سلامەت بە حەوت مانگی چاوی بۆ دنیا هەڵێنا. ئەو وەك جوچکە بۆق رەنگ بزرکاو بوو. زۆری نەمابوو نێوکی کە لە ملی ئالابوو، بیخنکێنێ.

مامان گوتی :" کچە، بەڵام نازیە."

ئەوکات دومینگا دە ئادڤینتۆ شوکری خوای کردو بەڵێنی دا ئەگەر تەمەنی بە نسیب بکا هەتاکوو مێردی دەکا پرچی بۆ کورت نەکاتەوە. کاتێك منداڵە قیژاندی، دایکی تۆزقاڵێکیش هەستی بە خۆشحاڵی نەکرد. دومینگا دی ئادڤینتۆ بە خۆشحاڵیەوە هاواری کرد " دەبێتە مرۆڤێکی پیرۆز!" مارکیز لە نێوان خەوو بێداریدا بوو کە لەگەڵ روخساری خاوێنو دە مەلۆتکە پێچراوی منداڵەکە ئاشنا بوو.

کچۆڵە منداڵی خانەدانێکی بە ئەسڵو فەسڵی لە مێژینە، لە سەردەمی منداڵەتیدا بەردەوام سەرکوت کرابوو. دایکی تاقە جارێکی مەمکی دابۆیەو پاشان لێی بێزار ببوو. تەنانەت ئەوەندە دەترسا کە دەیویست بیکوژێو لە پەنای نەمێنێ. دومینگا دی ئادڤینتۆ، سییەرڤا ماریای حەواندەوە. لە کلێسای مەسیحی منداڵەی غوسلی تەعمید داو پەنای بۆ ئولوکون یەکێك لە خواکانی یورووبا بردکە رەگەزێکی نادیارو روخسارێکی ترسناکی هەبوو تاکوو کارێکی بکا ئەم کچە هەمیشە لە خەونەکانی خۆیدا بژیو لە پشت پەردەوە لە نێو

خەلکیدا دەرکەوێ. سییەرڤا مارییایان نارده حەوشی کۆیلەکانو لەوێ بەر لەوەی قسان فێر بێ، سەمای فێر بوو. هاوکات سێ زمانی ئەفریقایی فێر بووو فێر بوو بە گەدەی بەتاڵ خوێنی مریشکێ بخواتەوەو بێ ئەوەی ببینرێو کەس لێی ببیسێ، وەك گیانلەبەرێکی بێ جیسم لە نێو مەسیحییەکاندا بێو بچێ. دومینگا دی ئادڤینتۆ لە چەشنی بنەماڵەی شا دەورویەری ئەوی بە خۆشی پڕ کرد لە کۆیلەی ڕەشو کارەکەری دوو ڕەگە کە هەموویان لە ئاوی ڕەوانو سازگاردا خۆیان دەشورد. ئەوان بە گیای پیرۆزی مایایی خۆیان دەشوردو بسکی ئاڵقەئاڵقەی کچۆڵەی پێنج ساڵەیان چەشنی باقە گوڵێکی سوور دەڕازاندەوە کە بەقەد بەژنی درێژ بوو. کۆیلەکان بەرەبەرە ملوانکەی خوای جۆراوجۆریان بە ملیەوە هەڵداوەسی کە ژمارەیان دەگەیشتە شازدە دانە.

هاوکات بێرناردا بە دەسەڵاتی تەواوەوە بەسەرکاروباری ماڵێ دا زاڵ ببووو مارکیزیش بە خەموخەفەتەوە بە سەوزییەکانی باغەوە سەرقاڵ بوو. بێرناردا بە پلەی یەکەم هەوڵی دا سامانی دابەشکراو لەلایەن مێردەکەیەوە بەدەست بێنێتەوە، بۆیە پێی لەسەر سامانەکانی مارکیزی یەکەم داگرتەوە. ئەو لەسەردەمی خۆیدا ئیزنی فرۆشتنی پێنج هەزار کۆیلەی لە ماوەی هەشت ساڵدا بەدەست هێناو هێندێك بەڵێنی قبووڵ کردبوون کە لە بەرامبەر هەر کۆیلەیەکدا دوو تا ئارد بێنێ. لە سایەی تەڵەکەبازیی لێزانانەی مارکیزی یەکەمو بەرتیل خۆریی کارمەندانی گومرك، توانی نەك هەر ئەو ئاردەی معاملەی لەسەرکرابوو، بەڵکوو سێ هەزار کۆیلەی دیکەش وەك باری قاچاغ بفرۆشێ، موعامەلەیەك کە ئەوی کردە سەرکەوتووترین بازرگانی سەدە.

بێرناردا بیری لەوە کردەوە کە نەك بە کۆیلە، بەڵکوو دەتوانێ بە ئاردی موعامەلەیەکی باش بکا. بەڵام گەورەترین موعامەلە باوەڕبەخۆبوونێکی سەیری وی بوو. ئەو، ئەو ویستەی خۆی کردە بەرنامەی ژیانی خۆی کە لەماوەی چوار ساڵاندا بە ئیمتیازێك، هەزار کۆیلە بفرۆشێو لە بەرامبەر هەر کۆیلەیەکدا سێ تا ئارد بێنێ: بەپێی ئەو ڕێککەوتنە هەزار کۆیلەی فرۆشتو لە جیاتی سێ هەزار تا ، دوازدەهەرزار تا ئاردی هێنا. ئەمە گەورەترین قاچاغی سەدە بوو.

بێرناردا لەو کاتانەدا نیوەی کاتی خۆی لە کارگەی پاڵاوتنی شەکری ماهاتیسدا بەسەر دەبردو موعامەلە سەرەکییەکانی خۆی لەوێوە ئیدارە دەکردن، چونکە ڕیۆگراندە دی ماگدالینا نزیکی داراییەکانی شا بوو هەموو موعامەلە نێوخۆییەکان لەوێڕا دەستیان پێ دەکرا. هەواڵی پچڕپچڕ لە سەرکەوتنی ئابووریی ئەو دەگەیشتە ماڵە مارکیزی، کە هیچ حیسابێکی لە بەرامبەریاندا نەدەدا. بەڵام کاتێك لێرە دەژیا، تەنانەت پێش قەیران وەك سەگی ڕاوێ لە حەبسدا بوو. دومینگا دی ئادڤینتۆ بۆچوونێکی جوانی هەبوو:

" بێرناردا لە ئاشی سەرێ لێ دەکا."

سییەرڤا ماریا پاش مەرگی کچی یەکێك لە کۆیلەکان، بۆ یەکەم جار جێگەیەکی سابیتی لە ماڵێدا بۆ پەیدا بوو. ژووری بەشکۆی خەوی مارکیزی یەکەمیان بۆ رێکوپێك کرد. ماموستای بنەماڵەیان بۆ دیاری کرد تاکوو وانەی ئیسپانیایی و ئورووپایی فێر بکەن و هەروەها ژماردنی ژمارەو زانستە سروشتییەکان فێر بێ. ماموستا هەوڵی دا خوێندن و نووسینی فێر بکا. سییەرڤا ماریا نەی دەهێشت و دەیگوت:" لە ئەلفوبێ حاڵی نابێ." خانمێکی مۆسیقازان کە ناوبانگی جیهانیی هەبوو، لەگەڵ مۆسیقای ئاشنا کرد. کچۆڵە تۆگرییەکی زۆری لە خۆی نیشان دا، بەڵام تاقەتی ئەوەی نەبوو کە فلان ئامرازی مۆسیقا فێر بێ. خانمی ماموستا بە خەفەتەوە دەستی لە فێرکردنی وی هەڵگرت و لەکاتی ماڵاوایی دا بە مارکیزی گوت:

" وا نیە منداڵەکەتان لەهیچ شتێکدا لێهاتوو نەبێ، بەڵکوو ئەو هەر سەر بەم دنیایەش نیە."

بێرناردا دەویست لە کینەی خۆی کەم بکاتەوە. بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە نە خەتای ئەمەو نەخەتای ئەو. بەڵکوو خەتای سەرەکی سروشتی ئەم دوو مرۆڤە بوو. لەو کاتەوە کە بێرناردا هێندێك حەز بە جندووکانی لە کچەکەیدا بەدی کردبوو، ترسێکی وەك مەرگ سێبەری خسببووە سەر ژیانی. بێرناردا تەنیا بیری لەوە دەکردە کە ئەگەر ساتێك ئاوڕ وەپشتەوە داتەوە و بەبێ هیچ هۆیەك چاوەترسناکەکانی بوونەورێکی داهێزراو ببینێ کە لە بەرگێکی بۆنخۆشداو پرچی تا چۆکان درێژ راوەستاوە، لەشی دەلەرزی. بێرناردا هاواری کرد:" هۆی منداڵ، بۆت نیە ئاوا سەیری من بکەی!" کاتێك بە تەواوی فکری لەسەر موعامەلات خڕ دەکردەوە، لە پاشەستۆی ڕا هەستی بە هەناسەی مارێکی کەمین گرتوو دەکردو لەبەر شیددەتی ترسێ هەڵ دەبەزی.

هاواری دەکرد:" هۆی منداڵ، پێش هاتنە ژوور لە دەرگای بدە!"

کچۆڵە بە خوێندنی هێندێك دوعا بە زمانی یورروبایی ترسی بێرناردای زیاتر دەکرد. شەوانە لەوەش خراپتر بوو، بێرناردا لەپڕ لە خەوێ ڕادەبوو، پێی وابوو کەسێك دەستی پێدادێنێ. ئینجا کچەکەی دەدیت کە لە پەنا تەختی خەوێ راوەستاوەو سەیری خەوڵێ کەوتنەکەی دەکرد. دانانی زەنگی پەنا دەرگای هیچ سوودێکی نەبوو. سییەرڤا زەنگی لێ نەدەدا، چونکە زۆر بە پارێزەوە دەڕۆیشت. دایکی دەیگوت:" ئەم بوونەوەرە تەنیا رەنگی پێستی لە سپیپێستان پێ گەیوە." ئەم قسەیە تا ئەوکاتە راست بوو کە کچۆڵە تەنانەت ناوێکی ئەفریقایی بۆخۆی هەڵبژاردو هەر بە پێخۆشبوون وێڕای ناوی خۆی بەکاری دێنا: ماریا ماندینگا.

سەرلەبەیانیی ڕۆژێك لە ڕۆژان قەیرانێك لە نێوانیاندا ساز بوو. زۆر خواردنی کاکائۆ ببووە هۆی تینوویەتیی لە ڕادەبەدەری بێرناردا، بۆیە لەخەو هەستاو لەبنی تونگەی ناوێدا بووکە شووشەی سییەرڤا ماریای لە ناوێدا دیت. بۆ بێرناردای ئەو بووکەشووشەیەکی سادە نەبوو کە لە ناوێدا ڕەمەلە کەوتبوو، بەڵکوو شتێکی بە جووڵە بوو: بووکەڵەیەکی مردوو.

گومانی نەبوو کە ڕووداوەکە بە جۆرێك پێوەندیی بە جادووی ئەفریقاییەوە هەیە کە سییەرڤا ماریا لە دژی دایکی بەکاری دێنێ، بڕیاری هەردووکیان ناتوانن پێکەوە لە ماڵێکدا بژین. مارکیز هەوڵی دا نێوبژیوانێ لەگەڵ ترسو لەرزدا بکا بەڵام بێرناردا بە تووڕەییەوە قسەکانی پێ بڕی:" یان ئەمن دەبم یان ئەو." بەم جۆرە سییەرڤا ماریا دیسان چۆوە نێو کچە سەر بە کرێژەکانی کۆیلەو تەنانەت ئەگەر دایکی لە کارگەی پالاوتنی شەکریش بووایە، دیسان هەر لەوێ دەژیا. کچۆڵەش هەروەك سەرەتای لەدایکبوونی کەمترین سوودی لە خوێندن وەرنەگرت.

بەوحاڵەش بێرناردا چاکتر نەبوو. ئەو هەوڵی دا یەهوودای ئەسخەر یووتی لەلای خۆی ڕابگرێ، چونکە لەگەڵ خۆی دەهاتەوە. ئەم کارە بوو بەهۆی ئەوەی لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا موعامەلاتەکەی‌و تەنانەت ژیانیشی لەبەر دەستی خۆی نەبێ. بێرناردا یەهوودای وەك دزە دەریاییەکانی نووبی‌و ئاس دیل‌و شای ڕووناکی لێ کرد. کاتێك کەشتیە بارهەڵگرەکان لەنگەریان دەگرت‌و شار لە جێژنی شەش مانگەدا مەست دەبوو، لەگەڵ خۆیدا دەیبردە دەرەوەی شاری. لە دەرەوەی دیواری شاری بۆ بازرگانان، پیالە فرۆشیگەلێك کە پێشتر بیریان بۆ نەکرابۆوە لە شوێنی سۆزانیەکان دامەزرابوون. زۆربەی بازرگانان لە لیما، پۆرتۆ بلوو، هاڤانا‌و ڤیراکرووزەوە دەهاتن‌و لەسەر قوماش‌و شتومەکی جیهانی تازە دۆزراوە خەریکی دەمەقاڵێ دەبوون. شەوێك، مەستێك ئەوی کێشایە پیاڵەفرۆشیی نێو کەشتییەکی هەڵگری کۆیلەکان. یەهوودا بە نهێنیکارییەکی زۆرەوە هاتە کن بێرناردا‌و گوتی:

" چاوان داخەو زارت بکەوە!"

بێرناردا بە قسەی کردو یەهوودا بەستەیەك چوکلێتی جادوویی دروستکراوی ئواکساکای لە سەر زمانی دانا. بێرناردا تامەکەی ناسیەوە‌و ڕۆی کردەوە، چونکە هەر لەسەردەمی منداڵیەوە قەت ڕووی لە چوکلێت نەبووە. یەهوودای پێی سەلماند کە ئەوە شتێکی پیرۆزە‌و کە خۆشی بە ژیان دەبەخشێ، هێزی مرۆڤ زیاد دەکاو مرۆڤی خۆشحاڵ دەکاو توانای جینسیی زیاد دەکا.

بێرناردا پێکەنینێکی وەك گرمەی هەورێ کردو گوتی:" ئەگەر وا بووایە دەبوو هەموو ڕاهیبەکانی سانتاکلارا بە ڕاستی ببانە گای شەڕی."

ئەو هەنگوینە کولاوەی کە پێش زەماوەند لەگەڵ کچانی هاوپۆلی خۆی خواردی‌و پاشان هەر وا دەی‌خوراد، ئەویش نەك هە ربە زمانی بەڵکوو بە هەر پێنج هەستی و لە هەوای گەرمی کارگەدا، ئێستا ببووە هۆی لاوازیی جەستەیی بێرناردا. بێرناردا جوتنی تووتن‌و گەلای یارومایی لە ئەسخەر یووتیەوە فێر بوو. راست وەك هێندییە سوورەکانی سییەرڤا نیڤادا. ئەو لە مەیخانە حەشیشی هیندی، ناسی قویرسی، دەرمانی وزەبەخشی دروستکراو لە کاکتووس لە رینال دی کاتورسی‌و لانی‌کەم جارێك کێشانی تریاکی لە کن فرۆشیارانی مانیلیی کەشتیی بازرگانی بە تاقی کردبۆوە. دیارە ئەگەر ئەسخەر یووتی بۆ باسی باشییەکانی کاکانۆ کردبا دەی بیست. کاتێك بێرناردا هەموو شتەکانی دیکەی تاقی کردنەوە، زانی کاکانۆ لە هەمووان باشترە. ئەوی لەسەرەوەی هەمووان دانا. ئەسخەر یووتی دەبوو بە دز، دەبووە راخەرو بۆی هەڵ کەوتبا نێربازیی دەکردو هەموو کارێکی دەکرد بێ ئەوەی پێویست بن، چونکە کەموکورتییەکی لە خۆیدا شك نەدەبرد. لە شەوێکی تووشدا لەسەر قوماری پەران بە دەستی بەتاڵ لەگەڵ مەلەوانان لێی بوو بە شەڕ، ئەوان لە پێش چاوی بێرناردا بە کورسیان تێروپریان تێ هەڵدا.

بێرناردا رای کرد بۆ کارگەی پالاوتنی شەکر. ماڵێ بەبێ بەڕێوەبەر هەڵدەسووڕاو ئەگەر ئەوکات لەبەریەك هەڵنەوەشا تەنیا لەبەر دەستی ماندووی و هەولی دومینگا دی ئادڤینتۆ کە جێگەی رێزلێنان بوو: ئەو هەر بەو جۆرەی کە خواکانی دەیانەویست سییەرڤا ماریای گەورە کرد. مارکیز تەقریبەن لە بارەی داماویی ژنەکەی هیچی نەدەزانی. لە کارگەی پالاوتنی شەکرەو هێندێك شتی لێرەولەوێ دەبیست کە بێرناردا لە قەیرانی رووحیدا دەژیەو لەگەڵ خۆی ورێنەی دەکاو باشترین کۆیلەکان هەڵدەبژێرێ تاکوو شەوانی رۆمیی خۆی لەگەڵ کچانی هاوپۆلیدا بەش بکا. ئەو سامانەی بە ئاسانی دەستی کەوتبوو بە فیڕۆ دا. ئەو لەبەرامبەر شووشە هەنگوینەکان‌و کیسە کاکانۆیەکاندا کە لە کەلێن‌و قوژبناندا تاقەتی کردبوون بە چۆکدا هاتبوو تاکوو هیچ دەرفەتێکی لە کیس نەچێ‌و بتوانێ ئیشتیای خۆی دامرکێنێ. تەنیا شتێکی بە دڵنیایی بۆ مابۆوە بریتی بوو لە دوو گۆزەی سوالەتی پڕ لە سکەی زێڕی خالیس کە بێرناردا لە ماوەی سالانی دەستڕۆیشتوویدا، لەژێر تەختی خەوی‌دا دەعەرزیی نابوون. پاش سێ سالی تەواو، کاتێك بۆ دوایین جار لە ماهاتێسەوە هاتەوە مالێ، لە وەزعێکی‌وا دا بوو کە مێردەکەی نەی دەناسیەوە. گەڕانەوەی وی کەمێك پێش ئەوکاتە بوو کە سییەرڤا ماریا سەگ گەستی.

نێوەڕاستەکانی مانگی مارس بە رواڵەت مەترسیی هاری رەویبۆوە. مارکیز شوکرانە بژێر لە چارەنووسی خۆی بڕیاری دا رابردووی قەرەبوو بکاتەوەو لەسەر داوای ئابرێ نۆنچیکۆ دڵی

کچەکەی هێنایەوە جێ. هەموو کاتەکانی خۆی بۆ کچەکەی تەرخان کرد. ئەو دەیەویست فێری شانەکردنو هۆنینەوەی پرچی کچۆڵەکەی بێ. دەیەویست فێری کچۆڵەکەی بکا کە سپیپێستێکی رەسەن بێ. هەوڵی دەدا خەونە وەدی نەهاتووەکانی خانەدانە کرئوولییەکەی خۆی بۆ کچۆڵەکەی زیندوو بکاتەوە. هەوڵی دا خواردنی مارمێلکەی خوێ لێدراوو شۆرباوگۆشتی گیانلەبەر شیردەرەکانی پێ تەرك بکا. ئەو تەقریبەن بێ ئەوەی لە خۆی بپرسێ داخوا لە چ رێگەیەکەوە دەکرێ کچۆڵەی بەختەوەر بکا، دەستی بۆ هەموو شت برد.

ئابرێ نۆنچیکۆ هەروا سەری لە ماڵێ دەدا. گونجان لەگەڵ مارکیزی بۆ وی کارێکی بە زەحمەت بوو. بەڵام بیری بە بێ خەمیی مارکیز لە بەرامبەر جیهانی نیگەران لە پشکنینی بیرو باوەڕەوە خەریك بوو. بەم جۆرە مانگە گەرمەکانی هاوینێ تێ پەڕین. ئابرێ نۆنچیکۆ لە ژێر شکۆفەی دارپرتەقاڵەکان قسەی دەکرد بێ ئەوەی کەسێك گوێ بۆ قسەکانی رادێرێو مارکیز بە مەودای هەزراو سێسەد مایلی دەریایی دوور لە پاشایەك کە هیچی لێ نەبیستبوو لە نوێنی خۆیدا جینگڵی دەدا. لە یەکێك لەم چاوپێکەوتنانەدا شینوگریانی بێرناردای قسەی پێ بڕین.

ئابرێ نۆنچیکۆ گوێقوڵاغ بوو. مارکیز خۆی لە گێلێ دا. بەڵام گریانو رۆرۆی دوایی ئەوندە لەکوڵ بوو کە نەی توانێ بێهەڵوێست بمێنێتەوە.

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" گرنگ نیە کێیە، پێویستە جوابی بدرێتەوە."

مارکیز گوتی:" ئەو هاوسەری و دووەمە."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" جەرگی زۆر وێرانە."

" ئەتۆ ئەوەی لە کوێ دەزانی؟"

پزیشکەکە گوتی:" چونکی زاری دەکاتەوەو دەناڵێنێ."

بە بێ ئیزن دەرگای کردەوەو هەوڵی دا لە ژووری نیوە تارکدا بێرناردای بناسێتەوە. بەڵام ئەو لە نێو تەختی خەوێدا نەبوو. بێرناردای بە ناو بانگ کردو وەڵامی نەبیستەوە. پاشان پەنجەرەی کردەوەو تیشکێکی رووناکایی ئاسنین، سەعات چواری پاشنیوەڕۆی پێشان دەدا کە بێرناردا بە رووتی بە شکڵی خاچ لەسەر عەرزی راکشابوو و بۆنی کوشندەی هەناسە دایپۆشیبوو. رەنگی بە روونەوە نەمابوو بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو زەرد هەڵگەڕابوو.کە دەرگایەکە لە پڕ کرایەوە، بەر چاوی تاریك بوو، سەری هەڵێناو لە بەر رووناکی پزیشکی ناسیەوە. بۆ پزیشکەکە چاولێکردنێك بەس بوو بۆ ئەوەی چارەنووسی بێرناردی لە پێش چاوی خۆی ببینێ.

پزیشکەکە گوتی:" کچم، کوندە بەبوو بانگت دەکا." و بۆی باس کردن کە هێشتا بۆ نەجاتی وی درەنگ نیە بە مەرجێك بۆ ئەوەی خوێنی بپالێورێ خێرا دەبێ بە چارەسەری هەتوانی گیایی رازی بێ. بێرناردا ئەوەی ناسیەوە، بە زەحمەتێکی زۆر پشتی راست کردەوەو دەستی کرد بە جنێوان.

ئابرێ نۆنچیکۆ گوێی بەو قسانە نەداو هەر لەو کاتەدا خەریکی داخستنی پەنجەرەی بوو. بەر لەوەی ماڵەکەی بە جێبێڵێ، جارێکی دیکە چووە کن جێگای مارکیزی‌و بە وردی ئەوەی بۆی چووە بۆی پێشبینی کرد:

" ئەگەر خانی مارکیز خۆی بە دارتەلی خانووەکەوە هەڵناوەسێ، تاکوو ١٥ی دیسامبر دەمرێ."

مارکیز بە ئارامی گوتی:" بەداخەوە هەتا ١٥ی دیسامبر زۆرمان ماوە."

پزیشك درێژەی بە ئەگەری چارەسەری سییەرڤا ماریا دا. ئەوان لە کوێستانەکانی سان لازارۆ، زۆنگاوەوشکبووەکانی رۆژهەلات، خۆری گەورەو سوور کە لە بلێسەی زەریادا نوقم دەبوو، دەبینران. کچۆڵە لێی پرسی ئەو بەری دەریا چی لییە. ئەو وەڵامی دایەوە:" جیهان." پزیشك بە گوێرەی هەوڵەکانی خۆی لەرێنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراوی لە دەنگی کچەدا هەست پێ دەکرد. پاشنیوەڕۆیەکی گەمیە چارۆکەدارەکان کەشتییەکی بازرگانیان لە ئاسۆی دیت کە زیانی پێ گەیبوو.

شار دەگۆڕا. باب‌و کچ بە دیتنی ئەو بووکۆلانەی سەرشانۆی کە ئاگریان هەڵدەلووشی‌و زۆر شتی نوێی بازاری ساڵانە کە هەموو بەهاران لەبەر خۆشسانسی دەهاتنە بەندەر، دڵخۆش دەبوون. سییەرڤا ماریا لە ماوەی دوو مانگاندا رۆژلەگەڵ رۆژ لە بارەی سپی‌پێستانەوە زۆر شت فێر بوو. مارکیز کە هەوڵی دەدا ئەوی بکاتە مرۆڤێکی دیکە بۆخۆشی بەجۆرێك هەستی بە گۆڕان کرد. ئەم گۆڕانە نەك هەر لە رەفتاریدا بەڵکوو بە رواڵەت گۆڕانی لە وجوودیشی دا بە دواوە بوو.

ماڵێ پڕ بوو لە سەماکەرەی قورمیشی، ئامرازی مۆسیقا، یەدەکی میکانیکیی سەعات کە هەموو ساڵێ لە بازاڕەکانی ئورووپادا دەبینران. مارکیز کاسەی چەنگی ئیتالیایی بە دەستەوە گرت، تەلەکانی بادان‌و وای بە لە خۆڕادیتووییەوە لێ دەدا کە تەنیا دەکرا بە عیشق پێناسە بکرێ‌و لەگەڵ ئەوەشدا بە گۆرانییەکانی رابردوو وێڕای دەنگی چەنگی بۆخۆشی دەیگوت. بەڵام گوێ نەبوو بیبیسێ، گۆرانییەکان هیچیان لە بارەی تێپەڕینی ساڵەکان‌و بیرەوەرییەتاڵەکاندا

تێدا نەبوو. لەو ڕۆژەدا سییەرڤا مارییای لێی پرسیبوو ئەریٚ ئەوەی گۆرانییەکان باسی دەکەن ڕاستە کە ئەوین هەموو کارێکی دەتوانیٚ بکا.

مارکیز وەڵامی دایەوە:" ڕاستە، بەڵام ئەتۆ کاری باش دەکەی و کەچی باوەڕ ناکەی."

مارکیز بەهۆی ئەو هەواڵە خۆش و تازانەوە دڵی خۆش بوو و سەفەرێکی بۆ سەڤیلا ڕێک خست تاکوو بیر بکاتەوە و سییەرڤا ماریا بتوانیٚ لەو خەم و خەفەتە شاراوانەی خۆی دەرباز بیٚ و لە رووی پەروەردەییەوە بۆ ژیان پێی بگەیەنیٚ. کاتیٚ سەفەر و بەرێکردن یەکلا ببۆوە و کە کاریداد دیل کوریٚ بە هەواڵێکی ترسناک حەسانەوەی پاشنیوەڕۆیانەی لیٚ تێک دا:

" ئاغا بچووک و بیٚ چارەکەم، ئێستا کچەکەت دەبێتە سەگ."

ئابریٚ نۆنچیکۆ بەپەلە گەیشتیٚ و خورافاتە بیٚ نێوەرۆکەکانی ڕەت دەکردنەوە کە دەیانگوت ئەوانەی نەخۆشیی هاریان تووش بووە ئاخیرەکەی وەک ئەو ئاژەڵانەیان لیٚ دیٚ کە گەستوویانن. ئەو ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە کچە کەمێکی تا لێیە، هەرچەندە تا بۆخۆی نەخۆشییە بەڵام نیشانەی نەخۆشییەکانی دیکە نیە و نەیدەویست لەم بارەوە زیاتری لەسەر بڕوا. ئەوەی بۆ باوکە نیگەرانەکەی پشتڕاست کردەوە کە کچۆڵە لە بەرامبەر هیچ نەخۆشییەکدا ئەمین نیە، چونکە سەگێک بیگەزیٚ چ هار بیٚ چ نەبیٚ، لە بەرامبەر ڤاکسەندا خۆڕاگرە. وەک هەمیشە تاقە ڕێگایەک هەبوو: چاوەڕوانی. مارکیز پرسی:

" ئەمە، هەموو ئەو شتانە بوون کە دەتەویست بە منیان بڵێی؟"

پزیشکەکە بە تاڵی و بەبیٚ باکی وەڵامی دایەوە:" زانست نیزنم پیٚ نادا لەمە زیاترت پیٚ بڵێم. بەڵام ئەگەر باوەڕ بە من ناکەی هێشتا ڕێگای دیکەت لە پێشە: پشت بە خوا ببەستە."

مارکیز تیٚ نەگەیشت.

ئەو گوتی:" ئەمن دەتوانم سوێندیٚ بخۆم ئەتۆ بیٚ دینی."

پزیشکەکە بیٚ ئەوەی ڕووی تیٚبکا:" بە ڕای تۆ ئەدی چ بووایەم، سینیۆر."

مارکیز باوەڕی بە خوای نەبوو، بەڵکوو باوەڕی بە کەسێک بوو کە بە جۆرێک هیوای لە دڵی دا پێک هێنابا. سیٚ پزیشکی خوێندەواری دیکە، شەش دەرمانخانە، یازدە دەلاکی ڕەگ زەن و ژمارەیەکی یەکجار زۆر جادووگەری شیفابەخش و مامۆستای جادوو لە شاری هەبوون، هەرچەند دادگای پشکنینی بیر و باوەڕ لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا هەزار و سیٚسەد جار ئەوانی بە تۆمەتی جۆراوجۆر مەحکووم کردبوو و حەوت کەسیشی لە سەر لیژنەی داریٚ سووتاندبوون. پزیشکێکی لاو لە سالامانکا برینی سارێژبۆوەی سییەرڤا مارییای هەڵدڕی و درێشەیەکی سووربۆوەی

وەك هەتوان پێوە نا تاكوو زووخاوی لە لەشیدا نەمێنێ. پزیشكێكی دیكە هەولێدا ئەم كارەی بە پێوەنانی زێروو بە پشتیەوە ئەنجام بدا. دەلاكێك برینی كچۆڵەی بە میزی خۆی شوردەوەو جارێكی دیكەش فەرمانی دا میزەكەی بخواتەوە. دوای دوو حەوتووان كچۆڵە لە رۆژێدا دوو حەمامی گیاییو حەمامێكی بە گیراوەیەك بەسەردا سەپاو بە خوردانەوەی ئاوی كانزایی سروشتی "ئوشنان"ە مەرگ هێنەرەكانی دیكە هەتا لێوی قەبرێیان برد.

تای هاتە خوارێ، بەڵام كەس نەیوێرا بڵێ مەترسیی هاری لە گۆڕێدا نەماوە. سییەرڤا ماریا هەستی دەكرد خەریكە بمرێ. لە سەرەتادا هەموو شتێكی بە غرووریێكی لەشكان نەهاتووەوەو بە قیمەتی گیانی دەكری، بەڵام دوای دوو حەوتوو دەرمانی بێ ئاكامی بێ گوێزینگی لاقی درێشە پێوەنراوی خۆی هەستی بە زوورانەوە دەكردو پێستی وەك رەنگی خەردەلی لێ هاتبوو. جێگای هەتوانەكەی ئەستوور ببوو برینی دەركردبوو و میعدەی وەك پارچە گۆشتێكی ئەستووری لێ هاتبوو. كچۆڵە هەموو شتێكی بەسەر هات. سەرەگێژە، لەرزو تا، فێ، شێتی، لاوازیی ریخۆڵەو دەنگ، لەبەر شیددەتی ئێشو توورەیی لەسەر عەرزی دەگریا. تەنانەت ئازاترین جادووگەرەكانیش كچۆڵەیان بە چارەنووس ئەسپارد و دڵنیا بوون یان شێتە یان جندار بووە. كاتێك ساگونتا بە كلیلی هویرتووسەوە گەیشتێ، ماركیز بە تەواوی هومێدی لەدەست دا.

ئەمە كۆتایی ماجەرایەكە بوو. ساگونتا بەرگی خۆی داكەندو هەتوانی سوورپێستەكانی دەخۆی هەڵسوو تاكوو دوایە بتوانێ لەشی خۆی دە لەشی كچۆڵەی هەڵسوێ. هەرچەند سییەرڤا ماریا بە تەواوی لاواز ببوو بەڵام بە دەستو پێ بەرگریی لە خۆی دەكرد. هەر بۆیە ساگونتا ناچار بوو بە توندو تیژی بەسەریدا زاڵ بێ. بێرناردا لە ژووری خۆیەوە هاواری شێتانەی ئەوی بیست. تەقڵەكوت گەیشتێ تا بزانێ چ رووی داوە. چاوی بە سییەرڤا ماریا كەوت كە لەسەر عەرزی بەخۆیدا دەداو ئالقەی بسكە رەنگ مزەكەی لەشی داپۆشیوەو ساگونتا بە گریانەوە نزای هویێرتووسی پیرۆزی بۆ دەخوێنێتەوە. بێرناردا هەردووكیانی بە بەندی نوێنان وەبەر شەللاقان دا. ئەوان لە پێشدا لەبەرامبەر هێرشی لەنەكاودا خۆیان خڕ كردەوەو خۆیان بە عەرزیدا دا. پاشان بێرناردا هەتا پشووی لێ بڕا ئەوانی لە گۆشەیەكدا حاسێ كرد.

دۆن توریبیۆ دی كازە رەسی ڤیرتۆدۆس سەرپەرستی ناوچەی ئیدارەی ئۆسقۆف كە لە بەرامبەر وەزاڵەهاتنی خەڵكی سەبارەت بە داماویو شێتیی سییەرڤا ماریادا ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو، نامەیەكی بانگ كردنی بە بێ هۆو شیكردنەوەو بەبێ رێكەوتو سەعاتی ئامادە بوون بۆ ماركیز نارد، كە ئەمە بۆخۆی بە مانای ئاناسیی بوونی مەسەلەكە بوو. ماركیز

ناروون بوونی نامەکەی وەبەرچاو نەگرت‌و هەر ئەو رۆژە بێ ئاگادارکردنەوی پێش وەخت لەو شوێنە ئامادە بوو.

ئۆسقۆف کاتێك ئەم کارەی پێ ئەسپێردرا کە مارکیز دەستی لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵگرتبوو و گۆشەگیر ببوو. هەر بۆیە زۆر بەکەمی یەکتریان دیبوو. هەروەها بەهۆی ناساغی لە مەینەتی دابوو سەبارەت بە دەنگی زل‌و بەژنی زەلامی، پێویستیی بە یارمەتی هەبوو بە هۆی رەبۆی درێژماوەوە ناخی بەتاڵ ببوو و کە پێی وابوو تاقی دەکرێتەو، لە زۆر پشووی رەسمیدا بە بیری کەسدا نەدەهات ئامادە دەبێ ، وەدەر نەدەکەوت، و ئەگەر لە رێورەسمێکیشدا بەشدار بووایە، بەجۆریك قوونەدزەی دەدایە کە وردە وردە وەك بوونەوەرێکی وەبەرچاو نەهاتوو سەیری دەکرا.

مارکیز چەند جار ئۆسقۆفی دیتبوو و هەموو جارێش لە دوور ڕاو لە نێو خەڵکدا. بەڵام یەکێك لە نزا مەعنەوییەکانی وەبیر دێتەوە کە ئەم ئۆسقۆفە خاوەن پلەوپایەیان لە عەبای ئاییینی‌و لەسەر کەژاوە دەگواستەوە. ئۆسقۆف لەبەر ئەوەی پیاوێکی بەخۆوە بوو لە بەرگی بەشکۆی کلێسا دا بوو، لە تێڕوانینی یەکەمدا وەك پیرێکی کەتە دەهاتە بەرچاو، بەڵام روخساری کۆسەی‌و جووڵەی دەم‌وچاوی‌و چاوەشینە سەیروسەمەرەکانی، سەرەڕای تێپەڕینی رۆژگار جوانیەکەی پاراستبوو. ئەو جوانیەی بە هێمنیەکەیەوە ئەوەندەی دیکەش زیادی دەکرد. ئۆسقۆف نووری جادوویی پاپێکی هەبوو و هەرکەس لە نزیکەوە ناسیبای، ئەو نوورەی بە رەنگدانەوەیەك لە خۆی دەزانی‌و بە جیددی رادەی دەسەڵاتی ئەوی بۆ دەردەکەوت.

ئەو کۆشکەی ئۆسقۆفی تێدا دەژیا، کۆنترین کۆشکی شاری بوو. ژووری گەورەگەورەی لە دوو نهۆمە نیوە وێرانەکەی هەبوون کە ئۆسقۆف تەنانەت کەلکی لە نیوەشی وەرنەدەگرت. کۆشك لە پەنا کلێسای گشتی هەڵکەوتبوو، رێیەکی هاوبەش کە بە پەنا دیوارێکی رەش دا دەسووڕایەوەو حەوشێکی وێران بە کانیەکەوە لە نێو دڕکەڵاندا. تەنانەت لەتە بەردەکان بەری ئاسۆی چاویان دەگرت‌و دەرگای سەرەکیی چوونە ژوور دارێکی رزیو بوو کە نیشانی کەمتر خەمی ئاوای بەسەر هێناوە.

مارکیز لە بەر دەرگای سەرەکی لە لایەن حزمەتکاری کلێساوە پێشوازیی لێکرا. ئەو خێرو بەخششی بە دەستپێوەگرتنەوە بە نێو تاقمێکی بچووکی سوالکەراندا دابەش کرد کە لە دەورو بەریدا کرنۆشیان بۆ دەبردو کاتێك پێی نایە نێو کۆشکی فێنك‌و نیوە تاریك کە ناقووسەکانی کلێسای گشتی دەزرینگانەوە چرکە چرکەی بەرزی سەعات، چواری نێوارێیان رادەگەیاند.

دەرگای چوونەژووری نێوێ ئەوەندە تاریك بوو کە مارکیز بێ ئەوەی حزمەتکاری کلێسای ببینێ وەدوای دەکەوت، حزمەتکار دەبووا حیسابی بۆ هەموو هەنگاوەکانی خۆی کردبا تاکوو ئەوەکا دەئامرازەکانی پەیکەرسازیو وردە شتەکانی دیکەی سەر ڕێگا هەڵبنگوێ. لەو سەری دالآنەکە ژوورێکی بچووکی پێلاو داکەندنێ هەبوو کە چرایەك لە سەروەڕا ڕووناکی کردبۆوە. خزمەتکار لەوێ ڕاوەستاو بە مارکیزی گوت دانیشێو چاوەڕوان وەمێنێو بۆخۆی بە ڕێگای دەرگایەکدا کە بە ژوورێکی دیکەوە بوو، ون بوو. مارکیز لە جێی خۆی ڕاوەستا، و لەسەر دیواری سەرەکی، وێنەی ڕەنگی ڕۆنیی سەربازێکی لە ئۆنیفۆرمی میوانداریی شایدا دیت کە ئالآیەکی بەدەستە. کاتێك پلاکی برینجیی سەر چوارچێوەی وێنەکەی دۆزییەوە ، بۆی دەرکەوت کە وێنەی سەردەمی گەنجەتیی ئۆسقۆفە.

حزمەتکار دەرگای کردەوەو داوای لێکرد بێتە ژوورێ. مارکیز لە جێی خۆی ئەبزووت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئۆسقۆفێ ببینێ، چل سال پیرتر لە دیمەنی وێنەکە، هەرچەند ڕەبۆ عەزیەتی دابوو گەرمای بەسەردا زاڵ ببوو، بەڵام بەرزترو خۆڕاگرتر لەوە بوو کە ئەو بیری لێ دەرکردەوە. ئارەقی بە سەرو دەموچاویدا دەهاتە خوارێ. زۆر بە سەنگینی لەسەر کورسیی جوولەی فیلیپینی دەجوولاو بە کەمی باوەشێنەکەی دەبزاوتو لەشی بۆ پێشەوە ڕاگرتبوو بۆ ئەوەی باشتر بتوانێ هەناسە بدا. ئەو پێلاوی تەختەی گوندیی لە پێ دابوو ڕووپۆشێکی لە کەتانی زوور لەبەردا بوو، ئەوەندە بە سابوونێ شۆرابوو کە هێندێك شوێنی دەبریسکانەوە. ئینسان لەیەك ڕوانیندا دەیزانی کە ئەوە بە ڕاستی هەژارە. لە هەمووی سەرنجراکێشتر تەنیا ڕاستکۆیی چاوەکانی بوو کە بە خاڵی بەهێزی ڕووحیی ئەو دەژمێردرا. هەرکە مارکیزی لە کن دەرگای دیت، لە جوولآندنی کورسییە ڕەحەتەکەی دەستی هەڵگرتو بە ڕووخۆشییەوە بە باوەشێنەکەی ئاماژەی پێکردو گوتی:

"وەرە ژوورێ ئیگناچیۆ، ئێرە ماڵە خۆتە."

مارکیز دەستە ئارەقاوییەکانی خۆی بە پانتۆڵکەی سڕیەوەو وەژوور کەوت. لە هەوای ئازاددا و لەبەر هەیوانێو لە ژێر پەردەیەك لە گوڵە فینجانیە زەردەکانو گیایەکی هەڵاوەسراوو بە بورجی کلێساوە کە دەجوولا سەیری سەربانی سووری ماڵی گەورانو باڵ لێدانی کۆترە خەوالووو گەرما لێدراوەکانی سەر دیوارو سەنگەری عەسکەرانی کرد، کە لە بەرامبەر ئاسمانی شووشەییو دەریای گەرمدا لەسەر پێ ڕاوەستابوون. ئۆسقۆف بە ئەنقەست دەستی وەك سەربازەکانی خۆی ڕاداشتو مارکیز ئەنگوستیلەکەی ماچ کرد.

نۆسقۆف لەبەر رەبۆ بەزەحمەت هەناسەی هەڵدەکێشاو هەناسەکەی دەنگی لەگەڵ بوو. رستەکانی نێوە نێوە بە ناڵەو کۆخەی کورت کورت دەپچڕان. بەڵام هیچیان لەپاراویی قسەکانی کەم نەدەکردەوە. خێرا، بێ ئەوەی پێویست بێ خەریکی لێکدانەوەی وردەرووداوەکانی رۆژانە بوو. مارکیز کە لەبەرامبەری دانیشتبوو ئەو رەفتارە ئارامبەخشەی زۆر بە دڵ بوو کە بابەتەکان بە پرنێوەڕۆکی شی دەکاتەوە، بە چەشنێك کە هەردووکیان بە زرینگانەوەی زەنگی سەعات پێنجی پاشنێوەڕۆیە وەخۆ هاتنەوە. بابەتەکە کەمتر باس لە دەنگی زەنگەکە بوو، زیاتر باس لە رووناکایی کەم و ئاڵۆزی پاشنێوەڕۆیە بوو کە ئاسمانی داپۆشراو بە کۆترە سەرگەردانەکان پێکیان هێنابوو.

نۆسقۆفەکەگوتی:" کارەساتە. هەموو سەعاتێك زرینگانەوەی دەنگی ناقووس وەك بوومەلەرزە دەروونم دەهەژێنێ."

مارکیز سەری لەم قسەیە سوڕ ما، چونکە کاتێك زەنگی سەعات چوار لێی دا ئەویش راست لەو فکرە دابوو. ئەم وێککەوتنە لە روانگەی نۆسقۆفە شتێکی زۆر سروشتی بوو. گوتی:" فکر ئی هیچ کەس نیە." پاشان هێندێك بازنەی لە نێو یەکدا کێشانەوەو قامکی بەرەو حەوا راداشتو گوتی:

" ئەتۆ وەك فریشتەیەك لە فەزا دا راوەستاوی."

راهیبەیەك میوانداریی کردو تونگەیەکی پڕ لە لەتکە میوەی جۆراوجۆر لە نێو شەرابی خەست دا لەگەڵ قاپێك ئاوی گەرم هێنا کە بۆنی دەرمانێ ژوورەکەی پڕ کرد. نۆسقۆف بە چاوی بەسراوەوە هەڵمەکەی هەڵمژی، کاتێك هاتەوە سەر دۆخی پێشووی، بوو بە کەسێکی دیکەو بوو بە پیاوێکی بەهێزو زاڵ بەسەرخۆیدا.

بە مارکیزی گوت:" ئێمە تۆمان بانگ کردە ئێرە چونکە دەزانین پێویستیت بە خوایە، بەڵام ناتەوێ قبووڵی بکەی." دەنگی نۆسقۆف ئیدی زرنگانەوەی ئۆرگی نەبوو و چاوەکانی هاتنە سەر باری شەفافیەتی دنیایی. مارکیز یەکبێن نیوەی پەرداخەکەی هەڵ دا تاکوو لەوی دوا نەکەوێ. وەك چەك کرابێ‌و بە لارەملییەوە گوتی:" جەنابت باش دەزانی نەگبەتییەکی گەورە کە دەتوانێ مرۆڤی بوەستێنێ ئازارم دەدا، هەربۆیە دەستم لە ئیمانم هەڵگرت."

نۆسقۆف بێ ئەوەی سەری سوڕ بمێنێ وەڵامی دایەوە:" ئێمە ئەوەی دەزانین کوڕم، چۆن دەکرێ نەزانین!"

ئەو قسانەی بە خۆشحالییەکی تایبەتییەوە دەکردن، چونکە لە تەمەنی بیست ساڵیدا کاتێك نالآهەڵگری پاشا لە مەراکیش بوو، لە نێو هات و هاواری کوشت و کوشتاردا ئیمانی خۆی لەدەست دابوو. ئۆسقۆف گوتی:" ئەمە جۆرێك لە تێگەیشتنی راستیی لە نەکاو بوو و ئیدی خوایەك نەبوو." بە ترسێکی تەواوەوە ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ عیبادەت و تۆبە لە کۆتاییدا گوتی:

" هەتا ئەو کاتەی خوا بەزەیی پێمدا هات و رێگەی دەعوەتی پێ نیشان دام. گرنگ ئەوە نییە ئەتۆ باوەڕت نیە، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە خوا هەروا باوەڕی بە تۆ هەیە. گومان لەوەدا نیە، چونکە ئەو بە سەرنجی بێسنووری خۆی رووناکیمان پێ دەبەخشێ و چاکە و ئارامیمان پێ دەدا."

مارکیز گوتی:" دەمەویست لە ئارمیی تەواودا بەسەر نەگبەتیی خۆمدا زاڵ بم."

ئۆسقۆف گوتی:" بەڵام سەرنەکەوتی. ئەمە رازێکی سەیرە کە کچە بێچارەکەت بە هەڵلەرزین و بە شڵەژاوی لەسەر عەرزی جینگڵان دەدا و لە رووی نەفامییەوە لە بەرامبەر وێنەی پیرۆزدا دەوەڕێ. ئەمانە نیشانەی حاشاهەڵنەگری کاریگەریی بێئەم لاوئەم لای جندووکان نین؟"

مارکیز ترسابوو.

" مەبەستت لەم قسانە چیە؟"

ئۆسقۆف گوتی:" لە پێڕستی زۆربەی جندووکەکاندا وا هاتوە کە ئەمانە لە شێوەی نەخۆشییەکی ناشیریندا دێنە نێو قالبی مرۆڤی پاکەوە و ئەگەر جندووکە جارێك بێتە نێو رووحی کەسێکەوە هیچ هێزێك ناتوانێ دەر بکا."

مارکیز مەترسیی پزیشکیی کەستنی سەگی بۆ باس دەکرد، بەڵام ئۆسقۆف دیسان بۆ دیفاع لە بۆچوونەکانی خۆی قسەی هەر هەبوو.

ئۆسقۆف شتێکی لێ پرسی کە بێگومان بۆخۆی بە باشی دەزانی:

" دەزانی ئابرێ ئۆنچیکۆ کێیە؟"

مارکیز گوتی:" ئەو یەکەم پزیشك بوو کە کچەکەمانی پشکنی."

ئۆسقۆف وەڵامی دایەوە:" دەمەویست ئەمەم لە زمانی خۆتەوە گوێ لیبێ."

ئەو، ئەو ناقووسەی لیدا کە لە مەودایەکی دوورترەوە هەڵکەوتبوو. یەکدابەدوو وەك جندووکەیەك لە قوتوو دەرپەڕیبێ، قەشەیەکی سی ساڵە لەوێ ئامادە بوو. ئۆسقۆف ئەوەی بە ناوی باوکە کایەتانۆ دیلاڤرا ناساند و هیچی دیکەی نەگوت و داوای لێکرد دانیشێ. باوکە

عەبایەکی درێژی مالێی تایبەت بە رووحانیە کاسولیکەکانی لەبەردا بوو کە لە رۆژانی گەرمدا لەبەر دەکراو پێلاوی وەك پێلاوە تەختەییەکانی نۆسقۆفی لەپێدا بوو. رەنگ زەردو نوورانی بوو، چاوەکانی گەش‌و پرچی وەك پەڕی قشقەلەی بوون‌و پرێسکەیەکی کەتانیی سپیی لە نێوچاوانێ بەستبوو. هەناسەبڕکێ‌و دەستە گەرمەکانی ئیزنیان پێ نەدەدا تاکوو لە ریزی مرۆڤە بەختەوەرەکاندا سەیری بکرێ.

نۆسقۆف لێی پرسی:" ئێمە لە بارەی ئابرێ نۆنچیکۆوە چ دەزانین؟"

لە کاتێکدا ناوی پیت بە پیت دەهێنا گوتی:" ئابرێ نۆنچیکۆ دی سا پێرارێرا کائۆ." و خێرا رووی کردە مارکیزو گوتی:" بەڕێز مارکیز، سەرنجت داوەتێ لەقەبی پێش کۆتایی ئەو لە زمانی پورتوگالیدا بە واتای سەگە؟"

دیلاڤرا درێژەی پێدا کە بە وردی نازانێ ناوە راستییەکەی چیە. بەپێی بەلگەکانی دایرەی کلێسای پیرۆز ئەو جوولەکەیەکی پورتوگالییە کە لە نیمچە دوورگەی ئیبری وەدەر نراوە لێرە لە ژێر پشتیوانیی شارەداری قەدرناس دایە، کە گونە قۆڕە یەك کیلۆیەکەی بە ئاوە پالاوتەکانی توورباکۆ چاك کردۆتەوە. باوکە باسی دەرمانە جادووییەکانی ئابرێ نۆنچیکۆ، خۆبەزلزانییەکەی کە پێشگۆیی مەرگ دەکا، ئەگەری حەزی وی لە نێربازی، قسە رۆشنگەرەکانی‌و ژیانی بێ خوایی ئەو کرد. تەنیا لۆمەیەکی راست کە لە دژی وی هەبوو، ئەوە بوو کە ژیانێکی دووبارەی بە پینەچییەکی خەلکی گەتسمانی بەخشیبۆوە. شاهیدە جیددییەکان دەیان گوت ئەو پیاوە کفن کرابوو لە نێو تابووت دابوو کە ئابرێ نۆنچیکۆ ئەمری پێکرد قیت بێتەوە. بە خۆشییەوە کابرا دیسان ژیایەوەو بۆخۆی لە بەرامبەر کلێسای پیرۆزدا تەنییدی کرد کە تەنانەت یەك ساتیش هۆشی خۆی لەدەست نەداوە. دیلاڤرا گوتی:" و بەم جۆرە ئەوەی لە سووتان لەسەر لێژنەی داران نەجات دا." سەرەنجام باسی ئەسپەکەی کرد کە لە کوێستانی سان لازارۆ تۆپیوەو لە عەرزی پیرۆزدا بە خاك ئەسپێردراوە.

مارکیز شتەکەی ئاوا باس کرد:" ئەو ئەسپەکەی بەقەد مرۆڤێك خۆش دەویست."

دیلاڤرا گوتی:" ئەوە سووکایەتی بە بیروباوەڕی ئێمەیە، بەڕێز مارکیز. ئەسپی سەد سالە مەخلووقی خوای نین."

مارکیز لەوەی کە لە وتووێژێکی تایبەتییەوە سەری لە ئارشیڤی ئیدارەی کلێسا دەرهێنابوو، نیگەران بوو. ویستی بەرگرییەکی بەپەلە بکا " ئابرێ نۆنچیکۆ کەسێکی زمان شڕە بەلام خاکەڕایە، پێم وایە دەبێ لەوێوە تا لە دین وەرگەڕان مەودایەکی گەلێك درێژ هەبێ."

ئەگەر ئۆسقۆف باسەکەی سەرلەنوێ نەهێنابایەوە جێی خۆی باسەکە تاڵو دووروودرێژ دەبۆوە.

ئەو گوتی:" ئێستا پزیشکەکان چ دەڵێن با بڵێن، هاری زەمینە بۆ یەکێك لە پێرستە زۆرەکانی شەڕێکی دوژمنانە لەگەڵ مرۆڤ خۆش دەکا."

مارکیز دە قسەکەی نەگەیشت. پێناسەی ئۆسقۆف ئەوەندە بە خەفەتەوە بوو کە وەك شانۆی چارەنووس لە ئاگریچکی هەمیشەییدا دەچوو.

ئۆسقۆف هەروەها گوتی:"بە خۆشییەوە خوا ئامرازێکی لەبەر دەستی ئێمە ناوە تاکوو رووحی منداڵەکەتی پێ رزگار بکەین، تەنانەت ئەگەر جیسمیشی بە شێوەیەکی قەرەبوونەکراو لەدەست بچێ."

شەو بە زۆرە ملی خۆی بەسەر جیهاندا دەسەپێنێ، مارکیز یەکەم ئەستێرەی لە ئاسمانی وەحشیدا دیت. کچەکەی بە تەنیا لە مالێکی وێراندا هێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن چارەسەری بە هەڵەی لاقی، دەبووە هۆی ئێشو ئازاری. بە خاکەڕاییەکی سروشتییەوە پرسی:

" دەبێ چ بکەم؟"

ئۆسقۆف خاڵ بەخاڵ بۆی باس کرد. دەسەلاتی پێ دا لە هەر هەنگاوێکیدا بەتایبەتی لە پەرستگەی سانت کلارا، ناوی وی بێنێ، ئەو شوێنەی کە هەرچی زووتر دەبێ کچەی تەسلیم بکا. لە کۆتاییدا گوتی:

" کچەکەت بە مە بسپێرە، کارەکانی دیکە خوا بۆخۆی دەیانکا."

مارکیز کاتێك ئەوێی جێ دەهێشت غەمگینتر لە کاتی هاتنێی بوو. لە پەنجەرەی کالیسکەکەیەوە، شەقامو ئەو منداڵە بێ هومێدانەی دەدیتن کە لە گۆلی پڕ لە زبڵوزاڵدا لە کن دالاشان دە ناوێ هەڵدەهاتن. کاتێك لە پێچی شەقامێ ردت بوون وەك هەموو جاران دەریای لە جێی خۆی دیتو ناارامی سواری سەری بوو.

لەگەڵ بیستنی دەنگی ناقووسی دوعا، پێی نایە خانووی رەش. بۆ یەکەم جار پاش مەرگی دونا ئولالا بە دەنگی بەرز نزای کرد: فریشتەی خوا پەیامی بۆ حەزرەتی مەریەم هێناوە.

دەنگی تەلەکانی چەنگی ئیتالیایی لە تاریکایی ماڵەکەدا دەزرینگایەوە، وەك بڵێی لە بنی گۆمێ را بێت. مارکیز وەدوای دەنگەکەی کەوتو گەیشتە ژووری کچەکەی. کچۆڵە لەوێ بوو، رووپۆشێکی سپیی لەبەردا بووو لەسەر کورسی بەرامبەر بە کۆمێدی مێزی ئارایش دانیشتبوو. ئاڵقەی بسکی بلاوی دەگەیشتە سەر عەرزیو پارچە مۆسیقایەکی سادەی پرۆڤە

دەکرد کە لەوی فێر ببوو. مارکیز باوەڕی نەدەکرد ئەمــە هــەر ئــەو بوونەوەرەیــە کــە کاتێــك نیوەڕۆیە بەجێی هێشت بەهۆی کەمترخەمی لە دەواو دەرمانی نابەجێ کۆڵەوار ببوو. سییەرڤا ماریا بە هاتنە ژووری ئەوی زانی، دەستی لە لێدان کێشایەوەو دیسان نوقمی ئێش‌و ژان بۆوە.

هەتا بەیانی لەپەنا کچەکەی مایەوە. بە ناشارەزایی وەك کۆلکە باوکێکی پیرۆز، لــە ژووری خــەوێ بۆ عیبادەت یارمەتیی کچەکەی دا. کراسی خەوی کچەکەی بەراوەژوو لەبــەر کــرد کــە کــچە دەبــووا دیسان داینی‌و بە دیوەکەی دیکەدا دەبەری بکاتەوە. ئەوە یەکەم جار بوو کە کچەکەی بە رووتی دیــت‌و لە دیتنی ئێسکی پەلاسووەکانی بن پێستی و مەمکی کە خــەریك بــوو دەهــاتن‌و بەگەنــدە موویــەك داپۆشرابوون، لە عەزابدا بوو. دەرووبەری گوێزینگی لاقە ئەستوور بووەکەی، داغ کرابوو. کاتێك بۆ ئــزا یارمەتیی کچەکەی دەدا بە ناهو ناڵەیەکی تەقریبەن بێــدەنگ غــەمی خــۆی دەر دەبــڕی‌و لەبەرچــاوی سییەرڤا دەتگوت باوکی لە کاتی مردنیدا یارمەتیی دەدا.

لەو کاتەوە کە ئیمانی خۆی لەدەست دا بوو، بۆ یەکەم جار هێزێکی بۆ ئزا لە خۆی دا شك برد. چووە ژووری چووکەی ئزا لە ماڵیدا بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵی دا، ئەو خوایەی کــە دەستی لێ هەڵگرتبوو، وەدەستی بێنێتەوە، بەڵام بێ ئاکام بوو. بــێ ئیمــانی هیــزی بــەرگریی زیاتری هەیە لەچاو ئیمان، چونکە لەسەر بنەمای عەقڵە. لە فێنکیــی ســەرەتای رۆژدا، چــەند جار گوێی لە دەنگی کۆخەی کچەکەی بوو چووە ژووری خــەوتنی. کاتێــك تێ‌دەپــەڕی دیتــی دەرگای ژوری بێرناردا نیوە کراوەیە. هەستی بە ناڕەحــەتی کــردو ویــستی ترســی خــۆی کــەم بکاتەوە، بۆیە دەرگای ژوورەکەی کردەوە، بێرناردا بــەرەو زگ لەســەر عــەرزی خــەوتبوو زۆر سەیر دەی‌مرخاند. مارکیز دەستی بە دەزگیرەی دەرگاوە گرت‌و راوەستاو هــەڵی نەســتاند. لــە حاڵ‌و هەوای خۆیدا گوتی:" بە قوربانی کچۆڵەی بی." و خێرا راستی کردەوە:" ژیانە قۆڕەکەی هەردووکمان بە قوربانی کچۆڵەی بێ، لەعەنەت لە شەیتانێ."

کچۆڵە لە خەوێدا بوو. مارکیز دیتی ماندووو بێ جووڵە لەسەر تەختێ کەوتوەو لە خــۆی پرسی، داخوا پێی خۆشە کچەکەی بمرێ، یان تەسلیمی ئەشکەنجەی نەخۆشیی هــاریی بکــا. پەردەی دەوری تەختەکەی رێك‌وپێك کرد تاکوو شەمشەمە کوێرەکان خوێنی نەمژن، دای‌پۆشی بۆ ئەوە چیدی نەکۆخێ‌و لە پەنا تەختی بە ویژدانێکی ئاسوودەو نوێــوە، ئاگــای لــە کــچەکەی بوو. دەیویست کچەکەی ئەوەندە خۆش بوێ کە لە دنیایەدا کەسی ئەوەندە خــۆش نەویــستبێ. بۆیە بێ ئەوەی راوێژی لەگەل خواو خەڵکی دیکە بکا بڕیاری ژیانی خۆی دا. ســەعات چــواری بەیانی کاتێك سییەرڤا ماریا چاوی کردنەوە باوکی دیت کە لەسەر تەختی خەوەکەی دانیشتوە.

مارکیز گوتی:" کاتی رۆیشتنە."

کچۆڵە بێ ئەوەی زۆری لەسەر بڕوا هەستا. مارکیز یارمەتیی دا تاکوو بەرگێکی گونجاو لەبەر بکا. لەنێو سندووقێدا جووتێك سەرپایی مخمەریی دۆزییەوە تاکوو پانێی چەرمیی نێو چەکمەکەی گوێزینگی ئازار نەدا، و بێ ئەوەی زۆر بگەڕێ، بەرگی میوانداریی دایکی ئەی سەردەمی گەنجەتییەکەی، دۆزییەوە. ئەمەی هەر لەو کاتەوە پێچابۆوە وێدەچوو دایکی لە جارێکی زیاتر لە بەری نەکردبێ. تەقریبەن مارکیز دوای سەد ساڵان بەرمووڕووی سانتە ریا و گەردن بەندی زینەتیی غوسڵی تەعمیدی لە بەرۆکی سییەرڤا ماریا دا. بەرگەکەی هێندێك بۆ تەسك بوو و تا رادەیەك کۆنیی پێوە دیار بوو. کڵاوێکیشی لەسەرنا کە ئەویشی هەر لە سندووقەکەدا دیتبۆوە کە قردێلە رەنگاورەنگەکەی لەگەڵ بەرگەکەی دەگونجاو زۆر بە باشی لەگەڵی دەهاتەوە. سەرەنجام جانتایەکی چووکەی دەرێناو کراسێکی خەوو شانەیەکی دەنك ورد کە بتوانێ لە کاتی شانەکردندا رشكو ئەسپێیان لەپرچی بکاتەوە لەگەڵ بەرماڵێکی چووکەی دایەگەورەی تێ هاویشت کە قەراغەکانی زێرکفت کرابوو لەبوخچەیەکی سەدەفیی نابوو.

دواین یەك شەممەی بەر لە جێژنی پاك بوو. مارکیز، سییەرڤا ماریای لەگەڵ خۆی بردە نزای سەعات پێنجی بەیانی و کچۆڵە لە رووی دڵپاکییەوە چڵە زەیتوونێکی تێکەوە پێچراوی وەرگرت بێ ئەوەی بزانێ بۆ. پاش کڵێسا لەنێو کالیسکەدا زانی تاو هەڵاتوە. مارکیز لە بەشی پشتەوەی کالیسکەدا جانتا چووکەکەی لەسەر چۆکی دانابوو و سییەرڤا ماریا بێ ئەوەی کەمترین دڵەڕاوکێی هەبێ لەسەر کورسی لە بەرامبەری وی دانیشتبوو و لە پەنجەرەوە سەیری دواین شەقامەکانی تێپەڕینی تەمەنی دوازدە ساڵانەی خۆی دەکرد.

لەم بەرەبەیانیەدا لە بەرگی یوحەننای شێتداو کڵاوی سۆزانیەکان لەسەر، بۆ کوێیان دەبرد، تۆزقاڵێك بیری لێ نەکردەوە. مارکیز پاش وردبوونەوەیەکی دوورو درێژ پرسی:

" دەزانی خوا کێیە؟"

کچۆڵە شانی هەڵ تەکاند. لە ئاسۆی دوورەدەست بروسكو گرمەی هەوران بوو. ئاسمان لێڵ بووو دەریا دەخرۆشا. کاتێك بە گۆشەی شەقامێدا وەرسووڕانەوە پەرستگەی سانتاکلارا لە بەرامبەریان دەرکەوت. سپی و بە تەنیا، سێ نهۆم و پەنجەرەی بە لاولاوەی شینەوە کە لە بەرامبەر یەکێکیاندا هێندێك زبڵ لە قەراغ دەریا بەرچاو دەکەوت. مارکیز بە قامکی نیشارەوە خانووەکەی نیشان داو گوتی:" هۆوەیە." پاشان بۆلای چەپ وەرسووڕاو گوتی:" لەو

پەنجەرەیەڕا هەمیشە دەتوانی سەیری دەریا بکەی." لەبەر ئەوەی کچە سەیری ئەویی نەدەکرد، بە کورتی بۆی باس کرد کە دەبێ ئەوی بە چارەنووس بسپێرێ:

" چەند رۆژێکی لە کن خوشکانی پرستگەی سانتاکلارا بەسەر دەبەی."

یەك شەممەی بەر جێژنی پاك داهات. لەبەر دەرگای چوونە ژووری سوالکەرەکان زیاتر لە هەمیشە بە دەنگو هەرایەکی زۆرەوە راوەستابوون. چەند گولێك لەسەر پاشماوەی شیرینییەکان پێك هەڵپرژانو دەستیان درێژ کردو روویان دەمارکیزی کرد. ئەو بە غەمو خەفەتەوە خێراتەکەی دابەش کرد. تا ئەو جێیەی بەشی کرد سەرو سیککەیەکی پێ دان. ژنی فەراشەکە ئەوی لە بەرگی رەشپۆشی دا و کچەی لە بەرگی شازادەیەکدا دیت. رێگەیەکی کردەوە تاکوو پێشوازییان لیبکا. ژنە فەراشەکە سەبارەت بە رەفتارەکەی گومانی لە قسەکانی نەکرد. ئەو هۆی هاتنی کچۆلکەی زانیو کڵاوەکەی لەسەر لابردو گوتی:" کڵاو قەدەغەیە."

سییەرڤا کڵاوەکەی بە دەستەوە گرت. مارکیز دەیەویست جانتا چووکەکەی بداتێ، بەڵام ژنە فەراشەکە نەیهێشت:

" کچەکەت لێرە لە هیچی کەم نابێ."

لەبەر ئەوەی پرچی سییەرڤا باش نەبەسرابوو، کرایەوەو تەقریبەن هەتا سەر عەرزی بڵاو بۆوە. ژنە قەراشەکە باوەڕی نەدەکردکە ئی خۆی بێ، مارکیز هەوڵی دا پرچەکانی دیسان رێك بخاتەوە. کچە پالی بە باوکی وەناو بەبێ یارمەتی پرچی خۆی ئەوەندە بە لێزانییەوە کۆکردەوە کە ژنە قەراش سەری سوڕ ما.

ژنە قەراش گوتی:" دەبێ پرچی بۆ کورت بکەینەوە."

مارکیز وەڵامی دایەوە:" ئەوە پێوەندیی بە نەزرێکەوە هەیە کە بۆ خاتوونێکی کچ کردوومانەو هەتا رۆژی بەشوودان وەك خۆی دەمێنێتەوە."

ژنە قەراشەکە لە بەرامبەر ئەو هۆیەدا سەری کرنۆشی دانەواند. بێ ئەوەی دەرفەتێك بۆ ماڵاوایی بێلێتەوە دەستی کچۆڵەی گرتو لە دەرگای چوونە ژووری قەرەباڵغەوە بردیە ژوورێ. لەبەر ئەوەی لە کاتی رۆیشتندا گوێزینگی سییەرڤا ماریا دێشا، لینگە سەرپایە چەپەکەی دەرێنا. مارکیز دیتی کە کچۆڵە بە شەلە شەلو سەرپایەی دەستیەوە دوور دەکەوێتەوە. ئەو لە خۆڕاو چاوەڕێ بوو بەلکوو خوا بکا لە رووی روحمو بەزەییەوە ئاورێکی لێ بداتەوە. دوایین بیرەوەری کە بۆی مایەوە، ئەوە بوو کە کچۆڵە چۆن لاقە نەخۆشەکەی بەدوای خۆی دا دەکێشاو لەوسەری داڵانی باغی پەرستگە، لە سەر رێگای زیندەبەچاڵەکان لەبەرچاوانی ون بوو.

٣

پەرستگەی سانتاکلارا بینایەکی چوارگۆشە بوو لە قەراغ دەریا. پەنجەرەی بەقەد یەکی گەلێك هەبوون، بە سێ نهۆم دانرابوو و رێگەیەکی هاتوچۆ بە دەوری باغچەی گیای خۆڕسکدا دەسووڕایەوە. باریکەرێیەکی سەنگچن بە نێو دەوەنی مۆزو کاڕووشە خۆڕسکەکانو دارخورمایەکی باریك کە بە دوای هەتاودا هەتا شانشین هەڵیدابوو هەروەها دارێکی ئەستووردا تێ دەپەڕی کە ڤانیلی بە لقەکانیەوە هەڵچووبونو گوڵی ئۆرکیدەی پێوە هەڵاوەسرابوونو تووتییەکان لەو چڵ بۆ ئەوچڵ لەسەری هەڵدەفڕین.

باغچە، پەرستگەی دابەش کردبووە سەر دوو رێگەی بینایەکە. لای راست، بینای سێ نهۆمیی زیندە بەچاڵەکانی لێ بوو کە بە دەگمەن بەهۆی لرفەی شەپۆلەکانی دەریا لە سەرەولێژیی لێوارو زرینگەی سەعاتەکانی نزا لە عەزاب دا دەبوون. ئەم رێگەیە بەهۆی دەرگایەکی ژوورەوە دەچۆوە سەر ژوورێکی چووکەی دوعا تاکوو خوشکانی دەیر ناچار نەبن لەبەر کۆرس بە ئاشکرا بە هۆڵی سەرەکیی کلێسادا رابرن کە جێیەك بوو نزای ئایینییان لێرا دەبیستو دەگوتو، لە پشت ئەردەکانە سەیریان دەکرد بەڵام کەس نەیدەتوانی ئەوان ببینێ.

بەرهەمێکی هونەریی سەر تەختە، باشەکانی رووپۆشی سندووقەکان کە هەموو ژوورەکانی پەرستگەی دەڕازاندەوە، بەرهەمی خاوەن پیشەیەکی ئیسپانیایی بوو کە نیوەی تەمەنی بۆ دروستکردنی ئەمانە تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی مافی هەبێ پاش مەرگی لە دیواری مێحرابێدا بیهنێژن. ئێستا ئەو نزیکەی دووسەد ساڵ بوو لەگەڵ راهیبەکانو ئۆسقۆفەکانو بژاردەکانی دیکە، لە پشت رووپۆشی مەڕمەڕدا پان ببۆوە.

کاتێك سیبەرڤا ماریا هاتە پەرستگە، هەشتاو دوو کەس لە راهیبە دەیر نشینە ئیسپانیاییەکانو تەواوی هاواڵەکانو خزمەتکارەکانیانو سیو شەش کەس لە ژنانی کۆچەریی کرئوولی سەر بە بنەماڵە گەورەکانی جێگری وڵاتی پاشا لەوێ بوون.

پاش ئەوەی مەدحی هەژاریو بێدەنگیو پاکییان دەکرد، تەنیا ڕێگای پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ میوانە دەگمەنەکان بریتی بوو لە ئاوەدەستی پشت نەردە دارینەکان، ئەویش تەنیا بە دەنگو بەس، دیارە ژووری هیچ ڕووناکییەکیشی نەبوو. ئاوەدەست لە پەنا دەربیجەی هەوا هەڵکەوتبوو کەڵك لێوەرگرتنی سنووردارو بە پێی ڕێو شوێنی دیاریکراو بووو هەمیشەش ڕاهیبەیەك بە نهێنی گوێی ڕادەگرت.

لای چەپی باغەکە ژووری دەرس گوتنەوەی لێ بوونو کارگە جۆراوجۆرەکان پڕ بوون لە شاگردو مامۆستا. هەر لەوێ خانووی پایە نزمەکان لەگەڵ مەتبەخێکی زۆر گەورە و شوێنێك بۆ سووتاندنی ئاوردوو، مێزی لەسەرکوشتنەوەو تەندوورێکی گەورەی لێ بوو. لە پشت وی، حەسارێکی زەلکاوی لێ بوو کە بەهۆی ئاوەڕۆی شووردنی بەردەوامەوە دروست ببو و چەند ژنو مێردی سەر بە بنەماڵەی کۆیلەکان لە وێ پێکەوە دەژیان، ئینجا دەگەیشتە تەویلەکان. ڕاوگەیەکی بزنان، کۆختی بە پەرژینی بەرازان، کەندوو و باغچەی سەوزیو ئەوەی کە بۆ ژیان باشو پێویست بوو بەخێو دەکرانو دەچێنران.

لەوبەری گۆشەی باغێ، لە دوورترین شوێنی مومکینی گۆشەی باغێ خانوویەکی پشت گوێخراوی بە تەنیا هەبوو کە شێستو هەشت ساڵ پێشتر هەمووی لەخزمەت دادگای پشکنینی بیروباوەڕدا بووو ئێستاش بۆ ڕاهیبە گومڕایەکانی کلارسیتی کەلکی لێوەردەگیرا. لە دوایین ژووری تاکەکەسیی ئەم خانووە لەبیرکراوەدا، سییەرڤا مارییایان بۆ ماوەی نەودو سێ ڕۆژان دوای ئەوەی سەگی هار گەستیو بێ ئەوەی چووکەترین نیشانەی هاریی لێ وەدەرکەوتبێ، حەبس کرد.

ئەو ژنە فەڕاشەی دەستی کچۆڵەکەی گرتبوو، لەوسەری دالانێ تووشی ڕاهیبەیەکی شاگرد بوو کە دەچووە مەتبەخێ. داوای لێکرد سییەرڤا مارییای بەرێتە کن ڕاهیبەکان. ڕاهیبە شاگردەکە فکری کردەوە کە کارێکی ئاقڵانە نیە کچێکی بەو ناسکیو تەڕپۆشییە بەرێتە نێو دەنگە دەنگی مەتبەخ، بۆیە لەسەر کورسیی بەردینی باغ دای نیشاند تاکوو پاشان بگەڕێتەوە لەگەڵخۆی بەرێ، بەڵام کاتێ گەڕایەوە سییەرڤا مارییای لەبیر چوو.

دوو ڕاهیبەی شاگرد کە پاشان بەوێدا ڕابردن ملوانکەو ئەنگوستیلەی سییەرڤا مارییایان پێ جوان بووو لە کچۆڵەیان پرسی ئەتۆ کێی. کچۆڵە وەڵامێکی نەدانەوە. ئەوان لێیان پرسی دەتوانی بەئیسپانیایی قسان بکەی. کچە بە جۆرێك بوو دەتگوت قسان لەگەڵ مردوویەکی دەکەن.

ئەو شاگردەی گەنجتر بوو گوتی:" کەڕو لاڵە."

ئەوەی دی گوتی:" و یان لە ئاسمانەوە هاتوە."

شاگردە گەنجەکە بە جۆریکی هەڵس‌وکەوت لەگەڵ کرد کە وابزانە سییەرڤا ماریا بەسەر پێنج هەستەکەی دا زاڵ نیە. پرچی کچۆڵەی کە لە پشتەوەڕا بەستبووی، کردەوەو بە بەستان پێوای‌و گوتی:" نزیکەی چوار بست." دڵنیا بوو لەوەی کە سییەرڤا ماریا گوێی لێنابێ. پاشان دەستی کرد بە هۆنینەوەی پرچی کە کچۆڵە بە چاو هەڕەشەی لێکرد. راهیبە شاگردەکە درێژەی پێدا زمانی لێ دەرێناو بە سییەرڤا ماریای گوت:" چاوەکانت شەیتانیین."

ئەو شاگردەی گەنجتر بوو بێ ئەوەی لەگەڵ بەربەرەکانێیەك بەرەوڕوو بێ، یەکێك لە ئەنگوستیلەکانی دەرهێنا، بەڵام کاتێك شاگردەکەی دیکە ویستی ملوانکەکەی لیبکاتەوە، سییەرڤا ماریا وەکوو مارێك وەرسووڕاو خێرا دەستی پێکاو گەستی. شاگردە لەوێ هەڵات تاکوو خوێنی دەستی بشواتەوە.

کاتێك ئاوازی راهیبە شاگردە نوێیەکان بیسرا، سییەرڤا ماریا لە جێی خۆی هەستا تاکوو لە حەوزەکە ئاوێ بخواتەوە، بە ترسەوە بێ ئەوەی ئاوێ بخواتەوە بەرەو کورسییەکە گەڕایەو، بەڵام کاتی زانی ئەوە ئاوازی راهیبەکانە دیسان قیت بۆوە. بە جووڵەی لێزانانەی دەستی، گەڵارزیوەکانی لا داو بێ ئەوەی ترسێکی لە تۆوی جۆرجانەوەران بە دڵ دابێ لە ئاوی حەوزەکەی خواردەوە تاکوو تینوویەتیی بشکێ. پاشان بۆ میزکردنێ لە پشت دارێ هەڵترووشکاو دارێکی بەدەستەوە گرت تاکوو بتوانێ لە بەرامبەر گیانلەری مزاحیم‌و پیاوی حیزدا، راست بەو جۆرەی کە دومینگا ئادڤینتۆ فێری کردبوو، بەرگری لە خۆی بکا.

کەمێك دواتر دوو کۆیلەی رەش نزیك بوونەوەو ملوانکەی سانتە ریایی ئەویان ناسیەوە. بە زمانی یورووبایی دەستیان کرد بە قسان لەگەڵی. کچە بە خۆشحاڵییەوە هەر بەو زمانەی وەڵامی دانەوە. چونکە کەس نەیدەزانی بۆچی لەوێ دانیشتوە، کۆیلەکان لەگەڵ خۆیاندا بردیانە مەتبەخی پڕ لە هەراو هوریاو خزمەتکارەکان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیان لێ کرد. یەکێکیان بە برینی سەر گوێزینگیی زانی. لێیان پرسی لەبەرچی وای لێهاتوە. سییەرڤا ماریا گوتی:" دایکم بە چەقۆ وای لێ کردوە." یەکێك ناویی لێ پرسی‌و ئەویش ناوە رەشپێستانەکەی گوت:" ماریا ماندینگا."

سییەرڤا ماریا بۆ ساتێك جیهانی خۆی بۆ گەڕایەوە. ئەو یارمەتیی بەوە کرد نێرییەك کە لە بەرامبەر مەرگدا بەرگریی دەکرد بکوژنەوە. سییەرڤا ماریا چاوەکانی نێرییەکەی دەرهێناو گونی بڕی‌و ئەو دوو بەشە ئەوانە بوون کە لە خواردنیاندا زیاترین تامی لێ دەدیتن. لە مەتبەخ

لەگەڵ ئەوانی گەورەتردا یاریی بۆلۆی دەکردو لە حەوشیش لەگەڵ منداڵان یاریی کردو لە هەموانی بردەوە. بە زمانی یورووبایی، کۆنگۆیی،و ماندینگایی گۆرانیی گوتو تەنانەت کەسێك لێشی حاڵی نەبووبا بە تامەزرۆییەوە گوێی دەدایە. بۆ ژەمی نیوەڕۆیە لە هەڵمی چەوریی بەرازدا، خورادنی دونبەلانو چاوی نێریی لەگەڵ بەهاراتی تیژ ئامادە کرد.

تا ئەم سەعاتە تەواوی پەرستگە بە هاتنی ئەویان زانی جگە لە ژۆزێفا میراندای بەڕێوەبەر. ئەو بوونەوەرێکی تووڕەو شەڕانی، خاوەنی بیرێکی تەسك بوو کە بۆ هۆی بنەماڵەیی دەگەڕایەوە. لە بورگووس لە ژێر سێبەری ئیدارەی کلێسای پیرۆزدا گەورە ببوو، بەڵام ئیستیعدادی فەرماندانو رادەی دەمارگرژیی توندو بێجێی هەر بۆ خۆی دەگەڕایەوە. دوو جێگری شیاوی هەبوون، بەڵام چونکە بۆخۆی بەبێ هیچ چەشنە یارمەتییەك بە هەموو شتێك رادەگەیشت، ئەو دووانە زیادی بوون.

رقو کینەی وی لە دەسەڵاتی نۆسقۆف تەقریبەن لە سەد ساڵ بەر لە دایکبوونیەوە دەستی پێکردبوو. وەك دوژمنایەتییە گەورەکانی مێژوو، یەکەم هۆی دوژمنایەتی، ناکۆکییەکی چووکە لەسەر کێشەی دراوی و سنووری قەزاوەتی نێوان کلاریسیەنەکانو نۆسقۆفی فرانسیسکاییەکاندا بوو. لەبەرامبەر توندو تیژیی ئەواندا، راهیبەکان لەلایەن حکومەتی مەدەنییەکانەوە پشتیوانییان لیدەکرا، و ئەمە سەرەتای شەڕێك بوو کە هەرجارنا جارێك هەموان لە دژی یەکتر دەستیان پێدەکرد.

نۆسقۆف بە پشتیوانیی ناوچەکانی دیکە هەوڵی دا بە داخستنی رێگاکانی چوونەدەری پەرستگە، راهیبەکان برسی بکاو فەرمانی سەرپێچی لە دەستووراتی خوا دەربکا، واتە: تا ئاگادارکردنەوەیەکی دیکە دەست لە هەرچەشنە کارێکی خوا ناسانە هەڵبگرن. خەڵك دابەش بوون. مەدەنییەکانو کاربەدەستانی کلێسا بە پشتیوانی لەم یان لەو لە دژی یەکتری دەستیان پێکرد. کلاریسیەنەکان پاش شەش مانگ گەمارۆ زیندوو و لەشکان نەهاتوو بوون. تاکوو تونێلێکی نهێنی دۆزرایەوە کە لە رێگای ئەوەوە لایەنگرەکانیان دابینیان دەکردن. ئینجا فرانسیسکاییەکان بە پشتیوانیی شارەداری نوێ، دەرگای ژووره ئاستەمەکانی پەرستنگەی سانتاکلارایان شکاندو راهیبەکانیان وەدەرنان.

بیست ساڵی گرت تاکوو دڵەکان ئارام بوونەوەو پەرستنگەی تاڵان کراو درایەوە بە کلاریسییەنەکان. پاش سەد ساڵان، ئێستاش ژۆزێفا میراندا لەسەر ئاگری کزی رقو کینەکەی دەکوڵی. ئەو ئەم رقەی بە قیف دەرخواردی شاگردەکان دەدا، بەڵام ئەم رقە لە جیاتی ئەوەی بە

دڵیانەوە بنووسیّ، بە نێو ڕیخۆڵەکانیاندا دەهاتە خواریّو ئۆسقۆف دی کازیّ ریس ڤیرتۆدۆسو هەموو ئەو کەسانەکەی کە تۆزێك پێوەندییان پێیەوە هەبوو بە هۆی سەرەکیی ئەم ڕقەی دەزانی. دژکردەوەی وی چاوەڕوانکراو بوو، کاتێك ناوی ئۆسقۆفیان هێنا کە مارکیز لە کاسلدیرئۆوە کچە دوازدە ساڵانەکەی هێناوەتە پەرستگە کە نەخۆشیی مەرگ هێنەری جنداری لێی داوە، تەنیا یەك پرسیاری کرد:" ئەسڵەن مارکیزێکی وا هەر هەیە؟" پرسیارەکەی ژەهرێکی دوو لایەنەبوو، یەکێکیان سەبارەت بە پێگەی باشی ئۆسقۆف بوو، و ئەوی دیکە سەبارەت بەوە بوو کە دانی بە مەشروعیەتی خانەدانی کەرئوورلی نەدەناو ئەوانی بە خانەدانی نزم دەزانی.

هەتا کاتی ناخورادنی نیوەڕۆیە هێشتا نەیتوانیبوو سییەرڤا ماریای لە پەرستگە بدۆزێتەوە. ژنە فەڕاشەکە بە یەکێك لە جێگرەکانی گوتبوو کە پیاوێك لە بەرگی تەعزیەدا لە یەکەم سەعاتەکانی ڕۆژدا، کچێکی بە پرچی زەردی مەیلەو سوورەوە لە بەرگێکی شاهانەدا تەحویلی ئەو داوە، بەڵام نەیتوانیبوو بیانناسێتەوە، چونکە لەو کاتەدا سواڵکەرەکان لەر ئاشی میوونیکی یەکشەممەی بەر لە جێژنی پاك دەگیانی یەك بەربوون. بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆی کڵاوی قردێلەداری بە خانمی بەڕیوەبەر نیشان دا. بەڕێوەبەر نیشانی ڕاهیبەیەکی دا کە بەدوای کچۆڵەدا دەگەڕا. بەڕێوەبەر گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەو کڵاوە ئی کێیە. ئەو کڵاوەکەی بە سەری قامکانەوە گرتو بە مەودای ئانیشکی لە خۆی دوور ڕاگرت.

ئەو گوتی:" کچێکی جوانی مارکیزی، بە کڵاوی سۆزانیەکانەوە، شەیتان دەزانێ چ دەکا."

نزیکەی سەعات نۆ لەسەر ڕێگەی خۆی بەرەو ئاوەدەست بەوێدا ڕۆیشتبووو لە باغی سەبارەت بە کێشەیەك لە بارەی کرێی بەننایەکان لەسەر لولەی ئاوێ لە گۆڕێدا بوو، ڕاوەستابوو، بەڵام کچۆڵەی لەسەر کورسیی بەرد نەدیتبوو. هەروەها ڕاهیبەکانی دیکەش کە دەبێ ڕێگایان کەوتبێتە ئەوێ، ئەویان نەدیتبوو. ئەو دوو ڕاهیبە شاگردانەی ئەنگوستیلەی کچۆڵەیان لە قامکی دەرێنابوو، سوێندیان خوراد کە پاش ڕێورەسمی ئاواز خوێندن بەوێدا تێپەڕیون بەڵام نەیان دیوە.

بەڕێوەبرەی پەرستگە خەریکی حەسانەوەی پاشنیوەڕۆیە بوو، لە پڕ دەنگی ئاوازێکی تەکوێژی گوێ لێ بوو کە زایەڵەی دەهەموو پەرستگە دەگەڕا. ئەو، بەنێکی کە لە پەنا تەختی خەوێی بوو ڕاکێشاو یەکدابەدوو ڕاهیبەیەکی شاگرد وە ژووری نیوە تاریك کەوت. بەڕێوەبەر پرسیاری کرد ئەوە کێیە ئەوا هونەرمەندانە گۆرانی دەڵێ.

ڕاهیبە شاگردەکە وەڵامی دایەوە:" کچۆڵەکە."

بەڕێوەبەر بە خەوالّوویی‌و بە بۆڵەبۆڵ‌گوتی:" دەنگێکی چەندە خۆشە" و خێرا پرسی:" کام کچۆڵە؟"

راهیبەی شاگرد گوتی:" نازانم، کچۆڵەیەکە لە بەری بەیانیەوە لە حەوشەی پشتەوە بۆتە هۆی دلەڕاوکێی هەمووان."

بەڕێوەبەر هاواری کرد:" ئەی پیرۆزترین ئایینەکان!"

لە جێ‌وبانێ دەرپەڕی‌و بە هەنگاوی خێرا خێرا لە نێو پەرستگەوە هاوتەریبی دەنگەکە رۆیشت تاکوو گەیشتە شوێنی نیشتەجێی نزمەکان. سییەرڤا ماریا لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، ئاڵقەی بسکی لەسەر زەوی راخستبوو لە کۆڕی خزمەتکارە جادوو لێ کراوەکاندا گۆرانیی دەگوت. هەرکە چاوی بە بەڕێوەبەری پەرستگە کەوت بێدەنگ بوو. بەڕێوەبەر ملوانکەی مەسیحی لەخاچدراوی کچۆڵەی گرت‌و گوتی:

" سلاّو لە مەریەمی پیرۆز."

هەموویان لێکرا گوتیان:" ئێمە بێ تاوان چووینە پێشوازیی."

بەڕێوەبەر ملوانکەی مەسیحی لەخاچدراوی وەك چەکێك لە دژی سییەرڤا ماریا جوولاندو هاواری کرد:" دوور کەونەوە."

خزمەتکارەکان کشانەوەو کچۆڵەیان لەجێی خۆی بەجێ هێشت، ئەو وشیار بووو چاوی لەمۆلەق وەستان.

بەڕوەبەر بەسەریدا نەڕاند:" دەسکردی شەیتان، خۆت وا لێ کردوە نەبینرێی تاکوو سەرمان لێ بشوێنی."

ئەوان نەیان توانی کەلیمەیکیش لە زمانی سییەرڤا ماریای دەرکێشن. راهیبەیەکی شاگرد ویستی دەستی بگرێ‌و لەگەڵ خۆی بەرێ بەلاّم بەڕێوەبەر بە توندوتیژیی تەواوە ئەی هێشت‌و قیژاندی:" دەستی لێ مەدە." و رووی دەوانی دیکەش کردو گوتی:" کەس دەستی لێ نەدا."

سەرەنجام ئەوان دەبووا بە زۆرەملی سییەرڤا ماریای لەگەڵ خۆیان بەرن. ئەو وەك سەگی هەڵدەبەزی‌و چڕنووکی بە دەوروبەری خۆیدا دەگرت تاکوو لە دوایین ژووری تاکەکەسیی زیندان سەری وەدەرنا. لە رێگادا سەیریان کرد کچۆڵە لەشی خۆی لە پیسایی خۆی وەرداوەو ئەوانیش لە تەویلەی بە سەتلان ئاویان بەسەردا دەکرد.

بەڕێوەبەر بە توورەییەوە گوتی:" لەم شارەدا ئەو هەمووە پەرستگەیە هەیە ئەوجار نۆسقۆف ئەم گلاّوەی دەنێرێتە لای مە."

ژووری زیندان گەورە بوو و دیواری ئەستوورو میچێکی بەرینی هەبوو کەمۆلارە شوێنی قوولیان لەسەر تەختەکانی دروست کردبوون. لەپەنا تاقە دەرگای ئەوێ پەنجەرەیەك هەبوو کە دەگەیشتە سەر عەرزی، بە نەردەی دار تۆڕنە کرابوو کە نەردەی خواری ئاسن لەتەکانی پەنجەرەکەی قایمتر دەکرد. لە دیواری پشتەوەی روو بە دەریادا پەنجەرەیەکی بەرزی دیکەش هەبوو کە بە قەرەچێوەیەکی لە داری وەك خاچ بەسترابوو. تەختی خەوێ لە سەر پایەی دیواری بوو و دۆشەگێکی لەسەر بوو کە ئەوەندەی کەڵك لێ وەرگیرابوو سوابوو. کورسیەکی بەرد بۆ دانیشتن، تاقچەیەکی کار کە هاوکات لەجیاتی مێحراب و مێزی شت لەسەر شووردنێ کەڵکیان لێوەردەگرت. لەولای تەنیا وێنەی هەڵاوەسراوی مەسیحی لەخاچدراوی لە دیواری درابوو. ئەوان سییەرڤا ماریایان لە حاڵێکدا هەموو لەشی تەڕ ببوو و لە ترسان هەڵدەرلەرزی بەجێ هێشت. ژنێکی ئێشکگری بە ئەزموونیان لەوێ داناو تاکوو لە شەڕی هەزارساڵە لە دژی شەیتاندا سەرکەوێ.

سییەرڤا ماریا لەسەر تەختی خەوێ دانیشت. سەیری نەردەی ئاسنی پشتی دەرگای کرد و کارەکەرێکی دیت کە نزیکەی سەعات پێنجی پاشنیوەڕۆیە قاپێك خواردنێ دێنێ. کارەکەر هەوڵیدا ملوانکەکەی لە ملی دەربێنێ. سیێرڤا ماریا چەکەی دەستی گرت و ناچاری کرد دەست لە ملوانکەکەی هەڵبگرێ. لە فایلی پەرستگەدا کە هەر ئێوارەی ئەو رۆژەی کرایەوە، کارەکەرەکە باسی کرد کە هێزێکی وەك هێزی جیهانی دیکە ئەوی بە عەرزیدا دا.

کاتێك دەرگا پێوەدرا، کچۆڵە بەبێ جوولە لە جێگای خۆی دانیشتبوو و دەنگی زنجیرو دووجار سووڕانی کلیل لە قفڵی زامینی دەرگادا بیسرا. سییەرڤا ماریا هەڵی سەنگاند تاکوو بزانێ چ شتێك بۆ خواردنێ هەیە. دوو تیکە گۆشتی دووکەڵاوی، شیرینیی مانیك و بەستەیەك چوکلێت. شیرینییەکەی چاشت، جووتی و رۆی کردەوە. لە سەر پشتێ درێژ بوو. دەنگی ناوی کەفاویی دەریای خرۆشاو و بروسکەی بەهاریی گوێ لێدەبوو کە هەر دەهات و نزیك دەبۆوە. بەیانیی رۆژی دواتر کاتێك کارەکەر بەرچایی هێنا، کچۆڵەی لەسەر لۆدە کایەك بە خەوتوویی دیت کە بە چنگ و ددان لەنێو دۆشەگێی دەرهێنابوو.

بە ئارەزووی خۆی قبووڵی کرد بێ ئەوەی وەعدی مانەوەی پێ بدەن لە عیبادەتگای راهیبەکان بیبەنە هۆڵی نانخواردنێ. ئەوێ هۆڵێکی پان و بەرین بوو کە میچێکی تاقی راست و چەپیی بلیندو پەنجەرەی دە گەورەی هەبوون. رووناکیی دەریا بە تەوژم خۆی دەژووری دەپاستاوت و دەنگی شەپۆلان کە وەتەختە بەردەکان دەکەوتن لە نزیکەوە دەبیسرا. بیست

کەس، زۆربەیان راهیبەی گەنج لە دوو ریزدا لە دەوری مێزە گەورەکان دانیشتبوون. ئەوان بەرگی رەسمیی کەتانیی تەنکیان لەبەر دابووو پرچیان چاك کردبوو. خۆشحاڵ بوونو زۆربڵەییان دەکرد. سەبارەت بەوەی کە دەبوا خورادنی هاوبەشی سەربازخانەیەکی لەگەڵ شێتێکی بخۆن تووڕە بوونو بێباکانە لەم بارەیەوە قسەیان دەکرد. سسەرڤا ماریا لە پەنا دەرگای سەرەکی بێ ترس لە نێوان دوو ژنی ئێشکگردا دانیشتبووو هیچ خواردنێکیشی نەدەخوارد. بەرگی راهیبە نوێشاگردەکانیان لەبەرکرد بوو و ئەو سەرپایانەی کە هێشتا تەڕ بوون لە پێ دا بوون. لە کاتی نانخواردندا کەس سەیری نەدەکرد. پاش نانی ژمارەیەکی زۆر لە راهیبە نوێشاگردەکان لە دەوری کۆبوونەوەو هەوڵیان دەدا بە شتە زینەتییەکانی هەڵبێن. یەکێکیان هەوڵی دا ملوانکەی کچۆڵەی بکاتەوە. سییەرڤا ماریا لەجێی خۆی هەستا بە تەکانێك خۆی لە دەستی ئەو ئێشکگرانە دەربازکرد کە هەوڵیان دەدا دەستو پێی ببەستن. خۆی هەڵدایە سەر مێزێ، لە گۆشەیەکەوە رای کرد بۆ گۆشەیەکی دی، هەر وەك جندووکەیەکی راستی هاواری دەکردو نفووزی شەیتانیی بۆ نێو لەشی خۆی ئاشکرا دەکرد. هەرچی لەسەر رێگای بوو دەی شکاند، لە پەنجەرەوە دەرپەڕیو دەرگای هاتنە ژووری کەپری حەوشەی خرا کرد. مێشەکانی ئاڵۆز کردنو داری دیوارەکانی تەویلەی هەڵکەندنو نەردەی راوگەکانی تێك دان. مێشەکان لە دەرروبەردا بڵاوبوونەوە ئاژەڵەکان بە ترساوی بە بۆڕاندن رەوینەوە هەتا نزیك شوێنی حەوانەوەی عیبادەتگا رایان کرد.

لەوکاتە بەدواوە رووداوێك نەبوو کە بە حیسابی جادووگەریی سییەرڤا ماریا نەنووسرێ. زۆربەی راهیبە نوێشاگردەکان لە فایلەکاندا باسی ئەوەیان کرد کە کچە بە باڵی دە شەفاف هەڵ دەفرێ کە دەبێتە هۆی دەنگو هەرای مۆتەکەکان. دوو رۆژ کاتو ژمارەیەك کۆیلە پێویست بۆ ئەوەی ئاژەڵەکان بگرنەوە، مێشەکان بگێڕنەوە سەر شانە هەنگوێنەکانیانو پەرستگەی رێكوپێك بکەنەوە. دەنگۆیەکیان بڵاو کردەوە کە گۆیا بەرازەکانیش مەسموم بوون. ئاو، بوو بە سەرچاوەی هێندێك پێشگۆیی بیروبۆچوونەکان. یەکێك لە باڵندەکان بە ترسەوە لەسەر بانان فڕیوەو لە ئاسۆی دەریادا لەبەرچاوان ون بووە. ترسی راهیبە کلاریسیەنەکان پڕ بوو لە شتی دژبەیەك. سەرەڕای دڵەڕاوکێی ئەوانو ترس لەمو لەو، ژووری سییەرڤا ماریا بوو بە ناوەندی سەرنجی هەموو چاوەکان.

لە عیبادەتگادا، دەنگی موناجاتێ لە سەعات حەوتی شەوەوە تا دوعای نوێژی سەعات شەشی بەیانی، ئارامیی شەوی شێواندبوو. دەبوا گڵۆپەکان بکوژێنەو تەنیا لە هێندێك لە

ژوورەکان ئیزنی ئایسانی رووناکییەك درابا. هەرچۆنێك بێ ژیان لە پەرستگە قەت ئەوەندە بە زەحمەت و ئەوەندە ئازاد وەك ئەو کاتانە نەبوو. هەرجارنا جارێك لە دالآنەکاندا تارماییەك خۆی دەنواندو بۆڵەبۆڵێکی نزم و بەپەلە لە گوڕێدا بوو. لەنێو ژوورەکاندا، لەوجێیەی چاوەڕوان نەدەکرا بە پەڕی ئیسپانیایی یان بە تاسی دەسکرد قوماریان دەکرد، بە دزی شەڕابیان دەخواردەوەو یان بە نهێنی جگەرەی هەڵبەستراویان دەکێشا، ئەو کارانەی کە ژۆزێفا میراندا لەعیبادەتگادا قەدەغەی کردبوون. بوونی کچێکی شەیتان لێدراو لە پەرستگە پەرەی بە کاری تەواو رووداو خولقێنانە دەدا.

تەنانەت سەختگیرترین راهیبەکانیش، پاش ئاقووسی شەوێ، بە نهێنی لە سنووری عیبادەتگە دوور دەکەوتنەوەو لە تاقمی دوو ــ سێ کەسیدا دەچوونە لای سییەرڤا ماریاو چەنگەکانیان پێ نیشان دەدا، بەڵام زوو فێر بوو لەگەڵ هەرکامیان بەگوێرەی وەزع و باروودۆخی شەوێ رەفتاریان لەگەڵدا بکا. ئەغڵەب چاوەڕوانیی هەواڵیان لێی هەبوو. دەیانەویست سییەرڤا ماریا تکا لە شەیتانێ بکا کاری دەنەکراو بکا. سییەرڤا دەنگی عاسمانانی لەخۆیەوە دەردێنا، دەنگی لەملدراوان، دەنگی خولقاوەکانی دەستی شەیتان. زۆربەیان تا رادەیەك باوەڕیان بە تواناکانی هەبوو. ئەمانەش وەك راستییەك دەچووە نێو فایلەکەیەوە. لە شەوێکی شوومدا، تاقمێك لە راهیبە گەڕۆکەکان هێرشیان بردە سەر ژووری کچۆڵەی. توند بەستیانەوەو ملوانکە پیرۆزەکانیان لە ملی کردەوە. ئەمە سەرکەوتنێکی کاتی بوو. لە کاتی راکردنی بەپەلەدا، سەرۆکی تاقمی هێرشبەران لەسەر پلیکانە تاریکەکان هەڵخلیسکاو کاسە سەری شکا. هاودەستەکانی تا ئەوکاتەی ملوانکە دزییەتییەکەیان نەدابۆوە بە خاوەنەکەی، هەستیان بە ئانارمی دەکرد. ئیدی کەس شەوانە لە ژوورەکاندا سەرئێشەی دروست نەدەکرد.

ئەم رۆژانە بۆ مارکیز کاسلدوئێرۆ رۆژانی تازیە بوون. ئەو کاتێکی زۆری لەسەر ناردنی کچەکەی بۆ پەرستگە دانا. ئەو لە هەوڵی خۆی بەداخ بوو، تا ئەوەی نەخۆشیی مالیخولیایی سواری سەری بوو، ئیدی قەت چا نەبۆوە. چەندین سەعاتان لەسەر یەك بە دەوروبەری پەرستگەدا دەخولایەوەو لە خۆی دەپرسی، لە پشت کام یەك لەو پەنجەرە زۆرانەدا سییەرڤا ماریا بیر لە وی دەکاتەوە. کاتێك چۆوە ماڵێ لە حەوشەی بێرناردای دیت کە چاوەڕوانی یەکەم فێنکییەکانی شەو بوو. بەم پێشبینییەوە کە ئێستا لە بارەی سییەرڤا ماریاوە پرسیاری لێدەکا، لەرزی کەوتێ، بەڵام بێرناردا تەنانەت چاوێکیشی لێ نەکرد.

مارکیز سەگەکانی بەرەڵلا کردن. بە هیوای خەوێکی ئەبەدی لە نێو جۆلانەکەیدا راکشا، بەڵام ئارەزووەکەی وەدی نەهات. بای رۆژهەلاتیٚ هەڵی کردبۆیە. شەو گەرمو داگیرساو بوو. ئەنواعی جرِوجانەوەری مزاحیم لە جۆری مێش و مەگەسە خوێنمژەکان، کە لەبەر تاویٚ ئارەحەت بوون، بەملایە وەربوون. خەڵك لە ژوورەکانی خەویان تەپاڵەی گایان دەسووتاندن تاکو برەونەوە. هەستەکان لە بێدەنگیدا دامرکانەوە. خەڵك هەر بەو دلگەرمیەوە چاوەڕوانی یەکەم بارانی وەرزانەی ساڵ بوون تاکوو لە بەرەکەتی ویدا شەش مانگ دواتریشی نزایە بکەن، تا بەڵکوو بۆ هەمیشە ئارەزووەکانیان وەدی بیٚ.

هێشتا کازیوەی نەدابوو کە مارکیز بەرەو ماڵە ئابریٚ نۆنچیکۆ وەرێ کەوت. هێشتا دانەنیشتبوو کە لە رادەبەدەر هەستی بە ئارامی کرد تاکوو غەمەکەی دابەش بکا. راستەوخۆ سەری قسانی کردەوە:

" ئەمن منداڵەکەم بە سانتاکلارا ئەسپارد."

ئابریٚ نۆنچیکۆ تێنەگەیشت، مارکیز لە دڵنیانەبوونی وی کەلکی وەرگرت بۆ زەبری دیکەو گوتی:" شەیتانیٚ لە کچەکەم دەردەکەن."

پزیشکەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بە ئارامی گوتی:" هەموو شتێکم بۆ بگێرەوە."

مارکیز بۆی باس کرد: باسی چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ ئۆسقۆف، پێویستیی بە نزاو پاڕانەوە، بڕیاری کوێرانەی خۆیو شەوە بیٚ خەوەکانی خۆی کرد. ئەوە پەروەردەی مەسیحییەك بە شێوەی کۆن بوو کە شتێك زیانی بۆ وی نەبیٚ، بۆخۆی راگریٚ. لە کۆتاییدا گوتی:" ئەمن پێم وایە ئەوە فەرمانی خوا بوو."

مارکیز گوتی:" مرۆڤ هیچ کات بەتەواوی بیٚ دین نابیٚ. گومان درێژە بە ژیانی خۆی دەدا."

ئابریٚ نۆنچیکۆ تێی دەگەیشت. ئەو هەمیشە دەیگوت بیٚ ئیمانی لە جێیەکدا برێنێکی سارێژنەبۆوە دروست دەکا کە ئیمان خووی پێوە گرتوە. ئەم برینە قەت نایەڵیٚ لەبیرچوونە روو بدا. هەرچۆنێك بیٚ بە دووری دەزانی کە کچەکەی بە تاوانی دژایەتیی شەیتان دوور کردۆتەوە.

ئەو گوتی:" ئەم کارە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ جادووگەریی رەشەکاندا نیە، تەنانەت خراپتریشە. رەشەکان بە قوربانیکردنی باڵندە بۆ خواکانیان واز دێنن، بەڵام دادگای پشکنینی بیروباوەڕ خۆشحاڵ دەبیٚ مرۆڤە بیٚ تاوانەکان لەسەر جێگای ئەشکەنجە چوار کوت بکەن یان لە شانۆیەکی ئاشکرادا یەکێکی هەر بە زیندوویی بسووتێنن."

به بۆچوونی وی بوونی بەڕێز کایەتانۆ دیلاڤرا لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆسقۆف نیشانەی ناخۆشی بوو. ئەو راستو رەوان گوتی:" ئەو جەللادە." لە کاتی باسکردنی ئاماری زانایان لە بارەی سووتاندنی بە زیندوویی نەخۆشە دەروونییەکان لە رابردوودا، کە وەك جێی شێتو مورتەدان گیانی خۆیان لەدەست دەدا، هۆشی لەسەرخۆی نەدەماو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی" پێم وایە کوشتنی کچۆڵەی مەسیحیانەتر بوو تا ئەوەی زیندە بەچاڵی بکەن."

مارکیز وەڵامی دایەوە:" لەوکاتەوە کچەکەم دیوە بەرەو زیندەبەچاڵان دەچێ، راست دەمەوێ ئەم کارەی بکەم. بەڵام ئەو دەسەڵاتەم نیە بە پێچەوانەی ویستی خوا بجوولێمەوە."

ئابرێ ئۆنچیکۆ گوتی:" هەوڵی خۆت بدە، رەنگە رۆژێك خوا کارەکەت بە باش بزانێ."

مارکیز ئەو شەوە داوای لە ئۆسقۆف کرد گەورەی بکا. داوایەکەی بە دەستی خۆی بە زمانێکی پڕ لە رێزو دارشتنێکی منداڵانە نووسیو بۆخۆی دای بە نێشکگر تاکوو دڵنیا بێ دەگاتە جێ.

رۆژی دوو شەممە بە ئۆسقۆفیان راگەیاند کە سییەرڤا ماریا ئامادەیە شەیتانێ لەخۆی دوور بکاتەوە. ئەو لەسەر بالکۆنی پڕ لە گوڵە پیالەییەکان، تازە نانی ئێوارێی تەواو کردبوو و زۆری گوێ بەو نامەیە نەدا کە پێی گەیشتبوو. خواردنێکی کەمی خواردو لە فکری ئەوەی دابوو بتوانێ تا سێ سەعاتی دی درێژە بە عیبادەتی خوا بدا. باوکە کایەتانۆ دیلاڤرا بەرامبەری دانیشتبوو بە دەنگێکی زیندوو بە شێوەی شانۆیی نووسراوەکەی بۆ خوێندەوە. هەردووك شتی کە مارکیز بە حەزو قەزاوەتی خۆی هەڵی بژاردبوون لەگەڵ کتێبەکان دەگونجان.

کۆشکە کۆنەکە بۆ ئۆسقۆف لەرادەبەدەر گەورە بوو. ئەو بە ژووری میوانانو ژووری خەوو بالکۆنی ئاوەڵا کە پاشنیوەڕۆیان بە تەنێ نانی لێ بخواو بحەسێتەوە، رازی بوو. تا ئەوەی کە کاتی بارانە وەرزییەکان گەیشتێ. لە بینای بەرامبەردا کتێبخانەی ئیدارەی ناوچەیی ئۆسقۆفی لێ بوو کە کایەتانۆ دیلاڤرا دای مەزراندبوو و پەرەی پێ دابوو کردبوویە ئیدارە. لەو سەردەمەدا یەکێك لە باشترین کتێبخانەکانی ئەمریکا بوو. باقیی ژوورەکانی دیکە بریتی بوون لە یازدە ژووری داخراو بەس، کە کەلوپەلی کۆنی دووسەد ساڵەی تێدا خرابوونە سەر یەك.

جگە لە راهیبە کە دەبووا جارناجارێك خواردنی بردبایە سەرێ، کایەتانۆ دیلاڤرا تاقە کەس بوو کە نەیدەتوانی لە کاتی نانخواردنێدا بچێتە ژوورەکانی ئۆسقۆف، ئەویش نەك بەو جۆرەی کە دەیانگوت لەبەر ئیمتیازی تایبەتی، بەڵکوو سەبارەت بەو ئەرکەی وەك خوێنەرەوەی بابەتەکان لەسەر شانی بوو، پۆستێکی تایبەتیی بۆخۆی نەبوو. جگە لە سەرپەرستی کتێبان

پۆستێکی دیکەی نەبوو، بەڵام لەبەر نزیکایەتیی لەگەڵ ئۆسقۆف، بە کردەوە وەك جێگر رەفتاری لەگەڵ دەکراو کەس نەیدەتوانی تەنانەت بیر لەوە بکاتەوە کە ئۆسقۆف بە بێ وی دەتوانێ بڕیارێکی گرنگ بدا. دیلاڤرا ژووری تایبەتیی هەبوون و دیوار بەدیواری ئەم بینایەوە بوو و لە ژوورێڕا رێگەی بۆ نێو کۆشك هەبوو. لە ژوورەکانی کارو ژووری خاوەن پلەوپایەکانی ناوچەدا ژمارەیەك راهیبەیان لێ بوون کە بە کاروباری ماڵە ئۆسقۆفێ رادەگەیشتن. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ماڵی واقعیی کایەتانۆ دیلاڤرا کتێبخانە بوو، رۆژانە هەتا چاردە سەعاتان کاری لێ دەکرو خەریکی خوێندنەوە دەبوو. تەختی خەوێکی سەحرایی هەبوو کە دەنووشتایەوەو هەرکات ماندوویەتیی بەسەردا زاڵ دەبوو لەسەر وێ خەوی لیدەکەوت.

هەواڵی نوێ لەم پاشنێوەڕۆ مێژووییەدا ئەوە بوو کە دیلاڤرا زۆربەی شتەکانی بە هەڵە خوێندەوە. ئەوەی ناناسایتر دەهاتە بەرچاو ئەوە بوو کە بەهەڵە لاپەڕێکی بوارد بێ ئەوەی لە بابەتەکە بگاو هەروا درێژەی بە خوێندنەوە دا. ئۆسقۆف لە بن شووشەی عەینەکەکانی وەك کیمیاگەرێك سەیری ئەوی دەکرد، هەتاکوو دیلاڤرا گەیشتە لاپەڕەکەی دی. ئینجا قسەکانی بە گاڵتەوە پێ بڕی.

" بیر لە چ دەکەیەوە؟"

دیلاڤرا لە جێی خۆی هەڵبەزی و گوتی:" دەبێ بەهۆی گەرماوە بێ."

"بۆ؟"

ئۆسقۆف سەرلەنوێ چاوی تێ بڕی و گوتی:" بە دڵنیاییەوە شتێك زیاتر لە گەرما." هەر بەو راوێژە دووپاتی کردەوە:" ئێستا بیر لە چ دەکەیەوە؟"

دیلاڤرا گوتی:" لە کچۆڵەکە."

قسەیەکی نوێی نەکرد، چونکە لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ مارکیزیدا، بۆ ئەو دووانە، لە دنیایەدا، کچۆڵەیەکی دیکە نەبوو. ئەوان لە بارەی سییەرڤا ماریای دا زۆریان قسە کردبوو پێکەوە بیرەوەرییان لە شەیتان لێدراوەکان و بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی دوژمنانی پیرۆزی شەیتانییاندا چووبوونەوە. دیلاڤرا ئاخێکی هەڵکێشا:" ئەمن خەونم بە کچۆڵەیەوە دیت."

ئۆسقۆف پرسی:" چۆن توانیت خەون بە کەسێکەوە ببینی کە قەتت نەدیوە؟"

وەڵامی دایەوە:" ئەو لە خانەدانی کرئوولی و دوازدە ساڵانە بوو کە ئالقەی بسکی وەك داوێنی بەرگی شازادەیەك عەرزی دەماڵی. جگە لەوی دەکرا کێ بێ؟"

ئۆسقۆف نە پیاوێك بوو خەون و خەیاڵی ئاسمانیی هەبێ و نە ئەهلی موعجیزەو هێرش. ئیمپراتۆریی ئەو پێوەندیی بەم جیهانەوە هەبوو. بۆیە سەری بە نیشانەی گومان جووڵاندو

خەریکی خواردنی نانەکەی بۆوە. دیلاڤرا خوێندنەوەی نووسینەکانی سەرلەنوێ بە وردی درێژە پێدا. پاش ئەوەی ئۆسقۆف لە خواردنێ بۆوە، دیلاڤرا یارمەتیی دا تاکوو لە سەر کورسیی راحەت دابنیشێ. کاتێك ئۆسقۆف ئارام دانیشت، گوتی:" زۆر چاکە، ئێستا بۆم باسی خەونەکەت بکە."

زۆر ئاسان بوو. دیلاڤرا لە خەوێدا دیتی کە سییەرڤا ماریا لەبەرامبەر پەنجەرەیەکی روو بە مەزرایەکی داپۆشراو بە بەفر دانیشتوەو لە هێشووە ترێییەکی کە لە باوەشێ دابوو، بۆلووەکی لیدەکردەوەو دەیخوارد، هەر بۆلوویەکی لێی دەکردەوە بۆلوویەکی دیکەی لە جێ دەڕوا. لە خەوێدا روون بوو کە کچۆلە سالانێکی زۆر لە بەرامبەر پەنجەرەدا بەردەوام دانیشتوەو هەولی داوە هێشووەکەی تا تەواو دەبێ بخوا هیچ پەلەیەکی نەبووە، چونکە زانیویەتی دوایین بۆلوو دەبێتە هۆی مردنی.

" شتێکی سەیرو سەرسوڕ هێنەرە، ئەو پەنجەرەیەی ئەو مەزرای پێدا دەدیت، راست وەك پەنجەرەی سالامانکا لەو زستانەیدا بوو کە سێ رۆژان لەسەریەك بەفر باریو مەڕەکان لە بن بەفرێ قڕ بوون."

ئۆسقۆف سەری سوڕ مابوو. ئەو کایەتانۆ دیلاڤرای دەناسیو زۆری خۆش دەویست. بەلام نەیدەتوانی مەتەلۆکەی خەونەکەی بە هێند وەربگرێ. کایەتانۆ بەو لێهاتوویی و هەلسوکەوتە مێهرەبانانەیەوە بەهەق شایانی ئەو پۆستە بوو کە لە پلەبەندیی ئیدارەی کلێسادا بە نرخو بایەخی خۆی وەری گرتبوو. ئۆسقۆف چاوەکانی لەسەریەك دانا تا لە سێ دەقە پشووی ئێوارەی دا بخەوێ.

لەم دەرفەتەدا بەر لەوەی ئەوان پێکەوە دەست بە نزای شەوانە بکەن، دیلاڤرا لەسەر هەمان مێز، نانەکەی خوارد. هێشتا تەواوی نەکردبوو کە ئۆسقۆف لە نێو کورسیی راحەتدا لێی راکشاو بڕیاری ماوەی ژیانی خۆیدا:

" ئەمەیان تۆ بەئەستۆی بگرە."

ئەم رستەیەی بێ ئەوەی چاوەکانی بکاتەوە، گوتو وەکوو شێر پرخەی هات. دیلاڤرا نانەکەی هەتا تەواو بوو خواردو لەسەر کورسییە هەمیشەییەکەی لە ژێر غونچەی لاولاوەی پێ هەلگەڕاودا دانیشت. لەم کاتەدا ئۆسقۆف چاوەکانی هەلێنانو گوتی:

" وەلامت نەدامەوە."

دیلاڤرا گوتی:" وام زانی لە خەوێدا قسەت کردوە."

نۆسقۆف وەڵامی دایەوە :" ئێستا بەخەبەرم‌و دووپاتی دەکەمەوە، ئەمن لە بارەی سلامەتیی منداڵەکەوە متمانەم پێتە."

دیلاڤرا گوتی:" ئەمە سەیرترین شتە کە تووشی بووم."

" واتە ناتەوێ قبووڵی بکەی؟"

دیلاڤرا گوتی:" باوکە، ئەمن نەیاری شەیتانێ نیم. نە ئەو کەسایەتییەم هەیە، نە ئەو زانین‌و ناسینە کە ئەو ئەرکەم بکەوێتە سەر شان. جگە لەوەش خوا ڕێگایەکی دیکەی خستووەمەتە پێش."

بەم جۆرە بە واسیتەی نۆسقۆف، دیلاڤراش هاتە نێو لیستی سێ کاندیدای پۆستی چاوەدێریی دامەزراوەی کلیمیان ئیسپانیۆلیی کتێبخانەی ڤاتیکان. ئەمە یەکەم جار بوو پێکەوە لەم بارەیەوە قسەیان دەکرد. هەرچەند هەردووکیان لێی ئاگادار بوون.

نۆسقۆف گوتی:" هۆیەکی دیکەش زیاتر، ئەگەر مەسەلەی ئەم کچۆڵەیە ئاخیرەکەی خێر بێ، دەتوانێ هاندەرێکی باش بێ کە ئێستا ئێمە ئەوەمان کەمە."

دیلاڤرا دەیزانی لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا دەست‌و پێ سپیلکەیە. لە ڕوانگەی ئەوەوە ژنان لێهاتوویییەکی نەگوازراوە‌و توانای دادوەریان هەیە، و زۆر جێگەی ستایشە کە ئەوان خۆیان لەو مەترسیانە دەپارێزن کە باشاریان ناکرێ.

بیری بەرەوڕووبوون لەگەڵ ژنێك، تەنانەت ئەگەر بوونەوەرێکی بەستەزمانی وەك سییەرڤا ماریاش بێ، دەبووە هۆی ئەوەی ئارەق لەسەر بەری دەستی بیبەستێ.

لە کۆتاییدا گوتی:" نەخێر پایە بەرز، ئەمن بۆ ئەم مەبەستە خۆم بە شیاو نازانم."

نۆسقۆف لە بەرامبەردا وەڵامی دایەوە:" هەر ئەتۆ بەتەنێ وا نی، بەڵام ئەتۆ شتێکت هەیە کە ئەوانی دی نیانە‌و ئەویش زارقاییی تۆیە."

ئەمە قسەیەکی گەورە بوو تاکوو ئەوەی پێشوو ڕەت بکاتەوە. هەرچۆنێك بێ نۆسقۆف ئەوی ناچار نەدەکرد خێرا داوایەکەی لێ قبووڵ بکا، بەڵکوو دەرفەتی پێ دا تاکوو لە ماوەی حەوتووی جێژنی پاکدا کە تازە دەستی پێکردبوو بیری لێ بکاتەوە.

بە دیلاڤرای گوت:" بچوو سەیرێکی کچۆڵەی بکە، بابەتەکەی بە وردی هەڵسەنگێنە‌و پێم بڵێوە."

بەم جۆرە بوو کە کایەتانۆ ئال سینۆ دیل سپریتۆ سانتۆ دیلاڤرای سیکۆدار لە تەمەنی سی‌و شەش ساڵیدا هاتە نێو ژیانی سییەرڤا ماریا‌و مێژووی شارەکەوە. دیلاڤرا لە ماوەی

سالآنی بەناوبانگی دەرسی زانستە ئایینییەکاندا لەلایەن ئۆسقۆفەوە لە سالامانکا خوێندکاری وی بوو و هەر لەو ساڵەدا بەرزترین پلەی دوکتۆرای فەخریی بەدەست هێنا. ئەو پێی وابوو کە باوکی لە شوێنکەوتووانی راستەوخۆی گارسیلاسۆ دیلاڤگا بووە کە لە رووی مەزهەبییەوە تا رادەیەك رێزی بۆ داناوەو هەر لەو سەروبەندەدا ئەو شتەی بە دیلاڤرا گوتبوو. دایکی خەڵکی کیرئولی بووو لە شاری سان مارتین دلۆبای ویلایەتی مومپیکس لەدایك ببوو و لەگەڵ دایكو بابی کۆچی کردبوو بۆ ئیسپانیا. دیلاڤرا بە بیریدا نەداهات هیچی لە دایکیەوە بۆ مابێتەوە، هەتا ئەو کاتەی چووە ئیمپراتۆریی گرانادای نوێو لەوێ دەردی بە میرات پێ گەیشتووی دووری لە نیشتمانی بیر هاتەوە.

هەر لەیەکەم گفتوگۆدا لە سالامانکای، ئۆسقۆف دیکازەرەس ڤیرتۆدۆس، شتێکی بەنرخو دەگمەنی لەبەردەمی حۆیدا دیت کە لەسەردەمی خۆیدا بۆ مەسیحییەت مایەی شانازی بوو. لەو رۆژە ساردەی مانگی شوباتێدا کە مەزرای داپۆشراو بە بەفر لە پەنجەرەوە دیار بوو و لە دوورە دیمەنی قەراغ رووبارێدا ریزە سپیدارێك دەهاتە بەرچاو، دیمەنی زستانێ چوارچێوەیەکی بۆ خەونەکانی لاوی پسپۆری زانستە ئایینییەکان پێك هێنابوو کە دەبووا هەتا مردنێ بەدوایدا بگەرێ.

ئەو دووانە بە شێوەیەکی سروشتی لە بارەی کتێبەکاندا قسەیان دەکردو، ئۆسقۆف پێی خۆش نەبوو قبووڵ بکا کە دیلاڤرا لەم تەمەنەدا ئەو هەمووە کتێبەی خوێندۆتەوە. دیلاڤرای خوێندکار لەگەڵ ئۆسقۆف لە بارەی گارسیلاسۆدا قسەی کرد. مامۆستا قبوولی کرد کە ئەم نووسەرەی باش ناناسێ، بەڵام شتێکی لە بارەی ئەوەوە لەبیرە کە ئەو شاعیرە کافرە لە تەواوی دیوانەکەیدا دوو جاران ناوی خوای نەبردوە.

دیلاڤرا گوتی:" ئەوەندەش دەگمەن نەبوو کە دەفەرمووی، بەڵام لە سەردەمی رێنسانسدا تەنانەت لەلای مەسیحییە باشەکانیش شتی وا هەبوو."

لەو رۆژەدا کاتێك دیلاڤرا بۆ یەکەم جار پەیمان شکێنیی کرد، مامۆستا داوای لێکرد هەتا ناوچەی نا ئەمنی یووکاتای لەگەڵ بچێ کە لەم دواییانەدا بە ئۆسقۆفی ئەوێ دیاری کرابوو.

دیلاڤرا کە لە دەلاقەی کتێبەوە دەیڕوانیە ژیان، جیهانی پانو بەرینی دایکی وەك خەونێك هاتە بەرچاو کە قەت نەی دەتوانی نی ئەو بێ، بیری گەرمای تاقەت پڕووکێن، بۆنی بەردەوامی کەلاکی بۆگەن و هەڵمی زۆنگاوەکانی بۆ دژوار بوو. راست لەم کاتەدا مەرە سەهۆڵ بەستووەکانیان لە نێو بەفرێ دەردەکێشان. دیتنی تەواوی ئەو شتانە بۆ ئۆسقۆف کە لە شەرەکانی ئەفریقادا بەشدار بوو، ئاسانتر بوو.

دیلاڤرا گوتی:" بیستوومە کە قەشەکانی ئێمە لە ئەمریکایە لە خۆشبەختیدا نوقمی خۆشین."

نۆسقۆف وەڵامی دایەوە:" هێندێکیشیان خۆیان دەخێنکێنن . ئەویّ ولاّتێکە مەترسیی بی ناموسی، مورتەدو ئینسانخۆرانی لەسەرە."و بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە، درێژەی دا:" وەك ولاّتی رەشپێستەکان."

بەلاّم ئەویش لەسەر ئەو باوەڕەی بوو کە ئەویّ خۆشییەکی تایبەتیی هەیە، و شەڕکەری بە کاری لیّ بوونو بە باشی بایەخەکانی شارستانەتیی مەسیحییان بەرەوپێش دەبردو لە بیابانێش دەیان توانی هەڵ بکەن. بەلاّم دیلاڤرای بیستو سێ ساڵە ﴿ پێشتر باسی ٣٣ ساڵەی کراوە ـــ وەرگێڕی کوردی ﴾ لەسەر ئەو باوەڕە بوو : ئەو تا ئێستا بۆ ئەم لاو ئەو لاو بۆ کەموکووڕی رێزی لە رووحی پیرۆز گرتوە، کەوابوو لە دەستە راستیی ویدا داهاتوویەکی روونی دەبیّ.

گوتی:" لە ماوەی ژیانمدا ئارەزووم ئەوە بووە سەرپەرستی کتێبان بم. هەر بە کەلکی ئەم کارەش دێم."

دیلاڤرا لە پێشبڕکێیەکدا بۆ بەدەستهێنانی پۆستێك لە تولەدوو بەشدار بوو کە تامەزرۆیی ئەوی بۆ بەدەسهێنانی دەردەخستو دڵنیا بوو کە بە ویستی خۆی دەگا. بەلاّم مامۆستا هەردوو پێی لە کەوشێکی نابوو و دەستی هەڵنەگرت.

ئەو گوتی:" خاوەن کتێبخانەیەك ببیّ بە رووحانی لە یووکاتان، زۆر ئاسانترە لە شەهید بوون لە تولە دووی."

دیلاڤرا بەبیّ خاکەراییەوە دووپاتی کردەوە:

" ئەگەر خوا بەزەیی فەرمووبا، ئەمن دەمەویست ببمە فریشتە، نەك رووحانی."

ئەو هێشتا پێشنیاری مامۆستاکەی بە تەواوی هەڵنەسەنگاندبوو کە نامەی ناردنی خۆی بۆ تولەدووی وەرگرت، ئاخیری یووکاتانی پیّ باشتر بوو. بەلاّم قەت پێیان نەکەوتە ئەویّ. پاش حەفتا رۆژان ناارامیی دەریا، پاش رەنجو کوێرەوەرییەکی زۆر، بە کەشتییەکی شکاوەوە گەیشتنە کانالی دێلس ڤینتوس، لەلایەن هاوڕێکانیانەوە تووشی رووداوی خراپ ببوون، دەرباز ببوون. رزگاریدەرەکان ئەوانیان لە سانتا ماریا لائانتیگوای دارییێن بە دەستی چارەنووس نەسپارد. زیاتر لە ساڵێکی لەویّ بوونو لەخۆڕا چاوەڕێ مانەوە بۆ ئەوەی کەشتیی بازرگانی نامەیان بۆ بێنیّ هەتا ئەوەی کە پۆستی کاتی لەناوچەیەکی بچووك کە سەرۆکەکەی ئەویّ لەنەکاو قالبەکەی بۆ نۆسقۆف دیکازە رێس بەتاڵ کرد. کاتێك دیلاڤرا لە نێو بەلەمەوە

لێرەواری چڕو پڕی یورووبای دیت کە ئەوانی بەرەو ئامانجێکی نوێ دەکێشا، هەستی بە دەردی پڕ ژانی دووریی ئەو نیشتیمانە کرد کە دایکی لە زستانە ناخۆشەکانی توولەدوودا ئازار دەدا. ئێوارە گەرمەکان، باڵندە خەوناوییەکان، بۆگەنی تایبەت بە شەڕ، دارە هەمیشە سەوزەکان، لەبەرچاوی وی بیرەوەرییەکی خۆشی رابردوو بوون کە ئەو قەت لەگەڵیان نەژیابوو.

دیلاڤرا گوتی:" تەنیا رووحی پیرۆز نەیدەتوانی هەمووی ئەمانە بەو جوانییە لەپەنا یەك دابنێ‌و ئەمن بکێشێتە هەرێمی دایکم."

دوازدە ساڵ دواتر نۆسقۆف دەستی لە خەونی یووکاتان هەڵگرت. ئێستا حەفتاو سێ ساڵی تەواو بوو. لەدەستی رەبۆ دەی‌ناڵاندو دەیزانی تازە قەت لە سالامانکا چاوی بە بەفرێ ناکەوێتەوە. کاتێك سییەرڤا ماریایان هێنایە پەرستگە بڕیاری دابوو هەرکە رێگای شاگردەکەی بۆ رۆمێ خۆش کرد، دەست لەکار بکێشێتەوە.

کایەتانۆ دیلاڤرا رۆژی دواتر چووە پەرستگەی سانتا کلارا. سەرەڕای گەرمیی هەوا بەرگی خوریی لەبەر کرد، زەرفی ئاوی پیرۆزو جانتایەکی بچووکی کە رۆنی پیرۆزی تێدا بوو وەك یەکەم چەك لە دژی شەیتان سەیریان دەکرا لەگەڵ خۆی هەڵگرت. بەڕێوەبەری پەرستگە دیلاڤرای قەت نەدیبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەی دەبووا بێدەنگ بن، هەواڵ لە بارەی زیرەکی‌و دەسەڵاتی وی لە نێو ژوورەکانی نێو پەرستگەدا دزەی کردبوو. بەڕێوەبەر نزیکەی سەعات شەشی بەیانی لە شوێنەکەی چووە پێشوازیی ئەو. سەبارەت بە سەرزیندوویەتیی دیلاڤرا، رەنگی بزرکاوی وەك شەهیدان، زایەڵەی ئاوازی دەنگی‌و تاڵە مووی سپیی پڕ لە ڕازو نهێنییەکەی کەوتە ژێر کاریگەریی وی. بەڕێوەبەر هیچ کام لەو پاکیانەی نەدەتوانی وەبەرچاو نەگرێ، بە تایبەتییش ئەو یەکێك لە خەباتگێڕانی نۆسقۆفیش بوو. لەبەرامبەردا دیلاڤرا تەنیا سەرنجی بۆلای ئاڵۆزبوونی باڵندەکان راکێشرابوو.

بەڕێوەبەری پەرستگە گوتی:" باڵندەکان لە شەش دانە تێ ناپەڕن بەڵام بەقەد سەد دانان دەقیرێنن. جگە لەوەی بەرازێك زمانی دەرکێشاوەو بزنێك سێیانەی لەبەر چووە." بە پێداگرتنەوە درێژەی دا:" هەمووی ئەمانە لەو کاتەیەوە روو دەدەن کە نۆسقۆفی تۆ بەو بەخشیشە سێحراوییە بەختەوەری کردووین."

هەروەها هەڵدانی خێرای گوڵەکانی باغ بۆ بەڕوێوەبەر جێگەی شك‌وگومان بوو و بە پێچەوانەی سروشت دەهاتە بەرچاوی. لە کاتی رابوردن بە باغێدا باسی ئەوەی کرد کە ئێرە گوڵی وای لێن کە لە رەنگ‌و هەڵدانیان سەرت سوڕ دەمێنێ‌و ناتوانی خۆت لە بەرامبەر بۆنی

هێندێکیاندا رابگری. بەڕێوەبەری پەرستگە، هەموو رۆژێ شتێکی نائاسایی دەدۆزییەوە. دیلاڤرا لە هەر وشەیەکیڕا تێدەگەیشت کە بەڕێوەبەر لەوی بەهێزترەو بە پەلە وەڕێ کەوت تاکوو چەکەکەی تیژ بکا.

دیلاڤرا گوتی:" ئێمە نەمان گوت کە کچۆڵە شەیتان لیدراوە، بەڵکوو بەڵگە هەیە هێندێك دیاردەی شەیتانی دەتوانین قبووڵ بکەین."

بەڕێوەبەر گوتی:" ئەوەی ئێمە دەیبینین بەشی خۆی شتەکانمان بۆ دەردەخا."

دیلاڤرا گوتی: " سەیرکە، جاری وایە هەرچی دەرکی ناکەین بە ناوی شەیتانی لە قەڵەم دەدەین‌و بیر لەوە ناکەینەوە کە رەنگە لەلایەن خواوە بێ."

بەڕێوەبەری پەرستگە گوتی:" تۆماسی پیرۆز گوتوویەتی، نابێ قەت جارێکیش باوەڕ بە شەیتانێ بکەین، تەنانەت ئەگەر راستییش بڵێ. ئەمن لێبڕاوانە پابەندی ئەو قسەیەم."

بێدەنگی بەسەر نهۆمی دووەمدا زاڵ بوو. لەلایەك ژووری بەتاڵ هەڵکەوتبوون کە لە رۆژدا بە قفڵی زامیندار داخرابوون، و لەلایەکی دیکەش پەنجەرەی لیبوون کە بەرەوڕووی دەریای بەشکۆدا دەکرانەوە.

وێنەدەچوو راهیبە نوێشاگردەکان لە کارەکانی خۆیاندا بەلاڕێدا بچن،و لە راستیدا تەواوی بیرو هۆشیان بە بەڕێوەبەرو میوانەکانیەوە خەریك بوو کە بەرەو بینای زیندانێ دەهاتن.

بەر لەوەی بگەنە ژووری سییەرڤا ماریا لەو سەری دالانێ، بە پێش ژووری مارتینا راهیبەی پێشوودا رۆیشتن کە بە هۆی کوشتنی دوو کەس لە خوشکانی راهیبە کە بە چەقۆی سەربڕینێ کوشتبوونی، سزای حەبسی ئەبەدیی بۆ بڕابۆوە. ئەو هیچ کات دانی بەو تاوانەیدا نەهێنا. مارتینا یازدە ساڵی تەواو بوو لەوێدا دەژیا،و زیاتر بەهۆی هەوڵە سەرنەکەوتووەکانی بۆ راکردن بەناوبانگ بوو تاکوو تاوان. ئەو پێی خۆش نەبوو کە قبووڵ بکا زیندانی ئەبەد، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ژووری راهیبەکاندا هەیە. ئەو لەم بارەیەوە هۆی وای ریز دەکردن کە پێشنیاری دا قۆناغی سزایەکەی وەك کارەکەرێك لە خزمەت بە زیندە بەچاڵاندا تێپەڕ بکا. بەو ڕادەیەی کە هەوڵ‌و گوشاری خۆی بەکار دێنا تاوانەکەی لە خۆی دوور بکاتەوە، بەو ڕادەیەش باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەگەر لەپێناوی ئازادبوونیدا پێویست بێ، جارێکی دیکەش دەست بۆ کوشتن دەبا.

دیلاڤرا بێ ئەوەی لە بەرمبەر هەستی پشکنینی منداڵانەی خۆیدا بەرگری بکا، بە نێو ئەردە ئاسنەکانی پەنا پەنجەرەیدا لە ژوورێی ڕوانی، مارتینا رووی لێوەرگێڕان. کاتێك زانی کە

چاویان لەسەرە، گەڕایەوە لای دەرگای،و دیلاڤرا یەکسەر گیرۆدەی هێزی تیشکی ئەو بوو. بەڕێوەبەر بە پەشۆکاوی دیلاڤرای لە پەنا پەنجەرە دوور کردەوەو گوتی:

" ئاگات لەخۆ بێ، ئەم بوونەوەرە هەموو شتێکی لەدەست دێ."

دیلاڤرا پرسی:" ئەوەندە مەترسیدارە؟"

بەڕێوەبەر گوتی:" ترسناکتر لەوەیە کە بیری لێ دەکەیەوە. ئەگەر بە ویستی من بووایە، زۆر لەمێژ بوو ئازاد ببوو. ئەو سەرچاوەی هەموو ئالۆزییەکانی ئەم پەرستگەیەیە."

کاتێك ژنە ئێشکگرەکە دەرگای ژووری سیبەرڤا مارپای کردەوە، بۆگەن لە هەوای دا بلاو بۆوە. کچۆڵە لەسەر پشتێ لەسەر کورسیی بەرد بێ ئەوەی دۆشەگێك راخرا راکشابوو، دەستو پێی بە قایشێکی چەرمی بەستبوون. وەك مردووان دەچوو، بەلام چاوەکانی وەك زولالیی دەریا بوون. دیلاڤرا سەیرێکی کردو لەرزەی کەوتە ئەندامانی لەشی، ئەو دیمەنی ئەفسووناویی کچەی لەگەڵ پرچی بەروارد کردو ئارەقەیەکی ساردی دەرکرد. دیلاڤرا چاوەکانی لەسەر یەك دانان بە سەبری‌و بە هەموو هێزی نمانیەوە نزای کردو پاشان هاتەوە سەرخۆ.

ئەو گوتی:" تەنانەت ئەگەر ئەم بوونەوەرە بەستەزمانە شەیتانیش دەستی بەسەردا نەگرتبێ، کەشوهەوای دەوروبەری، ئەم دۆخەی بۆ پێك دێنێ."

بەڕێوەبەری پەرستگە وەلامی دایەوە:" شانازیمان بە نسیب نابێ، لە راستیدا کارەکەرەکان هەموو هەولی خۆیان بەکار هێنا، تاکوو بارودۆخی ژوورەکە باشتر بێ، بەلام سیبەرڤا مارایا بۆخۆی ئێرەی کردۆتە زبڵدان."

دیلاڤرا گوتی:" شەڕی من بە ئامانجی مەحکوومکردنی تۆ نیە، بەلکوو لە دژی ئەو شەیتانانەیە کە لە لەشی ویدا دەژین."

ئەو لەسەر پەنجان وەژوورێ کەوت تاکوو زبڵو زاڵ وەبەر پێیانی نەکەوێ، ئاوی پیرۆزی بە ژوورەکەدا کردو هێندێك دروشمی ئایینیی لەژێر لێودا گوتن، بەڕێوەبەر بە دیتنی پەڵەیەکی تەڕ لەسەر دیواری ترساو هاواری کرد:"خوێن!"

دیلاڤرا سەبارەت بە زوو قەزاوەتکردنەکەی سەرکۆنەی کرد:

ئاوی سوور خۆ نابێ حەتمەن خوێن بێ، باشە با خوێنیش بێ، بەلام خۆ نی شەیتانێ نیە.

" باشتر وابوو بیر لە موعجیزە بکەیەوە، و تەنیا خوا خاوەنی ئەو دەسەلاتەیە."

بەلام پەڵەکە نە نی شەیتانێ بوو و نە موعجیزەی خوا، چونکە کاتێك ئاوی سەر دیواری قسلێ وشك بۆوە، ئیدی رەنگی سووری پێوە نەما، بەلکوو بوو بە سەوزێکی تۆخ. بەڕێوەبەر سوور هەلگەرا.

راهیبەکانیش هەروەك ژنانی سەردەمی خۆیان، لە هەرچەشنە راهێنانێکی لە ئاستی بەرزدا بێبەش بوون، بەڵام بەڕێوەبەری پەرستگە هەر لە هەرەتی لاوتییەوە لە بنەماڵەی ڕێبەرانی ئایینیو مورتەدە گەورەکاندا تەمرینی مشتومڕی زانستیی کردبوو.

دیلاڤرا چاوێکی لێکردو خێرا وەڵامی دایەوە:" هیچ شتێك بەسوودتر لە گومان نیە لە کاتێکی مەعقوولدا. کتێبی ئاگوستینووسی پیرۆز بخوێنەوە."

بەڕێوەبەری پەرستگەگوتی:" بە وردی خوێندوومەتەوە."

دیلاڤرا گوتی:" کەوابوو جارێکی دیکەشی بخوێنەوە."

بەر لەوەی ئاوڕ لەکچۆڵەی بداتەوە، بە ئەدەبەوە داوای لە ژنە ئێشکگرەکە کرد ژووری بەجێ بێڵێ. پاشان بە گرنگییەکی کەمترەوە بە بەڕێوەبەری گوت:

" تکایە، ئەو داوایە ئەتۆش دەگرێتەوە."

بەڕێوەبەر گوتی:" لەسەر بەرپرسایەتیی خۆت."

دیلاڤرا وەڵامی دایەوە:" ئۆسقۆف بەرزترین پایەیە."

بەڕێوەبەر بە جۆرێك دەرهەڵبوونو پێوەدانەوە گوتی:" پێویست نیە ئەو قسانەم پێ بڵێی. ئێمە چاك دەزانین کە ئێوە خواتان بە ئیجارە هەڵگرتوە."

دیلاڤرا لێی گەڕا تاکوو بەم قسەیەی دوایی دڵخۆش بێ. لە پەنا تەختەکە دانیشتو بە وردبینیی پزیشکێك خەریکی پشکنینی کچۆڵەی بوو. ئەو هێشتا هەر دەلەرزی بەڵام ئارەقەی نەدەکرد.

کاتێك لە نزیکەوە سەیری کرد، سییەرڤا ماریا رووشاویو پەڵەیەکی شینی لەسەر بوو پێستی بەهۆی کێشرانو دەستبەندی قایش سووابووو خوێنی تێگەڕابوو. بەڵام مەترسیدارترین بەش برینی سەر گوێزینگی لاقی بوو کە هەر لەو کاتەیەوە بە خراپی دەرمان کراوە، هەمیشە گەرم داهاتوەو چلکی دەکرد.

دیلاڤرا کاتێك خەریکی پشکنینی سییەرڤا ماریا بوو بۆ بەڕێوەبەری باس کرد کە کچۆڵە نەك بۆ عەزابدانێ، بەڵکوو بۆ ئەگەری ئەوەی کە شەیتانێك چووبێتە نێو لەشیەوە تاکوو رووحی بە تاڵان بەرێ، هێنراوەتە ئێرە.

ئەو پێویستیی بە یارمەتیی بەڕێوەبەر هەیە تاکوو راستییەکەی بۆ دەرکەوێ. هەرچۆنێك بێ، ئەگەری ئەوەکە کچۆڵە گوێی لە قسەکانی ئەوان بووە، یان بەوەی زانیوە کە پێداگریی ئەو لەسەر دوایەکەی لە دڵەوە بوو، رێی تێنەدەچوو.

دوای پشکنین، دیلاڤرا داوای کرد جانتا بچووکەکەی دەرمانانی بۆ بێنن. ڕاهیبە بەرپرسەکە بە دەرەنگەوە هاتە ژوورێ. ئەو برینەکەی بە ڕۆنی داماڵیو هەتوانی لەسەر بەستو بە فوویەکی ئارام لە گەرمای برینەکەی کەم کردەوە، و سەری سوڕ مابوو کە کچۆڵە ئەو ژانەی چۆن تەحەممول کردوە. سییەرڤا ماریا وەڵامی هیچ کام لە پرسیارەکانی ئەوی نەدایەوە. ڕێنوێنییەکانیی بەدڵ نەبوونو گلەییشی لە هیچ نەبوو.

ئەمە سەرەتای شەڕێکی نازایانە بوو کە دیلاڤرا تاکوو بەندەری ئارامی کتێبخانە درێژەی دەدا. ئەوێ گەورەترین خانووبەرەی ئۆسقۆفی بوو کە تەنانەت پەنجەرەیەکی بۆ دەرەوە تێدا نەبووو دیوارەکان بە کۆمێدی ماهاگوونی شووشەیی داپۆشرابوونو کتێبێکی زۆری بە سیستەمێکی تایبەتییەوە لەنێودا ڕیز کرابوون. لە نێو مێزێکی گەورەدا کارتی کەشتی ئاژووتن، دەزگای چاوەدێریی کەشو هەوا، و ئامرازەکانی دیکەی دەریاگەڕی دانرابوون. جگە لەوەش، ئەتڵەسێکی تۆپی، کە نەخشەکێشانی ئەو سەردەمەی لە ئەندازەگرتنی چۆنیەتیی پانبوونەوەی جیهان وێڕای زاراوەو دەسخەتەکانی خۆی، کە هەڵەیان تێدا بوو. لە بەشی خوارەوەدا مێزێکی کاریی گوندی کە مەرەکەب، کاردێکی ئاسکی نامان، قەڵەمێکی پەڕی قەلێ، سەعاتی خیزیو گوڵدانێك بە مێخەکێکی ژاکاوەوەی لەسەر بوو. نیوەی ژوورەکەی تاریكو ڕوون بوو و بۆنی کاغەزی عەمبارکراو، ساردیو ئارامیی لێڕواری هەبوو.

لە هۆڵی تەنگەبەری پشتەوە، قەفەزەیەکی بەچەند ڕیزی داری سادەو دەرگای داخراوەوە لێ بوو. ئێرە زیندانی کتێبە قەدەغەکراوەکان بوو کە لەلایەن دادگای پشکینینی بیرو باوەڕەوە سەبارەت بە " بێڕێزی بە شتە پیرۆزەکانو نووسراوەی چیرۆكو داستانی داهێنراو " خرابوونە ئەم ڕیزەوە. جگە لە کایەتانۆ دیلاڤرا هیچ کەس بۆی نەبوو بچێتە ئەوێ، ئەویش بە ئیزنی کاربەدەستانی پاپی مەزن بۆ ئەوەی بتوانێ لە بارەی بنەمای نووسراوە قەدەغەکراوەکانەوە لێکۆڵینەوە بکا.

کتێبخانە کە چەندین ساڵان بەندەری ئارمیی ئەو بوو، پاش ناسینی سییەرڤا ماریا لێی بوو بە دۆزەخ. ئەو ئیدی نەی دەتوانی لەگەڵ دۆستە کلێساییو ئەم دنیاییەکانی کۆڕ ببەستێ، لە پێشبڕکێ ئەدەبییەکاندا بەشدار بێو شەوانی مۆسیقا بەڕێوە بەرێ. دەردی وی لەوەدا کورت کرابۆوە کە سەر لە شارەزایی شەیتان دەربکا، و بەر لەوەی بچێتەوە پەرستگە پێنج شەوو ڕۆژان لەم بارەیەوە خوێندییەوە. ڕۆژی دوو شەممەی کاتێك ئۆسقۆف دیتی بە هەنگاوی پتەوەوە لە شوێنەکەی دەچێتەدەر پرسی:" چ هەستێکت هەیە؟"

دیلاڤرا گوتی:" رووحی پیرۆز تینوتەوژمی پێ بەخشیوم."

عەبایەکی درێژی کەتانیی سادەی لەبەردا بوو کە حاڵەتی دارشکێنی بەهێزی پێ دابوو، رووحی خۆی لەبەرامبەر گوناه دا چەکدار کردبوو. ئەوە پێویستیی بەم تاڵییە هەبوو. ژنە ئێشکگر سلاوی ئەوی بە کڕنۆش وەڵام دایەوەو سییەرڤا ماریا بە حاڵەتی تووڕەییەوە پێشوازیی لێکرد. بڵاوبوونی پاشماوەی خواردنو پیسایی لە سەرگۆڕی ژووریّ، هەناسە هەڵکێشانی بۆ بە زەحمەت کردبوو. لەسەر مێحرابێ، لە پەنا تیشکی نەمریدا، خواردنی ئەو رۆژە بە دەست لێنەدراوی مابۆوە. دیلاڤرا قاپەکەی هەڵگرتو کەچکێك لووبیای تێکەڵ بە کەرەی بۆ زاری کچۆڵەی برد. سییەرڤا ماریا خۆی کێشایەوە. چەندین جار داوای لێکردو دژکردەوەی کچە وەك جاری هەوڵێ بوو. دیلاڤرا کەچکێك لووبیای لە زاری خۆی نا، تامی کردو بێ ئەوەی بیجوێ بە حاڵەتێکی بەڕاستی بێزهێنەرانە لە قاپەکەی کردەوە.

دیلاڤرا گوتی:" راست دەکەی. زۆر ناخۆشە."

کچە کەمترین سەرنجی پێنەدەدا. کاتێك خەریکی دەرمانی گوێزینگی سووتاوی بوو، مووی لیدەبووە نەشتەرو ناوی لە چاوان دەگەڕا. پێی وابوو بەسەر کچەیدا زاڵ بووە، بە نارەناری شوانێکی میهرەبان نارامی دەکردەوەو سەرەنجام غیرەتی وەبەرخۆی نا قایشی دەستو پێیانی بکاتەوە، تاکوو لەشی ماندووی بحەسێتەوە. کچۆڵە چەند جار قامکەکانی خوارکردنەوە تاکوو هەست بکا پێوەندیان بە خۆیەوە هەیە،و لاقە سڕەکانی دەرباز بوون لە بەندێی راکێشان. ئینجا بۆ یەکەم جار سەیرێکی دیلاڤرای کرد، هەڵیسەنگاندو پاش هەڵسەنگاندن، بۆ مەبەستێكو بە هێزی گیانلەبەرێکی دڕندە خۆی هاویشتە دیلاڤرای. ژنە کارەکەرەکەیارمەتیی دا دەستو لاقی بگرنو بیانبەستن. دیلاڤرا بەر لەوەی ژووری بەجێ بێڵێ، تەسبیحێکی لە داری سەندەڵ لە گیرفانی دەرێناو بە ملوانکەی سانتەریای سییەرڤا ماریای هەڵاوەسی.

کاتێك نۆسقۆف ئەوی بە دەموچاوی رووشاوو دەستی بریندراوی لە کاتی رۆیشتندا دیت، نیگەران بوو، تەنانەت چاولێکردنێکی کەمیش لە دیلاڤرای هەر ناخۆش بوو. بەڵام کاردانەوەی دیلاڤرا کە برینی دەستی خۆی وەك سەرکەوتنێك لەشەڕدا نیشان دەداو لە بارەی مەترسیی تووش بوون بە هاریدا قسەی خۆش کردبوون، ببووە هۆی نیگەرانیی زیاتری نۆسقۆف. داوا لە پزیشکی نۆسقۆف کرا بە وردی درێژە بە چارەسەرەکان بدا، چونکە دیلاڤرا لەو کەسانە بوو کە لە مانگگیرانی دوو شەممەی داهاتوودا، سەرەتای کارەساتێکی گەورەیان بەدی دەکرد.

مارتینا لابوردە بکوژی راهیبەکان، بەپێچەوانەی چاوەڕوانی، بەبێ کەمترین بەربەرەکانی لەلایەن سییەرڤا ماریاوە وەرگیرا.

مارتینا تەواو بە ڕێکەوت لەسەر پەنجەی پێ لە ژووری وی نزیك ببۆوەو سەیری کردبوو کە دەستو پێیان لە تەختی خەوێ بەستوە. کچۆڵە لەسەر هەست بوو، بە وردیو بە وشیارییەوە سەیری مارتینای کردو سەرەنجام پێکەنینێکی پێشکێش کرد. مارتیناش پێکەنیو بێ هیچ مەرجێك تەسلیم بوو. کەش‌وهەوایەك بوو کە دەتگوت رووحی دومینگا نادڤینتۆ هەوای ژوورەکەی پڕکردوە.

مارتینا بۆ کچۆڵەی باس کرد، کە کێیەو بۆ دەبێ پاشماوەی ژیانی خۆی لێرە بەرێتەسەر، هەرچەند زۆر لەوانەی سوێندیان بۆ بێ تاوانیی ئەو خواردبوو، تەقریبەن بۆچوونیان گۆڕابوو. کاتێك هۆی زیندانیکرانی سییەرڤا ماریای پرسی، کچۆڵە دەی توانی خێرا بڵێ، لە بارەی دژایەتیی ئەو لەگەڵ شەیتان چ دەزانێ؟:

" شەیتانێك لە دەروونی من دایە."

مارتینا کچۆڵەی لە حاڵی خۆیدا بە جێ هێشت، چونکە پێی وابوو درۆیە دەکا یان درۆیان بۆ ساز کردوە. ئەو نەیدەزانی کچۆڵە لەو دەگمەن سپی پێستانەیە کە لەگەڵی راست بووە. مارتینا داوای لێکرد تاکوو هونەری میلدۆزیی ئەو بە تاقی بکاتەوە. سییەرڤا ماریا داوای لێکرد دەستەکانی بکاتەوە تاکوو بتوانێ تاقیی بکاتەوە. مارتینا ئەو مەقەستانەی لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەی میلدۆزی لە گیرفانی مانتۆیەکی دابوون، پێ نیشان دا.

مارتینا پێی گوت:" ئەگەر دەتەوێ با گرێیەکان بکەمەوە. بەڵام پێت دەڵێم کارت پێم نەبێ، دەنا دەتوانم بتکوژم."

سیەرڤا ماریا گومانی لە مکووڕبوونی مارتینا نەکرد. دەستو پێی کچۆڵەی کردەوەو بە ئاسانی و گوێڕایەڵی هێندێك بەشی بە میل چنیو شێوەی یاریی تینۆرییەی فێر بوو. مارتینا پێش ڕۆیشتنی بەڵێنی پێ دا، ئیزن وەربگرێ ڕۆژی دوو شەممە هەردووکیان بتوانن سەیری ڕۆژگیرانێ بکەن.

بەرەبەیانیی هەینی پاسارییەکان بە پێکهێنانی قەوسێکی گەورە لە پانتایی ئاسماندا ماڵاواییان کردو وێڕای ئەمەش بە جیقنەی بۆن ناخۆشی رەنگ ئینندیگووس دەسرێژیان لە شەقامی بانەکان کرد. تاکوو تاوی نیوەڕۆ جیقنە شلو چەسپییەکانی وشك نەکردەوەو با هەوای نەگۆڕی، تەقریبەن خەوو خۆراك حەرام بوو. بەڵام ترس درێژەی هەبوو. کەس شتی وای وەبیر نەدەهات کە پاسارییەکان لە کاتی فڕیندا جیقنە بکەنو بۆگەنیوەکەیان ژیانیان لێ تاڵ بکا.

لە پەرستگە دیارە کەس گومانی نەبوو کە سییەرڤا ماریا ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە بتوانێ ڕێگەی باڵندەکان بگۆڕێ. تەنانەت دیلاڤراش کە پاش نزای ڕۆژی یەکشەممە قەرتاڵەیەکی نانی شیرین کڕیو بە دەرگای سەرەکیدا دەڕۆیشت، زانی هەوای ناخۆشە. سییەرڤا ماریای کا، بگەڕییەکی تەواو

خراپی هەبوو، بەڵام هێشتا تەسبیحی داری سەندەڵی بە ملییەوە هەڵداوەسی، جوابی سەلامێی لە بیر نەدەچووو نیزنی بەکەس نەدەدا چاوی لێ بکا. دیلاڤرا لەپەنا کچۆڵەی دانیشت، تیکە پەنیرێکی نەرمی لە قەرتاڵەکەی دەرێنا بە تامو چێژەوە خەریکی جووتنی بووو بە زاری پڕەوە گوتی:

" چێژێکی ئاسمانیی هەیە."

نیوەی پەنیرەکەی لەبەر دەمی کچەی راگرت. ئەو خۆی کێشایەوە، بەڵام وەك جاری پێشێ بەرەو دیواری رانەوەستا، بەڵکوو دە دیلاڤرای گەیاند کە ژنە نێشکگرەکە بە دزییەوە سەیری وی دەکا.

دیلاڤرا بە هەموو هێزییەوە دەستی بۆلای دەرگا راداشت.

فەرمانی کرد:" برۆ ون بە."

هەرکە ژنە نێشکگرەکە بزر بوو، کچۆڵە ویستی بە خواردنی تیکە پەنیرێك برسییەتییەکەی نەیەڵێ، ئەو بەشەی رۆکردەوە کە قەپاڵی لیدا بوو و گوتی:" تامی جیقنەی پاساریی لێ دێ."

هەرچۆنێك بێ وەزعی کچۆڵەی گۆڕابوو. کچۆڵە بە چارەسەری برینەکانی پشتی کە دەزوورانەوە بۆخۆی چووە پێش،و بۆ یەکەمجار کاتێ زانی دەستی دیلاڤرای برینی تێکەوتوە، سەرنجی دایە. بە پاکییەکی دوور لە فرتوفێڵ لێی پرسی، چ بووە.

دیلاڤرا گوتی:" دێڵە سەگێکی هاری بچووك، بە دەمێکی درێژی بەقەد ئانیشك، دەستی گەزستووم."

سییەرڤا ماریا دەیەویست برینەکەی ببینێ، دلیلاڤرا لەفافەکەی هەڵگرتو کچۆڵە بە قامکی شەهادە شوێنی برینەکەی کە کەمێك سوورو رەش هەڵگەڕابوو، بەجۆرێك لەمس کرد کە وەك بڵێی خەڵوزی داگیرساوە،و بۆ یەکەم جار پێکەنی.

گوتی:" ئەمن لە تاعوونێ خراپترم."

دیلاڤرا لەجیاتی ئەوەی وەڵامێکی ئینجیلیی بداتەوە، دەقی قسەیەکی گارسیلاسۆی گێڕایەوە:" زۆر جار ئازایەتیت دەبێو بەو ئازایەتییەوە دەردو مەینەتان دەچێژی."

دیلاڤرا لە دانپێداهێنان بە شتێکی لەنەکاو دێوەزمەیەك کە لە ژیانیدا دەستی پێ کردوە، رەنجاو رۆیشت. لە کاتی چوونەدەردا، ژنە نێشکگرەکە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە پێی راگەیاند کە هێنانی خۆراك لەدەرەوەڕا قەدەغەیە، چونکە ئەگەری ئەم مەترسییە هەیە وەك سەردەمی گەمارۆ، یەکێك خواردنی ژەهراوی بنێرێ. دیلاڤرا بە درۆ گوتی ئەو قەرتاڵەکەی بە ئیزنی ئۆسقۆف هێناوەو بە ئەنقەست رەخنەی لە خواردنی خراپی زیندانییەکان گرت، ئەویش لە پەرستگەیەکدا کە بە خواردنی باش بەناوبانگ بوو.

لە کاتی نانخواردنی ئێوارێدا دیلاڤرا بە شەوقێکی تازەوە نامەکانی بۆ ئۆسقۆف خوێندنەوە. ئەو وەك هەمیشە لەگەڵ ئۆسقۆف دوعای شەویان خوێندەوەو چاوەکانی داخستن تاکوو بتوانێ باشتر بیر لە سییەرڤا ماریا بکاتەوە. زووتر لە کاتی دیاریکراودا چووە کتێبخانە، بیری لە سییەرڤا ماریا کردەوە،و هەرچی زیاتر فکری لیدەکردەوە، ئەوەندەش هەستی بە پێویستیی زیاتر دەکرد تاکوو بیر لەوی بکاتەوە. دیلاڤرا سۆناتای ئەوینی گارسیلای بە دەنگی بەرز دەخوێندەوەو ترسی لە گومانی خراپ هەبوو کە نەوەکوو لە هەر دێڕێکدا رازێکی شاراوە هەبێ کە کەم تا زۆر پێوەندیی بە ژیانی ئەوەوە هەبێ. نەیتوانی بنوێ. لە تاریكو روونی بەیانیدا لەسەر مێزی کارەکەی بەلادا هاتو سەری وەسەر کتێبێکی کرد کە نەیتوانیبوو بیخوێنێتەوە. لە قوولایی خەونەکانی خۆیدا، لە کاتی عیبادەتی بەیانیدا رۆژ داهات، لە ژووری تەنیشتی کلێسا، پارچە مۆسیقای بە پیانۆ بیست. دیلاڤرا لە خەونییدا دەیگوت:" خوا ئاگادرات بێ ماریا دیتودووس لۆس ئانجیلیس." بە ورێنەی دەنگی خۆی وەخەبەر هاتو سییەرڤا ماریای بە رووپۆشی پەرستگە و ئالقەی بسکە بریقەدارەکەی سەر شانیەوە دیت کە چۆن مێخەکە ژاکاوەکانی تورِ هەڵدانو دەستەگوڵێکی تازە پشکووتووی لە گوڵدانێ هاویشتو لە سەر مێزی دانا. دیلاڤرا بە دەربڕینێکی ئاگرینەوە باسی لە گارسیلاسۆ دەکرد:" سەبارەت بە تۆ لەدایك بووم، بۆتۆ دەمرم، ئەمن سەبارەت بەتۆ دەمرم." سییەرڤا ماریا بێ ئەوەی ئەو ببینێ، زەردەیەکی هاتێ. دیلاڤرا بۆ ئەوەی دڵنیا بێ، خەونو خەیاڵ نیە، چاوەکانی لەسەریەك دانان. کاتێك هەڵیهێنانەوە، خەونەکەی رەویبۆوە، بەڵام لە کتێبخانە لە بۆنی دەستەگوڵ داوەستابوو.

٤

ئۆسقۆف، باوکە کایەتانۆ دیلاڤرای بانگهێشتن کرد تاکوو لەبن کەپری پڕ لە گوڵی پیاڵەیی زەردەدا دانیشنو چاوەڕێی کاتی ڕۆژگیران بن. ئەم کەپرە تەنیا شوێنی ماڵێ بوو دەریاو ئاسمانی لێڕا دیار بوو. کەڵکەکەکان بە باڵی پانو کراوەی خۆیان لە عاسمانێ نەدەجوولاَن. وەك بڵێی لەکاتێکدا کە هەڵدەفڕن، مردوون. ئۆسقۆف بە ئارامی خۆی باوەشێن دەکرد. ئەو لەنێو جۆلانەی خۆیدا کە بە دوو پەت بە گیرەیەکەوە توند بەسترابوو، پاڵی دابوّوەو خەریکی بەسەربردنی حەسانەوەی پاشنیوەڕۆی خۆی بوو. لە پەنا وی دیلاڤرا لە نێو کورسیی ڕاحەتدا جینگڵی دەدا. بەزەیی خوا بەسەر هەردووکیاندا باریبوو، ئەوان شەربەتی تەمری هیندییان پێدا دەکردو لەسەربانی سواڵەتییەوە سەیری ئاسمانی ساوو دووردەستیان دەکرد. کەمێك پاش سەعات دوو، ئاسمان بەرەو تاریکی چوو. باڵندەکان هاتنەوە نێو هێلانەکانیانو هەموو ئەستێرەکان لە یەك کاتدا بریسکانەوە. سەرماو سۆزێکی نا ئاسایی جیهانی غافڵگیر کرد. ئۆسقۆف دەنگی ئەو کۆترانەی بیست کە بە گمەگم لە تاریکیدا بە دوای دەنگی باڵی ئەوانی دیکەدا گەڕان.

ئۆسقۆف ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:" خوا ئەوەندە گەورەیە کە تەنانەت باڵندەکانیش هەست بە بوونی دەکەن."

ڕاهیبەیەك کە لەو کاتەدا لەسەر کار بوو، چرایەکی نەوتیی بە شووشەی دووکەڵاوییەوە بۆ ئۆسقۆف هێنا تا بتوانێ ڕۆژێ ببینێ. ئۆسقۆف لەسەر جۆلانەکەی ڕاست بۆوەو بۆ دیتنی ڕۆژگیرانێ بە شووشەی چراو نەوتێ خۆی ئامادە کرد.

ئەو گوتی:" دەبێ بە چاوێکی سەیری بکرێ."و لەکاتێکدا دەیەویست دەنگی هەناسەکانی کۆنترۆڵ بکا درێژەی دا:" ئەگینا مرۆڤ تووشی هەڵە دەبێو هەردوو چاوەکانی لەدەست دەدا."

دیلاڤرا بێ ئەوەی سەیری ڕۆژگیرانێ بکا، هێشتا شووشەی چرای بەدەستەوە بوو. ئۆسقۆف پاش بێدەنگییەکی دوورودرێژ لە تاریکیدا چاوی بۆ گێڕاو تێگەیشت کە چاوەگەشەکانی بەهۆی جادووی ئەوە شەوە درۆیینە جووڵەیان نایە.

ئۆسقۆف پرسی:" بیر لە چ دەکەیەوە؟"
دیلاڤرا وەڵامی نەدایەوە. ئەو سەیری رۆژێی دەکرد کە وەك مانگ خەریك بوو ئاوا دەبێ‌و شووشەی چرای ئەوتێی بە چاوییەوە گرتبوو زەرەر بە چاوی نەگا. بەڵام هەروا خەریك بوو چاوی لە رۆژ دەکرد.
ئۆسقۆف گوتی:" ئەتۆ ئێستاش هەر خەریکی بیر لە کچۆڵەی دەکەیەوە؟"
کاپەتانۆ ترسا، هەرچەند زۆر جاران لە روانگەی ئۆسقۆفەوە زیاد لە رادە ئاسایی دەردەکەوت، بەڵام ئۆسقۆف قامکی لەسەر شوێنێکی حەساس دانابوو.
کاپەتانۆ گوتی:" خەریك بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم جەماعەتە نزمە دەتوانن مەینەتیی ئەم کچۆڵەی بەرنەوە سەر رۆژگیرانێ."
ئۆسقۆف بێ ئەوەی چاو لەسەر ئامانێ هەڵگرێ، سەری لەقاند.
" چۆن دەزانی وا نیە؟ دۆزینەوەی رازو نهێنییەکانی خوا کارێکی ئاسان نیە."
دیلاڤرا وەڵامی دایەوە:" ئەستێرەناسانی ئاسووری هەزارن ساڵ لەوە پێش ئەم رووداوەیان پێشبینی کردوە."
ئۆسقۆف وەڵامی دایەوە:" ئەمە وەڵامی یەسووعییەکە."
کاپەتانۆ بەهۆی ئاڵۆز بوونی فکری، زۆر بە ئاسانی بە بێ شووشە چاوی دەرۆژێیەوە بڕی. نزیکەی سەعات دوو و دوازدە دەقە رۆژی وەك پەڕێکی تەوا رەش دیت‌و چرکەیەکی پتر نەکێشا و وەك نیوەڕاستی شەوێی لێ هات. پاشان رۆژ هاتەوە سەر دۆخی ئاسایی‌و کەڵەبابەکان وەك هەموو بەیانیان بانگیان دا. کاتێك دیلاڤرا دەستی لە سەیرکردنێ هەڵگرت، بازنەی ئاگرینی هێشتا لە چاوەکانی خۆیدا هەست پێدەکرد.
بە تام‌و چێژەوە گوتی:" ئەمن هێشتا رۆژگیرانێ دەبینم، سەیری هەرکوێ بکەم دەیبینم."
ئۆسقۆف شانۆیەکەی بە تەواوبوو راگەیاندو گوتی:" ئەم حاڵەتە هەتا چەند سەعاتی دیکە نامێنێ." پاشان لەنێو جۆلانەیدا دانیشت، لاقەکانی راکێشان، باوێشکێکی داو سەبارەت بە رۆژێکی نوێ سوپاسی خواوەندی کرد.
دیلاڤرا سەرەهەودایەکەی ون نەکردبوو.
ئەو گوتی:" باوکی بەڕێز، لەگەڵ هەموو رێزم لە ئاخمەوە، پێم وا نیە شەیتان لە نێو لەشی ئەم بوونەوەرەدا هێللانەی کردبێ."
ئینجا ئۆسقۆف بەڕاستی سەبری نەمابوو.

" بۆ ئەم قسەیەی دەکەی؟"

دیلاڤرا گوتی:" چونکە پێم وایە کچۆڵە بە تەواوی وێران کراوە."

نۆسقۆف گوتی:" ئێمە بەڵگەی پێویستمان هەیە. نەکا فایلەکانت نەخوێندبێتەوە؟"

بۆچی. دیلاڤرا هەموویانی بە تەواوی‌و بێ کەم‌وکورتی خوێندبۆوە، بەڵام فایلەکان زیاترو وردتر ڕەنگدانەوەی خوو و خدەی بەڕێوەبەر بوو تاکوو چۆنیەتیی وەزعی سییەرڤا ماریا. شەیتان دەرکردن لە هەموو جێیەك، چ لەو شوێنەی کە بەیانیی زوو ئەو ڕۆژەی هێنایان لێی بوو، چ لە هەر جێگایەکی دیکە بێ کە دەستی لێ دابوو، بەڕێوە چووبوو. هەرکەس پێوەندیی لەگەڵ بووایە دەبووا بەڕۆژوو بێ‌و پاك بووبایەوە. ڕاهیبەیەکی نوێشاگرد کە ڕۆژی یەکەم ئەنگوستیلەکەی دزیبوو کاری قورسی لە باغچەی سەوزەدا بەسەردا سەپا. دەیانگوت سییەرڤا ماریا نێرییەکی بە دەستی خۆی کوشتۆتەوە، لەت‌وکوتی کردوەو پاشان گون‌و چاوەکانی دەرهێناون‌و بە بەهاراتی تیژ لە هەڵمی چەورایی بەرازێدا لەسەر ئاگر لێی ناوەو خواردوویەتی. ئەو لێهاتووییەی کە لە زماندا هەیبوو کارەکەی لەخۆی تێك دابوو. چونکە زمان ئەو دەرفەتەی بۆ پێك هێنابوو لەگەڵ ئەو ئەفریقاییانەی لە خێڵی جۆراوجۆر بوون پێوەندیی باشتری هەبێ تا لەگەڵ خەڵکی دیکە، ﴿ کەوابوو ﴾ تەنانەت نەیدەتوانی لەگەڵ هەموو ئاژەڵێك، هەر ئاژەڵێك بێ، قسە بکا. بەیانیی ڕۆژی دوای هاتنی، یازدە تووتیی نێو قەفەس، کە بیست ساڵی تەواو بوو ئەو شوێنەیان ڕازاندبۆوە، بەبێ هۆ گیانیان لەدەست دا. کچۆڵە بە گوتنی گۆرانییە شەیتانییەکان کارەکەری گومڕا کردبوو و چونکە دەیزانی بەڕێوەبەری پەرستگە بەدوایدا دەگەڕێ، خۆی وا لێکردبوو بە چاو نەبینرێ.

دیلاڤرا گوتی:" لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، پێم وایە، ئەوەی لەبەرچاوی ئێمە وەك شەیتان دەنوێنێ، تەنیا خوو خدەی ڕەشەکانە کە لەبەر کەمترخەمیی دایك‌و بابی، کچۆڵە لاسایان دەکاتەوە."

نۆسقۆف بە ئاگای هێنایەوە:" ئاگات لەخۆ بێ! دوژمن باشتر دەتوانێ کەڵك لە شعووری ئێمە وەربگرێ تاکوو لە هەڵەکانمان."

دیلاڤرا گوتی:" ئەگەر ئێمە شەیتانێ لە بوونەوەرێکی ساغ دەربکەین گەورەترین بوارمان بۆ دوژمن پێك هێناوە."

نۆسقۆف تووڕە بوو.

" دەبێ وای بۆ بچم کە گوێڕایەڵی فەرمانەکان نی؟"

دیلاڤرا گوتی:" باوکی بەڕێز، دەبێ بزانی کە منیش ئیزنم هەیە جێگەیەك بۆ شك‌وگومانی خۆم بێڵمەوە، بەڵام بەو پەڕی تەوازوعەوە ملکەچم."

بۆ ئەوەی کە قەناعەتی بە ئۆسقۆف هێنابێ دیسان چۆوە پەرستگە. چاوی چەپی خۆی بەستبوو، بە فەرمانی پزیشك دەبووا تاکوو چاکبوونەوەی یەکجاریی برژانەوەی قەرنیەی چاوی کە لە رۆژگیرانێ‌دا زیانی پێ گەیشتبوو، ببەسرێ. ئەو هەستی بەو چاوانە دەکرد کە لە کاتی رۆیشتن بە باغدا،بە دالآنەکاندا تا بینای زیندان لەسەری بوون. بەڵام کەس قسەی لەگەڵ نەدەکرد. ئێستا هەموو دانیشتوانی پەرستگە دەیان توانی تا رادەیەك چێژ لە رۆژگیرانێ وەربگرن.

کاتێك ژنە ئێشکگرەکە رێگەی دا بچێتە ژووری سییەرڤا ماریا، دیلاڤرا هەستی کرد دڵی لە نێو سینگیدا دەتۆقێ‌و بە زەحمەت نەیدەتوانی لەسەر پێ راوەستێ. تەنیا بۆ ئەوەی لە بەیانیی ئەمڕۆدا چۆنیەتیی وەزعی کچۆڵەی هەڵسەنگێنێ، پرسی داخوا رۆژگیرانی دیوە. کچۆڵە بەڕاستی لەسەر بالکۆنێڕا دیتبووی. سییەرڤا ماریا تێ‌نەدەگەیشت کە بۆچی دیلاڤرا دەبێ چاوی ببەستێ، چونکە بۆخۆی بەبێ هیچ پارێزێك سەیری رۆژێی کردبوو و هیچی لێ نەهاتبوو. سییەرڤا باسی ئەوەی کرد کە راهیبەکان لەسەر چۆکان سەیری رۆژگیرانیان دەکرد و هەموو کارەکانی پەرستگە پەکیان کەوتبوو. هەتاکوو بانگی کەڵەبابەکان بیسترا. بەڵام ئەوە شتێك نەبوو کە لە دنیایەکی دیکەڕا هاتبێتە بەرچاوی.

کچۆڵە گوتی:" ئەوەی کە هەموو شەوێ دەکرێ ببینرێ، ئەمن دیتم."

لە دەروونی کچۆڵەیدا شتێك گۆڕابوو، بەڵام دیلاڤرا نەیتوانی بەوردی بۆی دەرکەوێ. دیارترین نیشانە تەمێك لە غەم بوو کە لە روخساری نیشتبوو. ئەو بەهەڵە نەچووبوو. هەر کە پشکنینە پزشکییەکانی خۆی دەست پێ‌کردکچە بە چاوی نیگەرانەوە، سەیری ئەوی کرد و گوتی:

" ئەمن دەمرم."

دیلاڤرا ترسا.

" کێ وای پێ گوتووی؟"

کچۆڵە گوتی:" مارتینا."

" ئەوت دیت؟"

سییەرڤا ماریا بۆی باس کرد مارتینا دووجار هاتۆتە ژوورەکەی تاکوو فێری میلدۆزیی بکاو پێکەوە سەیری رۆژگیرانێ بکەن. کچۆڵە گوتی مارتینا باش‌و میهرەبانەو بەڕێوەبەری پەرستگە ئیزنی داوە لەسەر بالکۆن فێری میلدۆزی بێ، و لەوێڕا دەکرێ ئاوابوونی رۆژێ لە دەریادا ببینێ.

دیلاڤرا بێ ئەوەی چاو بتروکێنێ گوتی:" ئاوا. پێی نەگوتی کەنگێ دەمری؟"
کچۆڵە سەری جووڵاند، پێشی خۆی گرتو لێوەکانی قووچاندن، تاکوو نەگریە.
" پاش ڕۆژگیرانێ."
دیلاڤرا گوتی:" پاش ڕۆژگیرانێ دەتوانێ هەتا سەدەیەك درێژە بکێشێ."
دیلاڤرا دەبووا هۆشی خۆی لەسەر چارەسەرەکەی خڕ بکاتەوە تاکوو کچۆڵە نەزانێ کوڵی گریانێی لە گەرووداپە. سییەرڤا ماریا ئیدی هیچی نەگوت. دیلاڤرا سەری لە بێدەنگی وی سوڕمابوو، جارێکی دیکە سەیری کردو زانی چاوی پڕ بووە لە ئاو.
کچۆڵە گوتی:" ئەمن دەترسم."
خۆی هاویشتە سەر تەختێو بەکوڵ گریا. دیلاڤرا لە کچۆڵەی نزیکتر بووەو هەوڵی دا بە ئامرازی دانپێداهێنانی باوکی پیرۆز ئارامی بکاتەوە. لێرەدا بوو کە سییەرڤا ماریا زانی دیلاڤرا نەك هەر پزیشکی چارەسەریەتی بەڵکوو جندووکانیش دەگرێ.
کچۆڵە پرسی:" بۆچی چارەسەرم دەکەی؟"
دیلاڤرا لە کاتێکدا دەنگی دەلەرزی:
" چونکە زۆرم حۆش دەوێی."
سییەرڤا ئازایەتیی ئەوەی بە جیددی نەگرت.
دیلاڤرا لە کاتی گەڕانەوەدا چووە ژووری مارتینا. بۆ یەکەم جار لە نزیکەوە ئەوی دیت، مێکوتە پێستی دەموچاوی خواردبوو، تۆقی سەری کەچەڵ بوو، لووتی زۆر گەورە بووو ددانەکانی وەك نی جرجەمشکێ دەچوون، بەڵام بریسکانەوەی ئەو بریسکانەوەیەکی جیسمانی بوو کە کەشوهەوایەکی تایبەتیی هەبوو. دیلاڤرا وای پێ باش بوو لە بەر دەرگایە قسەی لەگەڵ بکا.
ئەو گوتی:" ئەم کچە هۆی پێویستی بۆ فەوتان هەن، داوات لێ دەکەم هۆی دیکەی بۆ دامەتاشە."
مارتینا سەری سوڕمابوو. قەت شتێکی وای بە مێشکی دانەهاتبوو کە مردنی یەکێکی پێشگۆیی بکا، چ بگا بە کچۆڵەکی جوانو بەستەزمان. ئەو تەنیا لە حاڵی سییەرڤا ماریای پرسیبوو کە هەموو شتێك بە سێ یان چوار وەڵام دەبڕایەوە کە کچۆڵە بە ناچاری درۆی دەکرد. بەو جیددییەتەوە کە مارتینا قسەی دەکرد، بەس بوو بۆ ئەوەی دیلاڤرا تێ بگا کە سییەرڤا ماریا درۆی لەگەڵ ئەویش کردوە. دیلاڤرا سەبارەت بە هەڵسوکەوتی بەپەلەی لەگەڵ ئەو داوای لێبووردنی کردو داوی لێکرد کچۆڵەی سەرکۆنە نەکا.

دیلاڤرا گوتی:" ئێستا چاك دەزانم كە دەبێ چ بكەم."

مارتینا ئەوی لە لەفافەیەكی جادووی وەرپێچاو گوتی:" ئەمن دەزانم جەنابت كێی، و دەشزانم كە بەراستی چ دەكەی."بەڵام دیلاڤرا لەم ناكام گیرییە كە سییەرڤا ماریا پێویستیی بە یارمەتی مرۆڤەكان نیە تاكوو لە تەنیایی ژووریدا لە ترسی مەرگ رزگاری بێ، نارەحەت بوو.

لە حەوتوویەكدا دایكە ژۆزێفا میراندا نامەیەكی درێژی بە خەتی خۆی بۆ ئۆسقۆف نووسی كە پڕ بوو لە رەخنەو گلەیی. ئەو داوای كردبوو كە لە پێوەندی لەگەڵ سییە ڤادا بەپرسایەتی لە كلاریسیەنەكان بستێنێتەوە. چونكە میراندا بوونی ئەوی وەك سزایەك بۆ كەفارەتی گوناهە كۆنەكان سەیر دەكرد. ئەو هێندێك لە رووداوە نائاساییەكانی ناو بردبوون كە لە فایلەكاندا تۆمار كراونو هەموویان تەنیا لە یەكگرتنی پڕ لە شوورەیی كچۆڵە لەگەڵ شەیتاندا پێناسە دەكران. لە ئاخیرێشدا گلەیی لە رەفتاری خۆبەزلزانانەی كایەتانۆ دیلاڤرا، بیركردنەوی ئازادانەی ئەو، رقی تایبەتیی لە میرانداو هەروەها پشتگوێ خستنی رێسای سیلسیلە مەراتبو بردنی خواردن بۆ نێو پەرستگە، كردبوو.

هەركە میراندا چۆوە ماڵێ، ئۆسقۆف نامە دووردرێژەكەی بە دیلاڤرا نیشان داو بە پێوە چاوێكی بە نامەكەدا خشاند، بێ ئەوەی ماسولكەكانی دەموچاوی تێك چرژێن. لە كۆتاییدا بە توندی تووڕە بوو.

ئەو گوتی:" ئەگەر شەیاتین لە لەشی كەسێكدا هێلانەیان كردبێ، ئەو كەسە خودی ژۆزێفا میراندایە. شەیاتینی رق، شەیاتینی دەرهەڵبوونو دەبەنگی. ئەو قێزەونە!"

ئۆسقۆف لەو تووڕەییە زۆرەی دیلاڤرا سەری سوڕما. دیلاڤرا تێ گەیشتو هەوڵیدا مەبەستی خۆی بە دەنگێكی نەویتر دەرببڕێ.

" میراندا هێزێكی وای داوەتە بە دەسەڵاتی شەیتان كە زۆری نەماوە بە شەیتان پەرستی لەقەڵەم بدەین."

ئۆسقۆف گوتی:" پێگەی پیشەیی من ئیزنم پێ نادا لەگەڵت هاوڕا بم، بەڵام زۆرم پێ خۆش بوو وەك تۆ بووایەم."

ئۆسقۆف سەبارەت بە توندڕەوییەكەی سەركۆنەی كردو داوای لێكرد كەسایەتیی دژواری بەڕێوەبەر بە سەبرو سیكەدانە تەحەمول بكا. " لە ئینجیلدا لەم جۆرە ژنانە زۆرن، و زۆریشیان بە هەڵەی خراپترەوە. سەرەڕای ئەمەش حەزرەتی مەسیح پلەی بەرز كردن." ئەو زیاتر لەمە نەیدەتوانی قسە بكا، چونكە یەكەم بروسكەی ساڵێ وەماڵێی كەوت، سووڕا، بەسەر دەریادا

تێپەڕیو بارانێکی چەشنی کارەبا وەك سەردەمی کتێبی عەسری عەتیق ئەوانی لە باقیی دنیا جیا کردەوە. ئۆسقۆف لەسەر جۆلانەکەی راکشاو نوقمی خەفەتێ بوو.

ئەو ناخێکی هەڵکێشا:" ئێمە چەندە دوورین."

" لە چی؟"

" لە خۆمان. ئەمە دادپەروەرانەیە کە پاش تێپەرینی سالێك تێ دەگەی ئینسان بێ کەسە؟"و چونکە وەلامێکی وەرنەگرتەوە، دەرفەتێکی دەست کەوت کە یادێك لە دووریی نیشتمان بکاتەوە. " هەر تەنیا فکری ئەوەکە ئەمشەو لە ئیسپانیا تێپەڕ بکەم، هەموو گیانم نیگەرانی دای دەگرێ."

دیلاڤرا گوتی:" ئێمە ناتوانین دەست لە سووڕانی زەوی وەربدەین."

" بەلام دەمان توانی گوێی پێ نەدەین تاکوو لەو خوارەوە مەینەت نەچێژین.گالیلۆ ئیمانی کەمتر لە چاونەترسییەکەی بوو."

دیلاڤرا ئەو کاتەی ناسی کە لەپڕ پیری بەسەر ئۆسقۆف دا زاڵ بوو و هێندێك قەیران لە شەوی غەمناکدا ئازاریان دەدا. تەنیا کارێك دیلاڤرا نەیدەتوانی بیکا ئەوە بوو کە پێش بە فکرە تاڵو ناخۆشەکانی ئۆسقف بگرێ تا خەوی بەسەردا زاڵ دەبێ.

لە کۆتاییەکانی ئەپریلدا بە شێوەی ئاشکرا هاتنی جێگری پاشایان لە کاتێکی زوودا راگەیاند. دۆن ریگۆد بوونێن لۆزانۆ لەگەڵ ژمارەیەك لە راوێژکاران، کارمەندان، خزمەتکاران، پزیشکانی تایبەتیو ئۆرکێسترای چوار کەسیی ژێی کە مەلەکە بۆ رەواندنەوەی ماندوویەتی لە ئەمریکا، پێشکێشی کردبوو، لە رێی سەفەر بۆ ناوەندی حکوومەت لە سانتافەدا بوو. هاوسەری جێگری پاشا بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ بەرێوەبەری پەرستگە هەبوو و داوای کردبوو لە پەرستگە نیشتەجێ بن.

لە نێو قسلی بێدەنگ، دلۆپەی هەلم، تەقەتەقی ناخۆشی چەکوچو توكو نزای مرۆڤە جۆراوجۆرەکاندا کە دەگەیشتە دەرگای هاتنە ژووری ژوورە قەدەغەکراوەکانی پەرستگە، سییەرڤا ماریا لەبیر کرابوو. قەرەچێوەیەکی بینایەکە بەهۆی دەنگو هەرایەکی زۆر تێك ڕما، بەننایەکی کوشتو حەوت کرێکاری دیکە بریندار بوون. بەرێوەبەری پەرستگە ئەم چارەڕەشییەی بردەوە سەر جادووگەریی سییەرڤا ماریاو بەمەبەستی فشارهێنان بۆ سەر سییەرڤا ماریا کەڵکی لەم دەرفەتە وەرگرت کە هاتبووە پێش تاکوو لە رۆژانی رۆژووگرتندا کچۆڵەی بنێرنە پەرستگەیەکی دیکە. ئەمجار مەنتیق هەر وابوو کە هاوسێیەتیی هاوسەری جێگری پاشا لەگەڵ شێتێك داوایەکی دروست نیە. ئۆسقۆف گوێی پێنەدا.

دۆن رۆدریگۆ بونێن لۆزانۆ پیاوێکی خەڵکی ئیستوریاو ماقووڵو دیمەنێکی رێکوپێکی هەبوو، لە یاریی پلوتاو راوەکەودا شارەزا بوو،و بیستو دوو ساڵ جیاوازیی تەمەنی لەگەڵ ژنەکەیدا بە جەفەنگ پڕ کردبۆوە. ئەو لە ناخی دڵەوە پێدەکەنی، تەنانەت بەخۆشی پێدەکەنی،و بۆ سەلماندنی ئەمە هیچ دەرفەتێکی لەدەست نەدەدا. لەو کاتەرا کە بۆنی یەکەم شنەبای کارانیبی بۆ هات، شەوباو بۆنی گوڵاوی هیندی بوونە هۆی ئەوەی جل بەرگە بەهارییەکەی دابنێ و بە سینگی رووتەوە رەگەڵ کۆڕی ژنانی زۆربلێ کەوت. ئەو بە کراسی قۆڵدار، بەبێ وتاردانو تەحیەی سەربازی لەگەڵ تەقاندنی تۆپ، سواری کەشتی بوو. ئۆسقۆف بۆ پێشوازی لەوی، سەماو ئاوازی ئیسپانیۆلی، جێژنی یەکگرتنو جێژنەکانی کووم بیامباو هەروەها یاری بەگاو شەڕەکەڵەبابی ئازاد کرد کە هەموویان لە بەرچاوی خەڵکی قەدەغە بوون.

هاوسەری جێگری پاشا بە رادەی تەمەنی کچێکی لاو توانای کاری هەبوو کەم حەوسەلە بوو، و بە داهێنانە نوێیەکانی خۆی وەك گێژەڵووکەیەك بەسەر پەرستگە دا زاڵ بوو. گۆشەیەك نەما بە تاقیی بکاتەوە، کێشەیەك نەما سەری لیدەرنەیەنێ،و هیچ شتێکی باش نەما دەستێکی پێدا نەیەنێ. لە کاتی گەڕان بە پەرستگەدا دەیەویست بێ گوێدان بە کۆسپو تەگەرەی راهیبە نوێشاگردەکان، هەموو شتێك چارەسەر بکا. وای لێ هات کە بەڕێوەبەری پەرستگە ئاقڵانە تێ گەیشت تاکوو سەبارەت بە کاریگەریی خراپی زیندان، لە چوون بۆ ئەوێ بگێڕێتەوە.

" دیتنەکەی نایەنێ. ئەوێ دوو کەسی لێن کە شەیتان چووەتە نێو لەشی یەکێکیان."

ئەوندە قسەیە بەس بوو تاکوو هەستی پشکنینی هاوسەری جێگری پاشا بورووژێنێ. هیچ کام لەو قسانە کە ژوورەکانو رێکوپێك نەکراونو زیندانییەکان ئامادە نین سوودیان نەبوو. هەرکە دەرگا کرایەوە، مارتینا لابوردە خۆی دەبەر لاقی هاوسەری جێگری پاشا هاویشتو داوای لێخۆشبوونی کرد.

دوای هەوڵێکی بێناکامو هەوڵێکی سەرکەوتووانە بۆ راکردن، شتەکە ئەوەندەش ئاسان نەدەهاتە بەرچاو. یەکەم کوشتن شەش ساڵ پێشتر بە هاوکاریی سێ راهیبەی دیکە، لەسەر بالکۆنی زاڵ بەسەر دەریادا رووی دا، کە ئەو سێیانە بەهۆی جۆراوجۆر بە تاوانی جۆراوجۆر مەحکووم کران. یەکێکیان توانی رابکا. ئینجا ئەردەیان لە پەنجەرەکان داو کارقایەیان لەدالانی ژێر بالکۆنەکاندا کرد. ساڵێك دواتر سێ زیندانیەکەی دیکە دەستو پێی ژنانی ئێشکگریان بەست کە ئەوکات هەر لەو بینایەی زیندانێدا دەخەوتنو بە رێگەی تایبەتیی هاتوچۆی کارەکەرەکاندا رایان کرد. پاش قەرارو مەدارێك کە قەشەی وەرگری دانپێداهێنان

لەگەڵ دایكوبابی مارتینای دانا، بنەماڵەكەی ناردیانەوە پەرستگە. چوار ساڵی تەواو تاقە زیندانیی ئەوێ بوو و تەنانەت مافی چاوپێكەوتن لە ئاودەستێشی نەبوو و نەی دەتوانی لە نزای رۆژی یەكشەممەدا بەشدار بێ. كەوابوو، لێخۆشبوونی ئاستەم بوو، بەڵام هاوسەری جێگری پاشا بەڵێنی دا ئەو شتەی لەگەڵ مێردەكەی باس بكا.

لە ژووری سییەرڤا ماریادا هەوا هێشتا بۆنی گێچ و قسڵ و دڵۆپەی لێ دەهات، بەڵام رێكوپێكیەكی نوێی تێدا رەچاو كرابوو. هەركە ژنە ئێشكگرەكە دەرگای ژوورێی كردەوە، هاوسەری جێگری پاشا هەستی كرد شنەیەكی سارد بەرەودوا پاڵی پێوە دەنێ. سییەرڤا ماریا بە رووپۆشێكی كە رەنگی كاڵ ببۆوەو بە سەرپایەكی پیس دانیشتبوو و لەوپەڕی ئارامیدا خەریكی میلدۆزی بوو. بریسكانەوەی ئەو هاوكات لەگەڵ رووناكی بوو. كاتێك هاوسەری جێگری پاشا سڵاوی كرد، ئەوكات سەری هەڵێنا. ئەو لە چاوەكانی سییەرڤا ماریادا هەستی بە هێزی پەیامێك كرد كە خۆی لەبەر رانەدەگیرا. لە بنەوە گوتی:" یا ئایینی پیرۆز." و پێی لە ژوورێ نا.

بەرێوەبەری پەرستگە لەبن گوێی هاوسەری جێگری پاشای چپاند:" ئاگات لەخۆ بێ. ئەو وەكوو پڵنگێكی مێیە."و پیلی گرت و نەی هێشت زیاتر بچێتە پێش، لام تەنیا سەیرێكی سییەرڤا ماریا بەس بوو تاكوو خۆی لە مەرامی بەرێوەبەر دەرباز بكا.

شارەوان كە پیاوێكی عەزەب و قارەمانی ژنان بوو، جێگری پاشای بۆ نانخواردنێ لەگەڵ پیاوان بانگهێشتن كرد. ئۆركێسترای چواركەسیی ئیسپانیایی ئامێری ژێداریان لێدەدا، كەسێكیش فووی دە ئامێرێكی فوویی سكۆتلەندیی كۆنی مۆسیقا دەكرد،و ئۆركێسترای تەپڵی سان چینتۆش لەوێ بوون. سەما لەگۆڕێدا بوو و رەشەكان بە لاساییكردنەوەیەكی تێكەڵ بە جنێو سووكایەتی بە سەما رەمەنەكانی سپیپێستانی موجی كانگا، سەمایان دەكرد. پەردەكانی ئەوسەری هۆڵ بۆ دیسیر هەڵدرانەوەو كۆیلەی حەبەشی كە شارەوان بەقەد كێشی خۆی زێڕی پێدابوو، دەركەوت. ئەو بەرگێكی زۆر تەنكی لەبەر كردبوو كە لەشی دیار بوو و رووتییەكەی زیاتر دەردەخست. پاش ئەوەی بەپێی عادەت لە نزیكەوە خۆی بە میوانەكان نیشان دەدا، بە بەرگە تەنكەكەی كە لەسەرەوەڕا دەخزیە خواری، لەبەرامبەر جێگری پاشادا راوەستا.

بێعەیبی و بێكەموكورییەكەی جێی نیگەرانی بوو، هیچ شوێنەوارێك لە ئاسنی سووركراوەی كۆیلەفرۆشان لەسەر شانانی نەبوو، لەسەر پشتیشی پەڵەیەك لەمۆری یەكەم خاوەنەكەی بەدی نەدەكرا. لە مەودای نزیكدا هەموو لەشی وەعدی رازونهێنیی لێ دەباری. جێگری پاشا رەنگی بە رووانەوە نەما، هەناسەیەكی هەڵكێشا و بە جوولەی دەستی ئەم بوونەوەرە بەچۆكدا هێنەرەی لە مێشكی خۆی دوور كردەوە.

فەرمانی دا:" هەرنەبێ لەبەر ئەم بەرێزانە، لای بەرن. ئەمن پێم خۆش نیە تا کۆتـایی رۆژ دیسان بیبینمەوە." رەنگە لە تۆڵەی دەبەنگیی شارەواندا، بەرێوەبـەری پەرسـتگە، لـە کـاتی خواردنی ئێوارێدا کە بۆ هاوسەری جێگری پاشا لە ژووری تایبـەتیی نـاغخواردنی نیوەرۆیەیـدا رێکی خستبوو، سییەرڤا ماریای ناساند. مارتینا لابوردە پێی گوتن:

" ئەگەر هەوڵ نەدەن ملوانکەو بازنەکانی لێ بستێنن، ئەوکات بۆتان دەردەکەوێ رەفتاری چەندە ئاقڵانەیە."

هەر واش بوو. ئەوان بەرگی دایەگەورەیان لەبەر کرد کە سییەرڤا ماریا لە کـاتی هاتنیـدا لەگەڵ خۆی هێنابوو، پرچیان بۆ شوشت، بۆیان شانەکردو پەرێشانو بڵاویان کردو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جوان بەسەر عەرزیدا بخشێ. هاوسەری جێگری پاشا بۆخۆی دەسـتی گـرتو بـەرەو مێزی مێردەکەی رێنوێنیی کرد. بەرێوەبەری پەرستگە بۆخۆی لە رەفتاری سییەرڤا ماریا، لـە بریسکانەوە نوورانییەکەی، لە موعجیزەی پرچی بەقوەتی، غافڵگیر ببوو. هاوسـەری جێگـری پاشا بە نەرمی لە بن گوێی مێردەکی سرتەی کرد:" شەیتان لە لەشی ویدا هێلانەی کردوە."

جێگری پاشا نەیدەویست باوەڕ بکا. ئەو لە بورگوس شەیتان لێـدراوێکی دیتبـوو کـە بـە درێژایی شەو پەیتا پەیتا دەخۆی دەکرد، هەتا ژوورەکەی پڕ کرد. بـۆ ئـەوەی سـییەرڤا ماریـا تووشی چارەنووسێکی لەم چەشنە نەبێ، بە پزیـشکەکانی خـۆی سـپارد. ئـەوان پـشتڕاستیان کردەوە کە کچۆڵە چووکەترین نیشانەی هاریی پێوە نیەو لەگەڵ ئابرێ نۆنچیکۆدا لەم بارەیـەوە بۆچوونی هاوبەشیان هەبوو کە ئیدی حیسابێك بۆ گەڕانـەوەی ئـەم نەخۆشـییە نـاکرێ، بـەڵام هەرچۆنێك بێ لە بارەی شەیتانلێدراویی کچۆڵەدا گومانیان هەبێ.

ئۆسقۆف کەلکی لە بەشداریی میوانداریییەکە وەرگرت تاکوو لە بارەی نامـەی بەرێوەبـەری پەرستگەو لە بارەی دوایین بارودۆخی سییەرڤا ماریادا بیرێك بکاتەوە. لـەم کاتـەدا کایـەتانۆ دیلاڤرا خۆی بە نانی مانیوكو ئاوی خواردنەوە لە کتێبخانەدا حەبس کردبوو تاکوو لە بەرەورروو بوونەو لەگەڵ شەیتان دەرکردندا پەنا بەرێتەبەر پاكوخـاوێنیی پێویـست. ئـەوە سـەرنەکەوت. کایەتانۆ شەوانی لە پەرێشانیو رۆژانی لـە بێخەویـدا بەسـەر دەبـردن. شـێعری ورووژێنـەری دەگوتنو ئەمە تاقە رێگە بوو ئەوەی دڵەڕاوکێیەکانی خۆی دامرکێنێ.

سەد ساڵ دواتر کاتێك کتێبخانەیان خاوێن دەکردەوە، بەستیەك کاغەزی شێعرەکانی ئەویان کـە بە زەحمەت دەخوێندرانەوە، دیتەوە. لە یەکـەمینو تـەنیا شـێعری کـە بـە تـەواوی دەخوێندرایـەوە پێوەندیی بە بیرەوەرییەکی خۆیەوە هەبوکە لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا چلۆن لـەژێر نەرمـە بـارانی

بەهاریدا لە حەوشەی بەردینی مەدرسەی تەڵەبەکان لـە ئـاڤیلا لەسـەر سـندووقی مەدرەسـەکەی دانیشت. لەو کاتەدا ئەو دوای چەند رۆژ سواری ئێستر تازە لـە تولـەدووەوە گەیـشتبوو، جاکـەتو پانتۆڵی باوکیی کە چووکەی کردبۆوە لەبەر دابوو و ئەو سندووقە گەورەیەی کە دوو بەرابـەری خـۆی قورس بوو هەڵگرتبوو. هەرچی تا کۆتایی دەورەی پڕ لە شـانازیی تاقیکـاریی پەرسـتگە پێویـستی بوو، دایکی بۆی دانابوو. دەرکەوان یارمەتییدا هەتا نێوەڕاستەکانی حەوشە هەڵی بگرێ،و لەوێ لـە ژێر غەغەی بارانیدا بەدەستی چارەنووسی ئەسپارد:

" بیبە نهۆمی سێیەم. لەوێ لە هۆڵی خەوتن جێگایەکەت پێ نیشان دەدەن."

لە ماوەیەکی کورتدا هەموو تەڵەبەکان لەسەر باڵکۆنی زاڵ بەسەر حەوشەدا کـۆ بوونـەوەو هەموویان شاگەشکە ببوون کە ئەو ، تەنیا رۆڵگێڕی ئەم شانۆیە، کە هەر نەیدەزانی شانۆ چیە، لەگەڵ ئەم سندووقە چ دەکا. کاتێك زانی کە نابێ چاوی لە یارمەتیی کەس بێ، ئـەو شـتانەی نەیدەتوانی لەسەر دەستیان دابنێ، لە سـندووقی دەرهێنـانو بەسـەر بـەردی رووتـی پلیکانـە لێژەکاندا بۆ سەرێی بردن. بەرپرسەکە، لە ریزی دووەمـی تـەختی خـەوی هـۆڵی خـەوی نـوێ شاگردەکاندا جێگای پێ نیـشان دا. کایـەتانۆ شـتومەکەکانی لەسـەر تـەختێ دانـانو چـووە حەوشەی، چوار جار سەرو خوارێی کرد تاکوو کارەکەی تـەواو بـوو. لـە کۆتاییـدا دەسـگیرەی سندووقە بەتاڵەکەی گرتو بەراکێشان بە پلیکاناندا بۆ سەرەوی برد.

مامۆستایانو تەڵەبەکان کە لە پەنجەرەوە سەیریان دەکرد، هەموو جارێ کە بـەو نهۆمـەدا تێدەپەڕی، چاویان لێنەدەکرد، بەڵام کاتێك بە سـندووقەوە هاتـە سـەر، باوکـە، بەڕێوەبـەری مەدرەسەی سەر پلیکانی نهۆمی سێیەم چاوەڕوانی ئەو بووو سەبارەت بەو سەرکەوتنە چووکەیە لەگەڵ چەپڵەو شادیی تەڵەبەکان بەرەوڕوو بوو. ئێستا کایەتانۆ دەیزانی کە بردنی ئەو سندووقە بۆ سالۆنی خەوی تەڵەبەکان، ئەویش بێ ئـەوەی پرسـیار بکـاو داوای یارمـەتی بکـا، یەکـەم ئازایەتیی ئەو بوو کە بوو بەهۆی ئـەوەی لـە کـۆڕی عیبادەتکـارانی خواوەنـددا وەری بگـرن. توانای تێگەیشتن، هەڵسوکەوتی دۆستانەو توانای کەسیی کایەتانۆ بە شێوەیەکی بەرز لە نێو نوێشاگرداندا ریزی لێ دەگیرا.

بەڵام بیرەوەریی گفتوگۆیەك کە لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا لەگـەڵ بەڕێوەبـەری مەدرەسـە لـە ژووری کاری ئەو هەیبوو، زیاتر لە هەمووان لـە مێـشکیدا مـابۆوە. بەڕوێوەبـەری مەدرەسـە بـانگی کـردە ژووری بەڕێوەبـەر تـاکوو لـە بـارەی تاقـە کتێبێکـی زۆر کـۆن، ناتـەواو بـێ ناوونیشانەوە بدوێن کە لە سندووقەکەیدا دۆزیبۆوە، واتە راست بەو جۆرەی کە بە رێکەوت لـە

سندووقی کتێبەکانی باوکی دەری هێنابوو. ئەو لە ماوەی ئەو شەوانەدا کە لە سەفەرێ دا بوو، بەڕێوەبەری مەدرەسە دەیەویست بۆچوونی ئەو لەم بارەیەوە بزانێ.

" ئەگەر هەتا ئاخیرێم خوێندوە، ئەوکات سەری لیدەردەکەم."

بەڕێوەبەری مەدرەسە بە پێکەنینێکی کە نیشانەی ئارامیە، کتێبەکەی وێك نا و لای برد.

" قەت نازانی کۆتاییەکەی چیە. ئەمە کتێبێکی قەدەغەکراوە."

بیستو شەش ساڵ دواتر لە کتێبخانەی تاریكو روونی ئیدارەی ناوچەی نۆسقۆف، بۆی روون بۆوە کە ئەو کتێبانەی بە بن دەستیدا رەت بوون، جا چ قەدەغەکراو بووبن و چ نەبووبن، ژمارەیەکی کەم نەبێ، هەمووی خوێندوونەوە. دەرکی ئەم مەسەلەیە لەرزەی دەخاتە لەشی، کە هەر لەو رۆژەدا ژیانێك بە تەواوی کۆتایی هاتو ژیانێکی پێشبینی نەکراوی دیکە دەستی پێکرد.

کایەتانۆ دەستی بە نوێژی پاشنیوەڕۆی هەشتەمین رۆژی بەرۆژووبوونی خۆی کردبوو کە پێیان راگەیاند نۆسقۆف بە مەبەستی پێشوازی لە جێگری پاشا، لە هۆڵەکە چاوەڕوانیەتی. چاوپێکەوتن چاوەڕوان نەکراو بوو، بۆ خودی جێگری پاشاش هەر وابوو، ئەو لە یەکەم پیاسەی خۆی بە نێو شاریدا بە کالیسکە، لە سەعاتێکی گونجاودا ئەو فکرەی بۆ هات. ئێستا دەبووا لەسەر بالکۆنی پڕلە خونچەڕا بڕوانێتە سەبانە خشتییەکان تاکوو خاوەن پلەوپایەکانی کە لەبەردەستی دابوون کۆ ببنەوە و هۆڵەکە هێندێك رێكوپێك بکرێ.

نۆسقۆف لەگەڵ شەش رووحانیی بنکەی خۆی پێشوازیی لە جێگری پاشا کرد. کایەتانۆ دیلاڤرای لە دەستی راستی جێگری پاشا دانا بێ ئەوەی ناوێك لە پۆستەکەی بێنێ، بە ناوو لەقەبی تەواوەوە ئەوی ناساند. بەر لەوەی نۆسقۆف سەری قسان بکاتەوە، جێگری پاشا چاوێکی پڕ لە بەزەیی بە دیوارە وەریوەکان، پەردە کۆنەکان، موبلە هەرزانە دەسکردەکان، رووحانییەکان کرد کە شەلاڵی ئارەقە ببوونو تەشكودامێنی درێژو کۆنیان لەبەردا بوو. نۆسقۆف کە غورووری خەوشدار ببوو، گوتی:" ئێمە ئەوەی یووسفی دارتاشین." جێگری پاشا ئاماژەیەکی ئاقڵانەی کردو باسی کاریگەریی دیداری هەوتووی یەکەمی کرد. ئەو زۆری لە بارەی ئەخشەی بەرزەفڕانە، پەرەپێدانی بازرگانی لەگەڵ کۆلۆنیەکانی ئینگلیس پاش سارێژبوونەوی برینەکانی شەڕ، دەستێوەردانی زۆر بە کەلکی دەوڵەت لە کاروباری پەروەردەییدا، پێویستییە هونەریو ئەدەبییەکانەوە گوت بۆ ئەوەی ئەم ناوچە کۆلۆنیانە لەگەڵ جیهان رێك بخرێن.

" ئەمڕۆ سەردەمی نوێخوازییە."

ئۆسقۆف جارێکی دیکە ناکامگیریی کرد کە دەسەڵاتی جیهانی چەندە بە ئاسانی کار دەکا. ئەو بە قامکی لەرزۆکی شەهادەی، ئاماژەی بە دیلاڤرا کرد، بۆ ئەوەی سەیری بکا، بە جێگری پاشای گوت:

" لێرە باوکە کایەتانۆ بەردەوام بەدوای رووداوەتازەکانەوەیە."

جێگری پاشا چاوی بە دوای شوێنی قامکی شەهادەدا گێڕاو لەگەڵ روویەکی تێکچرماو و چاوێکی سەرسوڕماو بەرەوڕوو بوو کە بۆ ئەوەی بیترووکێنێ سەیری دەکرد. بە ئۆگرییەکی زۆرەوە لە دیلاڤرای پرسی:

" کتێبەکانی لاینیتست خوێندوونەوە ؟"

" بەڵێ پایە بەرز." و بۆی باس کرد:" دیارە بە هۆی کارەکەمەوە."

لە کۆتایی دیدارەکەدا دەرکەوت کە ئۆگریی سەرەکیی جێگری پاشا پێوەندیی بە پێگەی سییەرڤا مارباوە هەیە، سەبارەت بە خودی کچۆڵەکە، سەبارەت بە نیازپاکیی بەڕێوەبەری پەرستگە کە بەهۆی چاوەدێرییەکانی خۆیەوە ئەوی وەجووڵە خستوە.

ئۆسقۆف گوتی:" ئێمە بەڵگەی کۆتایمان بەدەستەوە نیە، بەڵام فایلەکانی پەرستگە بۆمان روون دەکەنەوە کە شەیتان دزەی کردۆتە نێو لەشی ئەو بوونەوەرە بەستەزمانەوە. بەڕێوەبەری پەرستگە، لەم بارەیەوە زانیارییەکانی لە ئێمە زیاترن."

جێگری پاشا گوتی:" ئەو دەڵێ پێی تۆ بە تەڵەی شەیتانەوە بووە."

ئۆسقۆف گوتی:" نەك هەر ئێمە، بەڵکو تەواوی ئیسپانیا. ئێمە زەریاکانمان تەنی بۆ ئەوەی قانوونەکانی مەسیح پیادە بکەین، لە نزاکانماندا سەرکەوتین، لە رێپێوانە ئایینییەکاندا و لە جێژنە پیرۆزەکانو ئەولیادا سەرکەوتین، بەڵام بۆ لەش نەمان توانی."

ئەو باسی لە یوکاتان کرد، ئەو شوێنەی کە کلێسایەکی گشتیی بە شکۆیان لێ دروست کردبوو هەتاکوو هیرەمە غەیرە مەسیحییەکان بگرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانن کە خەڵکی خۆجێی سەبارەت بەوە دێنە نزایە تاکوو لەژێر مێحرابە زێوینەکانی حەرەمی پیرۆزیاندا درێژە بە ژیانیان بدەن. ئەو باسی تێکەڵاویی خوێنیی کرد کە لە سەردەمی سەرکەتنەوە نیگەرانی بوون: خوێنی ئیسپانیایی یان خوێنی سوورپێست، ئەمە یان ئەو، لەگەڵ خوێنی رەشە جۆراوجۆرەکانو تەنانەت لەگەڵ خوێنی ماندینگا مسوڵمانەکان تێکەڵ دەبن. لە خۆی پرسی، داخوا دەبێ جێیەك لە لەسەر عەرزی خوای بۆ ئەم تێکەڵبوونە نارەسەنە هەبێ. سەرەڕای نەخۆشیی هەناسەدانو کۆخەی پیرەپیاوانە، بۆ ئەوەی دەرفەتی هەناسەدان بە جێگری پاشا بدا، قسەکانی خۆی هەتا ئاخیرێ کردن:

" باشه، ئەگەر هەموو ئەمانە تەلەکەی دوژمن نەبن، ئەدی دەکرێ چ بن؟"
جێگری پاشا سەری سوڕ مابوو.
ئەو گوتی:" پایەبەرز وشیارکردنەوەیەکی زۆر توندوتیژ دەدەن."
نۆسقۆف بە ئەدەبەوە گوتی:" پایەبەرز نابێ وای سەیر بکەن. ئەمن هەوڵ دەدەم روونتر بڵێم، ئێمە پێویستمان بەو هێزە لە ئیمان هەیە کە شایانی ئەو مرۆڤانە بێ بوونە قوربانی."
جێگری پاشا دیسان لە فکرەوە چوو.
" ئەگەر دروست تێگەیشتبم، تێبینییەکانی بەڕێوەبەری پەرستگە کارێکی تەواو ئاساییە. ئەو دەڵێ رەنگە پەرستگەکانی دیکە بتوانن هەلومەرجێکی باشتر بۆ شتێکی ناوا بخەنە روو."
نۆسقۆف گوتی:" پایەبەرز دەبێ بزانن کە ئێمە سانتاکلارامان خێرا سەبارەت بە راستگۆیی، لێهاتوویی‌و دەسەڵاتی ژۆزێفا میراندا هەڵبژارد، و خوا دەزانێ کە هەق بە ئێمەیە."
جێگری پاشا:" ئەمن ئیزن بەخۆم دەدەم ئەم مەسەلەیەی بە بەڕێوەبەری پەرستگە رابگەیەنم."
نۆسقۆف گوتی:" ئەو بۆخۆی باش دەزانێ. تەنیا نارەحەتیم لەوەیە کە رەنگە غیرەتی باوەڕکردنی نەبێ."
کاتێک ئەو قسەیەی کرد، نیشانیەیەک لە هێرشی رەبۆی بە زوویی لە خۆیدا هەست پێکردو بەپەلە کۆتایی بە چاوپێکەتنەکە هێنا. ئەو باسی ئەوەی کرد کە نامەیەکی دوورو درێژی پڕ لە گلەیی لە بەڕێوەبەری پەرستگە بەدەست گەیوەو ئەویش وەعدی داوە، هەرکە چاک بۆوە، بەوپەڕی میهرەبانیەوە کە شایانیەتی جێبەجێی دەکا. جێگری پاشا لەم بارەیەوە سوپاسی کردو چاوپێکەوتنەکەی بە ئاماژەیەک کۆتایی پێ هێنا. ئەویش بەهۆی رەبۆیەکی بەردەوامەوە دەی ناڵاندو پێشنیاری بە نۆسقۆف کرد کە خۆی پێشانی پزیشکەکانی بدا. نۆسقۆف داوایەکەی بەجێ نەهێنا.
نۆسقۆف گوتی: ئەوەی پێوەندیی بەمنەوە هەیە، هەموو شتێک بە دەستی خوایە. ئەمن ئێستا لەو تەمەنەی دام کە قەیرە کچی (باکرە) پیرۆزی تێدا مرد."
بەپێچەوانەی چاک‌وچۆنیی کاتی هاتنە ژوور، ماڵاوایی بە هێمنی‌و بەپێی رەسم کرا. سێ کەس لە رووحانیەکان کە دیلاڤراش لە ریزی وان دا بوو، لە بێدەنگیدا، جێگری پاشایان تا داڵانی تاریکی پێش دەرگای سەرەکی بەڕێ کرد. پارێزەرانی جێگری پاشا بە باتوونو تەوەرزین کە تێک ترینجابوون، رێگەیان لە سواڵکەرەکان گرتبوو. بەر لەوەی جێگری پاشا سواری

کالیسکه بێ، ڕووی دەلای دیلاڤرا کردو قـامکی شـەهادەی بـێ ئـەوەی کـەمترین نیـشانەی هەڕەشەی لەگەڵ بێ بۆلای دیلاڤرا راداشتو گوتی:" کارێکی بکە کە لەبیرت نەکەم."

ئەم رستیە ئەوەندە چاوەڕوان نەکراو ئالۆز بوو کە دیلاڤرا تەنیا بە کڕنۆش توانی قـەرەبووی بکاتەوە.

جێگری پاشا بەرەو پەرستگە وەڕێ کەوت تاکوو بەڕێوەبەر لـە ناکـامی چـاوپێکەوتنەکەی ئاگادار بکاتەوە. راست لـە بـن پلیکـانی کالیـسکەی، جێگـری پاشـان سـەرەڕای پێـداگریی هاوسەرەکەی لێخۆشبوونی مارتینای رەت کردەوە. چونکە ئەم کارەی بۆ زۆربـەی ئەوانـەی بـە تاوانی جینایەتی مـاڵی مـەحکووم کرابـوونو ئـەوانی لەهەلومـەرجێکی تایبـەتیی زینـدانـدا دیتبوون، نموونەیەکی باش نەدەبوو.

ئۆسقۆف کووڕ ببۆوەو لە جێگای خۆی دانیشتبوو و هەوڵی دەدا بە چاوی نووقاوەوە پـێش بە هانکە هانکی هەناسەکانی بگرێ کە دیلاڤرا هاتەوە. ئەفسەرەکان لەسـەر پەنجـەی پـێ لـە شوێنەکە دوور کەوتنەوەو ژوورەکە نیوە تاریك ببوو. ئۆسقۆف چاوێکی بـە دەروبـەری خۆیـدا گێڕا، کورسیە بەتاڵەکانی چاو پێکەوت کە بە ریز لە پەنا دیواری دانرابوون، و تەنیا کایـەتانۆ لە هۆڵەکە بوو. بە دەنگێکی نەوی لێی پرسی:

" هەتا ئێستا کەسێکی ئاوا باشمان دیتبوو؟"

دیلاڤرا بە جووڵەیەکی چەند لایەنە وەڵامی ئۆسقۆفی دایەوە.

ئۆسقۆف خۆی بە دەسکی کورسیەوە هەڵاوەسیو بە زەحمەت لە جێی خۆی هەسـتا، تـاکوو بەسەر پشوو سواریەکەیدا زاڵ بوو. بە تەما نەبوو ژەمی ئێواری بخوا. دیلاڤـرا خێـرا هەوڵیـدا چرایەکی هەڵبکاو رێگای ژووری نووستن بە ئۆسقۆف نیشان بدا.

ئۆسقۆف گوتی:" هەڵسوکەوتمان لەبەرامبەر جێگری پاشادا باش نەبوو."

دیلاڤـرا پرسـی:" ئایـا هۆیـەك هـەبوو تـاکوو هەڵسوکـەوتمان بـاش بووایـە؟ بـەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو کەس لە دەرگای ماڵە ئۆسقۆفێ نادا."

ئۆسقۆف ئاوای بیر نەدەکردەوە و ئەمەی بـە وشـیارییەکی زۆرەوە بـە ئاگـاداریی دیلاڤـرا گەیاند. " دەرگای ماڵە من، دەرگای کلێسایە، ئەو وەکوو مەسیحییەکی کۆن هەڵسوکـەوتی کرد. ئەمن بەهۆی سینگ ئێشە رەفتارێکی نەشیاوم کرد،و دەبێ قەرەبووی بکەمەوە." لەبـەر دەرگای ژووری خەو هەم دەنگو هەم بابەتەکەی گۆڕی، و لەحاڵێکدا کـە دوور دەکەوتـەوە بـە ئیعتیمادەوە لە شانی دیلاڤرای داو گوتی:

" ئەمشەو دوعام بۆ بکە، دەترسم دوعایەکە دووروودرێژ بێتەوە."

بەکردەوە ئەو پێی وابوو بە تەوژمی رەبۆ دەمرێ،و لە کاتی چاوپێکەوتنەکە لە پێشەوە ئەو شتەی دەزانی. چونکە دەرمانی رشانەوە لە لیتەی شەراب‌و شەراب‌و شتی دیکەی نارامبەخش نارەحەتیی ئەویان کەم نەدەکردەوە، پێویست بوو دەبووا خوێن لە ئۆسقۆف وەربگرن، لەگەل رۆژ داهات هەستی بە چاکبوونەوە کرد.

کایەتانۆ بە بێ‌خەوی، لە کتێبخانەی تەنیشتێ، ئاگای لە هیچ کام لەمانە نەبوو. ئەو خەریکی نزای بەیانی بوو کە پێیان راگەیاند ئۆسقۆف لە ژووری خەوی خۆی چاوەڕوانیەتی. کاتێك گەیشتە ئەوێ دیتی لە نێو نوێن‌و بانی خۆیدا خەریکی خواردنی نانی بەیانییە بە فینجانێك چوکلێت‌و نان‌و پەنیر. ئۆسقۆف بە جۆرێك هەناسەی هەڵدەکێشا کە دەتگوت بالّی لێڕواوەو لە رادەبەدەر بە کەیف دەهاتە بەرچاو. تەنیا ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی کایەتانۆ سەیری بکا تاکوو بزانێ بڕیاری خۆی داوە.

وا بوو. سەرەڕای پێشنیاری بەڕێوەبەری پەرستگە، سییەرڤا ماریا دەبووا لە سانتا کلارا بمێنێتەوە، و باوکە کایەتانۆ هەروا بە پێی متمانەی تەواوی ئۆسقۆف بەرپرسایەتیی کچۆڵەی لە ئەستۆ بووایە. ئیدی کچۆڵە نەدەبوو لە هەلومەرجی زیندانییەکدا ژیابا، بەڵکوو نەیدەتوانی لە بۆنە گشتییەکانی پەرستگەدا بەشدار بێ. ئۆسقۆف سەبارەت بە چارەسەرکردنی ناڕوونییەکانی فایلەکە روونکردنەوەی مەحکەمەکە سوپاسی لێکرد. بەم جۆرە دژە شەیتان نەیدەتوانی بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆی بجووڵێتەوە. لە کۆتاییدا بڕیاری دا پێی خۆشە دیلاڤرا بە ناوو دەسەڵاتی تەواوی ئەوەوە، هەرچی بە پێویستی دەزانێ رێکی بخاو لەگەڵ مارکیز دانیشێ‌و ئەگەر هات‌و مارکیز دەرفەتی هەبوو نەخۆش نەبوو دەتوانێ بێ‌و چاوی پێی بکەوێ. لە کۆتاییدا گوتی:

" فەرمانێکی دیکەم نیە، خوات ئاگادارت بێ."

کایەتانۆ بە دڵێکی هەوساردامالڕاوەوە بە پەلە چووە پەرستگە، بەڵام سییەرڤا ماریای لە ژوورەکەی نەدی. کچۆڵە لە هۆڵی رێورەسمدا دانیشتبوو، زێڕوزێوی ئەسڵیی بەخۆی هەڵاوەسیبوو. ئاڵقەی بسکی هەتا سەر لاقانی بڵاو ببۆوەو بە شکۆیەکی تایبەتیی وەك رەشپێستێك بۆ یەکێك لە هاوڕێیان‌و هاوسەفەرانی جێگری پاشاو وێنەکێشێکی بەناوبانگی روخسار ببوو بە مۆدیلی وێنەکێش. هەروەك جوانییەکی سەرسوڕهێنەری هەبوو، هەر بۆجۆرەش بە زیرەکیەوە گوێی بۆ وێنەکێش شل کردبوو. کایەتانۆ بە تەواوی ئاگای لەخۆی برا.

ئەو لەبەر سێبەرێ دانیشت‌و بێ ئەوەی لەبەر چاوان دیار بێ چاوی بڕیە کچۆڵەکە، بە رادەی پێویست کاتی ئەوەی هەبوو شك‌وگومانەکانی دڵی بڕەوێنێتەوە.

پاش نۆ سەعاتان تابلۆ تەواو بوو. وێنەکێش لە دوورەوە سەیری کرد، دوو یان سێ هێڵی بە قەڵەمێ بەسەردا هێنا‌و داوای لە سییەرڤا ماریا کرد تا بەر لەوەی وێنەکەی ئیمزا بکا، سەیری بکا. راست وەك خۆی وا بوو، ئەوی بە پێوە لە سەر هەوران، لە نێو کۆشکی شەیاتینی ژێر پێی نیشان دەدا. کچۆڵە بێ پەلەکردن سەیری وێنەکەی کرد‌و خۆی لە درەوشانەوەی تەمەنی ئێستایدا ناسیەوە، سەرەنجام گوتی:

" ئەم وێنەیە وەکوو ئاوێنەیەك وایە."

وێنەکێش پرسی:" ئەویش سەبارەت بە شەیاتین؟"

کچۆڵە پرسی:" هەر وایە."

پاش دانیشتنەکە کایەتانۆ هەتا ژووری لەگەڵ کچۆڵەی رۆیشت. ئەو قەت رۆیشتنی سییەرڤا ماریای نەدیتبوو. کچۆڵە ئەوەندە بە جوانی‌و قالبسووکیەوە لەنجەی دەکرد کە دەتگوت سەمایە دەکا. قەتی ئەو لە بەرگێکی جگە لە رووپۆشی ژنانی پەرستگەدا نەدیبوو، و ئەم بەرگە شاهانەیە پێگەیشتوویی‌و سەنگینیی پێ دابوو‌و حاڵەتی ژنانەی ئەوی ئاشکرا دەکرد. قەت پێکەوە بە رێگادا نەڕۆیشتبوون. کچۆڵە تامی لەو ئاسوودەییە دەدیت کە پێکەوە بە رێگادا دەڕۆن.

لە کاتی ماڵاواییدا، بە شوکرانە بژێریی لێزانیی جێگری پاشا‌و هاوسەرەکەی لە رازی کردنی بەڕێوەبەری پەرستگە لەگەڵ بۆچوونەباشەکانی ئۆسقۆف، ژوورەکە هێندێك ئاڵ‌وگۆڕی بەسەردا هات. دۆشەکێکی تازەی خەو، مەلافەیەکی خوری‌و باڵنجێکی پەڕو وردە شتی دیکەیان بۆ پاك‌و خاوێنی‌و حەمام دایە. تیشکی دەریا لە پەنجەرەی بێ ئەردەوە لە ژووریی دەدا‌و لەسەر دیواری تازە قسڵ کراو دەدرەوشایەوە. چونکە سییەرڤا ماریا هەر لەو خواردنەی دەخوارد کە راهیبەکانی نیشتەجێی ئەوێ دەیان خوارد، ئیدی پێویست نەبوو شتێکی لە دەرەوە ڕا بۆ بێ، بەڵام دیلاڤرا هەمیشە نەیدەتوانی هێندێك نوقڵ‌و شیرینیی بە تامی لە دەرگای سەرەکیەوە بە قاچاغی بۆ بێنێتەوە ژوورەوە.

سییەرڤا ماریا دیەویست خواردنی شەوێی لەگەڵ بەش بکا. دیلاڤرا بە بیسکویتێك کە ناوی راهیبەکانی لەسەر نووسرابوو قەناعەتی هێنا. لە کاتی نانخواردندا هەروا بەرێکەوت باسی کرد:

" ئەمن لەگەڵ بەفریّ ئاشنا بووم."

کایەتانۆ ئارام بوو. پێشتریش جارێکی گوتبوویان، جێگری پاشا دەیەویست لەزنجیرە کێوی پیرنە ئێنەوە بەفریّ بێنیّ بۆ ئەوەی خەڵکی خۆولاتی لەگەڵی ئاشنا بن، بەلاّم ئەو نەیدەزانی کە ئێمە بۆخۆمان لە زنجیرە کێوی سییەرەڕا نیڤادا دیسانتا مارتا لە دەوروبەری دەریا بەفرمان هەیە. رەنگە دۆن رۆدریگۆ دی بۆێن لۆزانۆ بە هونەرە نوێیەکانی ئەم دوو رەگەیەی بەرەو کۆتاییەکی بە شکۆ رێنوێنی کردبێ.

کچۆڵە گوتی:" نا، ئەوە خەونێك بوو."

بۆ کایەتانۆی باس کرد: لە پەنا پەنجەرە دانیشتبوو کە لە بەرامبەریدا بەفرێکی زۆر باری‌و ئەویش هاوکات بۆلۆوبۆلۆوی لە هێشووە ترێیەك دەکردەوە کە لە باوەشی دابووو دەی خوارد. دیلاڤرا شەقەیەکی ترسناکی باڵی هەست پێکرد. لە ترسی ئەو وەڵامەی کە لە پرسیاری خۆی وەری دەگرتەوە دەلەرزی، غیرەتی وەبەر خۆی ناو پرسی:

" چۆن تەواو دەبێ؟"

سییەرڤا ماریا گوتی:" دەترسم بۆتی باس بکەم."

دیلاڤرا لەوە زیاتر نەیدەویست ببیسێ. چاوەکانی لەسەریەك دانان‌و دوعای کرد. کاتێك لە دوعا بۆوە، ئەو ببووە مرۆڤێکی دیکە.

ئەو گوتی:" غەمێ مەخۆ، بەڵێن دەدەم بە شوکری لێخۆشبوونی خوای زۆر زوو ئازادو بەختەوەر بی."

بێرناردا هەتا ئەم رۆژە نەیدەزانی سییەرڤا ماریا لە پەرستگەیە. ئەو تەفریبەن بە رێکەوت لە شەوێکدا، کاتێك لەگەڵ دولچە ئۆلیڤیا کە خریکی پاك‌وخاوێنیی ماڵێ بوو، بەرەورِوو بووو بەبێ مشووری لەقەڵەم دا، بەو شتەی زانی. بە دوای وەڵامدانەوەیەکی مەنتیقی‌و عەقلانیدا یەك یەکی ژوورەکان دەگەڕا و لە کاتی گەڕانەکەیدا وەبیری هاتەوە کە سییەرڤا ماریای لە مێژە نەدیوە.

کاریداد دیل کوبرێ هەرچی دەیزانی پێی گوت:

" بەرِێز مارکیز پێی گوتین کە سییەرڤا ماریا دەچێتە سەفەرێکی دووردورێژو ئێمە قەت نایبینینەوە." چونکە چرای ژووری مێردەکەی دایسا، بەبێ لە دەرگادان وەژوور کەوت.

مێردەکەی لەسەر جۆلانەی راکشابوو،و بۆنی تەپاڵەی مانگای، دەوروبەری داگرتبوو بۆ ئەوەی مێشولەکان دوور بکەونەوە. ئەو چاوێکی بەهاوسەرە سەیرەکەی داخشاند کە رووپۆشێکی

ئاوریشمیی لەبەردا بوو. پێی وابوو خەونە، چـونکە رەنـگ زەردو ژاکـاو بـوو، لەبـەر چـاوانی وای دەنواندکە لە دوورەوە نزیك دەبێتەوە. بێرناردا لە بارەی سییەرڤا ماریاوە پرسیاری لێکرد.

مارکیز گوتی:" ئەو چەند رۆژێکە لە لای ئێمە نیە."

خراپترین فکری بە زەینیدا هاتن، دەبووا لەسەر یەکـەم کورسـی دابنیـشێ تـاکوو هەناسـەیەك هەڵکێشێ. بێرناردا پرسی:" مەبەستت ئەوەیە ئابرێ نۆنچیکۆ ئەو کارەی دەبوو بیکا، کردی؟"

مارکیز ئاماژەی خاچی بەسەر سینگیداکێشا:

" خوا بیپارێزێ."

مارکیز راستییەکەی پێگوت. لە باسکردنی رووداوەکەدا زۆر لەسەر هەست بـوو، چـونکە بێرناردا ئارەزووی دەکرد وەك مردووان هەڵس‌وکەوت لەگەڵ سییەرڤا ماریای بکـرێ،.بۆیـە لـە کاتی خۆیدا ئەوی ئاگادار نەکردەوە. بێرنـاردا بـێ ئـەوەی چـاو بترووکێنـێ بـە وردبینییـەکی تایبەتییەوە، کە لە ماوەی دوازدە ساڵ ژیانی هاوبەشدا وێنـەی نـەبووە، گـوێی بـۆ قـسەکانی راگرت.

مارکیز گوتی:" دەمزانی بە مەرگی خۆم نرخی بوونی وی دەدەم"

بێرناردا ئاخێکی هەڵکێشا:" واتە ئابڕوو چوونەکەمان ئاشکرا بووە." ئـەو بریـسکانەوەی فرمێسکێکی لە چاوی هاوسەرەکەیدا دیت‌و لە ناخەوە لەرزی لێهات. ئەم جار نـەك مـەرگ، بەڵکوو ویژدانی حاشاهەڵنەگری کەسێك بوو کە درەنگ یان زوو وەخەبەر دێ. بێرناردا بە هەڵە نەدەچوو. مارکیز بە هەموو توانایەوە لە جۆلانەی هاتە خـوار، لەبەرامبـەر بێرنارداپـدا تێـك شکاو وەك پیرە پیاوێکی پەك کەوتە دەستی کرد بە گریان‌و نووکەنووکێ. ئەو لەبەرامبەر ئـەو فرمێسکە پیاوانەیەدا کە رووپۆشەکەی دەسووتاندو هەتا سەر رانیی دەچوو، تەسـلیم نـەبوو." بێرناردا پیی لەسەر ئەوە داگرت کە زۆر لە سییەرڤا ماریای بێزار بوو، بەڵام ئەگەر لـە ژیانـدا بمێنێتەوە، پێی خۆشە.

ئەو گوتی:" ئەمن هەمیشە سەر لە هەموو شتێك دەردێنم جگە لە مەرگ."

بێرناردا دیسان خۆی بە تلتەو کاکائۆوە زیندانی کرد. کاتێك پاش دوو حەوتووان هاتە دەر ببوو بـە مردوویەکی جوولاو. مارکیز بەیانیی زوو شتێکی لە بارەی کاردروستایەتیی سـەفەرەوە بیـستو زۆری گوێ پێ نەدا. بەر لەوەی گەرمای هەتاو زیاتر بێ، چاوی بە بێرناردا کەوت کە بـە سـواری ئێـسترێکی دەستەمۆکراو لە دەروازەی ماڵێ دەچێتە دەرو حەیوانێکی بارکێش بە توێـشووی سـەفەرەوە بەدوایـەوە بوو. بێرناردا زۆر جار بەبێ ئێسترو کۆیلە، و بێ ئەوەی ماڵاوایی لەکەس بکا یان هیچ شـتێك بەکـەس

بلێ، لە ماڵێ چووبووە دەرەوە. ئەمجار مارکیز دەیزانی کە ئەو دەڕوا بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە، چونکە لە پەنا جانتا هەمیشەییەکانی دوو گۆزەی سواڵەتی پڕ لەو زێڕانەی کە ساڵانێك لەژێر تەختی خەوەکەی خۆی حەشاری دابوون، لەگەڵ خۆی دەبردن.

مارکیز دەستەوەستانو بێ دەسەڵات لە نێو جۆلانە دا بوو، دیسان ترسی کوژران بە دەستی کۆیلەکانی بەسەردا زاڵ بوو. ئەو ڕۆژەی هاتنی ئەوانی بۆ ماڵێ قەدەغە کرد. کایەتانۆ کە وەدوای جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ئۆسقۆف کەوتبوو، دەبووا پاڵی بە دەرگاوە نابایەو نەخوازراو وەژووری بکەوێ، چونکە کەس وەڵامی لێدانی ئالقەی دەرگای نەدەدایەوە. سەگەکان لە قەفەسەکانیاندا حەجمینیان نەبوو، بەڵام ئەو ڕێگای خۆی درێژە پێ دا.

مارکیز لە نێو جۆلانەی نێو باغدا بە باڵاپۆشێکی بەکڵاوەی سارا سینایی‌و ژێر کراسێکی تولەدوورییەوە لە حاڵێکدا هەموو لەشی بە شکۆفەی پرتەقاڵێ داپۆشرابوو، خەریکی پشووی دوانێوەڕۆیە بوو. دیلاڤرا بێ ئەوەی وەخەبەری بێنێ سەیری کرد. دەتگوت سەیری سییەرڤا ماریای دەکا، تێکشکاو دەستەوەستان لە تەنیاییدا. مارکیز وەخەبەر هاتو لەبەر چاوبەندەکەی، زوو ئەوی نەناسیەوە. دیلاڤرا بە نیشانەی هێمنایەتی دەستەکانی بە کراوەیی بەرز کردنەوە.

ئەو گوتی:

" خوا ئاگای لێت بێ بەڕێز مارکیز، چۆنی؟"

مارکیز گوتی:" باش، خەریکە دەڕزم."

بە دەستی خەواڵووەوە پەردە تۆڕەکەی پشووی پاشنێوەڕۆیەی لا دا لەسەر جۆلانە دانیشت. کایەتانۆ سەبارەت بەوەی بێ بانگهێشتن هاتۆتە ماڵێ، داوای لێبووردنی کرد. مارکیز بۆی باس کرد کە کەس گوێ بە دەنگی دەرگایە نادا، چونکە ڕەسمی میوانداری لە میوانان لەبیر کراوە. دیلاڤرا بە ڕاوێژێکی ئاقڵانەوە دوا:" پایەبەرز ئۆسقۆف کە زۆر سەرقاڵەو نەخۆشیی ڕەبۆشی هەیە ئەمنی بە نوێنەرایەتی لە لایەن خۆیەو ناردوە."

کاتێك ڕازیبوونێکی سەرەتایی بەدەست هێنا، لە پەنا جۆلانە دانیشت دەرفەتێکی باشی بۆ هەڵکەوت باسی ئاگرێك بکا کە لە ناخەوە دەی سووتاند.

" دەمەوێ پێت ڕابگەیەنم کە بەرپرسایەتیی ساغیی ڕووحی کچەکەتیان بە من ئەسپاردوە."

مارکیز سوپاسی کردو دەیەویست بزانێ کچەکەی چۆنە.

دیلاڤرا گوتی:

" باشە. بەڵام دەمەوێ یارمەتیی بکەم چاکتر بێتەوە."

بۆی باسی هەستو شێوەی دژایەتیی شەیتان کرد، باسی توانایەکی کرد کە مەسیح بە لاوەکانی بەخشیوە تاکوو رووحی جندۆکەو شەیاتین لە لەشەکان دەربکاو سلامەتی بە داماوەکان ببەخشێتەوە. تەورات‌و دوو هەزار شەیتانی سواری بەرازانی بە نموونە هێنایەوە. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە دەبێ لە پێشدا بیسەلمێنی، داخوا بەڕاستی شەیتان چۆتە لەشی سیەرڤا مارياوە. ئەو باوەڕ ناکا، بەڵام پێویستیی بە یارمەتیی مارکیز هەیە بۆ ئەوەی هەرچەشنە شك‌و گومانێك بڕەوێنێتەوە. ئەو گوتی، بەر لە هەموو شتێك دەیەوێ بزانێ، کچۆڵە بەر لەوەی بێتە پەرستگە چۆن بوو.

مارکیز گوتی:" نازانم، وام دەهاتە بەرچاو هەرچی زیاتر لەگەڵی ئاشنا دەبوون، کەمترم سەر لیدەردەکرد."و سەبارەت بەوەی کچۆڵەیان لە دالانی کۆیلەکان بەرەڵلا کردبوو، هەستی بە گوناح دەکرد. چەندین مانگی پێویست بوو تاکوو کچۆڵە بێتەوە سەرخۆی. کچۆڵە بە فێل‌و گاڵتەی نامەنتیقی دایکی تووڕە دەکردو ئەو زەنگوڵەی بە جمگەی دەستیەوە بوو لە ملی پشیلەی دەکرد. کۆسپی سەرەکیی ناسینی کۆڵەی خووگرتنی خراپی وی بە درۆیان بوو.

دیلاڤرا گوتی:" راست وەك رەشپێستان."

مارکیز گوتی:" رەشپێستەکان درۆیان لەگەڵ ئێمە دەکەن نەك لەگەڵ خۆیان."

دیلاڤرا لە ژووری خەوی کچۆڵەیدا بە سەیرکردنێك نەیدەتوانی ژمارەیەکی زۆر کەلوپەلی پێویستی دایەگەورەی لە شتە نوێیەکانی سیەرڤا ماریا جیا بکاتەوە. بووکەڵەی جولاو، سەماکەری قورمیشی، سەعاتی یاری. سەر نوێنان جانتایەکی بچووکی لیبوو کە مارکیز ئامادەی کردبوو تاکوو لەگەڵ خۆی بەرێتە پەرستگە. راوەکەیەکی تۆز لێنیشتوو لە گۆشیەك کەوتبوو. مارکیز بۆی باس کرد کە ئەوە ئامێرێکی ئیتالیایی لەکارکەوتووی مۆسیقایە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئیستیعدادی منداڵەکەی لە لیدانی ئەو ئامێرە مۆسیقایەدا پەروەردە دەکرد. بە پەرێشانیەوە خەریکی قورمیشی ئامێرەکە بووو هەروا بە بیری خۆی نەك هەر چاکی لیدەدا، بەڵکوو تەنانەت لە گۆرانییەکی هەڵکرد کە لەگەڵ سیەرڤا ماریا دروستی کردبوو.

ئەم کاتە زۆر شتی دەردەخست. مۆسیقا ئەو شتانەی بە دیلاڤرا دەگوت کە مارکیز نەیدەتوانی لە بارەی کچەکەیدا بیان درکێنێ. مۆسیقا بە چەشنێك کاری تێکرد کە نەیتوانی تا کۆتایی درێژەی بدا. ئاخێکی هەڵکێشا:

" ئەتۆ ناتوانی بیری لیبکەیەوە کە چەندی کلاو لێجوان بوو."

دیلاڤراش هەستی وەجۆش هات.

" دەزانم کچت زۆر خۆش دەوێن."

مارکیز گوتی:" وایە، ئەمن گیانم دەبەخشم تاکوو بتوانم بیبینم."

دیلاڤرا جارێکی دیکە هەستی بەوە کرد کە خوا چووکەترین شتەکانیشی لێ ناشارێتەوە.

ئەو گوتی:" ئەگەر بتوانم بیسەلمێنم کە شەیتان ئەچۆتە نێو لەشیەوە، ئەمە ئاسانترین داوایە."

مارکیز گوتی:" لەگەڵ ئابرێ نۆنچیکۆ قسان بکە، ئەو هەر لەسەرەتاوە گوتی کە سییەرڤا ماریا ساغەو هەر ئەویش دەتوانێ روونی بکاتەوە."

دیلاڤرا ئەوەی لەبەر زەحمەت بوو. ئابرێ نۆنچیکۆ نەیدەتوانی بۆ وی بەکەڵك بێ، بەڵام وتوویژ لەگەڵ وی رەنگ بوو ئاکامێکی باشی نەبێ. وادیار بوو مارکیز فکری ئەوی خوێندۆتەوە.

گوتی: ئەو پیاوێکی یەکجار باشە."

دیلاڤرا سەری بە شێوەیەکی وتادار لەقاند.

ئەو گوتی:" ئەمن فایلەکانی ئیدارەی ئارچەی ئۆسقۆف دەناسم."

مارکیز بەربەرەکانیی کرد:" هیچ قوربانییەك ئەوندە گەروە نیە کە بمانەوێ لە مردنێی راست کەینەوە." و کاتێ دژکردەوەیەکی لە دیلاڤراوە نەدی قسەکەی تەواو کرد:

" بۆ خاتری خوای دلۆڤان، تکات لێ دەکەم."

دیلاڤرا بە دلێکی زامدارەوە گوتی:

" لەبەرت دەپارێمەوە. مەیەڵە ئەوەندە ئازار بچێژم."

ئیدی مارکیز دەستی هەڵگرت. ئەو جانتا بچووکەکەی لەسەر نوێنان هەڵگرتو داوای لە دیلاڤرا کرد بیداتە کچەکەی.

ئەو گوتی:" لانی کەم دەزانێ ئەمن لە فکری وی دام."

دیلاڤرا بەبێ ماڵاوایی تێی تەقاند. لەبەر ئەوەی بارانێکی بەخوڕ دەباری، جانتایەکەی وەبن عەبایەکەی دا، زۆر بە چاکی ئاگای لێ بوو. پاش ماوەیەکی بەخۆی زانی کە دەنگی دەروونی دێڕ بە دێڕی ئاوازی تینۆربەی بە نارەنار دەڵێ. باران سەروسەکوتی دەکوتا کە بە دەنگی بەرز تێی هەڵکردە گۆرانیو لە بیری خۆیدا هەتا ئاخیرێی گوت. بە گۆرانی گوتنەوە بەرەو گەڕەکی خاوەن پیشەکان وەرسوورا، بە تەنیشت ئۆرکێسترای زیارتکەراندا بۆلای چەپ رۆیشتو تەقەی لە دەرگای ماڵە ئابرێ نۆنچیکۆ هێنا.

پاش بێدەنگییەکی زۆر دەنگی پێیانی بیست کە بەسەر عەرزی دا کشان. دەنگێکی خەواڵوو لێی پرسی:

" کێیە؟"

دیلاڤرا گوتی: " قانوون."

بۆ ئەوەی ناوی خۆی نەدرکێنێ، شتێکی دیکەی بە مێشکیدا نەهات.

ئابرێ نۆنچیکۆ بەو خەیاڵە کە بەڕاستی نێردراوانی دەوڵەتن دەرگای کردەوە. ئەوی نەناسی. دیلاڤرا گوتی:" ئەمن بەڕێوەبەری کتێبخانەی ئیدارەی ناوچەی نۆسقۆفم." پزیشک ڕێگای بەرەو دەرگای چوونە ژووری داڵانی تاریك پێ نیشان داو یارمەتیی دا تاکوو رووپۆشە تەڕەکەی داکەنێ. بە شێوەی خۆیو بە لاتینی پرسی:

" لە چ کوشتارێکیدا چاوت لە دەست داوە؟"

دیلاڤرا بە زمانی لاتینیی سەردەمی قوتابخانەی خۆی، باسی پێشهاتی ناخۆشی رۆژگیرانی کردو بە دوورودرێژی باسی نەخۆشییە سەرسەختەکەی بۆ کرد کە پزیشکی نۆسقۆف تەئکیدی کردبوو چاوبەند شتێکی پێویستە. بەڵام ئابرێ نۆنچیکۆ تەنیا سەرنجی دابووە پاراویی زمانە لاتینییەکەی.

بە سەرسوڕمانەوە گوتی: " ئەوە ئەو پەڕی پێگەیشتووییە. لە کوێ فێر بووی؟"

دیلاڤرا گوتی:" لە ئاڤیلا."

ئابرێ نۆنچیکۆ :" خزمەتێکی چەندە گەورە."

ئەو دەرفەتی پێ دا تاکوو دیلاڤرا کەوشە تەختەکانیو رووپۆشەکەی داکەنێ، جلوبەرگە تەڕەکانی دابنێو لە پەنا رووپۆشەکە بیانهاوێتە سەر پانتۆڵەکە. پاشان چاوبەندەکەی لابرد و هاویشتیە نێو زبڵدانێکەوە. ئەو گوتی:" نەخۆشیی چاوی تۆ ئەوەیە زیاتر لەوەی کە دەبێ ببینێ، دەبینێ."

دیلاڤرا شەیدای ئەو هەمووە کتێبانە بوو کە لە ژوورێ لەسەریەك دانرابوون. ئابرێ نۆنچیکۆ هەستی بەوە کرد و ئەوی بەرەو ژووری یارمەتییە سەرەتاییەکانی پزیشکی برد کە شوێنێك بوو کتێبێکی زۆر لە جێ کتێبان‌دا هەتا بن میچی لەسەر یەك دانرابوون.

دیلاڤرا هاواری کرد:" یا رووحی پیرۆز! ئەمە کتێبخانەی پێترارکایە."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" نزیکەی دووسەد بەرگ زیاتر."

دەرفەتی پێ دا بە گوێرەی حەزی خۆی دەستیان پێدا بگێڕێ. کتێبی نۆنیکا لەوێ بوو کە لە ئیسپانیا وەك حوکمی زیندان سەیری دەکرا. دیلاڤرا ناسی، بە ئۆگرییەوە پەڕی هەڵدانەوە بە دڵێکی پڕەوە لە جێی کتێبانی دانایەوە. بەرەو ژوورتر لە پەنا کتێبی نەمری ترسی لەبەر

دلاَندا كۆمەڵە بەرهەمی ڤۆلتێری بە زمانی فەرانسەیی و وەرگێرانێكی لاتینیی نامە فەلسەفییەكانی دیت.

بە گاڵتەوە گوتی:" ڤۆلتێر بە زمانی لاتین، ئەمە شتێكە تا سنووری لەدین وەرگەران."

ئابرێ نۆنچیكۆ بۆی باس كرد كە راهیبێكی خەڵكی كویبرا ئەوەی وەرگێراوە. ئەو پۆشتە بوو و بۆ خۆشیی زیارەتكەران كتێبی دەگمەن دەگمەنی چاپ دەكردن. كاتێك دیلاڤرا خەریكی هەڵدانەوەی پەران بوو، پزیشك لێی پرسی داخوا زمانی فەرانسەیی دەزانێ؟

دیلاڤرا بە لاتینی گوتی:" قسەی پێ ناكەم بەڵام پێی دەخوێنمەوە." و بێ ئەوەی شەرم بكا لە خۆرا گوتی:" دیارە یۆنانی، ئینگلیزی، ئیتالیایی، پورتوگالیو كەمێكیش ئەڵمانی."

ئابرێ نۆنچیكۆ گوتی:" پرسیاری من سەبارەت بە سەرنجی رەخنەگرانەی تۆ بەرامبەر بە ڤۆلتێرە. ئەمە كۆمەڵەیەكی تەواوە."

دیلاڤرا گوتی:" ئەو زۆر جار ئێشو ژانی بۆ ئێمە هەموار دەكرد. مخابن ئەم شێعرانە ئی فەرانسەییەكن."

ئابرێ نۆنچیكۆ گوتی:" ئەتۆ ئەم قسەیەی دەكەی چونكە ئیسپانیایی."

دیلاڤرا گوتی:" بەو هەمووە خوێنە تێكەڵاوەوە لەم تەمەنەدا ئیدی دەقیق نازانم كێمو سەربەكوێم."

ئابرێ نۆنچیكۆ گوتی:" لەم وڵاتە بەرینەدا هیچ كەس نازانێ. ئەمن پێم وایە سەدان ساڵ دەبێ بروا تاكوو بیزانین."

دیلاڤرا بێ ئەوەی چاو لە لەسەر كتێبخانە هەڵبگرێ قسەی لەگەڵ دەكرد. لەپر شتێك كە زۆر جار لێی روو دەدا، كەوتەوە بیری ئەو كتێبەی كە لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا بەرێوەبەری قوتابخانەكەی خوێندنەوەی لێ قەدەغە كردبوو و ئەو تەنیا بەشێكی بچووكی لەبیر بوو، وبەدرێژایی تەمەنی بۆ ئەوەی كتێبەكەی ببینێتەوە، دەگەیشتە هەركەس ئەو بەشەی دووپاتە دەكردەوە.

ئابرێ نۆنچیكۆ لێی پرسی:" ناوی كتێبەكەت وەبیر نایەتەوە؟"

دیلاڤرا گوتی:" قەت ناویم نەزانی، بۆ زانینی كۆتایی كتێبەكە ئامادەم دەست لە هەموو شتێك هەڵگرم."

پزیشك بێ ئەوەی ئاگاداری بكا كتێبێكی لە پێش چاوی راگرت، كە دیلاڤرا بە یەكەم چاولێكردن ناسیەوە. ئەم كتێبە یەكێك لەو چوار بەرگ كتێبە كۆنەی ئامادیس بوو لە لایەن گالیینەوە بوو كە لە شاری سە ڤیلا چاپ ببوو. دیلاڤرا بە وردی سەیری كرد. ئەو لەرزی هاتبۆیەو

دەیزانی کە زۆری نەماوە بەبێ ڕێگای دەربازبوون نابوود دەبێ. سەرەنجام باوەڕبەخۆبوونی خۆی وەدەست هێنایەوە:

" دەزانی ئەم کتێبە قەدەغەیە."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" هەروەك باشترین ڕۆمانەکانی ئەم سەدەیە، و لە جیاتی ئەم کتێبانە، ئێستاش تەنیا نامە بۆ تەڵەبان چاپ دەبن. خەڵکی داماوی ئەم سەردەمە ئەگەر نەتوانن ڕۆمانەکانی شوڤالیە بخوێننەوە، ئەدی دەبێ چ بخوێننەوە؟"

دیلاڤرا گوتی:" کتێبی دیکەش هەن. سەد نوسخە لە یەکەم چاپی دۆن کیشۆت، لێرە هەر لە چاپی یەکەمدا خوێندراونەتەوە."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" نەخوێندراونەتەوە، ئەوانە بۆ وڵاتانی دیکە بە گومرکێدا ڕەت بوون.

دیلاڤرا سەرنجی نەدەدا قسەکانی، بەڵام نوسخەی بە نرخی ئامادیسی بەرهەمی گالیینی ناسیەوە.

ئەو گوتی:" ئەم کتێبە نۆ ساڵ لەوەپێش لە بەشی نهێنیی کتێبخانەی ئێمە بزر بووەو قەت ناسەوارێکمان لێ نەدیتەوە."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" بیرم لێ دەکردەوە، بەڵام هۆی دیکە هەن کە ئەم کتێبەی بە نوسخەیەکی مێژوویی بزانن: لە ماوەی زیاتر لە ساڵێکدا لانی کەم لە نێوان یازدە کەسدا دەستاودەست کراوە،و لانی کەم سێ کەسیان نەماون. لەو بارەیەوە بە تەواوی دڵنیام."

دیلاڤرا گوتی:" ئەمە ئەرکی سەرشانمە بە ئیدارەی ناوچەی ئۆسقۆفت بناسێنم."

ئابرێ نۆنچیکۆ قسەکەی بە جیدی وەرنەگرت.

" قسەیەکی مورتەدانەم کرد؟"

" ئەوەم گوت، چونکە کتێبی قەدەغەکراوت هەن کە پێوەندییان بە تۆوە نیەو پێت ڕانەگەیاندوون."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" وێڕای ئەمە زۆر کتێبی دیکەشم هەن." و بە قامکی ئاماژەی بە بازنەیەکی گەورەی قەفەسەی پڕ لە کتێبانی کرد. " بەڵام ئەگەر وایە، ئەوکات تۆ دەبوا زۆر لە ئێستا زووتر هاتبای منیش دەرگام لێنەدەکردیەوە." ڕووی تێکردو بە ڕووخۆشییەوە درێژەی دا:" بەڵام خۆشحاڵم سەبارەت بەم گفتوگۆ شیرینە لێرەت دەبینم."

دیلاڤرا گوتی:" مارکیز کە نیگەرانی کچەکەیەتی داوای لێکردم بێمە ئێرە."

ئابرێ نۆنچیکۆ داوای لێکرد بەرامبەری دانیشێ: کاتێك تۆفانی ماڵوێرانکەر دەریای سەروبن دەکرد، ئەو دووانە بە پێچەوانەی عادەت ئامادە بوون گفتوگۆ بکەن. پزیشك بە زیرەکیو بە زانایی بۆی باسی هاری کرد هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە تا ئەمڕۆ، ئەو باسی سوودلێوەرگرتنی بە بێ

سزاو دەستەوەستانیی هەزارساڵەی توانا پزیشکییەکانی کرد کە بوونەتە کۆسپی سەر ڕێگەی پێشکەوتن. ئەو نموونەی جێی داخو پەژارەی لەم بارەیەوە خستنە ڕوو کە لە کۆنەوە ئەم نەخۆشییەیان لەگەڵ شەیتان لێدراویو شێوەیەکی تایبەتی لە شێتیو شێوەی جۆراوجۆری ئاڵۆزیی رووحی لێ تێك چووە. ئەوەی پێوەندیی بە سییەرڤا ماریاوە هەبوو، بە دووری دەزانی کە پاش تێپەڕینی سەدوپەنجا ڕۆژان هێشتا هەر نەخۆش بێ. ئابرێ نۆنچیکۆ لە کۆتاییدا گوتی:" ئەم مەترسییە لە گۆڕێدا هەیە کە کچۆڵە وەك زۆر کەسی دیکە بەهۆی وەحشیگەری لە دژایەتیی شەیتاندا گیانی خۆی لەدەست بدا."

ڕستەی دوایی بە بۆچوونی دیلاڤرا زیاتر وەك موبالەغەی تایبەتیی پزیشکانی سەدەکانی نێوەڕاست دەچوو، بەڵام دژایەتیی نەکرد، چونکە ئەم موبالەغەیە زۆر چاك لەگەڵ ئیستیدلالە مەزهەبیەکەی یەکی دەگرتەوە کە پێی وانەبوو کچۆڵە شەیتان لێدراوە. ئەو گوتی زانینی سێ زمانی ئیسپانیایی، پورتوگالیو زمانە جۆراوجۆرەکانی ئەفریقایی بۆ سییەرڤا ماریا بە پێچەوانەی ئەوەی لە پەرستگە لەسەریان نووسیوە، هیچ کات فریوی شەیتان نیە. بۆ ئەم مەبەستە بەڵگەیەکی زۆر هەیە کە کچۆڵەکە هێزێکی رووحیی بەرچاوی هەیە، بەڵام هیچیان ناڵێن ئەو پێوەندیی بە هێزێکی ناسروشتییەوە هەیە. تەنانەت نیشانەیەکی روون لە هەڵفڕین یان پێشگۆیی ئەو دوو دیاردەیەی کە هەمیشە بەڵگەی هەبوونی پیرۆزی بە حیساب دێن، لەبەر دەستدا نیە. سەرەڕای ئەمەش دیلاڤرا هەوڵی دا پشتیوانیی برایانی دیکەی هاوبیروبۆچوونی خۆی لە ناوچەکانی دیکەش بەدەست بێنێ، بەڵام هیچیان نەیان وێرا لە دژی فایلەکانی پەرستگە قسەیەك بکەن، یان لەبەرامبەر بە باوەڕهێنانی خێرای خەڵکی ڕاوەستن. ئەو باش دەیزانی کە نە داوەریی ئەو و نە ئی ئابرێ نۆنچیکۆ و نە داوەریی هەردووکیان پێکەوە بتوانێ قەناعەت بە کەسێك بێنێ.

ئەو گوتی:" کەوابوو هەردووکمان لەگەڵ هەمووان ناکۆکین."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" هەر بۆیە هاتنی تۆم پێ سەیر بوو. ئەمن جگە لە پاروویەکی ڕاوێ، لە ڕاوگەی دادگای پشکینیی بیروباوەڕدا شتێکی دیکە نیم."

دیلاڤرا گوتی:" لە ڕاستیدا بۆخۆشم نازانم، بۆ هاتووم. دەڵێی ئەو بوونەوەرە لەلایەن خواوە ئەرکی ئەوەیە تاکوو هێزی ئیمانم بەتاقی بکاتەوە."

دەربڕینی ئەم ڕستەیە، ئەوی لە فشاری هەناسەی لە سینگدا قەتیس کراو ڕزگار کرد. ئابرێ نۆنچیکۆ بە سەیرکردنی چاوەکانی قووڵایی ڕووحی ئەوی دیتو زانی کە دیلاڤرا زۆری نەماوە دەست بکا بە گریانێ.

ئەو بە راوێژێکی ئارام بەخشەوە گوتی:" لەخۆڕا فشار بۆخۆت مەهێنە، رەنگە لەبەر ئەوەی تۆ دەبووا لە بارەی کچۆڵەکەدا قسەت بکردایە، هاتوویەتە ئێرە."

دیلاڤرا خۆی وەك رووتان هەست پێ‌کرد. لە جێی خۆی راست بۆوە، بەدوای رێگەیەکی چوونەدەردا گەڕا بەڵام رای نەکرد، چونکە هەموو جلوبەرگەکانی لەبەردا نەبوو. ئابرێ نۆنچیکۆ یارمەتیی دا تاکوو جلوبەرگە نیوە تەڕەکانی لەبەر بکاتەوە، و هەوڵی دا نەیەڵێ بڕوا تاکوو بتوانن درێژە بە قسەکانیان بدەن. ئەو گوتی:" ئەمن دەتوانم هەتا ساڵێکی دیکەش بێ پسانەوە لەگەڵت بدوێم." هەوڵی دا بە شووشەیەکی چووکە کە گیراوەی شووشتنەوی قەرنیەی چاوی تێدابوو تاکوو برینە خۆڕاگرەکەی پێ چارەسەر بکا، پێش بە ڕۆیشتنی بگرێ. ئەوی لە بەردەرگا ڕا گێڕایەوە تاکوو جانتا چووکەکەی لە ژووری لێ بەجێ مابوو، دەست داتێ. وادەهاتە بەرچاو کە دیلاڤرا تووشی دەردێکی کوشندە بووە. ئەو سەبارەت بە وتوویژی پاشنێوەڕۆیە، یارمەتییە پزیشکییەکانو گیراوەی چاو سوپاسی لێ‌کرد، بەڵام ئیزنی نەدا بۆچوونی خۆی بگۆڕێو بەڵێنی دا جارێکی دیکە بۆ چاوپێکەوتنی بێتەوە. ئەو نەی دەتوانی لەوە زیاتر لەبەرامبەر ئارەزووی دیتنی سییەرڤا ماریادا خۆی راگرێ. تەنانەت لە شەقام نەی زانی شەو داهاتوە. ئیدی باران نەدەباری بەڵام جۆگەکان لەبەر بارانی زۆر پڕ ببوون. دیلاڤرا بە زەحمەت بە رێگادا دەڕۆیشت، ئاو لە نێوەڕاستی شەقامێ هەتا گوێزینگی دەهات. ژنی کێشکچی هەوڵی دا رێی پێ بگرێ، لەبەری ئەوەی زۆری بۆ زایەڵەی ناقووسی شەوێ نەمابوو. دیلاڤرا پاڵی پێوەنا:

" ئەمە ئەمری پایەبەرز ئۆسقۆفە."

سییەرڤا ماریا لە ترسان وەخەبەر هاتو لە تاریکیدا ئەوی نەناسیەوە. ئەو نەیدەزانی چۆن پێی بڵێ بۆچی لەم کاتە نائاساییەدا هاتوە، لەپڕ بیانوویەکی دۆزیەوە:

" باوکت دەیەوێ بتبینێ."

کچۆڵە جانتا چووکەکەی ناسیەوەو دەموچاوی لە تووڕەییان سوور هەڵگەڕا.

ئەو گوتی:" بەڵام ئەمن نامەوێ."

بە سەرسوڕماوییەو لێی پرسی، بۆ.

کچۆڵە گوتی:" هەروا. باشترە بمرم."

دیلاڤرا هەوڵی دا بەندی قایشی گوێزینگی لاقە ساغەکەی بکاتەوە، پێی وابوو ئەم کارەی دەبێتە هۆی خۆشحاڵیی وی.

کچۆڵە گوتی :" لیم گەڕێ. دەستم لێ مەدە."

دیلاڤرا قسەکەی بە هێند وەرنەگرت،و کچۆڵە بە تووڕەییەوە تفی لە دەموچاوی کرد. ئەو خۆی راگرتو لاروومەتەکەی دیکەی بۆ راگرت. سییەرڤا ماریا دیسان تفی لێ کردەوە. ئەو سەرمەست لە لووتکەی تامو چێژی قەدەغەکراودا لە کە ناخیەوە بلێسەی سەندبوو، دیسان لاروومەتەکەی دیکەی هێنایەوە پێشێ. چاوەکانی لەسەریەك دانانو لە ناخی دڵەوە دەستی بە دوعا کرد. هاوکات کچۆڵە بەردەوام تفی دەکردو هەتا زیاتر دەرهەڵبوویایە، دیلاڤرا پتری پێ خۆش بوو، تاکوو کچۆڵە بۆی دەرکەوت کە تووڕەبوونەکەی چەندە بێ سوودە. ئینجا دیلاڤرا شانۆی ترسناکی مرۆڤێکی بەڕاستی تووڕەی دیت. مووەکانی سییەرڤا ماریا قرژ بوونو وەك زیندووان بوون بە ماری مێدۆزاو کەفی لە زاری دەهاتو بە زمانی بتپەرستان وەبەر رەهێڵەی جنێوانی دا. دیلاڤرا وێنەی مەسیحی لەخاچدراوی دەرهێنا، لە روخساری کچەی نزیك بۆوەو هاوارێکی ترسناکی کرد: " کەیفی خۆتە کێی کێ نی، هەی شایانی دۆزەخ، برۆ ون بە."

هاواری وی ئەوەندە هاندەر بوو کە کچۆڵە تەفریبەن هەموو قایشەکانی پچڕاندن.

ژنی کێشکچیی ژووری بە نیگەرانییەوە گەیشتیو هەوڵی دا لغاوی بکا. بەڵام تەنیا مارتینا بوو توانی بە هەستی ئاسمانیی خۆی دەرەقەتی ئەم کارە بێ، دیلاڤرا رایکرد.

ئۆسقۆف لە کاتی نانخواردنی شەویدا بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی ئەو بوو، چونکە بۆ خوێندنەوە ئامادە نەببوو. بۆ وی روون کە دیلاڤرا لە دنیای خۆی دایە، جگە لە دیمەنی وەحشیی سییەرڤا ماریای کۆڵەوار، ئاگای لە دنیاو قەیامەتێ نەماوە. دیلاڤرا خۆی دە کتێبخانە هاویشت، بەڵام نەی دەتوانی بخوێنێتەوە. بە باوەڕێکی تاڵەوە نوێژی کرد، وێڕای تینۆرییەی گۆرانیی گوت. وەك رۆنی داغ وەها فرمێسکی هەڵدەوراندو دەتگوت ئاگر لە دەروونی هەڵ دەستێ. ئەو جانتا بچووکەکەی سییەرڤا ماریای کردەوەو شتومەکەکانی یەك بەیەك لە سەر مێزەکەی ریز کردن. ناسینیەوە، بە هێزێکی پڕ لە ئەوینەوە بۆنی کردنو خۆشی ویستنو بەوپەڕی بێ شەرمیەوە قسەی لەگەڵ دەکردن. پاشان هەتا نێو قەدی خۆی رووت کردەوە، شێلاقێکی ئاسنی لە چەکمەجەی مێزە گەورەکەی دەرێنا کە تا ئەوکاتە نەیوێرابوو بیهێنێتەدەرو بە تووڕەییەکی هەوساردامالڕاوەوە، بێ ئەوەی تۆزقاڵێك راوەستێ، وەرگەڕایە خۆی تاکوو دوایین نیشانەکانی سییەرڤا ماریای لە گیانی خۆی بسڕێتەوە. ئۆسقۆف کە هەروا چاوەڕوانی وی بوو، ئەوی لە حاڵێکدا دیتەوە کە شەڵاڵی خوێنو فرمێسك ببوو.

دیلاڤرا گوتی:" باوکی بەڕێز، ئەو شەیتانە، خراپترین جۆریەتی."

٥

ئۆسـقۆف دیلاڤـرای بـانگ کـردە ژووری خـۆی تـا وەڵام بداتـەوەو بـەبێ چاوپۆشـی گـوێی بـۆ ددانپێداهێنانی بێپەردەو تەواوی ئەو گرت، باش دەیزانی کە نابێ لێی خۆش بێ، بەڵکوو دەبێ بڕیـاری دادگای بەڕێوە بەرێ. تەنیا خاڵێکی لاواز کە لەبەرامبەر دیلاڤرادا لـە خـۆی نیشـاندا ئـەوە بـوو کـە هەڵـەی واقعیـی ئـەوی بـە نهێنـی هێـشتەوە. هـەموو مـافو بەرپرسـایەتییەکانی بـەبێ هـیچ شیکردنەوەیەکی ئاشکرا لێ ئەستاندەوەو ناردیـە ئەخۆشـخانەی ئـاموردی دیـووس تـاکوو لـەوێ وەك پەرستاری گولان ئەرکی خۆی بەڕێوە بەرێ. دیلاڤرا تکای کرد بۆ تەسکینی دڵی خۆی ئیزنی بدا نوێـژی سەعات پێنجی ئێوارە بۆ گولەکان بکا، بەڵام ئۆسقۆف ئیزنی نەدا. دیلاڤرا بەهەسـت بـە بۆشـاییەکی قووڵ چۆکی لەسەر عەرزیدا داو هەردووکیان پێکەوەخەریکی نزا بـوون. ئۆسـقۆف دوعـای خێـری بـۆ کردو یارمەتیی دا هەستێتە سەر پێ.

ئۆسقۆف گوتی:" خوا رەحمەت پێ بکا." و ئەوی لە دڵی خۆی سڕیەوە.

تەنانەت پاش ئەوەش کە کایەتانۆ سزایەکەی تێپەڕ دەکرد، زۆر لە کاربەدەستانی سـەرووی نیدار پشتیوانییان لێکرد، بەڵام ئۆسقۆف دڵی نەرم نەبوو. ئەو ئەو بۆچوونەی رەت کردەوە کە ئەوانەی شەیتان دەردەکەن سەرەنجام هەر لەلایەن ئەو شەیتانانەوە کە دەریـان کـردوون لـە داو دەکەون. دوایین ئیستیدلالی وی ئەوە بوو کە دیلاڤرا گوێی بە بڕیـاری لێبڕاوانـەی مەسـیحیانە نەداوە، بەڵکوو سەرپێچیی لێکردوەو دانیشتوەو باسی مەسەلە ئایینییەکانی لەگەڵ کـردوون. ئۆسقۆف گوتی:" هەر راست ئەوە زەبری لـە رووحـی دیلاڤـرا داوەو هـەتا سـنووری لـە دیـن وەرگەڕانی بردوە." ئەوەی لە هەموو شت زیاتر جێی سەرسوڕمان بوو، ئەوە بوو کـە ئۆسـقۆف لەگەڵ کەسێکی باوەڕپێکراوی خۆیدا ئـاوا دڵڕەقانـە رەفتـاری دەکـرد، ئـەویش سـەبارەت بـە گوناهێك کە کەفارەتەکەی ئەوپەڕی لە حەددی مۆمە سەوزەکان تێ نەدەپەڕی.

سییەرڤا بە چاوپۆشییەکی تایبەتیەوە مارتینای وەرگرت. لەو کاتەدا مارتیناش سـەبارەت بە رەتکرانەوەی داوای لێبووردنی، زۆر غەمگین بوو. کچۆڵە لە شـتێك نەگەیـشت، تـاکوو لـە

پاشنیوەڕۆیەکیدا لە کاتی میلدۆزیدا لەسەر بالکۆن، چاوی لە سەرێ کردو دیتی فرمێسک بە چاوی مارتینادا دێنە خوار. ئەو دوودڵیی خۆی لە سییەرڤا ماریا نەشاردەوە:

" پێم خۆش بوو بمرمو ئیدی لەنێو ئەم زیندانەدا لە سەگەمەرگیدا نەدەبووم."

گوتی تەنیا هیوای بۆ هەڵس‌وکەوت لەگەڵ سییەرڤا ماریا شەیتانەکانیەتی. مارتینا دیەویست بزانێ ژمارەی شەیتانەکان چەندن‌و چۆنن‌و چۆن دەکرێ قسانیان لەگەڵ بکا. کچۆڵە شەش دانەی بۆ ژماردو مارتینا شەیتانێکی ئەفریقایی ناسیەوە کە جارێکی هێرشی کردۆتە سەر ماڵی باوکی. هێوایەکی نوێ خۆشحاڵی کرد.

ئەو گوتی:" زۆرم پێ خۆش بوو قسەی لەگەڵ بکەم."

سییەرڤا ماریا خۆشحاڵ بوو لەو زەبرەی کە لێی دابوو. ئەو گوتی:" شەیتان ناتوانێ قسان بکا. سەیری دەم‌وچاوی دەکەی‌و تێدەگەی کەچ دەڵێ." زۆر بە جیددی بەڵێنی دا ئاگاداری بکاتەوە تاکوو بتوانێ لە چاوپێکەوتنی دواتردا لەگەڵ شەیاتین بەرەوڕوو بێ.

کایەتانۆ بە خاکەراییەوە کاروباری ناخۆشی نەخۆشخانەی بە لێهاتووییەوە ئەنجام دا. گولەکان کە بە پێی قانوون حیسابی مردووانیان بۆ دەکرا، لە حەوشێکی تایبەتیدا کە عەرزەکەی بە چرپی‌و چاڵی شێلدراوی دارخورمایە داپۆشرابوو، دەخەوتن. زۆریان تەنیا دەیان توانی خۆ بۆ پێشەو راکێشن. سێشەممانە رۆژی چارەسەری گشتی رۆژێک بوو کار زۆر بوو. کایەتانۆ کە ببووە قوربانی تاکوو گوناهەکانی بشواتەوە، ئەم زەحمەتەی تەحەممول کردو داماوترین نەخۆشەکانی لە نێو تەشتی تەویلەیدا دەشووردن. لەیەکەم شەممەی دانەوەی کەفارەتدا کە پلەی قەشەیی ئەو تا ئاستی رۆپۆشی سادەی پەرستاری نزم ببۆوە، ئابرێ نۆنچیکۆ بە سواری ئەو ئەسپەی مارکیز بە دیاریی دابوویە، گەیشتێ.

ئەو پرسی:" چاوت چۆنە؟"

کایەتانۆ دەرفەتی پێ نەدا لەبارەی چارەشییەکەیدا بدوێ یان لە وەزعی بەداخ بێ. سەبارەت بەو گیراوەیەی کە بەڕاستی گومانی ﴿ کاریگەریی ﴾ رۆژگیرانی لە قەرنیەی چاوی سڕیبۆوە، سوپاسی کرد.

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" ئەتۆ ئەسلەن نابێ سوپاسم بکەی. ئەوەی کە باشترین هەتوان بۆ چاوتێبڕین لە خۆرەتاوەو ئەمن دەی ناسم، دام بەتۆ: " دڵۆپەکانی باران."

پزیشک بۆ ماڵیی بانگهێشتن کرد. کایەتانۆ وەڵامی دایەوە کە بەبێ ئیزن ناتوانم بە شەقام دا برۆم. ئابرێ نۆنچیکۆ بایەخێکی بەم قسانە نەدا. ئەو گوتی:" ئەگەر بە خاڵە لاوازەکانی ئەم

ولاتە بزانی، دەزانی کە قانوون تەنیا سێ رۆژ دەوامـی هەیـە. ئـەو کتێبخانـەی خـۆی لەبـەر دەستی کایەتانۆ نا تاکوو درێژە بە خوێندنەوەی خۆی بداو لەگـەڵ دادپـەروەری بـەرەورووو بـێ. کایەتانۆ بەبێ خۆفریودان بە نۆگرییەو گوێی بۆ راگرت.

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" ئەمن لەگـەڵ گیروگرفتـەکانت ئـەتۆ بـە تـەنیا بـەجێ دێڵـم." و مامزەی لە قەبرغەی ئەسپەکەی کوتاو درێژەی دا:" هیچ خوایەك ناتوانێ مرۆڤێکی لێهاتووی وەك تۆ بخولقێنێو لە کاتی شووشتنی نەخۆشاندا بزر بێ."

سێ شەممەی دواتر ئابرێ نۆنچیکۆ " نامە فەلسەفییەکان"ی بە زمانی لاتینیی بۆ بە دیاری هێنا.کایەتانۆ هەڵی دایەوە، نێو کتێبەکەی بۆن کردو نرخەکەی قەبڵاند. ئەو هەرچی زیاتر لـە ئابرێ نۆنچیکۆ ورد دەبۆوە بە رادەیەش شتی کەمتری دەست دەکەوت.

ئەو گوتی: " زۆرم پێ خۆشە بزانم بۆ چی ئەوەندە بۆ من میهرەبانی."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" چونکە ئێمە مرۆڤەخواناسەکان بـەبێ قەشـەکان نـاتوانین بـژین." نەخۆشەکان لەشی خۆیان دەخەنە بەردەستمان نەك رووحیان، وەزعی ئێمـە وەك ئـی شـەیتانی دەچێ کە دەویەوێ لە نێوانی تۆو خوا دا کێشە هەڵایسێنێ."

کایەتانۆ وەڵامی دایەوە: ئەم قسەیە لەگەڵ نیەتی باشی تۆدا نایەتەوە."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" بۆخۆشم نازانم چ قەدو گیپاڵێکیان هەیە."

کایەتانۆ گوتی:" ئیدارەی پیرۆزی کلێسا دەزانێ."

ئابرێ نۆنچیکۆ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کەیفی ساز بوو. ئەو گوتی:" وەرەماڵە من تاکوو تەواو بە شێنەیی لەم بارەیەوە قسە بکەین. ئەمن شەوانە ئەوپەڕەکـەی دوو سـەعەتان، ئەویش پچڕپچڕ دەخەوم، کەوابوو هەموو وەختێك دەکرێ."

مامزەی دەئەسپ کوتاو لەوێ دوور کەوتەوە.

کایـەتانۆ زۆر زوو فێـر بـوو کـە دەسـەڵاتی گـەورە قـەت نیـوەی لەدەسـت ناچـێ. هـەر ئەوکەسانەی کە پێشتر بۆ لایەنگری لەو دەنگیان بەرز کردبـۆوە، ئێـستا هـەر دەڵێـی گولێـك دەبینن‌و لێی دوور دەکەونەوە. ئەو هاوڕێیانەی کە لە هونەرو ئەدەبیاتی جیهانیدا پێڕەوییان لە بۆچوونەکانی وی دەکرد، خۆیان دوور رادەگرن تاکوو نەوەك لەگەڵ کلێسا تووشـی کێـشە بـن. هەر گوێشی لێ نەبوو. دڵی وی بۆ سییەرڤا ماریای لیدەدا، بەڵام بـەو بارودۆخـە رازی نـەبوو. ئەو پێی وابوو هیچ قانوونێکی زەریاکان یان زنجیرە کوێوەکان، دینـایی یـان ئاسمـانی، و هـیچ دەسەڵاتێکی جەهەننەمی ناتوانێ ئەم دووانە لێك بکاتەوە.

شەوێکی، بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە لە نەخۆشخانە رای کرد، تاکوو وەك هەموو جارێ بە نهێنی بچێتە پەرستگە. ئەوێ چوار دەگای چوونە ژوورەوەی هەبوو. دەرگای سەرەکی بە کولانەیەکی هەوا کێشەوە، دەرگایەکی دیکەی وەك ئەو کە بەلای دەریادا دەکرایەوە، دوو دەرگای بچووکی دیکەی پێراگەیشتن. دوو دەرگا سەرەکیەکە چیان لەگەڵ نەدەکرا. کایەتانۆ پێویستیی بەوە نەبوو لە قەراغ دەریاوە پەنجەرەی سییەرڤا ماریای دەستنیشان بکا، چونکە تاقە رێگایەك لە هەردوو لا بوو کە پەرژینی داری نەبوو. ئەو خانووەکەی لە لای شەقامێ‌را بست بە بست هەڵسەنگاند، لەخۆڕا بە دوای کەرسەیەکدا دەگەڕا کە بتوانێ خۆی پێ هەڵکێشێتە سەرێ.

کایەتانۆ دوو دڵ بوو لەوەی کە دەست لە هەوڵەکانی خۆی هەڵبگرێ، کەوتەوە بیری تۆنێلێك کە خەڵك لە کاتی هەڵگەڕانەوە لە بڕیارەکانی خوادا خواردنی پێویستی پەرستگەیان لە وێوە دابین دەکرد. ئەو تۆنێلانەی کە دەچوونەوە سەر پەرستگە یان سەربازخانەکان تایبەتمەندیی هەموو قۆناغەکان بوو. خەڵکی ئەو سەردەمانە لە شارەکان لانی کەم شەش تۆنێلیان پێ شك دەهات و بە تێپەڕینی کات ژمارەیەکی دیکەشیان دۆزینەوە کە بۆ کاتی تەنگانە لەبار بوون. لەنێو گولەکاندا گۆڕهەڵکەنێکی پێشوو تۆنێلی مەبەستی بۆ کایەتانۆ ئاشکرا کرد: گۆڕستانێکی کۆن و بێ کەلك پەرستگەی دەگەیاندەوە سەر پارچە زەوییەکی تەنیشتی کە سەد ساڵ لەوەپێش یەکەم گۆڕستانی کلارسییەنەکان بوو. ئەم تۆنێلە راست لە پێش دیوارێکی بەرز و ئەستوور بوو کە کەس نەی دەتوانی وەسەری کەوێ، لە ژێر بینای زیندان سەری وەدەر دەنا. کایەتانۆ پاش هەوڵێکی زۆر و بێ سوود، هەروەك بیری دەکردەوە بە هێزی ئیمان بە هەموو شتێك دەگەی و سەردەکەوی.

بینای زیندان لە جەنگەی بەیانیدا دوورگەی ئارام بوو، بە دڵنیاییەکی تەواوەوە لەوەکە ژنانی کێشکچی لە جێگایەکی دیکەوە دەخەون. تەنیا خۆی لە مارتینا دەپاراست کە دەرگای ژوورەکەی نیوە کراوە بوو و پرخەی دەهات. تا ئەم کاتە دڵەراوکێ و بێ ئۆقرەیی پشوویان پێ سوار کردبوو. کاتێك دیسان ژووری سییەرڤا ماریای بە قفڵی زامیندار لە نێو زنجیردا دیت، دڵی داخورپا. بە سەری قامکانی فشاری بۆ دەرگا هێنا. هەر کە جیڕەجیڕی لاولاوەی دەرگا بەرزبۆوە، هەناسەی سوار بوو. سییەرڤا ماریای چاو پێ کەوت کە لە تەمێکی نووری هەمیشەییدا خەوتوە. لەپڕ چاوەکانی کردنەوە و تاوێکی پێچوو تاکوو توانی دیلاڤرای بە کراسی بەنی گولەکان بناسێتەوە. کایەتانۆ نینۆکە خوێناوییەکانی خۆی پێ نیشان دا.

به سرته پێی گوت:" ئەمن لە دیواری وەسەر کەوتووم."
سییەرڤا ماریا گوتی:" بۆ چی؟"
ئەو گوتی:" بۆ ئەوەی تۆ ببینم."
ئیدی نەیدەزانی دەبێ چی دیکە بڵێ، لە لەرزینی دەستو دەنگی تووڕەی خۆی پەرێشان ببوو.
سییەرڤا ماریا گوتی:" بڕۆ!"
چونکە لەوانە بوو دەنگی ئاشکرای بکا، لە حالێك لە ترسان دەلەرزی، چەندین جار سەری جولاند، کچۆڵە دیسان دووپاتی کردەوە: " بڕۆ دەنا هاوار دەکەم." کایەتانۆ ئێستا ئەوەندە لەوی نزیك بوو کە ئەیدەتوانی هەست بە هەناسەی کچانەی وی بکا.
" تەنانەت ئەگەر بە قەسدی کوشتنێم لێ بدەن ناڕۆم." و لەپڕ خۆی بە گەورەتر لە ترس هەست پێ کردو بە دەنگێکی بوێرانەوە گوتی:" ئەگەر دەتەوێ هاوار بکەی، هەر ئێستا دەتوانی دەست پێبکەی."
کچۆڵە لێوی خۆی گەست. کایەتانۆ لەسەر نوێنان دانیشتو رووداوی سزایەکەی بە وردی بۆ گێڕایەوە بەڵام هۆیەکەی پێ نەگوت. کاتێك توانی وەقسە بێ، کچۆڵە زیاتر لە بابەتەکە گەیشت. سییەرڤا ماریا بەبێ هیچ چەشنە گومانێك سەیری کردو پرسی بۆچی چیدیکە چاوبەند لە چاوی نادا.
ئەو بە شادمانیەوە وەڵامی دایەوە:" ئیدی پێویستم پێی نیە، ئێستا ئەگەر چاوم ببەستم رووباری زێڕینی ئاڵقەی بسکت ئابینم."
پاش دوو سەعات بە هەستێکی بەختەوەرانە لەوێ رۆیشت، چونکە سییەرڤا ماریا ئیزنی پێ دا دیسان بێتەوە بە مەرجێك بە دەرگای سەرەکیدا لەو شیرینیانەی بۆ بێنێ کە پێی خۆشن. ئێوارەی رۆژی دواتر ئەوەندە زوو هات کە هێشتا پەرستگە هەر ئاوەدان بوو، بەڵام لە ژووری سییەرڤا ماریادا هێشتا چرا دایسا تاکوو میلدۆزیی مارتینای تەواو بکا. شەوی سێیەم رۆنو پلیتەی هێنا تاکوو چرایەکەی پڕ بکاتەوە. لە شەوی چوارەمی رۆژی شەممەدا چەندین سەعات لەسەریەك یارمەتیی سییەرڤا ماریای دا بۆ ئەوەی لە ئەسپێیان خۆی بدۆزێ، چونکە ئەم گیانلەبەرە لە زینداندا خێرا زیاد دەکا. کاتێك شەپۆلی پرچی خاوێن بۆوەو شەی لیدرا، کایەتانۆ جارێکی دیکە هەستی بە ئارەقی ساردی وەسوەسە لە لەشیدا کرد. ئەو لە کاتێکدا هەناسەی لە سینگیدا راگرتبوو لە پەنا سییەرڤا ماریای راکشاو لەگەڵ چاوەگەشەکانی

رووبەڕوو بۆوە، کە بستێکی لێ دوور بوو. هەردووکیان شلەژابوون. کایەتانۆ لە ترسان دوعــای دەکردو لە بەرامبەر روانینی سییەرڤادا خۆی راگرت.

سییەرڤا غیرەتی قسانی وەبەر هات:" ئەتۆ تەمەنەت چەندە؟"

ئەو گوتی:" لە مانگی مارس بوومە سیو شەش ساڵە."

کچۆڵە بە وردی سەیری کرد.

زەردەیەکی هاتیو گوتی:" ئەتۆ پیاوێکی بەتەمەنی." ئەو سەیری گنجــەکانی نێوچــاوانی کایەتانۆی کردو بە دڵڕقیی خۆی لە بارەی تەمەنــەوەی زیــاد کــرد:" پیاویلکەیــەکی دەموچــاو گنجاوی." کایەتانۆ بە رووخۆشییەوە قسەکانی بە دڵو بــەگیان وەردەگــرت. ســییەرڤا ماریــا پرسی، بۆچی پەڵەیەکی سپیی لەسەر سەری هەیە.

ئەو گوتی:" زکماك وام."

کچۆڵە گوتی:" کاڵ بۆتەوە."

کایەتانۆ گوتی:" زگماك وام. دایکیشم هەر وا بــوو." ئــەو هــەروا دەیڕوانیــە چــاوەکانی سییەرڤا ماریاو سییەرڤا بە پێویستی نەدەزانی رووی خۆی وەرگێڕێ. کایــەتانۆ هەناســەیەکی قووڵی هەڵکێشاو لە بەر گوتی:

" هۆ خولقێنەری سێوی شیرینی کەفارەتی چارەڕەشیی من."

سییەرڤا لێی تێ نەگەیی.

ئەو باسی کرد:" ئەوە شێعرێکی بابەگەورەی باوکی دایەگەورەی منە. ئەو ســێ قەســیدەی گوندی، دوو هەجوونامە، پێنج لیریكو چل سۆناتی نووسیبوو. زۆربەیانی بۆ ژنێکی پورتوگالی نووسی کە گێلۆکە بووو قەتیش پێی نەگەیشت، چونکە خێزاندار بــوو دواتــر ژنێکــی دیکــەی هێناو بەر لەوی مرد."

" ئەو هاو ئایینی بوو."

وەڵامی دایەوە:" سەرباز بوو."

شتێك دڵی سییەرڤا ماریای ورووژاند، چونکە دەیەویــست جــارێکی دیکــەش گــوێی لــەم شێعرە بێتەوە. کایەتانۆ ئەمجار بە دەنگێکی پڕ لە زایەڵەو بــاشو ســاف شــێعرەکەی دووپاتــە کردەوە تا گەیشتە دواییو چلەمین سۆناتی سوارەی چەكو ئەوینی دۆن گارسیلاسۆ دیلاڤگا کە لە لووتکەی ساڵانی گەشەکردن لە کاتی شەڕدا بەردێکی وێکەوت.

کاتێك تا کۆتایی خوێندییەوە، دەستی سییەرڤا ماریای گرتو لەسەر دڵی خۆی دانا، سییەرڤا ماریا هەستی بە گاڵەی تۆفانێی کرد.

کایەتانۆ گوتی:" ئەمن هەمیشە لەم حاڵە دام."

بێ ئەوەی دەرفەت بە وەزعی پەرێشانی بدا، خۆی لە هەموو ئەو شتانەی دڵیان دەڕەنجاندو ئیزنی ژیانیان پێ نەدەدا، دەرباز کرد. بۆ سییەرڤا ماریای درکاند، ساتێك نەبووە کە لە فکریدا نەبێو هەرچی خورادوویەتیو خواردوویەتەوە تامی ئەوی داوە، چونکە لە هەرکاتو شوێنێکدا ژیان بریتییە لە سییەرڤا ماریاو جگە لەمە تەنیا خوا ئەو مافو دەسەڵاتەی هەبووە، ئەمە لووتکەی ویستی دڵی ئەوە کە لەگەڵ سییەرڤا ماریای بمرێ. درێژەی بە قسەکانی دا، بێ ئەوەی ببینێ، بەوجۆرەی کە زوڵاڵو خۆشە لەبەر خوێندییەوە، سییەرڤا ماریا خەوی لێکەوتبوو.کەمێکی غیرەت وەبەر هاتو پرسی:"

" ئێستا چی؟"

کایەتانۆ گوتی:" ئێستا هیچ، بۆمن ئەوەندە بەسە کە ئەتۆ دەزانی."

ئەو ئیدی نەیدەتوانی قسان بکا، بە ئارامی گریاو لە جیاتی سەرین باسکی وەبن سەری سییەرڤا ماریا دا،و سییەرڤا پاڵی وێدا. هەروا مانەوەو خەویان لێ نەکەوت. قسەیەکیان نەکرد، تاکوو بانگی کەڵەشێر بەرز بۆوەو ئەو دەبووا پەلەی بکا تاکوو سەری سەعات پێنج بگاتە نوێژی بەیانی. بەر لە ڕۆیشتن، سییەرڤا ماریا ملوانکەی بە شکۆی ئۆددوڤۆنای پێشکێش کرد: هەژدە توسیل درێژایی، لە جۆری سەدەفو سەدەفی مەرجانی بوو.

ناهومێدی لە دڵی بەش مەینەتی کۆچی کردبوو. دیلاڤرای بێ ئۆقرە هەموو کارێکی دەکرد، ئیزنی دا لێی خورن. دەرفەتێکی وا هەڵکەوت کە لە نەخۆشخانە رای کرد تاکوو سییەرڤا ماریای ببینێ، لە حاڵێکدا لە ژێر بارانەی درێژماوەدا تەڕببوو بە هەناسە بڕکێ وەژوور کەوت، و سییەرڤا ماریا ئەوەندە بە ئیحتیاجەوە چاوەڕوانی بوو کە یەکەم پێکەنینی، سییەرڤا ماریای بووژاندەوە. سییەرڤا یەکێك لە شەوەکانی بە شێعرێك کە چەندین جاری گوێ لێ بووەو لەبەری کردوە، دەست پێکرد:

" ئەمن ئارام ڕاوەستاوم. سەیری وەزعی خۆمو هەنگاوەکانم بکەم کە تۆ پێشانم دەدەی." و بوێرانە پرسی:" ئەرێ پاشماوەی ئەم شێعرە چۆنە؟"

ئەو گوتی:" دەبینم چۆن خۆمم بە دڵپاکی فیدا کردوەو، ئەویش ماڵوێرانی کردمو بەدەست مەرگم دەسپێرێ." سییەرڤا ماریا هەر بەو جوانییە شێعرەکەی دووپاتە کردەوە و ئەوان تا

کۆتایی هەر بەم جۆرە درێژەیان پێ دا، دێریان دەبواردن و سۆناتەکانیان دەگۆڕی و بەراوەژوویان دەکردنەوە، بەو جۆرەی کە پێیان خۆش بوو، بە گوێرەی وەزعی خۆیان گەمەیان لەگەڵ دەکردن و بەسەریاندا زاڵ دەبوون هەروا بزانە شێعرەکان نی ئەو دووانەن. لە ماندوویەتی خەویان لێکەوت. بە زایەڵەی بانگی کەڵەشێرەکان ژنە ئێشککگر بە قاوەڵتەییەوە گەیشتێ و هەردووکیان بە نیگەرانییەوە لە خەو رابوون. بێدەنگی بەسەر دەوروبەریاندا زاڵ بوو. ژنە ئێشککگر قاوەڵتییەکەی لەسەر میز دانا. بە سووکە ئاورێك چرایەکەی هەڵسەنگاند، بێ ئەوەی کایەتانۆی لە نێو پێەخەفیدا ببینێ وەدەر کەوت.

کایەتانۆ کاتێك دیسان پشووی هاتەوە بەر، گوتی:" شەیتان قالۆچەیەکی گەندوگوو خۆرە. ئەو تەنانەت منیشی وا لێکرد نەبینرێم."

سییەرڤا ماریا دەبووا فێڵێکی دیکەی دەکار کردبا تاکوو ئەو رۆژە ژنە ئێشککگر جارێکی دیکە نەیەتەوە ژوورێ. لە نێوەڕاستەکانی شەوێدا پاش رۆژێك خۆشیی زۆر، وەك هەمیشە هەستیان بەوە دەکرد یەکتریان خۆش دەوێ. کایەتانۆ دەیەویست کارێکی مەترسیدار بکا، لە سنووری نێوان گاڵتەو راستیدا بەندی جلوبەرگانی بکاتەوە. سییەرڤا ماریا بە هەردووك دەستان پارێزگاریی لە مەمکەکانی کرد. تووڕەیی لە چاوەکانیدا بریسکەیان داو شەپۆلێکی سوور نێوچاوانی داگیرساند. دەتگوت ئاگرە بلێسەی دێ. کایەتانۆ بە قامکی گەورەی و قامکی ئیشارەی دەستەکانی ئەوی گرت و لەسەر سینگیی لابرد. سییەرڤا ماریا هەوڵی دەدا بەربەرەکانێ بکا. بەڵام ئەو بە هێزێکی لێزانانەو لێبڕاوانەوە زاڵ بوو.

کایەتانۆ گوتی:" لەگەڵم بڵێوە: سەرەنجام دێمە باوەشت."

سییەرڤا قبووڵی کرد. کایەتانۆ درێژەی دا:" لەهەرجێیەك بەوێ بمرم." و وێڕای ئەمە بە قامکە ساردەکانی جلوبەرگەکەی کردەوە. سییەڤا ماریا کە لە ترسان دەلەرزی، بە نووزەنووز دووپاتی کردەوە:"تەنیا لەگەڵ من دەکرا بیسەلمێنی کە شمشێری سەرکەوتووان چەندە بە قووڵی دەبڕێ." پاشان بۆ یەکەم جار لێویی ماچ کرد. لەشی سییەرڤا ماریای بە ئیعتیرازەوە دەلەرزی، ئەو لە جوانیی شنەی دەریا هەناسەی هەڵکێشاو خۆی بە دەستی چارەنووس ئەسپارد. کایەتانۆ سەری قامکانی بەسەر لەشی سییەرڤا ماریا دا دێنا. هێشتا دەستی لێ نەدابوو کە بۆ یەکەجار موعجیزەیەك رووی داو خۆی لە قالبێکی دیکەدا هەست پێکرد. هاوارێکی دەروونی بانگی کرد، کە چەندە لە بێخەوییەکانی لاتینی و یۆنانی دوور کەوتۆتەوە. لە شەوق و زەوقی ئیمانی، لە بیابانی پاکیدا ببووە شەیتان. لە حالێکدا سییەرڤا ماریا لە

کۆختی کۆیلەکاندا بە هەموو تواناوە، ئەوینی ئازاد فێر ببوو، خۆی دا بە دەستی سییەرڤا تاکوو لە تاریکیدا بە دەستەکوتە بچێتە پێش بەڵام لە لەحزەی کۆتاییدا پەژیوان بۆوەو چووە نێو قووڵایی عەزابی ویژدانەوە. ئەو بە چاوی لەسەریەك دانراوەوە لەسەر پشتێ راکشا. سییەرڤا لە بێدەنگیی وەك مردووانی ئەو ترساو بە قامکی لێی داو گوتی:

" چ قەوماوە؟" بە سرتە گوتی:" لێم گەڕێ، دوعایە دەکەم."

تەنیا لەو رۆژانەدا کە پێکەوە بوون بۆ ماوەیەکی کورت ئاسوودە بوون. ماندوو دەبوونو باسی ژانو ئەوینیان دەکرد. کاتی خۆیان بە سرتو خورت تێپەڕ دەکردو فرمێسکیان هەڵدەوەراندو خەریکی خوێندنەوەی شێعری دڵداری دەبوون. گۆرانییان لە بن گوێی یەکتردا دەگوت. تا ئەوپەڕی تواناییان لە زۆنگاوی حەزەکانیاندا دەگەوزین: ماندوو بەڵام کچۆڵانە. ئەو بڕیاریدا لەسەر پەیمانو بەڵێن سوور بێ، تاکوو سوێندی وەفادارییان خواردو سییەرڤا ماریا لەگەڵی یەکی گرت.

لە حەسانەوە پڕلە دڵە خورپەکاندا ئەوینی بێسنووری خۆیان بۆ یەکتری سەلماند. بە سییەرڤا ماریای گوت، سەبارەت بەوی ئامادەیە مل بۆ هەموو کارێك رابکێشێ. سییەرڤا ماریا بە دڵڕەقییەکی منداڵانەوە دەیەویست سەبارەت بەوی قالۆچەی بخوا. کایەتانۆ قالۆچەیەکی گرتو بەر لەوەی سییەرڤا ماریا بتوانێ خۆی بگەیەنێتێ، بە زیندوویی قووتی دا. یەکێکی دیکە لە پالنەرە گێلانەکان ئەوە بوو کە لە سییەرڤا ماریای پرسی ئایا لەبەر خاتری وی دەتوانێ پرچی خۆی ببڕێ. ئەو وەڵامی ئەرێی دایەوە، جا بە گاڵتە یان بە راستی پێداگریی کرد کە ئەوکات دەبێ مێردم پێ بکەی بۆ ئەوەی بەڵێنت بەجێ هێنابێ. ئەو چەقۆی مەتبەخی هێنایە ژووریو گوتی:" ئێستا با بزانم لەسەر بەڵێنی خۆت سووری یان نا." کچۆڵە پشتی تێ کرد تاکوو پرچی لە بنێڕا ببڕێ. بە پێداگرییەوە گوتی:" ((تەنیا غیرەتت هەبێ)). بەڵام کایەتانۆ غیرەتی نەبوو. رۆژی دواتر لێی پرسی ئایا ئامادە خۆی وەك ئێرییەك بۆ بکوژێتەوە . ئەو بە لێبڕاوییەوە وەڵامی ئەرێی دایەوە. کچۆڵەکە کێردی هەڵگرتو دەیەویست وەك نموونە تاقیی بکاتەوە. لەرزینێکی کوشندە بەسەر لەشی کایەتانۆدا زاڵ بوو و بە ترسەوە لە جێی خۆی راست بۆوەو گوتی:

" ئەتۆ نا، ئەتۆ نا." سییەرڤا ماریا ئەوەندە پێکەنی ژانەزگی گرت، دەویست بزانێ بۆ. کایەتانۆ راستییەکەی پێ گوت:

" ئەتۆ دەوێری ئەوەی بکەی."

لە کاتە ئارامەکانی هاودەردیدا بڕیاریان دا لە رۆژانی بێکاریی ئەوینی رۆژانەیان چێژ وەربگرن. سییەرڤا ماریا ژووری بۆ کایەتانۆ خاوێنو رێکوپێك دەکردەوەو ئەویش وەك مێردی

راستی دەهاتەوە مالیّ. کایەتانۆ لە چاوەڕوانیی رۆژانی بەختەوەریدا، ئەو رۆژانەی کە دەبوو پێکەوە دەزگیرانو ئازاد بووایەن، خوێندنو نووسینی فێرکردو لەگەڵ جیهانی شیعرو نزای خواوەنددا ئاشنای کرد.

٢٧ی ئەپریل کە بەیان ئەنگوت، پاش ئەوەی کایەتانۆ ژووری بەجیّ هێشت، سییەرڤا ماریا هێشتا خەوی لیّنەکەوتبوو کە لە پڕ گەیشتنیّ تاکوو دوعای دەرکردنی شەیتانیّ بخوێنن. ئەمە ریّورەسمی مەحکوومێك بە مەرگ بوو. ئەویان بە راکێشان بۆ لای ئاخوڕی ولاّغان بردو سەتڵێکیان ئاو بەسەریدا کرد، ملوانکەکانیان لەبەر دارنیو جلوبەرگی زووری مورتەدەکانیان لەبەر کرد. راهیبەیەك لە بەشی باغەوانی بە مقەستێکی باغەوانی پرچی هەتا پاشەستۆیە چوار قۆزاخە کورت کردەوەو هەڵی داشتە سەر تێلەکەیەك چرپیو چاڵ کە لە حەوشەی دەسووتان. خوشکی دەللاك بن پرچیی بە قەد نیو توسیل راست بە قەد درێژیی پرچی کلاریسییەنەکان لە بن لیّچکە هەڵپاچی. دوای ئەوەی پرچی بری، ئازا هاویشتنیە سەر بلێسەی ئاگر. سییەرڤا ماریا سەیری ئاگری زێڕینی کرد. دەنگی قرچەقرچی دارێکی تازەی بیست، بۆگەنیوی ناخۆشی لقێکی سووتاوی بۆ هات، بیّ ئەوەی ماسوولکەیەك لە روخساری وەك بەردی بجووڵیّ، لە کۆتاییدا جاکەتێکیان بە زۆرە ملی لەبەر کرد. لەشیان بە قوماشی تازیە داپۆشیو دوو کۆیلە ئەویان لەسەر نەقالەیەکی سەحرایی بردە پەرستگە.

ئۆسقۆف ئەنجومەنی کلێسای بانگ کرد کە لە مەعاشخۆرە ناسراوەکان پێك هاتبوو. ئەوان چوار کەسیان لە نێو خۆیان هەڵبژارد تاکوو لە ریّورەسمی جندووکەگرتندا یارمەتیی ئۆسقۆف بدەن. لە یەکێك لە دوایین بەڵگە سەلماوەکاندا ئۆسقۆف گوێی بە وەزعی خراپی سلاّمەتیی خۆی نەدا. ئەو فەرمانی کرد تا ریّورەسمەکەی وەك هەموو دەرفەتە گونجاوەکان نەك لە کلێسای گشتی بەڵکوو لە پەرستگەی سانتاکلارا بەڕێوە بەرنو بۆخۆی بەڕێوەچوونی جندووکە گرتنی بە ئەستۆوە گرت.

بەڕێوەبەری پەرستگە کلاریسییەنەکانی رێنوێنی دەکرد، ئەوان بەر لە عیبادەتی بەیانی بۆ سروودی بە کۆمەڵ هاتبوون و دەستیان بە ئاوازی نزا کرد، ئۆرگێك بۆی لیدەدانو هەواڵی جووڵەی خۆشی رۆژێکی نوێی پیّ دەدان. پاشان خاوەن پلەکانی ئەنجومەنی مەعاشخۆران، سەرپەرستانی کاروباری دەرەوە، سیّ قەشەی خاوەن پلەو بەڕێوەبەرانی ئیدارەی کلێسای پیرۆز وەژوور کەوتن. جگە لەو کەسانەی دوایی، کەسانی مەدەنی، نە لەویّ بوونو نە ئیزنی هاتنە ژووریان هەبوو.

دوای هەمووان ئۆسقۆف لە بەرگی تەواو فەرمیدا گەیشتیّ، کۆیلەکان ئەویان بە کەژاوە دەگێڕاو تەمێك لە غەمێکی سارێژنەبۆوە دەوری تەنیبوو. لە بەرامبەر مێخرابی سەرەکیدا، لە

پەنا تابووتێکی مەڕمەڕ بۆ بەخاك ئەسپاردنە بەشکۆیەکان لەسەر کورسیەکی جوولە دانیشت‌و ئەوی بە جموجۆڵتر نیشان دەدا.

سەری سەعات شەش دوو کۆیلە سییەرڤا ماریایان لەسەر نەقالەی سەحرایی هێنا. ئەو جاکەتی زۆرەملیی لەبەر دابوو و لەشی هەروا بە قوماشێکی بنەوشیی تۆخ داپۆشرابوو.

لە کاتی گوتنی ئاوازەکانی نزادا، گەرمای هەوا تاقەت پڕووکێن بوو. دەنگی بۆڵی ئۆرگ لە میچی داریەوە دەهات‌و مەودایەکی کەم بۆ سروودی کلاریسییەنەکان مابۆوە کە لە پشت حەوشی داریی گرووپی هاوئاوازەکانەوە نەدەکرا ببینرێن. لە کۆتایی نزادا قوماشەکەیان لەسەر لادا و وەك شازادەیەکی مردوو لەسەر تابووتی مەڕمەڕییان دانا. کۆیلەکان ئۆسقۆفیان لەسەر کورسی بردە پێش سییەرڤا ماریا و هەردووکیان لە دووری مێحرابی سەرەکی بە تەنیا بەجێ هێشت.

لەوکاتەدا کە دڵەخورپەیەکی تاقەتپڕووکێن هەستی پێ دەکرا بێدەنگییەکی تەواو زاڵ بوو، کە وەك شانۆیەك لە موعجیزەیەکی ئاسمانی خۆی دەنواند. یەکێك لە خزمەتکارانی نزا دەفرێکی ئاوی خاوێنی لە ئۆسقۆف نزیك کردەوە. ئۆسقۆف ئەوی وەك باتووم راوەشاندو بۆلای سییەرسڤا ماریا کووڕ بۆوەو لە حاڵێکدا کە دوعایەکی لەبن لێوییەوە دەگوتەوە لەسەرەوە تا خوارێ بە لەشی کچۆڵەی دا پڕژاند. لەپڕ دوعای دەرکردنی شەیتانی دەست پێ کرد کە بووە هۆی لەرزینی کۆڵەکەکانی پەرستگە.

ئۆسقۆف هاواری کرد:" بە فەرمانی مەسیحی پیرۆز، سەروەرو خوای بینراو نەبینراوەکان بووەو هەیەو دەشبێ، هەرکەسێك هەی، بەو غوسڵە تەعمیدە رزگاریدەرە لە لەشی ئەو وەرە دەرەوەو بچۆوەنێو تاریکاییەکانەوە."

سییەرڤا ماریا کە دڵی لەخۆ ببۆوە، لە شیددەتی ترس قیژاندی. ئۆسقۆف دەنگی خۆی بەرزتر کرد تاکوو بەسەر قیژەی کچۆڵەدا زاڵ بێ، بەڵام کچۆڵە دەنگی بەرزتر بۆوە. ئۆسقۆف هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو زاری کردەوە تاکوو درێژە بە دوعای جندووکە گرتن بدا، بەڵام هەناسەی لیبڕاو نەیدەتوانی هەناسەی بداتەوە دەر. لە پڕ کەوتە سەر عەرزی‌و وەك ماسی لەسەر زەوی هەوای دەخوازی‌و رێورەسمەکە بە دەنگ‌و هەرایەکی زۆرەوە کۆتایی پێهات.

کایەتانۆ هەر ئەو شەوە ماریای لە جاکەتی زۆرەملیدا دیتەوەکە تاوتوێی لێ بوو. زیاتر لە هەموو شتێکی بە برینی پرچی سییەرڤا ماریای توورە بوو. لە کاتی کردنەوەی بەندەکانی کچۆڵەدا بە تووڕەییەکی دەروونییەوە دەی بۆڵاند:" خوای ئاسمانەکان، چۆن دەکرێ تاوانێکی وا قبوول بکەی." کاتێك کچۆڵە کرایەوە، سەری خۆی لەسەر سینگی کایەتانۆ داناو تا ئەوکاتەی دەگریا هەردووکیان بە

بێدەنگی یەکتریان لە باوەش گرتبوو. کایەتانۆ لێگەڕا تاکوو سییەرڤا ماریا بگری. پاشـان روخـساری هەڵێناو گوتی:" گریان بەسە." و بە شێعرێکی گارسیلاسۆ درێژەی دا:

" زۆرم لە دەستیان چاشت، تاکوو لەبەر خاتری تۆ هەنگاو بنێم."

سییەرڤا ماریا باسی ئەو شتە ترسناکانەی کردبوو کـە لـە پەرستگە دەیتبـوونی. باسـی نرکەی دەنگی کۆڕ کە وەك سروودی شەڕ دەچوون، باسی هاوارەکانی ئۆسقۆف کە وەك هـاواری ترسناکی خەون دەچوون، هەناسەی سووتێنەری ئەو، باسی چاوە شینە جوانەکانی دەکرد کە بـە هۆی تەوژمی جەزم بڵێسەیان دەدا.

سییەرڤا ماریا گوتی:" ئەو وەك شەتانێ بوو."

کایەتانۆ هەوڵی دا هێوری بکاتەوە. سییەرڤا ماریای دڵنیا کردەوە کە ئۆسـقۆف سـەرەڕای چاوی دەروونی، دەنگی تۆفانیو ناکاری شـەڕانی، برۆڤێکـی بـاشو ماقووڵـە. ترسـی وی بـە جێیەو مەترسییەك لەلایەن سییەرڤاوە نیە.

سییەرڤا ماریا گوتی." ئەمن تەنیا دەمەوێ بمرم."

کایەتانۆ گوتی:" ئەتۆ تووڕەیو هەست بە سووکایەتی دەکـەی. ئـەمنیش هەسـتێکی وام هەیە، چونکە ناتوانم یارمەتیت بدەم. بەڵام خوا لە رۆژی قیامەتێ پاداشمان دەداتەوە."

کایەتانۆ ملوانکەی ئۆدیدوئایی کە سییەرڤا ماریا پێشکێشی کردبوو لە ملی خۆی کردەوەو لـە جێی ملوانکەکانی دیکەی دانا. ئەوان شانبەشانی یەکتر لە پەنا یەکتر پاڵیان دایەوەو کاتێك جیهـان لەنێو چوو و تەنیا کێکە کرمخواردووەکان لە جەعبەکاندا بەجێ مان، ئەوان تـووڕەیی خۆیـان لـە نێـو خۆیاندا دابەش کرد. هەڵچوون دامرکایەوە. کایەتانۆ لە تاریکیدا قسەی دەکرد.

ئەو گوتی:" بۆ دەرکەوتن رۆژێکی رادەگەیەنن کە قەت دەست پێ ناکا. ئەگەر خوا بیـەوێ ئەمڕۆ ئەو رۆژەیە."

سییەرڤا ماریا پاش رۆیشتنی کایەتانۆ سەعاتێك دەبوو نوستبوو کە دەنگێـك دیـسان وەخەبـەری هێنا. لەگەڵ بەڕێوەبەری پەرستگە قەشەیەکی بەتەمـەنی زۆر دەسـت رۆیـشتوو، بـە پێـستی قـاوەیی رەنگو پڕلە ئارەقەوەو مووی ئاڵۆزکاوو قرژو برۆی ئاڵۆزو شێواو ، دەستی زوورو جووتە چاوێکەوە کـە متمانەیان لێ دەباری لە بەرامبەری راوەستابوون. بەر لەوەی سییەرڤا ماریا بە تـەواوی وەخەبـەر بـێ، قەشە بە زمانی یورووبایی گوتی:" ئەمن ملوانکەکانم بۆ هێناویەتەوە."

لەسەر دوای قەشە، بەڕێوەبەری پەرسـتگە ملوانکـەکانی بـەوی ئەسـپاردبوو، و ئـەو لـە گیرفانی خۆی دەرهێنان. کاتێك قەشەکە ملوانـەکانی یەکبـەدوای یەکـدا بـە ملـی سـییەرڤا

مارياوه هەڵداوەسی، دەی ئەژماردنو بە روونیی زمانە ئەفریقییەکان دەی گوت:" سوورو سپی، لە ئەوینو خوێنی شانگۆ، سوورو رەش لە ژیانو مەرگی خوای گۆڤا، حەوت مرواریی کریستاڵی ویە مایای شینی کەم رەنگ." ئەو زۆر بە جوانی لە زمانی یورووباییەوە بۆ زمانی کۆنگۆییو لە کۆنگۆییەوە بۆ ماندینگایی دەدواو کچۆڵە بە رووخۆشیو ئارامی سەرنجی دەدایە قسەکانی. سەرەنجام کاتێك ئەو بێ گوێدان بە بوونی بەڕێوەبەری پەرستگە لەوێ، بە زمانی ئیسپانیۆلی دەستی بە قسان کرد، بەڕێوەبەر لەرادەبەدر تووشی سەرسوڕمان بوو کە سییەرڤا ماریا سەبرو حەوسەلەیەکی ئاوای هەیە.

ئەو باوکە تۆماس دی ئاکینۆ دی ئارڤائیز سکاڵاکاری پێشووی دادگای پشکنینی بیروباوەڕ لە سەڤیلاو قەشەی ناوچەی کۆیلەکان بوو کە ئۆسقۆف لەبەر بارودۆخی نالەباری سڵامەتیی خۆی ئەوی دیاری کرد تاکوو لە جیاتی وی شەڕی شەیتانێ بکا. ئاکینۆ پیاوێکی تووڕە بووو ژیاننامەکەی پرسیارێکی زۆری لەسەر بوو. ئەو یازدە موڕتەدو جوولەکەو مسوڵمانی لەسەر لیژنەی دران سووتاندبوو ، بەڵام بۆ ناوبانگی باشی، بەر لە هەموو شت خۆی بە قەرزداری ژمارەیەکی زۆر جندووکەی ئەندەلۆسی دەزانی کە دەری کردبوون. مرۆڤێکی دیار، رووخۆشو گفتولفتێکی نەرمی وەك قەناریانی هەبوو. باوکی نوێنەری "تام الاختیار" ی پاشا، لەگەڵ کۆیلەیەکی کوارتە روون زەماوەندی کردو ئەو هەرلەوێ لەدایك بوو و پاش ئەوەی توانی سەرچاوەی پاکیی خۆی لە ڕێگەی چوار نەسلی سپی پێستەوە بسەلمێنێ قۆناغی تاقیکرانەوەی پەرستگەی لە قوتابخانەی تەڵەبان لە ناوچەکەیدا تێپەڕاند. نمرە باشەکانی پلەی دوکتۆرای لە سەڤیلا بۆ بە دیاری هێنا، ئەو شارەی کە پەنجا ساڵی لێ ژیاو عیبادەتی لێکردبوو. لە کاتی گەڕانەوە بۆ هەرێمی خۆی داوای کرد بیئێرنە هەژارترین ناوچە. ئەو حەزی لە ئایینو زمانە ئەفریقاییەکان بووو وەك کۆیلەیەك لە پەنا کۆیلەکان دەژیا. وا نەدەهاتە بەرچاو کەسێك جگە لەوی بۆ دەستەویەخەبوون لەگەڵ سییەرڤا ماریا لەبار بێو بتوانێ بە لێهاتووییەوە لەگەڵ شەیتان بەرەورِوو بێ.

سییەرڤا ماریا خێرا ئەوی وەك مەلەکەی موقەڕیب ناسیو هەڵەشی نەدەکرد. لە کن سییەرڤا بەڵگەی نێو فایلەکانی دەپشکنیو بۆ بەڕێوەبەری پەرستگەی دەسەلماند کە هیچ کام لەمانە تەواو نین. فێری بەڕێوەبەری کرد کە شەیتانەکانی ئەمریکا وەك شەیتانەکانی ئورووپانو تەنیا شێوی بانگکردنو رەفتاریان جیاوازە. ئەو چوار بنەمای بۆ شەیتان لێدراوەکان باس کرد کە کەڵکیان لێ وەردەگیرێو نیشانی دا کە سوود لێوەرگرتنیان چەندە سانایە، تاکوو پێچەوانەی ئەمە پەسند دەکرێ. لە کاتی ماڵاواییدا لە رووی موحیبەتەوە کولمی سییەرڤا ماریای هەڵقورینجی.

پێی گوت:" بە ئاسوودەییەوە بنوو، ئەمن سەروکارم لەگەڵ دوژمنانی توورە هەبووە."

لەوە بەدوا بەڕێوەبەری پەرستگە وەها کاری تێ‌کرا کە قەشەی بۆ چوکلێتی خۆش‌و بەناوبانگی کلاریسیەنەکان، کێکی تایبەتیی گیایی‌و باشترین شیرینیی بانگهێشتن دەکرد کە بە دڵخوازی خۆی لێی هەڵدەبژاردن. کاتێك ئەوی بردە ژووری تایبەتیی نانخواردن بۆ لای خۆی، قەشە هێندێك ڕێنوێنیی دیکەی بۆ هەنگاوەکانی دواتر پێ دا. بەڕێوەبەری پەرستگە بە دڵاوایییەوە قبووڵی کردن.

ئەو گوتی:" بە هیچ جۆر بۆ من فەرق ناکا کە ئەم بوونەوەرە شوومە چاك بێتەوە یان خراپ، بەڵام دوعایە دەکەم هەرچی زووە ئەم پەرستگەیە بەجێ بێڵێ."

باوکە بەڵێنی دا ئەو پەڕی هەوڵی خۆی بەکار بێنێ ئەم کارەی ئەگەر لە ماوەی چەند سەعاتاندا نەکرا لە ماوەی چەند ڕۆژاندا بکا. کاتێك هەردووکیان بە ڕەزامەندییەکی تەواوە لە ژووری وتوویژی نهێنیدا ماڵاوایییان کرد، هیچ کام لەوان بە بیریشیاندا نەدەهات کە تازە قەت یەکتری نابیننەوە.

هەر واش بوو. باوکە ئاکینۆ کە کۆیلەکان هەر بەو ناوە بانگیان دەکرد، بە پێیان چووە کلێسا. ئەو لە مێژ بوو کە بە کەمی خەریکی نزایە دەبوو لە بەرامبەر خوادا بە مەینەتیی ڕۆژانەی دووری لە هەرێمی خۆی قەرەبووی دەکردەوە. ماوەیەك لە پەنا دەرگای ڕاوەستا. گوێی بە دەنگ‌و هەرای فرۆشیاران کەڕ دەبوو کە هەموو جۆرە کاڵایەکیان دانابوو، چاوەڕوانی ڕۆژئاوا بوونێ بوو تاکوو بە نێو قوڕو چڵپاوی بەندەرێدا ڕابرێ. شەکرۆکەی زۆر هەرزان‌و بلێتێکی بەخت‌و شانسی هەژارانی کڕی، ئەویش بە خەیاڵی خاوی بردنەوەوە، تاکوو بتوانێ کلێسا تێکڕماوەکەی پێ نوێ بکاتەوە. نیو سەعات کاتی خۆی بە دەمەتەقێ لەگەڵ ئەو پیرەژنە ڕەشپێستانەوە خەریك کرد کە وەك پەیکەر لە پشت کارە دەستییە هەرزانەکانیان دانیشتبوون‌و هەموویان لەسەر حەسیری کەنەفی هێندی هەڵڕشتبوون. سەری سەعات پێنج بەسەر پردی گەڕۆکی گەتسمانیدا تێ پەڕی، بەو شوێنەدا کە کەلاکی سەگێکی قەڵەو قەبەیان لێ هەڵاوەسیبوو کە بە هۆی نەخۆشیی هاری تۆ پیبوو. بۆنی یەکەم سوورەگوڵەکانی مانگی مای بە بەر لووتیدا هات‌و ئاسمان بێگەردترین بەشی دنیا بوو.

گەڕەکی کۆیلەکان کە ڕاست لە داوێنی ناوچەی زەلکاوی سوێری ماریسما هەڵکەوتبوو مەینتبەشی قوولەی پێ دەکرد. لە کۆختە قوڕییەکانی بە (دار)خورما داپۆشراودا، خەڵك لەگەل دەنگ‌و قوولەی مریشك‌و بەرازان هاوماڵ بوون. منداڵان ئاویان لە قوولکە قوڕاوییەکانی

شەقام دەخواردەوە. سەرەڕای ئەمەش گەڕەکێکی شادو پڕ لە ڕەنگە تۆخەکانو دەنگی زوڵاڵ بوو، بە تایبەتی لە کاتی ئێوارانددا کورسییەکانیان لە دەرێ دادەنان لە نێوەڕاستی شەقام چێژ لەیەکەم فێنکایی هەوا وەربگرن. قەشەی گەڕەك نانی شیرینیی لە نێو منداڵانی ماریسمادا دابەش کردو سێ کوتی بۆ خواردنی شەوێی هێشتەوە.

کلێسا خانووچکەیەکی بە تەرکی دارە بێ بوو کە بانەکەی بە گەڵای دارخورمایە داپۆشرابوو و خاچێك لە بانەکەی بوو. لە نێو خانووەکەدا ڕەحلە دانرابوون کە لە دارێکی قایم بوون، تەنیا تاقە مێحرابێكو تەنیا وێنەیەکی پیرۆز مینبەرێك هەبوو کە ڕۆژانی یەکشەممە قەشەی گەڕەك بە زمانە ئەفریقاییەکانی وەعزی لەسەردا دەدا. ئیدارەی قەشەکان لە ڕاستی کلێساو لەپشت مێحرابێ هەڵکەوتبوو. قەشەی ئەوێ لە خراپترین بارودۆخ لە ژوورێکدا دەژیا کە جگە لە جۆللانەیەكو کورسییەکی ئاسایی هیچی دیکەی لێ نەبوو. لە پشتەوە ڕێچکەیەکی سەنگچن و ڕەزێکی ترێی لێ بوو و هێشووی ترێ بە مێوەکانیدا شۆڕ ببوونەوە لەگەڵ حەوشی تەلدڕوو لە جیاتی سنوور لەگەڵ ماریسما. عەمباراوێك ئاوی خورادنەوە کە تەنیا بە ئاوی باران پڕ دەبوو کەوتبووە نێوان دیواری گۆشەی ڕێڕەو.

خزمەتکارێکی پیرو کوڕێژگەیەکی هەتیوی چاردە ساڵە کە هەردووکیان ڕوویان کردبووە ئایینی ماندینگایی لە کلێسا وئیدارەی قەشەکاندا کاریان دەکردو پاش نوێژێ، ئیدی کاریان پێیان نەدەما. بەر لەوەی خزمەتکارە پیرەکە دەرگای داخا، قەشە دوایین لەتە نانی شیرینی بە پەرداخێك ئاوەوە خواردو بە وتەە هەمیشەییەکەی خۆی بە زمانی ئیسپانیۆلی ماڵاوایی لە دراوسێیەکانی کرد:

" خواوەند شەوێکی خۆشو پیرۆز بدا بە هەمووتان."

نزیکی سەعات چوار خزمەتکارە پیرەکە کە لە دووری شەقامێك لە کلێسا دەژیا، هات، تاکوو بۆ یەکەم جار دەنگی ناقووسی یەکەم نوێژ بەرز بکاتەوە. لەبەر ئەوەی قەشە وەدرەنگی کەوتبوو، بەر لە سەعات پێنج چووە ژووری قەشە بۆ ئەوەی بانگی بکا، قەشە لەوێ نەبوو. خزمەتکاری پیر ئەوی لە ڕێڕەوەکەش نەدیت. لە پەناو پەسیواندا هەر وا بەدوایدا دەگەڕا ، جاری وابوو قەشە بۆ گفتوگۆ زووتر دەچووە ڕێڕەوی تەنیشتێ. خزمەتکاری پیر ئەی دۆزیەوە، بە ئەندامانی گەڕەکی کە ژمارەیان کەم بوو ڕاگەیاند چونکە نەیتوانیەوە قەشەی بدۆزێتەوە نوێژ ناکرێ. نزیکی سەعات هەشت، هەتاو گەرم ببوو، کچی خزمەتکار دەیەویست ئاوێ لە عەمباراوێ بێنێ. باوکە ئاکینۆی دیت کە پانتۆڵی خەوێی بەدەستو بەرەو پشت کەتبووە نێو

ناوێ. ئەمە مەرگێکی خەماوی و پڕئێش و ئازار بوو. مەتەڵۆکەیەک بوو کە قەت نەزانراو بەڕێوەبەری پەرستگە ئەم رووداوەی بە بەڵگەی بێ ئەملاوئەو لای دوژمنایەتیی شەیتان لەگەڵ پەرستگە لەقەڵەم دا.

هەواڵ نەگەیشتە ژووری سییەرڤا ماریا کە بە هیوای منداڵانەوە چاوەڕوانی باوکە ئاکینۆ بوو. سییەرڤا ماریا نەیدەتوانی بۆ کایەتانۆی باس بکا ئەو کێ بوو، بەڵام پێزانینی خۆی سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ملوانکەکانی و سەبارەت بە بەڵێنەکەی بۆ رزگارکردنی ئەو دابووی، بۆ کایەتانۆ باس کرد. تا ئێستا هەردووکیان پێیان وابوو کە ئەوین بەسە بۆ بەختەوەری. ئەمە سییەرڤا ماریا بوو کە پاش ئەوەی لە باوکە ئاکینۆ تەمابڕاو بوو، تێگەیشت کە ئازادبوونی پێوەندیی بەخۆیەوە هەیە. بەیانییەکی زوو، پاش چەندین سەعات یەکتر راموسان بە گریانەوە داوای لە دیلاڤرا کرد نەڕوا. ئەو مەوزووعەکەی بە جیددی نەگرت و بە ماچێك لێی جیابۆوە. سییەرڤا ماریا لە جێوبانێ دەرپەڕی و باوەشی کردەوە و لەپێش دەرگا راوەستا.

" ئەتۆ ناڕۆی، دەنا ئەمنیش دێم."

ئەو جارێکی بە کایەتانۆی گوتبوو، زۆری پێ خۆشە لە سان باسیلیۆ دی پالینکە گوندی کۆیلە راکردووەکان بە دووریی دوازدە مایلیی ئێرە لەگەڵ وی لەبەرچاوان ون بێ، ئەو شوێنەی کە بێگومان وەك شازادەیەك پێشوازیی لێ دەکەن. کایەتانۆ فکرەکەی پەسند کرد، بەڵام لەگەڵ راکردنی وی هاوڕا نەبوو و زیاتر پێی لەسەر رێگە قانوونییەکان دادەگرت. ئەگەر مارکز پشت ڕاستکردنەوەی نەبوونی شەیتان لە لەشی کچۆڵەکەیدا وەرگرتبایە، ئەوی وەردەگرتەوە، و ئەگەر دیلاڤرا لەلایەن ئۆسقۆفەوە لێخۆشبوونی بۆ دەرکرابایە و ئیزنی پێدرابووایە لە کۆڕوکۆمەڵاندا بە جلوبەرگی ئاسایی جێگەی خۆی وەرگرتبایەوە، هەروەك زۆر جار لە زەماوەندە ئایینییەکان و راهیبەکاندا باو بوو، بێگومان کەس هیچی نەدەگوت. کاتێك سییەرڤا ماریا ناچاری کرد بڕیار بدا، کە یان وەمێنێ یان لەگەڵ خۆی بەرێ، کایەتانۆ هەوڵی دا جارێکی دیکە هانی بدا بۆ مانەوە. سییەرڤا خۆی بە ملی کایەتانۆوە هەڵاوەسی و هەڕەشەی کرد دەقیژێنێ. رووناکی داهات. دیلاڤرای نیگەران توانی شتێك بکا و دەرباز بێ، و لە کاتی نوێژی بەیانیدا را بکا.

سییەرڤا ماریا دژکردەوەیەکی توندی نیشان دا. بەهۆی رەفتارێکی نەشیاو، چڕنووکی بە دەموچاوی ژنە ئێشکگرەکەدا هێنا. خۆی لە ژووری کوتا و هەڕەشەی کرد ئەگەر ئازادی نەکەن ژووری ئاگر تێبەر دەدا و خۆی دەکاتە خۆڵەمێش. ژنە ئێشکگر لەبەر خوێنی دەموچاوی دڵی لەخۆ بۆوە و قیژاندی:

" شەیتانی دڵڕەق، خەیاڵت خاوە."

تەنیا وەڵامی سییەرڤا ئەمە بوو کە دۆشەگێ بە ئاگری رووناکیی نەمر هەڵ بکا. بەڕیوانیی نارامبەخشی مارتینا پێشی بە کارەسات گرت. پاش ئەمە ژنە ئێشکگر لە راپۆرتی خۆیدا لـە بارەی ئەو رۆژەوە پاڕابۆوە کە سییەرڤا ماریای راگوێزن بۆ یەکێك لەو ژوورانـەی پەرسـتگەکە چوونە ژووریان قەدەغەیە.

بێ تاقەتیی سییەرڤا ماریا تینی وەبەر کایەتانۆ نا تا خێـرا رێگـا چـارەیەك بدۆزێتەوەکـە واتای راکردن نەدا، ئەو دیسان هەوڵی دا تا لەگەڵ مارکیز دانیشێ، هـەردووك جـاران سـەگەل نەیان هێشت لە ماڵێی نزیك بێتە، تاکوو بە متمانە بەخۆبوونەوە گەیـشتە خانوویـەکی چـۆڵ. راستییەکەی ئەوە بوو کە مارکیز ئیدی لەوێ نەدەژیا. بۆ راکردن لە ترسە نەبڕاوەکان هەوڵی دا پەنا بەرێتە لای دولچە ئولیڤیا، بەڵام وەری نەگرت. ئەو هەر لەسەرەتای تەنیاییدا بـە هـەموو رێگەیەکدا بە دوای پێوەندیدا دەگەڕا، بەڵام تەنیا وەڵامی گاڵتەی لەسەر پەرەسێلکەی کاغەزی وەردەگرتەوە. دولچە ئولیڤیا جارێکی لەنەکاو و بێ ئاگادار کردنەی پێـشتر پەیـدا بـوو. ئـەو ئاگردانێکی کە کەلکی لێوەرنەدەگیرا خاوێن کـردەوەو رێـكوپێکی کـرد. مەنجـەڵی گۆشـتی کولێوی لەسەر ئاگری تازە داگیرساو دانا. جلوبەرگی رۆژی یەکشەممەی بە تـۆڕی چینـچینەوە لەبەر کردو کرێمی لە دەموچاوی دا. تەنیا شـتێکی نـەگونجاو لـە بەژنوباڵایـدا کـڵاوی پـانی گەرگەڕی بوو کە نەخشی ماسیو باڵندەی لەسەر دوورابوو.

مارکیز گوتی:" سوپاسـت دەکـەم کـە هـاتی. زۆرم هەسـت بـە تـەنایی دەکـرد." و بـە نارەحەتییەوە قسەکەی تەواو کرد:" سییەرڤا بە فیڕۆ چوو."

دولچە ئولیڤیا وەڵامی دایەوە:" خەتای تۆیە، ئەتۆ دەستت بۆ هەموو کارێك برد تاکوو ئەو لەدەست بچێ." خواردن بریتی بوو لە ئاشی بیبـەر بـە شـێوەی کـەرئوولی، لەگـەڵ ئـەنواعی گۆشتو گوڵچینی سەوزەی باغچە. دولچە ئۆلیڤیا بە شێوەی خانمی ماڵێ خواردنەکەی هێنـا، بەوشێوەیەی کە لەگەڵ تایبەتمەندیی خۆی دەهاتەوە. سەگە لەسەر هەستەکان بـە هانکـەهانك وەدوای دەکەوتن، بە نێولاقانیدا ملۆمۆیان دەکردو دولچە ئولیڤیا بە دەنگی نزم دەنگی دەدانو لە خۆی دوور دەکردنەوە. ئەو هەر وەك سەردەمی لاوەتی کە ترسیان لـە خۆشەویـستی نـەبوو لەبەرامبەر مارکیز لە پەنا مێز دانیشت، لـە بێدەنگیـدا بـێ ئـەوەی سـەیری یـەکتری بکـەن خەریکی ئاخواردنێ بوون بە ئارەقەکردنەوە بەلەسەرخۆی ژنومێردێکی پیر سوپیان خوارد. پاش یەکەم دەوری دولچە ئولیڤیا هەناسەی هەڵکێشا و بیری لە ساڵانی رابردوو کردەوە.

ئەو گوتی:" ئێمە دەمان توانی ئەوا بین."

ماركیز پێشی بە زیادەڕۆیی ئەو گرت. سەیری كرد، پیرو قەڵەو ببوو، دوو ددانی كەوتبوون و چاوەكانی مات بوون. ڕەنگە ئەگەر غیرەتی هەبووایە موخالیفی بابی بووایە، دەیان توانی بەم جۆرە بن.

ماركیز پێی گوت:" ئاقڵ دێیە بەر چاو."

وەڵامی دایەوە:" هەروا بووم. تەنیا تۆ قەتت بەو جۆرە نەدیوم كە هەم."

ماركیز گوتی:" ئەمن لە نێو ئالۆزیدا، كاتێك هەموو جوان و گەنج بوون و هەڵبژاردنی باشترین كارێكی ئاسان نەبوو، تۆم دیتەوە."

دولچە ئولیڤیا:" ئەوە من بووم كە خۆم بۆتۆ دیتەوە، نە تۆ. تۆ هەمیشە وەك ئێستا بووی: شەیتانێكی داماو."

ماركیز:" ئەتۆ لە ماڵە خۆم، جنێوم پێ دەدەی."

دڵەكوتەیەك كە بەرامبەری بوو تەزووی خۆشیی بە دولچە ئولیڤیادا هێنا:" ماڵ هەر بەو جۆرەی كە پێوەندیی بەوەوە هەیە، بە منیشەوە هەیە. ڕاست وەك كچۆڵەی، تەنانەت ئەگەر لە دێڵە سەگێك كەوتبێتە خوار، ئی منە." و بێ ئەوەی دەرفەتێك بۆ قسان بێڵێتەوە، هەتا كۆتایی درێژەی بە قسەكانی دا.

" لە هەمووی خراپتر ئەوەیە كە تۆ بۆخۆت بە كەسانی ناڕەسەنت ئەسپارد."

ئەو گوتی:" بە خوام ئەسپارد."

دولچە ئولیڤیا بە تووڕەییەوە هاواری كرد:

" بە بەچكە ئۆسقۆفێكت ئەسپارد كە ماڵوێران و ئاوسی بكا."

ماركیز بە نارەحەتییەوە هاواری كرد:" ئەتۆ ئەگەر زمانت گرێ بدەی مەسموم دەبی و دەتۆپی!"

دولچە ئولیڤیا گوتی:" ساگونتا زۆری پێوە دەنێ، بەڵام درۆیان ناكا، هەوڵ مەدە تەسلیمم بكەی، چونكە ئەگەر مردی كەسێكت نیە تۆزت بە سەروسەكوتی داكا."

گفتوگۆ وەك هەمیشە كۆتایی پێ هات. فرمێسكەكانی ئولیڤیا وەك دڵۆپە درشتەكانی سوپ ڕژانە نێو دەورییەكە. سەگەكان وەركەوتبوون كە دەنگو هەرا وەخەبەری هێنان و بە وشیارییەوە سەریان هەڵێناو لە گەروویان دا مڕاندیان. ماركێز دەتگوت دەخینكێ.

بە تووڕەییەوە گوتی:" ئێستا دەبینی كە دەمان توانی بەم جۆرە بین."

دولچه ئولیڤیا خوازدنەکەی بە نیوە چڵی هێشت‌و هەستا. جل‌وبەرگی لەبەر کرد، بە هێندێك تووڕەییەوە دەوریەکان‌و سینییەکەی شوردو لە کاتی شوردندا ئەوانی لە مەغسەلەکەدا شکاند. مارکیز تا ئەوکاتەی کە لەتە شکاوەکانی دەفرەکانی وەك تەرزە دەنێو تەنەکەی زبڵی کرد، لێی گەڕا بۆخۆی بگریە. ئولیڤیا بەبێ ماڵاوایی ڕۆیشت. نە مارکیزو نەکەسێکی دیکە نەیزانی کە دولچە ئولیڤیا هەتا کەنگێ سەری خۆی هەڵگرت‌و تەنیا بوو بە خەونی ماڵێ.

ئەم بوختانە کە کایەتانۆ دیلاڤرا کوڕی ئۆسقۆفە، بە ساڵدا چووەکان، لەو کاتەوە کە ئەو دووانە لە سالامانکا یەکتریان خۆش دەویست، هێنایە گۆڕێ. لێکدانەوەی دولچە ئولیڤیا کە لەلایەن ساگونتاوە تەئیید کرابووو وەسەریەك نرابوو، بە کردەوە سەلماندی کە سییەرڤا ماریایان لە پەرستگە حەبس کردەوە بۆ ئەوەی حەزە شەیتانییەکانی کایەتانۆ دیلاڤرا تێر بکاو سییەرڤا ماریا منداڵێکی دووسەری بووە. ساگونتا دەیگوت، ڕووداوی ڕابواردنەکەی وی دە هەموو گەڕەکی کلاریسیەنەکان گەڕاوە.

مارکیز ئیدی قەت چاك نەبۆوە. لە زەلکاوی بیرەوەرییەکاندا نوقم بوو، لە ترسان بە دوای پەنایەکدا دەگەڕاو لە ژێر فشاری تەنیاییدا تەنیا وێنەی بێرناردای هاتە بەرچاو. هەوڵی دا بە بیرکردنەوە، بەو شتانەی کە زیاتر لە هەمووان لە بێرناردا دا هەبوون‌و رقی لێیان بوو، وێنەی ئەو بسڕێتەوە. هەڵمسان‌و بۆگەنیوەکان، وەڵامە ژەهراوییەکان، میخەکی لاقی‌و هەرچی هەوڵی دا دزێو بێتە بەرچاوی، بەو رادەیەش بیرەوەرییەکانی جواتر دەهاتەوە بەر چاوان. تەسلیم لە بەرامبەر حەزو نارەزوودا، بۆ لێکدانەوەی هاتنی بێرناردا بۆ کارگەی پاڵاوتنی شەکری ماهاتیس، کە لە کاتی ڕۆیشتن لە ماڵێ ئەگەرەکەی لە گۆڕێ دابوو، و هەرواش بوو، نوێنەرێکی نارد. خەریك بوو رقی بێرناردای لەبیر بکاو بگەڕێتەوە ماڵێ‌و هەر نەبێ هەردووکیان دەیانزانی لە پەنا کێ سەر وەبن گڵی بدەن. چونکە وەڵامێکی لە لایەن بێرناردا‌وە وەرنەگرتەوە، بڕیاری دا بەدوایدا بگەڕێ.

ئەو دەبووا وەدوای بیرەوەرییەکانی ڕابردووی کەوتبا. ئەو خانووە کە سەردەمێك وەك باشترین خانووی ئیمپراتۆریی پاشانشین سەیری دەکرا، ببوو بە هیچ. بە نێو دڕووەڵانەکاندا دۆزینەوەی ڕێگا ئەقڵ نەی دەبڕی. تەنیا وێرانەیەك لە کارگە مابۆوە، دەزگا ژەنگاوییەکان‌و ئێسك‌وپرووسکی دوو گاو لە تەویلەی کارگەی پاڵاوتنی شەکردا وەبەرچاو دەکەوتن. حەوز تەنیا شتێك بوو کە لە بن سێبەردا هێشتا ژیانی بە دارە کالەباسەکان دەبەخشی. بەر لەوەی خانووەکەی بە نێو دڕووەڵاندا بدۆزێتەوە، مارکیز بۆنی خۆشی سابوونەکانی بێرناردای بە

جیدی وەرگرت کە سەرەنجام ببوو بە بۆنی لەشی خۆیو سەیری کرد کە چەندە تامەزرۆی دیداری ئەوە. لە ژێر هەیوانی بن میچیدا چاوی بە بێرناردا کەوت کە لە سەر کورسیی راحەت دانیشتوەو کاکاوێ دەخواو سەیری ئاسۆی دوورە دیمەنێ دەکا. ئەو بالاپۆشێکی رەنگ پەمەییو کەتانیی لەبەردا بوو و هێشتا پرچی بە حەمامی ئارامبەخش تەڕ بوو.

مارکیز بەر لەوەی سێ پلەکانی دوایی دەرگای سەرەکی ببڕێ، رەسمی رێزگرتنی بەجێ هێنا:" رۆژ باش." بێرناردا بێ ئەوەی سەیری بکا وەڵامی سەلامی دایەوە، هەروەك کەس نەهاتبێ. مارکیز چووە سەر هەیوانێو لەوێڕا چاوی بە دڕووەڵانو هەموو ئاسۆ دووردەستەکاندا گێڕا. هەتا چاو هەتری دەکرد، جگە لە دارە کاڵەباسەکانی قەراغ حەوزێ، تەنیا دڕووە خۆڕسکەکان دەورو بەریان تەنیبوو. مارکیز پرسی:" ئەو خەڵکە لە کوێ ماونەوە؟" بێرناردا وەك باوکی، بێ ئەوەی سەیری بکا وەڵامی دایەوە:" هەموویان رۆیشتوون. هەتا سەد مایل دەوروبەری ئێرە گیانلەبەرێك شك نابەی."

مارکیز چووە ژوورێ تاکوو شتێك بۆ لەسەر دانیشتنێ بدۆزێتەوە. گۆڕکی ماڵێ رۆچوو بووو لە نێوان خشتەکاندا گیاوگوڵی پەمەیی باغچان رووابوون. ژووری نانخواردنێ مێزو کورسیی ئەو سەردەمی لێ بوون کە مۆللارە خواردبوونی. سەعات، خوا دەزانێ کەنگێ راوەستاوەو هەوا لە تۆزێکی نادیار پڕ ببوو کە لە کاتی هەناسەداندا هەستی پێ دەکرا. مارکیز یەکێك لە کورسییەکانی هەڵگرت، لە پەنا بێرناردا دانیشتو بە سەبری گوتی:

" هاتووم لەگەڵ خۆمت بەرم."

بێرناردا هەروا ئارام بوو. سەری بە حاستەم لەقاند. مارکیز بۆی باسی وەزعی خۆی کرد: ماڵی بە تەنیا، کۆیلەکان بە چەقۆوە لەپشت دڕووەڵانەکان کەمینیان گرتوە،و ئەو شەوانەی نەدەبڕانەوە.

مارکیز گوتی:" ئەمە ژیان نیە."

بێرناردا گوتی:" قەتیش ژیان نەبووە."

مارکیز گوتی:" رەنگە کرابا ببێ."

بێرناردا گوتی:" ئەگەر دەتزانی چەندەت لێ بێزارم، ئەوکات قەت قسەیەکی وات بە من نەدەگوت."

مارکیز گوتی:" ئەمن هەمیشە پێم وابوو لێت بێزارم، بەڵام ئێستا بە جارێکی ئاوا دڵنیا نیم."

بێرناردا پەردەی لەسەر دەروونی خۆی لا دا تاکو مارکیز وەك ڕۆژی ڕوون هەموو شتێك ببینێ. ئەو باسی کرد کە باوکی چلۆن بە بیانووی شاماسی و کۆمپووت ئەوی ناردۆتە لای مارکیز،و چلۆن بێرناردا نەیتوانیوە لەو فێڵو تەڵەکەیەی بابی بگا. بەو جۆرەی بڕیاریان دابوو، ئەگەر مارکیز نەچووەبا لای دەبووا دەستدرێژیی کردبایە سەر،و چەندە بە لەسەرخۆیی و ناعانجدارانە ئەم شانۆیەیەکان ساز کردبوو تاکو سییەرڤا ماریا لەدایك ببێ و هەتا سەر دەستبەسەر بێ. تەنیا لە شتێکدا کە دەوبووا مارکیز مەمنوونی بێرناردا بووایە ئەوە بوو کە ئازایەتیی دوایین بەڵێنی کە بە بابی دابوو نەبوو، واتە نەی توانی گیراوەی تریاك دەنێو سوپی مارکیز بکا بۆ ئەوەی ئیدی چی دیکە تەحەمولی نەکا.

بێرناردا گوتی:" ئەمن بۆخۆم پەتم خستە ملی خۆمەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمبوو. داوایەکی زۆر بوو، کە پاش ئەو هەمووە ڕوودداوە، ئەم منداڵە حەوت مانگانەو تۆم خۆش ویستبا، ئەوەش بوو بەهۆی چارەڕەشیی من."

دوایین سووکایەتی پێکردنی پێوەندیی بە ئەسخەر یووتیەوە بوو. بێرناردا یەهوودای لە کەسێکی دیکەدا دەدۆزیەوە، و بەر لەوەی بۆ یەکەم جار بێ و بەبێ هیچ چەشنە کۆسپێك خۆی لە بەرامبەر دەنگو هەرای کۆیلەکانی کارگەدا تەسلیم بکا، هەستی بە بێزاری لەم کارە دەکرد. بێرناردا کۆیلەکانی بە گرووپ هەڵدەبژاردو لە تەنگەبەری نێو داراندا مشووری دەخواردن، تاکو هەنگوینی قاڵبۆوەو لەتە کاکاوی وورووژێنەر هەزم بن. بە هۆی زیادەڕۆیی لە خواردنی هەنگوینی کولاووکاکاو هەڵمساو ڕووخساری دزێو بوو،و جلوبەرگەکانی بۆ لەشی زۆر قەڵەوبووی تەسك ببوونەوە. پاشان نۆرە گەیشتە دانی هەقدەستەکان. لە پێشدا ئەوانەی جحێلتر بوون هەرکامیان بە گوێرەی توانا و جوانیی خۆیان، کانی زێڕینی بریسکەداری وەرگرتو پاشان ئەوانەی خۆیان تەسلیم کردبوو، زێڕی ڕاستیی پێ دان. بێرناردا زۆر درەنگ تێگەیشت کە کۆیلەکان بە کۆمەڵ چوونە سان باسیلیۆ پالنگە تاکو خۆیان لە هەوەسی بێ بڕانەوەی وی بپارێزن.

بێرناردا بێ ئەوەی دڵۆپە فرمێسکێك هەڵوەرێنێ، گوتی:" ئەگەر دەمزانی، ئەوانم بە کێردی جەنگەڵی لەنێو دەبردو نەك کۆیلەکان، بەڵکوو ئەتۆش، منداڵەکە، بابی خۆم، ئەم چاوچنۆکانەو هەموو ئەو کەسانەی گوویان دەژیانم کرد، بەڵام بۆ چما ئەمن لەوێ بووم تاکو بتوانم کەس بکوژم؟"

هەردووکیان بێدەنگ لەسەر دەڕووەڵانەوە سەیری ئاوابوونی خۆریان کرد. دەنگی ڕەویەك لە ئاژەڵان لە ئاسۆی دووردەستەوە دەهاتە بەر گوێ، دەنگێکی ئارام بێ ئۆقرەی ژنانە ناوی یەکیەکی کۆیلەکانی دێنا، هەتاکوو شەو داهات. مارکیز ئاخێکی هەڵکێشا:

" سەیر دەکەم لە هیچ شتێك دا قەرزداری تۆ نیم."

مارکیز لەسەرخۆ لە جێی خۆی هەستا، دیسان کورسیی لە جێی خۆی دانایەوەو هەر بەو جۆرەی کە هاتبوو بەبێ ماڵاوایی‌و بەبێ چرا ڕۆیشت.

ئەو ڕۆژە مارتینا هەموو کاتی خۆی بە میلدۆزییەوە خەریك کرد، تاکوو کارێکی وەدواکەوتووی تەواو بکا. ئەو نانی نیوەڕۆیەی لە ژووری سییەرڤا ماریا خواردو بۆ پشووی پاشنیوەڕۆیە چۆوە ژووری خۆی. نزیکی شەوێ، لە دوایین قۆناغەکانی دورماندا، بە حاڵەتێکی سەیرو خەماوییەوە قسەی لەگەڵ سییەرڤا ماریا کرد.

مارتینا گوتی:" ئەگەر ئەتۆ ڕۆژێك لەم زیندانە هاتیە دەرێ‌و ئەگەر ئەمن بەر لەتۆ ئێرەم بەجێ هێشت، دەبێ هەمیشە بیرم بکەی، و ئەوەش تاقە دڵخۆشیی من دەبێ."

ڕۆژی دواتر کاتێك ژنە ئێشکگر بەهۆی نەمانی مارتینا لە ژووری خۆی، بە هات‌و هاوارەوە ئەوی هەستاند، تازە لە مەبەستی قسەکانی دوێنێ شەوێی گەیشت. ئەوان پەرستگەیان بە وردی پشکنی بەڵام شوێنەوارێکیان لە مارتینا بەدی نەکرد. تاقە هەواڵ بریتی بوو لە پەڕێکی دەستنووسی ڕازاوە بە گوڵ کە سییەرڤا ماریا لەبن باڵنجی خۆیدا دۆزیەوە:" ئەمن ڕۆژانە سێ جار بۆت دەپاڕێمە تاکوو بەختەوەر بی."

سییەرڤا ماریا سەری لەو ڕووداوە لەنەکاوە سوڕ مابوو کە بەڕێوەبەری پەرستگە لەگەڵ جێگرو خوشکانی بەڕێزی دیکە وەك پیادە نیزام لەگەڵ کێشکچییەکی چەکدار بە تفەنگی پلیتەیی گەیشتنە جێ. بەڕێوەبەری پەرستگە توند سییەرڤا ماریای گرت‌و هاواری کرد:

" ئەتۆ هاوکاری ئەوی‌و سزا دەدرێی."

کچۆڵە ئەوندە بە لێبڕاوییەوە دەستی خۆی ڕاپسەکاند کە بەڕێوەبەری پەرستگە لە جێی خۆی وشك بوو.

سییەرڤا ماریا گوتی:" ئەمن هەموویانم لە کاتی چوونەدەردا دیت."

بەڕێوەبەری پەرستگە ڕاچڵەکا.

" بۆ ئەو بە تەنیا نەبوو؟"

" ئەوان شەش کەس بوون."

ئەو قسەیە ئەقڵ نەی دەبڕێ. بەسەر باڵکۆنێشدا نەیان دەتوانی ڕەت بن، چونکە تەنیا ڕێگای ڕاکردن دەرگای ژوورەوەی حەوشێ بوو کە بە توندی بەستبوویان. سییەرڤا ماریا گوتی:" ئەوان باڵی چەکچەکیان پێوە بوو." و دەستەکانی لە هەوادا جووڵاندن. " لەسەر

باڵکۆنیّ باڵەکانیان کردنەوە. لەگەڵ مارتینا هەڵفڕینو دوور کەوتنەوەو گەیشتنە ئەوبەری دەریاکان." سەردەستەی کێشکچییە گەڕۆکەکان بە ترسەوە خاچێکی بەسینگی خۆیدا کێشا و چۆکی دادا.

" یا مەریەمی پیرۆز، دایکی خوا."

هەموو لێکڕا گوتیان:" بەبیّ تاوان بە پێشوازتەوە هاتین."

راکردنێکی دەقیق بوو. مارتینا کاتێك پێی زانی کایەتانۆ شەوانی لە پەرستگە دەباتە سەر، تەواو بە نهێنی پلانی دارِشت. تەنیا شت کە فکری لیّنەکردبۆوە یان بۆی گرنگ نەبوو داخستنی دەرگای چوونە ژووری تۆنێل لە ژوورەوەڕا بوو، تاکوو کەس پێی نەزانیّ. کاتێك لە راکردنەکەیان کۆڵیەوە، ئەو دەرگایەیان دۆزیەوە، دەستنیشانیان کردو راستییەکانیان بۆ دەرکەوتو خێرا تۆنێلەکەیان لە هەردوو سەریەوە بەست. سییەرڤا ماریایان بە زۆرەملی بە قفڵو بەستەوە بردە لای زیندە بەچاڵەکان. هەر ئەو شەوە لە ژێر تیشکی مانگەشەوێکی بەشکۆدا کایەتانۆ لە هەوڵی کردنەوەی دیواری تۆنێلدا دەستەکانی شکان.

هێزێکی شێتانە تینی وەبەر نابوو. بەغار وەڕیّ کەوت تاکوو مارکیز بدۆزێتەوە. بیّ ئەوەی لە دەرگایە بدا، بە زەخت وەژووری ماڵێکی چۆل کەوت کە حەوشەکەی وەك شەقام دەچوو. دیوارەقسڵییەکانی لە ژێر تیشکی روونـاکی مانگـدا روونـاك دەهاتـە بەرچـاو. رێکوپێکیی قەنەفەکان، گوڵی نێو گوڵدانەکانو هەموو شت لەو ماڵە چۆلەدا بە تەواوی هەبوو. جیرەجیری لاولاوەی دەرگا سەگەکانی ترساند، بەلاّم دولچە ئولیڤیا بە تورەییەوە ئەوانی بێدەنگ کرد. کایەتانۆ خانمێکی لە بن سێبەری سەوزی حەوشەی ژوورەوەدا دیت، جوانو گەش لە بەرگی شازادەیەکدا بە بسکی رازاوە بە گوڵە بۆنخۆشەکانی کاملینەوە. دەستی بەرز کردەوە، بە قامکی سەبابەو شەهادە خاچێکی کێشا.

ئەو پرسی:" یا الله، ئەتۆ کێی؟"

ئەو گوتی:" ئەمن کایەتانۆ دیلاڤرامو هاتووم لە بەرامبەر بەڕێز مارکیزدا چۆك دادەمو تکای لیّ بکەم کەمێك گویّ لە قسەکانم بگریّ."

لە شیددەتی توورەیی چاوەکانی دولچە ئولیڤیا بریسکەیان دا.

" بەڕێز مارکیز پێی خۆش نیە قسەی ئینسانی بیّ شەرمی گویّ لیّ بیّ."

" ئەتۆ کێی ئاوا بیّ پێچوپەنا قسە دەکەی؟"

ئەو گوتی:" ئەمن شاژنی ماڵێم..."

دیلافرا گوتی:" بۆ خاتری خوا بە مارکیزی بڵێ ئەمن هاتووم لە بارەی کچەکەیدا قسەی لەگەڵ دەکەم."و بەبێ ڕەسمیاتی زیادی دەستی لەسەر دڵی خۆی داناو گوتی:" ئەمن بە رادەیەکی خۆشم دەوێ دەمرم."

دولچە ئولیڤیا تووڕە بووو دەرگای پێ نیشان دا:" یەك وشەی دیکەت لە دەمی بێتە دەر سەگانت تێ بەردەدەم. بڕۆ لێرە."

هێزو دەسەڵاتی ئەوەندە زۆر بوو کە کایەتانۆ لە کاتێکدا چاوی لەسەر ئولیڤیا بوو، پاشەوپاش لە دەرگای ماڵێ وەدەر کەوت."

ڕۆژی سێ شەممە کاتێك ئابرێ نۆنچیکۆ لە نەخۆشخانە چووە ژووری دیلافرا، پیاوێکی رووخاو بەهۆی بێخەویی زۆرو کوشندەی شەوانەی لە پێش چاوی خۆیدا دیت. دیلافرا هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە، لە هۆی راستیی سزایەکەی تاکوو ژووانەکانی لە زیندانێ. ئابرێ نۆنچیکۆ سەری سوڕ ما:

" ئەمن چاوەڕوانیی هەموو شتێکم لیدەکردی جگە لەم کارە شێتانەیە."

کایەتانۆ بە سەرسوڕماوییەوە پرسی:" قەت شتی وات لێ روو نەداوە؟"

ئابرێ نۆنچیکۆ:" قەت کوڕم. دڵداری دیاریە و ئەمن شتی وام نەبووە."

هەوڵی دا بیگێڕێتەوە. دڵداری هەستێکە کە سروشت دوور دەخاتەوەو دوو نەناسیاوان مەحکووم بە بەسترانەوەیەکی بچووك‌و نەساغ دەکا، پێوەندییەکە هەرچی کورتخایەنتر بێ ئەوەندەش پتەوترە، بەڵام کایەتانۆ گوێی بە قسەکانی نەدەدا. ئەو لە فکری ئەوەی دابوو تاکوو لە بەر ستەمی جیهانی مەسیحییەت بۆ دوورترین شوێنی مومکین رابکا.

ئەو گوتی:" تەنیا مارکیز دەتوانێ بە قانوون بە هانامانەوە بێ. ئەمن دەمەویست لە بەرامبەریدا چۆك دادەم بگرێم، بەڵام لە ماڵێ ئەم دۆزیەوە."

ئابرێ نۆنچیکۆ گوتی:" ئەتۆ هیچ کات ئەوی نادۆزیەوە، بە گوێی وی گەیشتوە کە تۆ مەرامێکی خراپت بۆ کچەکەی هەبووە. ئەمن ئێستا دەزانم کە لە روانگەی مەسیحییەکەوە هەقیەتی." سەیری چاوەکانی کرد:

" لە مەحکووم کردنی خۆت ناترسی؟"

دیلافرا بێباکانە گوتی:" پێم وایە مەحکوومم ، بەڵام نەك لەلایەن خواوە. ئەمن هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایە بووم کە خوا زیاتر لەگەڵ ئەوینە تا لەگەڵ باوەڕ."

ئابرێ نۆنچیکۆ نەیدەتوانی سەرسوڕمانی خۆی لەو پیاوە کە تازە لە بەستراوەیی ئەقڵ رزگار ببوو، بشارێتەوە. بەڵام هیوای بێ بنەمای پێ نەدەبەخشی. چونکە سەروکاری لەگەڵ ئیدارەی پیرۆزی کلێسا دەبوو.

ئەو گوتی :" ئەتۆ نابینی مەرگت هەیە کە ئازایەتیو بەختەوەریی دەروونیت پێ دەبەخشێ تاکوو تەسلیمی بی. ئەمن نە: بە باوەڕی من ئەسڵ، زیندوو مانەوەیە."

کایەتانۆ بە پەلە چووە پەرستگە. ئەو لە رۆژی رووندا بە دەرگای چوونە ژوورەوەی خزمەتکارەکاندا تێپەڕی، بەبێ وەبەرچاوگرتنی رێوشوێنەکان، بە باغێدا تێپەڕیو لەو بڕوایە دابوو کە هێزی نزا ئەوی نەبینراو کردوە. چووە نهۆمی دووەم. بە ڕێڕەوێکی تەسك دا کە بانێکی کورتی هەبوو رۆیشتو گەیشتە جیهانی ئارامو بەرتەسکی زیندەبەچاڵەکان. بێ ئەوەی بزانێ-لە بەرامبەر ژوورێکدا رەت بوو کە سییەرڤا ماریای تێدا دەگریا. تەقریبەن گەیشتە ئەوسەری بینای زیندان کە هاوارێك ئەوی لەجێی خۆی راگرت.

" راوەستە!"

ئەو ئاوەڕی وەپشتەوە داو روخساری داپۆشراوی راهیبەیەکی دیت کە وێنەی مەسیحی لە خاچدراوی بە دەستەوە بوو. هەنگاوێك چووە پێش، بەڵام راهیبەیەك پێشی پێگرتو هاواری کرد:" وەگەڕێ!"و دیسان هاواری کردەوە:" وەگەڕێ!" ئەو چەند جار بە دەوری خۆیدا سووڕا، سەیری کرد کەوتۆتە نێو بازنەیەکی چەشنی تارمایی چەند راهیبەی رووداپۆشراوەو ئەوان بەدەنگو هەراو بە خاچ هەڕەشەی لیدەکەن:

" بگەڕێوە شەیتان."

کایەتانۆ گەیشتبووە خەتی ئاخیرێ. ئەویان تەحویلی ئیدارەی کلێسای پیرۆز دا و لە دادگایەکی ئاشکرای گومانلێکراو بە لە دین وەرگەڕاندا و پەرەپێدان بە ئاڵۆزیی گشتی، کە ببووە هۆی ناکۆکی لە لە چوارچێوەی کلێسادا، تۆمەتبار کراو مەحکووم بوو. لە سایەی لێبووردنی تایبەتیدا توانی لە پۆستی پەرستاری نەخۆشخانەی ئاموردی دیووس سزاکەی ببینێ، و چەندین ساڵان لەوێ لە پێوەندییەکی نزیك لەگەڵ نەخۆشاندا ژیا. نانی لەگەڵ دەخواردنو وەکوو ئەوان لەسەر عەرزی دەخەوت، لەشی خۆی لە تەشتی ئەواندا دەشوورد، دیارە ئەویش بە ئاوی بەکارهاتوو، بەڵام بە ئامانجی نیهایی خۆی کە بریتی بوو لە تووشبوون بە نەخۆشیی گولی، نەگەیشت.

سییەرڤا ماریا لەخۆڕا لە چاوەڕوانیی ئەودا بوو. پاش سێ رۆژان کچۆڵە خۆی لە خواردنێ پاراستو دەستی کرد بە سەرپێچییەکی کۆنترۆڵ نەکراو، هەر ئەم کارەش هێزی بە بوونی شەیتان لە

نێو لەشیدا دەبەخشی. پەرێشان لـە وەزعـی کایـەتانۆ، لـە مـەرگی بـێهۆی باوکـە نـاکینۆ، لـە قووڵبوونەوەی ئاشکرای چارەڕەشییەك کە ئەقڵ‌و توانای لە نێو دەبرد، ئۆسـقۆف ئەوەنـدە بـە تـینۆ تاوەوە جندووکە گرتنی کردبووە پیشە کە لە چاو تەمەن و وەزعـی وی جێـی بـاوەڕ نـەبوو. ئـەمجار سییەرڤا ماریایان بە سەری تاشراوو جاکەتی زۆرەملێییەوە ئامادە کردو ئۆسقف بـە شـێتایەتییەکی شەیتانییەوە گەیشتە جێ‌و بە زمان‌یان قیژەی باڵندە جەهەننەمییـەکان دەدوا. لـە ڕۆژی دووەمـدا گابۆڕی زەبەلاحی ئاژەڵە سڵەمیوەکانی بەر گوێ دەکەوت کە عەرزی دەلەرزاند. ئیدی گومانی تێـدا نەما کە سییەرڤا ماریا لە خزمەتی هەموو شەیتانە ژێرزەوییـەکان دایـە. کاتێـك سـییەرڤا ماریـا گەڕایەوە ژووری‌و بە ئاوی تایبەتی، بە شێوەی فەڕانسەیی ئاوەکەیان تێ کرد تاکوو ئەوەندی بکـرێ ئەو شەیتانانەی لە ژیان دان لە ریخۆڵەکانی پاك بکەنەوە.

شەڕ سێ ڕۆژان درێژەی کێشا. هەرچەند سییەرڤا ماریا لـە مـاوەی حەوتوویەکـدا خـواردنێکی نەخواردبوو، بەڵام توانی یەکێك لە لاقەکانی لە بەند دەرباز بکاو بە پانیێ لاقی دەگـونی ئۆسـقۆفێ هەڵداو لەسەر عەرزێی تخێلّ بکا. ئەوکات تێگەیشتن کە کچۆڵە ئەوەندە لاواز بووە کە بەنـدەکانیش نەیان دەتوانی بیبەستنەوەو ئەو نەیدەتوانی دەست‌و پێی خـۆی بکاتـەوە. دەنـگ‌و هەرایەکـە بـووە هۆی ئەوەی کێشەکە هەڵسەنگێنن. جندووکە گرتنیان ڕاگرت، ئەنجومـەنی کلێـسا هەڵـسەنگاندنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام ئۆسقۆف دژایەتیی کرد.

سییەرڤا ماریا هیچکات نەیزانی کایەتانۆ چی بەسەر هاتوەو بۆچی ئیدی بە دەرگای سەرەکیدا بە قەرتاڵەی پڕ لە نوقڵەوە لەو شەوانەدا نەهاتەوە کە تێریوونیان نـەبوو. لـە ٢٩ی مـانگی مایـدا، سییەرڤا ماریا بە بێهێزی، دیسان خەونی پەنجەرەی ڕوو بە مەزرای بە بەفر داپۆشراوەوە دیت، بەڵام کایەتانۆی لێ نەبوو، و قەتیش نابێ. لە ئامێزی ویدا هێشووە ترێ بە بۆڵووی زێڕینەوە هەبوو کە بە نەخواردراوی هەڵی دەدا. بەڵام ئەمجار سییەرڤا ماریا دەنك دەنك نەی دەخوارد، بەڵکوو هەر جـارەی دوو بۆڵووو بە هۆی ئامەزرۆیی زۆرەوە پشووی نوێ دەکـردەوە، تـاکوو هەرچـی زووتـر بـە هـەموو بۆڵووەکان ڕابگا. ژنە کێشکچی کە هاتە ژوورەوە تاکوو سییەرڤا ماریای بۆ شەشەمین جار جندووکە دەرکردن ئامادە بکا، ئەوی بە چاوی گەشەکانیەوە، پێستێکی بە ناسـکیی لەشـی سـاوایان لەسـەر تەختێ دیت کە لە خۆشەویستییان گیانی لەدەستدا بوو. بسکی سـڕی وەك قەڵبـەزە لەسـەر سـەرە تاشراوەکەی قیت بوونەوەو هەڵدانیان بە چاوی دەبینرا.

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

مامۆستا بینا بە مەودای دیاریکراو مێژووی بەرھەنووسەکانی لە دەفتەرچەیەکی قوتابخانانددا دەنووسی و ئێسکەکانی کۆمەڵ کۆمەڵ و بە ڕێکوپێکی لە پەنا یەکتری دادەنا و کاغەزێکی بە ناوی مردووەکەوە لەسەر هەرکامیان دادەنا تاکوو هەڵەیەک ڕوو نەدا. یەکەم شت کە پاش چوونم بۆ پەرستگە سەرنجی ڕادەکێشا، ڕیزی دوور و درێژی ئەو ئێسکانە بوو کە بەهۆی هەتاوی گەرمی ئۆکتۆبەرەوە کە لە درزی بانەوە دەهاتە ژوورەوە، گەرمتر داهاتبوون. ناسنامەی هەرکام لەوان بە هۆی یادداشتێکەوە دەناسرایەوە کە بە قەڵەم ڕەساس لەسەر کوتە کاغەزێک نووسرابوو. پاش تێپەڕینی نیوسەدە هەستم بە شۆکێک کرد کە بەڵگەیەکی ڕاچڵەکێنەر لە ڕەهەندی وێرانی مێژووەوە لە منی دا پێک هێناوە.

(لە دەقەکەی وەرگیراوە)

چاپخانەی ھۆشنبیری